خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان رەئوف
ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر
بابان ئەنوەر

# پارت و رێکخراوە سیاسییەکان لە تورکیا 1923 ـ 2003

محەمەد فاتح

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە( 148)

ناوی کتێب: پارت و رێکخراوە سیاسییەکان لە تورکیا 2003 - 1923
بابەت: سیاسی
نووسەر: محەمەد فاتح
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
تایپو هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال - زریان رەحیم
ساڵی چاپ: 2016
چاپخانە: حەمدی
تیراژ: 500 دانە
نرخ: 4000 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 1810)ی ساڵی2016ی پێدراوە

# پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە تورکیا 1923 _ 2003

محەمەد فاتح

2016

# پێڕست


1- پێشەکی ........ 9

2- بەشی یەکەم: پارتە عەلمانیە لیبراڵەکان ........ 15

3- پارتی گەلی کۆماری ........ 17

4- پارتی کۆماری تەرەقی ........ 27

5- پارتی کۆماری سەربەست ........ 31

6- پارتی دیموکراسی ........ 35

7- پارتی بزوتنەوەی نەتەوەیی ........ 47

8- پارتی نەتەوە ........ 53

9- پارتی ئازادی ........ 55

10- پارتی تورکیای نوێ ........ 57

11- پارتی داد ........ 61

12- کودەتا سەربازییەکەی(1980) ........ 65

13- پارتی نیشتیمانی دایك ........ 73

14- پارتی رێگای ڕاست ........ 81

15- پارتی دیموکراتی نیشتمانی ........ 85

16- پارتی میللی ........ 87

17- پارتی دیموکراتی کۆمەڵایەتی میللی ........ 89

18- پارتی چەپی دیموکرات ........ 93

19- پارتی متمانە(باوەڕ) ........ 97

20- پارتی یەکگرتنی تورکیا ........ 101

21- پارتنی یەکگرتنی گەورە ........ 103

22- پارتی تورکیای نوێ ........ 105

23- پارتی لاوان ........ 107

24- پەراوێزەکانی بەشی یەکەم ........ 109

25- بەشی دووەم: بزوتنەوەی کرێکاری و پارت و رێکخراوە چەپەکان ........ 117

26- بزوتنەوەی کرێکاری لە تورکیا ........ 119

27- پارتی کۆمۆنیستی یەکگرتوی تورکیا ............ 129
28- پارتی کاری تورکی ............ 137
29- پارتی کاری تورکی ............ 145
30- پارتی کرێکارو جوتیارانی سۆسیالیستی تورکی ............ 149
31- پارتی کرێکاران ............ 151
32- پارتی کاری سۆسیالیستی ............ 155
33- پارتی نیشتیمان ............ 159
34- پارتی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕ ............ 163
35- تراژیدیای چەپ لە تورکیا ............ 165
36- سوپای بەرەی شۆڕشگێڕی رزگاری گەل ............ 169
37- سوپای رزگاری گەلی تورکیا ............ 175
38- رێکخراوی رێگای شۆڕش ............ 179
39- رێکخراوی پروپاگەندەی چەکداری بۆ (مارکسیزمی-لینینزمی) ............ 181
40- بزوتنەوەی رزگاری شۆڕشگێڕ ............ 183
41- یەکێتی لاوانی شۆڕشگێڕی تورك-دەڤ گەنج ............ 187
42- پەراوێزەکانی بەشی دووەم ............ 189
43- پەشی سێیەم: ئیسلامی سیاسی لە تورکیا ............ 193
44- شیکردنەوەیەکی گشتی ............ 195
45- رێبازو بزوتنەوە ئیسلامیە نەریتگەریەکان ............ 199
46- (نەورەسی، ئەلسولەیمانیە، ئەلیتجانیە، نەقشبەندی، رەوتی گولەن، شێخەکانی تیلەکۆ، ئیشکچیەکان، کۆمەڵەی ئەسکەندەرپاشا، کۆمەڵی قادری
47- پارتی یەکگرتنی تورکیا ............ 211
48- پارتی دیموکراتی ئیسلامی ............ 213
49- رێکخراوی شەرڤانانی رۆژهەڵاتی مەزنی ئیسلامی ............ 215
51- پارتی نیزامی ئیسلامی ............ 219
52- پارتی ئەلسەلامەی نیشتیمانی ............ 223
53- پارتی-رەفاە-ی ئیسلامی ............ 227
54- حزبوڵلا ............ 235

55- پارتی- ئـەلـفـەزیـلـە.................................................................................239
56- پارتی- ئـەلـسـەعـادە-.................................................................................243
57- پارتی داد و گـەشـەپـێـدان..........................................................................245
58- پەراوێزەکانی بەشی سـێـیـەم.........................................................................251
59- بەشی چوارەم - پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان................................................255
60- شیکردنەوەی گـشـتـی................................................................................257
61- کۆمەڵەو ڕێـکـخـراوەکـان..............................................................................259
62- کۆمەڵەی خـۆیـبـوون...................................................................................261
63- پارتی دیموکراتی کوردستان-تورکیا...................................................................269
64- پارتی دیموکراتی کـوردسـتـان(کـوك)..................................................................275
65- کۆمەڵەی فەرهەنگی دیموکراتی شۆڕشگێڕ............................................................279
66- پارتی کرێکارانی کوردستانی تـورکـیـا................................................................281
67- کۆمەڵەی کولتوری و شۆڕشگێڕی ڕۆژهـەڵات.........................................................285
68- ڕێکخراوی هـــاڤـــرا....................................................................................289
69- پارتی رزگاری کـوردســتــان...........................................................................291
70- ئاڵای رزگــــــاری.......................................................................................295
71- ڕێکخراوی کـــــاوە.....................................................................................297
72- ڕێکخراوی دەنگی کـــاوە...............................................................................301
73- پارتی دیموکراتی شۆڕشگێڕی کـوردسـتـان...........................................................303
74- پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تـورکـیـا.............................................................305
75- ڕێکخراوی تـێـکـۆشـیـن..................................................................................309
76- پارتی کرێکاران کوردستان .............................................................................311
77- پارتی ئیسلامی کوردستPKKان........................................................................319
78- تەڤگەری سۆسیالیستی کـوردسـتـان....................................................................321
79- بەرەی تەڤگەرا رزگاریا کـوردسـتـان...................................................................323
80- پارتی کرێکارانی کوردستان-ڤەژین.....................................................................325
81- قۆناغێکی نوێی حزبایەتی لە باکوری کوردستان.....................................................327
82- پەراوێزەکانی بەشی چـــوارەم..........................................................................332

83- کۆتایی و دەرئـەنـجـامـەکـان............................................................337
84- پاشکۆی کەسایەتیەکان: مستەفا کەمال، عیسمەت ئینۆنۆ، جـەلال بایار عەدنان مەندرس، کازم قەرەبەکر، عەلی فەتحی ئۆکیار، فەوزی تشاقماق، راغب کەموش بالا، موحسین یازجی، ئەکەرەم عەلی جان، بوڵەند ئەجاوید، تورکوت ئـۆزال، سلێمان دیمیرێل، ئـەردال ئینۆنۆ، تانسلو شیلەر، مسعود یەڵماز، ئەڵپ ئەرسەلان تورکیش، مستەفا سوبحی، محەمەد علی ئایبار، بەهیچە بوران، شەفیق حوسنی دەمیر، کەمال تورکلەر، نازم حیکمەت، مەهری بیللی، ئیبراهیم کایباك کایا، ماهیر چایان، دەنیز گەزمیش، عوسمان بولوك پاشا، جەمال قەبڵان، سلیمان حلمی تونا خان، نەجمەدین ئەربەکان، عەبدوڵڵا گول، سەعید نەوروسی، فەتحولا گولن، رەجەب تەیب ئەردوگان، خالید بەگی جبرائلی، یوسف زیا بەگ، مەمدوع سەلیم، فایەق بوچاك، سەعید ئالچی، دە شوان، کەمال بورقای، مستەفا ئاکسەقال، مەهدی زانا، ئەحمەد تورك، لەیلا زانا، جەمیل بایك، عەبدولا ئوجەلان، غەیون زی لـــیـــلـــی........................................................................................361-398
85- پەراوێزەکان - کۆتایی و کەسایەتیەکان.................................................399
86- ســـەرچـــاوەکـــان...................................................................................403

## پێشەکی

دەوڵەتی عوسمانی کە بناغەکەی (سوڵتان تەغرل بەگ) دایمەزراندووە لە ساڵی(1299)ز، نزیکەی شەش سەد ساڵ، درێژەی بە فراوانبوون و دەسەڵاتداری داوە، ئەو دەسەڵاتە ساڵی (1453)ز، پایتەختی دەوڵەتی بێزەنتی(قوستەنتینیە) ی داگیرکرد، هەروەها لەسەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەمیش، ئەو دەوڵەتە گەیشتە لوتکە، بە داگیرکردنی وڵاتانی سوریا و میسر، هەروەك لەسەردەمی سولەیمانی قانونی (1520-1566) دەسەڵاتەکانی گەیشتە بەشێك لە وڵاتانی یۆنان و هەنگاریا لە کیشوەری ئەوروپا و وڵاتی جەزائیر لە کیشوەری ئەفەریقا.

بەڵام ئەم دەوڵەتە، لەگەڵ رۆژگاردا، بە هۆی ستەمکاری سوڵتانەکانی و پەرەسەندنی گەندەڵی بە هەموو شێوەکانی لەناو دامەزراوە و کاربەدەستانیدا، هەروەها دواکەوتنی ئامرازەکانی دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری لە ئاست گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی گەلان، رووی لە نوشستی و لاوازی دەکرد، تا وایلێهات ناوی لێبنێن - پیاوە نەخۆشەکە-، دەوڵەتانی زلهێزی ئەو سەردەمەش، هەر یەکە و لە ماوەیەکدا بەشێکیان لێداگیردەکرد.

عوسمانییەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخە، هەوڵیانداوە لە هەندێك بواری ناوخۆیی چاکسازیبکەن، بۆیە گەورە وەزیرانی عوسمانی (مەدحەت پاشا)لە ساڵی (1876)ز، یەکەم دەستوری بۆ دەوڵەت داناوە، بەڵام ئەم هەنگاوە وەك پێویست کاری پێنەکرا.

لە سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیز، کە لەنێوان (1861-1876)ز، دەسەڵاتی گرتۆتەدەست، رێکخراوێك دەرکەوت، مێژوونوسان ناویان لێنا (تورکیای لاو)، ئەو رێکخراوە لەناو سوپاو رۆشنبیران گەشەیکرد و پشتگیری زۆرینەی بە دەستهێنا، ئامانجیشی چاکسازی دەستوری بوو.

لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمیش، کە سەردەمەکەی لوتکەی

ستەمکاری بووە و درێژەیکێشا لەنێوان (1876-1908)ز، لەم سەردەمە کۆمەڵەی (ئیتیحاد و تەرەقی)دەرکەوت، رێکخستنەکانیشی لەناو ئەفسەرە(1) ناڕازییەکانی سوپای دەوڵەت گەشەیکرد، ئامانجی کۆمەڵەکە کارکردن بووە بە دەستوری ساڵی(1876)ز.

لە مانگی تەموزی ساڵی (1908)ز، لایەنگرانی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی، توانییان خۆیان بسەپێنن بەسەر دەسەڵات و بڕیاری کارکردن بە دەستور رابگەیەنن، لە هەمانکاتدا سوڵتان رازیبکەن لەسەر پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی عوسمانیش دەست بە کارەکانی بکات.

کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی، لە راگەیاندنی کارکردن بە دەستور، هیواو ئاواتی گەورەیان هەبووە، وەك بەدەستهێنانی پشگیری نەتەوە و ئاینیەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام ئەم هەنگاوە کاریگەرییەکی زۆری نەبووە، لەبەر ئەوەی هەڵسوکەوتی کاربەدەستان و رێڕەوی رووداوەکان ئاڕاستەیەکی دیکەی گرتەبەر.

لەو سەروبەندەدا، مستەفا کەمال، کە ئەفسەرێکی پلە بەرزی سوپای دەوڵەتی عوسمانی بوو، دەرکەوت و ئەستێرەی بەختی رووی لەبەرزبوونەوە دەکرد، دیارە لەئەنجامی شکستی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەکەم و لەدەستدانی هەموو ئەو هەرێم و وڵاتانەی کە حوکمڕانی دەکرد، سەرەڕای ئەو دۆخەش، کار گەیشتە سەر ئەوەی چەندین ناوچەی وڵاتی تورکیا بکەوێتە ژێردەستی لەشکری بیانی، بۆیە لەو هەلومەرجەدا، نارەزاییەکانیش لەناو سوپا دژ بە سوڵتان دۆخەکەی گەیاندە لوتکە.

مستەفا کەمال بڕیاری بەرگریکردنی دا، توانی لەناو سوپا پشتگیریەکی گەورە بەدەستبهێنێت، بزوتنەوەی نیشتیمانی بۆ بەرگریکردن راگەیاندرا، دوای چەندین شەڕو پێکدادان، توانی بەشی هەرە زۆری ئەو ناوچانانەی کە داگیرکرابوون، رزگاریان بکات لەنێوان ساڵانی(1919-1920)ز.

ساڵی (1919)مستەفا کەمال بانگەوازی بۆ کۆنگرەی نیشتیمانی ڕاگەیاند، دوای بەستنی کۆنگرە، ئەنجومەنی نیشتیمانی گەورەی پێکهێنا لە (23ی نیسانی1920)، لە ڕێگەی ئەنجومەنەوە و هەموو دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی لەدەستی خۆی کۆکردەوە.

لە مانگی ئابی (1923)، هەڵبژاردنی گشتی ئەنجامدرا، پەرلەمان بۆ وڵات پێکهات و 19ی ئابی هەمان ساڵ بڕیاری کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی سوڵتان دەرچوو، لە ساڵی (1924)یش، بڕیار لەسەر کۆتاییهێنان بە سیستمی خەلیفایەتی دەرچوو، تورکیا، لە لایەن پارتی گەلی کۆمارییەوە، بەسەرکردایەتی مستەفا کەمال، بووە دەوڵەتێکی کۆماری.

لێرەدا پێویست دەکات، ئاماژە بە هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی ژیانی حزبایەتی لە تورکیا بکەین:

کۆماری تورکیا لە ساڵی (1923ز) دامەزرا، ئەم کۆمارە میراتگری حەوت سەدەیە لە دابونەریتی عوسمانییەکان وەك دەسەڵات، بۆیە تورکەکان ڕێزیان بۆ بەرپرسیارێتی لە حکومەتدا هەبووە، هەروەها شارەزایی لە کاری ڕێکخراویی و ڕاستیەکانی دەسەڵات و هێزە سیاسییەکانیان لابەرزە، دیارە ئەم دیاردەیەش ڕەنگدانەوەی بەسەر چالاکی حزبە سیاسییەکان لە دەسەڵاتدا و توانا لەسەر بەردەوامبوونی هەبووە.

هەر لەچوارچێوەی چەمکی -گەشەپێدانی سیاسی- تورکیا بە زنجیرەیەك قۆناغی(2) ڕێکوپێك، بەڵام تێکەڵبەیەکدا، تێپەڕبووە، یەکەمیان بوونیادنانەوەی دەسەڵاتی سیاسی ناوەندی و پێکهێنانی پەیکەرێکی کارا بۆ ڕاپەراندنی کاروباری گشتی لە نێوان(1808-1908)ز، قۆناغی دواتر، پرۆسەی پێکهێنانێکی دژوار بوو بۆ پێناسەی هەرێمایەتی دەوڵەت و دەرکەوتنی هەستی کار لە یەکگرتنی نەتەوایەتی لەناو سنورێکی پەسەندکراودا (1820-1923)، لە کۆتاییشدا بەشداریکردنی ژمارەیەکی زۆرتری هاوڵاتییان لە چالاکیەکانی پرۆسەی سیاسی، بەتایبەتی لە(1908)ز.

هەر بەپێی ئەو ڕەوتە، پارتە سیاسیەکان، دەستیانکرد بە گێڕانی ڕۆڵێکی بنچینەیی تایبەت، بە فراوانکردنی سنوری بەشداریکردنی سیاسیان.

هەنگاوە سەرەتاییە بچوکەکانی پـارت و کۆمەڵە هاوچەرخەکان، واتە:عوسمانییە نوێیەکان، لەگەڵ کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی لەشاری ئیستەمبوڵ دەستپێکرد و پاشان دورکەوتەوە، دواتر بەفراوانی لەچەند شارێکی پێشکەوتوو لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە، وەك ناوچەکانی مەکدۆنیا و سوریا بڵاوبووەوە.

دوای ساڵی(1908)ز، ڕێکخستنی سیاسی بە ئاشکرا و فەرمی چالاکی دەکرد و بڵاوبۆوە، تا گەیشتە رادەی چەند کەرت و توێژێکی فراوانی ناو کۆمەڵگە، توێژەکانی خوێندەوار، ئەفسەر، فەرمانبەرە مەدەنیەکان، پارێزەر، پزیشك، مامۆستا و ڕۆژنامەوانان، ئەگەر لە پایتەخت بێت یان لە ناوەندی هەرێمەکان، ئەوا بەشداریان لە کاری سیاسی کردووە، ساڵی(1920ز) ڕێکخستنی حزبی دەستپێکرد و گەیشتە شارە بچوکەکانیش، لەم بارەوە مامۆستا و بەرپرسە کارگێڕییەکان و هەندێك پیاوانی ئاینی، بزوتنەوەی بەرگری لە مافەکانیان پێکهێناوە.

بارودۆخی وڵات لە سێبەری سیستمی تاکحزبی (پارتی گەلی کۆماری) تا ساڵی (1945ز) بەڕێوەدەچو، ئەو پارتە سیاسییەی کە ئەرکی دەسەڵاتی بە دەستەوە بوو، زیاتر ئەفسەرانی ناو سوپا و فەرمانبەرە مەدەنیەکان ئاڕاستەیان دەکرد.

دوای ساڵی (1945ز)، بە هۆی گۆڕانکارییەکانی پاش جەنگی دووەمی جیهانی و کاریگەری دەوڵەتانی ئەوروپا، سیستمی حزبایەتی لە تورکیا وەچەرخانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی، ڕووی لە سیستمی فرە حزبی کرد، توێژەکانی پیاوانی ئاینی، گەورە مولکدارانی زەوی، سەرکردەی سەندیکاکان، هەڵکشان بەرەو بژاردەی ناو کۆمەڵ، هەروەها لە لایەکی دیکەوە، جوتیاران،

کرێکارانی پیشەسازی زیاتر بەشداریی ژیانی سیاسییان کرد، بەراورد بە دوای جەنگی یەکەم.

هۆکارەکانی ئەو گەشەکردنە لە ژیانی حزبایەتی و سیاسی، زۆرن، دەکرێت بە کورتی ئاماژە بە هۆکارە سەرەکییەکان بکەین، وەك(3):گۆڕان لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگە، هەوڵەکانی چاکسازی لەسەردەمی عوسمانییەکانەوە، کارتێکردنی گەورەی کولتور و سیستمی سیاسی ئەوروپا، هەروەها رۆڵی کاریزمای مستەفا کەمال.

هەرچەندە ژیانی سیاسی و پارتایەتی لە بەشی دووەمی سەدەی بیستەم، کۆسپ و رێگری زۆری لەبەردەم بووە، هەروەك لە ناوەڕۆکی باسەکان دەردەکەوێت، بەڵام بەردەوامی و فرەیی و کرانەوەی لە گرنگترین خەسڵەتەکانی ئەو قۆناغە بوو.

ئەم نوسینە سەردەمێکی مێژوویی گرنگ و فراوانی وڵاتی تورکیای گرتۆتەخۆی، لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری تورکیا لە ساڵی(1923) لە سەردەستی مستەفا کەمال دەستپێدەکات، بە هاتنە سەر دەسەڵاتی پارتی داد و گەشەپێدان لە ساڵی (2003)، کە پارتێکی ئیسلامییە کۆتاییدێت.

ئەم کتێبە دەربارەی ژیانی حزبایەتی لە کۆماری تورکیا، لەنێوان (1923-2003) باس لە دامەزراندنی پارت و رێکخراوە سیاسیەکانی دەکات، بە هەمو رەوت و ئاڕاستەکانیان. بۆ ئاسانکاری و خستنەڕووی بابەتەکە بە شێوەیەکی لەبار، دابەشکراوە بەسەر چەند بەشێك:

**بەشی یەکەم:**

باس لە دامەزراندی پارتە عەلمانیە لیبراڵەکان دەکات، کە بە پارتی گەلی کۆماریی دەستپێدەکات، لەگەڵ باسکردنی ئەو وەچەرخانانەی کە لە سیستمی تاکحزبییەوە روویدا بەرەو سیستمی فرەیی، هەروەها ئاماژە بۆ کودەتا سەربازییەکان و رۆڵی دامەزراوەی سەربازی لە تورکیا کراوە.

**بەشی دووەم:**

چالاکی چەپ و بزوتنەوەی کرێکاری، دامەزراندنی حزبە مارکسییەکان، گۆڕانکاری و ململانێی ناوخۆیان، ڕەوت و ڕێکخراوە چەپ و جیاوازیەکان.

**بەشی سێیەم**

ئیسلامی سیاسی لە تورکیا، ڕێباز و کۆمەڵە ئاینییەکان، کارتێکردنیان لە ژیانی سیاسی و کاریگەریان بەسەر پارتەکان، پارتە سیاسییە ئیسلامییەکان.

**بەشی چوارەم**

پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان، لەگەڵ ئاماژەکردن بۆ سەرەتاکانی ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم.

هەوڵمانداوە لە کۆتایی باسەکە، بەشێوەیەکی تێکڕا، هەڵسەنگاندنێك بۆ ژیانی پارتایەتی لە تورکیا بخەینەڕوو، دەرئەنجامەکان بە کورتی باسبکەین.

هەروەها لەگەڵ باسەکە، بەشێك وەك پاشکۆ تایبەت بەناو و ژیانی کەسایەتی و سەرکردە دیارەکانی ناو ئەو پارت و ڕێکخراوانە، بە کورتی دەخەینەڕوو.

ئەگەرچی ماوەی مێژوویی باسەکە لەنێوان ساڵانی (1923-2003) دەگرێتەوە، بەڵام لە چەند باسێکی کەمدا، وەك پێویستییەك، ناچاربووین باسی مێژووی ئەو پارتە بکەین بۆ دوای (2003).

دیارە ئەم بابەتەی لەبەردەستدایە، لە لایەن مێژوونوسان و نوسەرانەوە بەشێوەی جۆراوجۆر و جیاواز، باسی زۆری لەسەر نوسراوە.

ئەوەندەی بۆم کراوە هەوڵمداوە سود لە زۆرترین سەرچاوە وەربگرم، ئامانجیشم زیاتر خستنەڕووی پوختەیەکی ژیانی پارتایەتی بووە لەو وڵاتە.

بێگومان باسێکی لەو جۆرە، لە وڵاتێکی وەك تورکیا و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، زیاتر لەم نوسینە هەڵدەگرێت، بەڵام تواناکانی من لەم سنورەدا بووە، بۆیە ناکرێت نوسینەکە بێکەموکورتی بێت.

هیوادارم سودبەخش بێت و کتێبخانەی کوردیشم پێدەوڵەمەند کردبێت.

**نوسەر**

# بەشی یەکەم
# پارتە عەلمانییە لیبراڵیەکان

# پارتی گەلی کۆماری
# C H P

**سەرەتاکانی دامەزراندنی:**

دوای تێکشکانی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەکەم (1914-1918) ز، چەند ناوچەیەکی خاکی تورکیا لە لایەن هێزەکانی هاوپەیمانان داگیرکرا. بۆ خۆ رزگارکردن لەو بارودۆخە، چەندین گروپی میللی و نیشتیمانی، لە کەسانی نیشتمانپەروەر و کەسایەتی ئاینی و رۆشنبیری، پێکهات، هەروەها بەشێك لە ئەندامانی کۆمەڵەی (ئیتیحاد و تەرەقی) و ژمارەیەك لە ئەفسەرانی ناو سوپا، ئەو گروپانە ناویان لێنرا (کۆمەڵەی بەرگری لە مافەکان) لەناوچەی ئەنادۆل، ساڵی (1919ز)، لە لایەن مستەفا(1) کەمالیش سەرپەرشتیدەکرا.

دواتر لە ئاکامی گۆڕانکاریەکان، مستەفا کەمال دوای راوێژکردن لەگەڵ هاوڕێ و سیاسەتمەدارانی سەردەمی خۆی، بە باشیزانی پارتێکی سیاسی پێکبێت، کە نوێنەرایەتی گەلی تورکیا بکات، هەوڵی یەکپارچەیی خاکەکەی بدات و لەشکری بیانی لە خاکەکەی دەربکات.

لە نیسانی 1922 بە فەرمی بڕیار لەسەر دامەزراندنی (پارتی گەل) درا، بەمەش کۆنگرەی دامەزراندنی لە (9ی ئابی 1923) سازدا، مستەفا کەمالیش بە سەرۆکی پارتەکە هەڵبژێردرا.

لە 29ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ، کاتێك ئەنجومەنی نیشتیمانی باڵا بڕیاری هەموارکردنی دەستور و کۆتایهێنان بە سیستمی خەلافەتی دەرکرد، تورکیاش بوو بە دەوڵەتێکی کۆماری، ناوی ئەم پارتەش گۆڕانی بەسەرداهات و بوو بە پارتی گەلی کۆماری(2). COMHURIYET HELK PARTISI

**ئایدیۆلۆژیای پارتی گەلی کۆماری:**

ئایدیۆلۆژیای ئەم پارتە لەسەر (6) بنەما دامەزراوە، کە دەکرێت بوترێت زادەی بیری مستەفا کەمالن، ئەو بنەمایانەش بریتین لە:

کۆماری، گەلی، نەتەوایەتی، عەلمانی، دەوڵەتگەری، شۆڕشگێڕی، بەرنامەی پارتەکە بەمشێوەیە ئاماژە بۆ ئەو بنەمایانە دەکات:

-1 پێویستە بەڕێوەبردنی نەتەوەی تورك لەسەر بنچینەی یەکێتییەکی بەهێز دابمەزرێت و یەك دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی هەبێت، ئەم کارەش بۆ بەرژەوەندی نەتەوەی تورك بە بێ مەرج بێت، ئەنجومەنی نیشتیمانیش (پەرلەمانی تورکیا) لەجیاتی نەتەوە، پیادەی ئەم بنەمایە دەکات و گشت دەسەڵاتەکانی یاسادان و جێبەجێکردنی بەیەکەوە لە دەستدایە.

دەسەڵاتی یاسادانان خۆی پیادەیدەکات، بەڵام دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە ڕێی ئەو کەسانەوە دەبێت، کە لەنێو ئەندامانی خۆیدا هەڵیاندەبژێرێت، لە سەرۆك کۆمار و دەستەی وەزیران.

-2 پاراستنی ئازادی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی، مافی یەکسانی و ڕەفتاری موڵکداری لە بنەما گرنگەکانی ئەم پارتەن، هەموو شتێکیش دەبێت لەچوارچێوەی قەوارە و دەسەڵاتی دەوڵەتدا بێت، نابێت چالاکی تاکەکەسی یان مەعنەوی دژی بەرژەوەندی گشتی بێت، دەبێت یاساکانیش لەسەر ئەم بناغەیە دابڕێژرێن، پارتیش لەمەودوا جیاوازی لەنیوان ئافرەت و پیاودا ناکات، پارتی وای دەبینێت کە هەڵبژاردن بە هەردو پلەیەوە باشترین کارە، لەگەڵ بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی وڵاتدا یەکانگیرە و هەڵبژاردنی ئەو کەسانەش دابیندەکات، کە لێهاتوون و بە باشی دەناسرێن.

-3 دادگاکان بە تەواوی و بە بێ هیچ مەرجێك سەربەخۆن.

-4 ئامانجی پەروەردە و فێرکردن، پێگەیاندنی نەوەیەکی کۆماری و میللەتخواز و گەلپەرست و دەوڵەتگەر و عەلمانی و شۆڕشگێڕە، هەروەها یەکخستنی نێوان

تەواوی پلەکانی فێربوون و دامەزراندن لەسەر بنەمای سیماکانی، نەتەوەیی و خۆشەویستی نیشتیمان و خێزان و هاوکاری کۆمەڵایەتی، هاوکات بایەخدان بە چاککردنی زمانی نەتەوەیی و بوونی بە زمانێکی یەکگرتوو.

-5 مەبەستی پارت و ئامانجەکانی، چالاککردنی پاشەکەوتکردنە، ئەوەش بە ئامانجێکی نیشتیمانی و نەتەوایەتی دادەنرێت. هەروەها ئاسانکاری بۆ قەرزدانی کشتوکاڵی و بازرگانی و پیشەسازی، لەگەڵ بەهێزکردنی چالاکی بزاڤە ئابورییەکان.

پارتی گەلی کۆماری وایدەبینێت، کە پێویستە هاوسەنگییەك هەبێت لە تەرازوی بازرگانی لەنێوان هاوردەکردن و هەناردەکردن، لەپێناو پاراستنی سامانی وڵات. لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی هەرەوەزی کشتوکاڵی و چاکسازی کشتوکاڵی، هاوکات دابینکردنی ئاسانکاری و پاراستنی بەروبوومی جوتیاران و هاندانی خاوەن پیشە و بەرهەمهێنەرانی بچوك و پارێزگاریکردنیان، لەگەڵ دابەشکردنی زەوی بەسەر ئەوانەی زەوییان نییە و ئارەزومەندی ژیانی کشتوکاڵین، بەهێزکردنی بزاڤی پیشەسازی و پارێزگاریکردنی بەشێوەیەك، کە پێویستی وڵات دابینبکات و سامانی نەتەوەیی بپارێزێت و خاوەنکار و کرێکاران لەگەڵ یەکدا بگونجێنێت، بە شێوەیەك کە ئەو هاوکاریەی نێوانیان بەرژەوەندی چالاکی ئابوری و بونیادنانی کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکات، هەروەها بە هێزکردنی تۆڕی هاتوچۆی هێڵی ئاسنی و وشکانی و دەریایی، بۆ ئەوەی لە چالاکییە ئابورییەکاندا سودی لێوەربگیرێت.

-6 پارتی گەل مەبەستی بەهێزکردن و توندوتۆڵکردنی دامودەزگا دەوڵەتی و یاساییەکانە لە پێکهاتەکانی حکومەت و دادگا، لەگەڵ دەستەبەرکردنی دڵنیایی بۆ هەموو تاکێکی نەتەوە و بەهێزکردنی سیستمی خێزان وەك بنەمایەکی ژیانی کۆمەڵایەتی، تەندروستی گەل، قەڵاچۆکردنی نەخۆشییەکانی ناوخۆ و گواستراوە، هەروەها پاراستنی منداڵ و کارکردن بۆ زیادکردنی ژمارەی دانیشتوان

و یارمەتی هاوڵاتیانی تورك لەدەرەوە بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ نیشتیمانەکەیان و پشتبەستن بە پێویستییەکانی گەل و بیرۆکەی وریایی و وردبینی لە داڕشتنی یاساکاندا و بەرزکردنەوەی پلەی فەرمانبەر و پاراستنی هەموو توێژەکانی گەل، تاکو ململانێی چینایەتی لەنێوانیان روونەدات.

7- ئاشتی لە نیشتیمان و جیهاندا، پرەنسیپی هەمیشەیی پارتی گەلی کۆمارییە، ئەگەر بەشی دووەم لـەدەرەوەی ویستبێت، ئەوا بایەخێکی زۆر دەدات بۆ پارێزگاریکردن لە ئاشتی ناوخۆ، بەشێوەك کە ناچاری نەکات کاریگەری هەبێت بەسەر شەرەف و بەرژەوەندییە گرنگەکان. مەسەلەی بەرگری نیشتیمانی لەسەرووی ئەو پرسانەیە لەناو سیاسەتی پارتی گەل، لەبەر ئەوە و لەئەگەری جێگۆڕکێ بۆ دۆخی شەڕ، پارتی ناچاردەبێت، کە هەوڵی بەهێزکردنی هۆیەکانی بەرگری نیشتیمانی بدات و سوپایەکی بەهێزیش لە ئامادەباشی دابێت.

لەم هەلومەرجەشدا، پارتی گەلی کۆماری، بایەخ بە یەکگرتویی نیشتیمانی دەدات و دژی هەموو ئەو کارانەش دەوەستێت، کە جوداخوازی و لێکترازان دەهێنێتە ئاراوە و ئەوەش لەسەرووی هەموو شتەکانەوە دەبێت(3).

## چەند لایەنێکی ڕێبازی سیاسی پارتی گەلی کۆماری:

پارتی گەلی کۆماری، هەوڵەکانی خستەگەڕ تا بووە خاوەن دەسەڵاتێکی رەها لە تورکیا، مستەفا کەمال تا مردنی لە ساڵی (1938) سەرۆکایەتی پارتەکەی لە دەستدابوو، دوای مردنی سەرکردایەتی پارتی گەلی کۆماری کەوتە دەست عیسمەت ئینۆنۆ، تا ساڵی (1973)، دوای ئەویش (بوڵەند ئەجەوید) سەرکردایەتی ئەم پارتەی گرتەدەست، هەروەها لە کەسە دیارەکانی ئەم پارتە، حەسەن ئەسعەد، مستەفا ئوستند، دەنیز بایکاڵ.

ئەم پارتە هەر لە سەرەتای گرتنی دەسـەڵات بە دەستەوە، هەوڵیداوە حوکمڕانی پاوان بکات، لە کۆنگرەی ساڵی (1931ز)، ئەم پارتە بە فەرمی

سیستمی حوکمڕانی لە تورکیا کردە سیستمی تاکحزبی، حزب و حکومەت لێکجیانەدەکرانەوە، ئەندامانی ئەم پارتە لە پەرلەمانی وڵاتدا مافی ئەوەیان هەبووە، کە لەمیانەی کۆبونەوەکانی پەرلەمان دەنگ لەسەر ئەو بابەتانە بدەن کە پێشتر، لە کۆبونەوە حزبییەکاندا بڕیاری لەسەر دراوە. گفتوگۆکانیان سنوردار بووە، لەدوای دەستوری (1924) دەرفەتی گفتوگۆکردنی بیروڕاکان، لە ناو سەرکردایەتی پارتەکەدا، زۆر تەسکبووەوە.

ئەم پارتە هەوڵیداوە بە توندی دەستبەسەر ڕێکخراوە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییە سەربەخۆکان بگرێت، سەرکردەی ئەو ڕێکخراوانەی دەگۆڕی و ئاڕاستەی دەکردن، هەندێکجار، ئەو ڕێکخراوانەی هەڵدەوەشاندنەوە. هەموو ئەو ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوانەی لایەنگری ئۆپۆزسیون بوون، لە ساڵی (1925) لە دەرچوون راگیران، تەنها ئەو ڕۆژنامە و بڵاوکراوانە مابوونەوە کە سەر بەدەسەڵات بوون(4).

دەکرێت بوترێت پارتی گەلی کۆماری لەدوای مردنی مستەفا کەمال، لەژێر کاریگەری عیسمەت ئینۆنۆ بووە تا ساڵی (1973).

عیسمەت ئینۆنۆ، زۆر بە هەڵپەبووە بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی نەتەوایەتی، ئەو ڕێوشوێنە کارگێڕی و کەلتوریانەی پیادەکردووە، کە ئامانجی نەك تەنها جیاکردنەوەی ئاین بێت لە دەوڵەت، بەڵکو بە توندی کاریکردووە بۆ پەیڕەوکردنی ڕێبازێکی عەلمانی و دژایەتیکردنی هەر دیاردەیەکی ئاینیش، هەروەها دژایەتیکردنی هەر رەوت و هەڵچونێکی نەتەوایەتی، یان جیابوونەوە لە لایەن نەتەوەکانی غەیرە تورك لە وڵات.

پاش مردنی ئەتاتورك، عیسمەت ئینۆنۆ دەسەڵاتی پارتی گەلی کۆماری بە دەستەوەگرت، ناوبراو لەکاری سیاسیدا، کاریگەری بیروباوەڕی سیاسەتەکانی ڕۆژئاوای بەسەرەوە بوو، لە سیستمی کارگێڕی و ئابوری و پەروەردەیش بە گەرمی لاسایی ڕۆژئاوای دەکردەوە.

لەماوەی حوکمڕانی دوورودرێژی ئینۆنۆ، تورکیا بە تەواوی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی لاواز ببوو.

بەڵام دوای ساڵی (1973)، کاتێك بوڵەند ئەجەوید سەرکردایەتی پارتی گەلی گرتەدەست، ئەم پارتە وەچەرخانێکی گەورەی بەخۆوە بینی، ئەجاوید ویستی ڕێبازی سۆسیال دیموکرات پەیڕەوبکات، هەروەها گۆڕانکاری لە سیاسەتی تورکیا وەك دەوڵەت ئەنجامبدات، لەسەردەمی ئەجەوید، ئەم پارتە توانی بە دەیان بیرمەند و سیاسەتمەداری پێشکەوتووی چەپی تورکیا لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، بەرچاوترین دەسکەوتەکانی ئەجەوید، دەکرێت لەم خاڵانە کورتبکرێنەوە:

-1 هاندانی توێژی لاو و پێشکەوتنخواز، بۆ ئەوەی بگەنە پلەو پێگەی سەرکردایەتی.

-2 هەوڵیداوە، پارتی گەلی کۆماری لە گۆشەگیری و دوورەپەرێزی رزگاربکات بەهۆی سەپاندنی دەسەڵاتی سەرمایەدار و دەرەبەگەکان بەسەریدا.

-3 هەوڵی، چارەسەرکردنی دیاردەی دواکەوتنی داوە، چارەسەرییەکی ریشەیی.

-4 پیادەکردنی سیاسەتێکی دەرەکی و سەربەخۆ(5).

**هەڵوێستی پارتی گەلی کۆماری لەئاست ئایین: (6)**

لە مانگی ئابی 1925 مستەفا کەمال، سەرۆکی پارت، لەشاری (قستەمونی) وتارێکی خوێندەوە، کە ئەو شارە مۆرکێکی ئایینی هەڵگرتووە، هەروەها مەڵبەندێکی ڕێبازەکانی سۆفیگەرییە.

«داواکردنی هاوکاری و یارمەتی لە مردووەکان، تاوانە بەڕووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیو شارستانی.....دەبێت بزانن لەم ڕۆژە بەدواوە تورکیا نابێتە خاکێکی بەپیتی شێخ و دەروێش و موریدەکانیان.... بۆیە دەبێت ئەوانە باش تێبگەن،

دەرگای کونج و تەکیەکانیان دابخەن بەخۆشی پێش ئەوەی من بەسەریاندا بڕوخێنم.»

دواتر لە لایەن دەسەڵاتەوە زنجیرە بڕیارێك دەرچوو، کە ئەم لایەنانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

-1 داخستنی کونج و تەکیەکانی وڵات.

-2 نەهێشتنی هەموو جۆرێکی ئەو ڕێباز و ناوانەی کە هەیە.

-3 قەدەغەکردنی ئەو جلوبەرگانەی پەیوەندی بەو ڕێبازە ئاینیانەوە هەیە.

-4 داخستنی هەموو مەزارگا و گۆڕ و شوێنی پیرۆزی ئەو وەلی سوڵتان و شێخانە.

-5 هەمو داهات و سامانی ئەو شوێنانە بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە، هەروەها ئەو بەندەی لەدەستوری ساڵی 1924 (بەندی یەکەم) تۆمارکرابوو: ئیسلام ئایینی فەرمی دەوڵەتە. ئەو بەندە سڕایەوە لە هەموارکردنی دەستوری ساڵی (1928)، بەم هەنگاوە کۆتایی بە هەمو ڕێوشوێنێکی ئاینی ئیسلام هات لە کاروباری یاسایی دەوڵەتدا.

**پارتی گەلی کۆماری و هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان:**

پارتی گەلی کۆماری تا ساڵانی (1950) تەنها پارت بوو، کە دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتبوو لە تورکیا، بەڵام لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکرات و پێگەیشتنی زەمینەی فرە حزبی لەو وڵاتـە، ئەو هاوسەنگییە گۆڕانکاری بەسەرداهات.

پارتی گەلی کۆماری دەنگەکانی لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی پەرلەماندا رووی لە کەمی کرد و ماوەیەکی زۆریش لـەدەرەوەی دەسەڵات بووە، بۆ روانین لە پێگەی جەماوەری، دەکرێت ئاماژە بۆ ڕێژەی ئەو دەنگانە بکەین، کە لە هەڵبژاردنە گشتییەکان بەدەستیهێناوە لە چەند ساڵێکدا:

| سالّ | ژمارەی کورسییەکانی لەناو پەرلەمان | تێبینی(7) |
|---|---|---|
| 1950 | 61 | کۆی کورسییەکانی پەرلەمان لەو ساڵە(465)کورسی بوو |
| 1961 | 173 | |
| 1965 | 102 | |
| 1973 | 185 | |
| 1977 | 213 | |
| 1991 | 7 | لەم ساڵە بەدواوە کۆی کورسیەکانی پەرلەمان(502)کورسی بوو |
| 1995 | 49 | |
| 2002 | 178 | |

**کاری رێکخراوەیی پارتی گەلی کۆماری(8):**

ئەم پارتە لە (-15تشرینی یەکەمی1927-) یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست، کە (4) ساڵا جارێك دەبەسترێت.

دروشمەکانی ئەم پارتە بریتیبوون لە (کۆماری، میللەتخوازی، گەلپەرستی، عەلمانیەت، دەوڵەتگەری، شۆڕشگێڕی).

بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەم پارتە، کە لە هـەردو کۆنگرەی (9-10) پەسەندکراون، رێکخستنەکانی پێکدێت لە رێکخراوە هەرێمیەکان، کە کۆنگرە هەرێمیەکان و ئۆرگانەکانی جێبەجێکردن و لیژنە رێکخراوەییەکان دەگرنە خۆیان.

ئەم پارتە لەماوەی سالانی خەباتیدا توانیویەتی رێژەیەکی گەورەی خەڵکی لە تورکیا بە رێکخستنەکانی خۆی ببەستێتەوە. ئامارەکانی ساڵی(1948) ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە رێژەی ئەوانەی پەیوەندیان بە پارتی گەلی کۆماری هەبووە، دەگاتە(9.7%) کۆی دانیشتوان. ساڵی (1938) ژمارەی لق و ئۆرگانەکانی ئەم پارتە (25307)بەش بوون، ئەو ژمارەیە لە (1960)زیادیکردووە گەیشتۆتە پەنجا هەزار. وەرگرتنی ئەندام لەم حزبەدا لە رێگەی پاڵاوتن و پشتگیرییەوە لە لایەن

دوو ئەندامی کۆنتر بووە. ئەم پارتە ژمارەیەکی گەورەی پاڵێوراوانی هەبووە، ئەوانە تەمەنیان لە (18) ساڵ کەمتر بووە، بەڵام ڕێکخستنەکانی ئەم پارتە لەناوچەکانی کوردستانی باکور زۆر لاواز بوون.

ئەم پارتە چەندینجار بەرەو رووی ململانێ و جیابوونەوەی ناوخۆی هاتووە، هەروەك لە ساڵی (1924) روویدا، کە کۆمەڵێك بەناو پارتی کۆماری تەرەقی جیابوونەوە، ساڵی (1930) گروپێکی دیکە بەناوی پارتی کۆماری سەربەستی جیابوونەوە، ساڵی (1946) پارتی دیموکرات دامەزرا، کە زۆربەی سەرکردەکانی لەناو پارتی گەلی کۆماری بوون. ساڵی (1989)، ئەرداڵ ئینۆنۆ جیابۆوە و پارتی دیموکراتی کۆمەڵایەتی دامەزراند، هەروەها بوڵەند ئەجەوید جیابۆوە لە (24ی ئایاری 1972) پارتی چەپی دیموکراتی دامەزراند.

لە (1992)، دەنیز بایکال سەرکردایەتی ئەم پارتەی گرتۆتە دەست و هەوڵی نوێکردنەوەی داوە، بەو هیوایەی ببێتە پارتی هەموو نەتەوەکانی تورکیا و کارکردن لەسەر بیری عەلمانییەت و لەخۆگرتنی چینی ناوەڕاست، بەڵام هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە گەلی کورد هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە.

لە هەڵبژاردنەکانی (1999) (ئەم پارتە) ڕێـژەی (%8) دەنگەکانی بە دەستهێناوە، کە ئەوەش شکستێکی گەورە بوو بۆ ئەم پارتە(9).

پارتی گەلی کۆماری، لە ئێستادا هزری سۆسیال دیموکرات پەیڕەودەکات، تێڕوانینی بۆ پرسە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان لە چوارچێوەی ئەو هزرە دایە. ئەگەر هەیە ئەم پارتە ڕێژەی دەنگەکانی بەرزببێتەوە، بە مەرجێك لە چارەسەرکردنی کێشەکان ڕێگە نەدات باڵە کۆنەپارێز و توندڕەوەکان کاریگەریان لەسەر بڕیار و سیاسیەتەکانی هەبێت.

چالاکی ڕێکخراوەکانی ئەم پارتە زیاتر لە (60) پاریزگادا بوونی هەیە، بە تایبەتی(10) پارێزگاکانی: ئەسکی شەهر، ئەزمیر، ئەنتالیا، ئەنقەرە، ئیستەمبوڵ، مەرسین، ئەنتاکیا، عەنتاب، ئەرزنجان، دەنیزلی، ئەزەنا، شناق قەلعە، تەکیر داغ.

**تێڕوانینی ئەم پارتە بۆ کێشەی کورد لە تورکیا:**

لەبەرنامەی ئەم پارتە هاتووە:(11)

پارتی گەلی کۆماری داننانێت بە جیاوازییە ڕەگەزییەکانی نێوان هاوڵاتیانی تورك، دژی هەموو جوڵەیەك دەوەستێت، کە هەوڵبدات جیاوازییە ڕەگەزییەکان بەکاربهێنێت بە مەبەستی تێکدانی یەکگرتویی نەتەوەیی خاکی تورکیا.

ساڵی (1938) سیاسەتی حکومەتی تورکیا، (کاتێك) عیسمەت ئینۆنۆ سەرۆکایەتی دەکرد، خۆی لەم چەند خاڵەی خوارەوە دەنوێنێت:

-1داننەنان بە بوونی گەلێك بەناوی کورد، جیاواز لە تورکەکان.

-2هەوڵدان بۆ توانەوەی کورد بە هەموو شێوازێکی ستەمکارانە.

هەر بە پێی نوسینەکانی توێژەری بەناوبانگی تورك (ئیسماعیلی بێشکچی)، بنەماکانی سەرۆکی تورکیا (مستەفا کەمال) لە ڕێگەی پارتی گەلی کۆمارییەوە، بوو بە ئایدیۆلۆژیای ڕژێم لە تورکیا، کە بەردەوام لەژێر ناوی کەمالیزم باسکراوە.

**پەیکەری ڕێکخراوەیی پارتی گەلی کۆماری(12)**




**دروشمی پارتی گەلی کۆماری (13)**

**دروشمی ئەم پارتە بریتییە لە شەش تیر (ئاڕاستە)**

**لەسەر پشتێنێکی سور، ئەو تیرانە ئاماژەیە بۆ شەش بنەماکەی پارتەکە.**

# پارتی کۆماری (تەرەقی) پێشکەوتنخواز

**سەرەتاکانی دروستبوونی ئەم پارتە(14)**

ململانێی لە نێوان مستەفا کەمال و سەرکردەکانی رزگاریخوازی نیشتیمانی لە ماوەی (1922-1923)وە دەستیپێکرد. ئەو ململانێیە لەناو کۆمەڵەی بەرگری لە مافەکان و دواتریش لە ئەنجومەنی نیشتیمانی گەورە، دەستیپێکرد.

هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بەشێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانی گەورە، هەستیان بەوە کرد، کە مستەفا کەمال رووی لە تاکڕەوی و خۆسەپاندن کردووە بەسەر دەسەڵاتدا.

ئەو بیر و بۆچوونەش، سەرەتا زیاتر لە لایەن ئەو ئەندام پەرلەمانانەی ئاڕاستەی ئاینیان هەبوو، دەرکەوت، وەك: عەلی شوکر، محەمەد عاکیفی، شاعیرو کازم قەرە بەکر.

لە کۆتایدا، ئەنجومەنی نیشتیمانی گەورە (پەرلەمان)، بەسەر دوو باڵ دابەشبوون، کە بریتیبوون لە:

باڵی مستەفا کەمال، دروشمیان ئەوە بوو کە سەربەخۆیی نیشتیمانی، دروست نابێت بەبێ گۆڕان لە کۆمەڵگەدا.

باڵی دووەم، کۆنەپارێزەکان، ئەوانە بۆچوونیان وابوو کە گەیشتن بە سەربەخۆیی لە ڕێگای بەهێزکردنی ئاڕاستەی ئاینیەوە دێتەدی.

ئەم ئاڕاستەیەش زیاتر لە لایەن، ڕەوف بەگ و عەلی فوئاد و ڕەفعەت پاشاوە سەریهەڵدا، دوای ساڵ و نیوێك لە ململانێ، ئەم باڵە خۆی بەهێزکرد، نزیکەی یەك لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان واتە (120) ئەندام پشتگیرییان لێدەکرد، چالاکیەکانیان زیاتر بریتیبوو لە وتارخوێندنەوە و ڕەخنەگرتن لە حکومەت(15)

دواتر ئەم باڵە خۆی وەکو پارتێکی سیاسی ڕاگەیاند بەناوی پارتی کۆماری تەرەقی. مێژووی دامەزراندنیشی بۆ (10 یان 17)ی مانگی تشرینی یەکەمی 1924 دەگەڕێتەوە.(16)

لە سەرکردەکانیشی، ڕەوف بەگ، کازم قەرە بەکر، ڕەفعەت پاشا. هەردو کەسی یەکەم و دووەم لە ئەفسەرە پلە باڵاکانی سوپای تورکیا بوون و زۆریش نزیکبوون لە مستەفا کەمال.

**لە ئامانجەکانی ئەم پارتە:**

أ- لە هەردو مادەی (1-2) یاسای ناوخۆی ئەم پارتەدا هاتووە:

مـادە/1: دەوڵەتی تورکیا کۆمارێکە پشت بە ئیرادەی گەلی تورکیا دەبەستێت(17).

مادە/2: پابەندبوونی پارتی بە لیبراڵیزم و زمانی تورکی و سەروەری گەل.

ب-بـەڵام لەناو بەرنامەکەی بە گشتی ئـەو ئامانجانەی خـوارەوە دەردەکەوێت(18):

1. پارێزگاریکردن لە ئازادییەکانی تاك، لە رێگەی بەرهەڵستیکردنی ئاڕاستەکانی تاکڕەوی کەمایەتی.

2. پاراستنی ئاین لە دەستێوەردانی حکومەت.

3. جەختکردنەوە لەسەر دیموکراسیەت و پاراستنی ئازادییە گشتیەکان و رێزگرتن لە ئاین.

4. چاودێریکردنی هەڵسوکەوتەکانی حکومەت و رێزگرتن لە پاوانکردنی کاروبارەکان.

5. رێگرتن لە ملهوڕی و زۆرداری و هەوڵەکانی خۆسەپاندن بەسەر دەزگاکانی بەڕێوەبردن.

6. لە بارێکدا پەرلەمانتارێك بە سەرۆککۆمار هەڵبژێردرا، ئەوا دەسەڵاتەکانی وەك پەرلەمانتار لە دەستدەدات.

7. رێزێکی زۆرتر بۆ دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکان(19).

8. راکێشانی سەرمایەی بیانی بۆ وڵات لە سنورێکی فراوان.

9. گێڕانەوەی پایتەخت لە شاری ئەنقەرەوە بۆ شاری ئیستەمبوڵ، هەروەها گێڕانەوەی سیستمی خەلافەتی سەردەمی عوسمانی.

**شێوازی کارکردنی ئەم پارتە:**

پارتی کۆماری تەرەقی، لە هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، ئاینی بەشێوەیەکی فراوان بەکارهێناوە(20)، جەماوەری هاندەدا دژی یاساکان. ئەم پارتە لەپێناو راکێشانی جەماوەر و فراوانکردنی بنکەی جەماوەریان، دروشمی: پارت رێز لە بیرو باوەڕ و رێنماییە ئاینیەکان دەگرێت، بەڵام پارتەکەی مستەفا کەمالی بە هەڵوەشاندنەوەی بۆ سیستمی خەلافەتی عوسمانی، ئەوان ئاین دەڕوخێنن واتان لێدەکەن ببن بە کافر.

هەروەها ئەم پارتە لە ململانێکانی بەرامبەر بە پارتی گەلی کۆماری، پەنای بۆ هاوکاری پیاوانی ئاینی بردووە، لەگەڵ هەوڵی پشتگیریکردنی ڕێبازە ئاینیەکان.

ئەم پارتە هەموو نزیکایەتییەکی خۆی لەگەڵ کۆنە ئۆپۆزسیۆنەکانی عوسمانی ڕەتدەکاتەوە و وێنەی پارتێکی لیبراڵ و میانڕەو نیشاندەدات. هەروەها خۆی لەوە دوور دەگرێت، کە دژایەتی مستەفا کەمال دەکات.

چەند ڕۆژنامەیەك پشتگیری و هاوکاری ئەم پارتەی کردووە، وەك: نیشتیمان، یەکگرتنی بیروباوەڕەکان، سەربەخۆیی، دوا هەواڵەکان.

**کۆتاییهێنان بە ژیانی ئەم پارتە(21):**

ئەم فرەییە لە ژیانی سیاسەتی تورکیا لەسەردەمی مستەفا کەمال درێژەی نەکێشا، هەر دوای شۆڕشی (شێخ سەعیدی پیران) لە ساڵی (1925ز)دا، یاسایەك لە لایەن حکومەتی تورکیاوە دەرچوو بەناوی یاسای (گێڕانەوەی ئاسایش). بە پێی ئەو یاسایە دادگا تایبەتەکان لەماوەی شەڕدا و بە بێ مافی تێهەڵچونەوە، سەدان بڕیاری حوکمی لە سێدارەدان و زیندانیکردن (بۆ ماوەی جیاوازیان) دەرکرد. لە (4ی ئازاری 1925)، ئەم یاسایە جارێکی دیکە کارپێکراوە، لەماوەی چەند هەفتەیەکدا چاپەمەنییەکان لەو وڵاتە سەرکوتکرا، چەندین ڕۆژنامە قەدەغەکران، بە دەیان ڕۆژنامەنوس بە سزای قورس زیندانیکران. بە تاوانی بەشداریکردن لە پیلانگێڕی ئەم پارتەش لە چالاکیکردن قەدەغەکرا.

بە پێی لێکۆڵینەوەی دادگا تایبەتیەکان، دەربارەی پیلانگێڕان دژی(22) مستەفا کەمال، لە (26-27ی حوزەیرانی 1925)، دەرکەوت، کە هەریەك لە فوئاد پاشاو کازم قەرە بەکر و ڕەفعەت پاشاو چەند کەسانێکی دیکەی ناو پارتی کۆماری تەرەقی، پەیوەنییان بەو تاوانەوە هەبووە.

بۆیە لەسەر داوای (داواکاری گشتی) بڕیاری لە سێدارەدان بۆ (11) کەس دەرچو، سەرەڕای زیندانیکردنی (8)کەسی دیکە بۆ ماوەی جیاواز، بەڵام دواتر کازم قەرە بەکر و ڕەفعەت پاشا ئازادکران.

## پارتی کۆماری سەربەست

**سەرەتاکانی دروستبوونی:**

لە سەرەتای ساڵی(1930)و پێشتریش بە ماوەیەك، بەرپرسانی پارتی گەلی کۆماری(23)و خودی مستەفا کەمالی (سەرۆك کۆمار) هەستێکی قوڵیان لا دروستببوو بە نارەزایی گەورەی خەڵك لە ئاست حکومەت و هەڵسوکەوتی بەرپرسانی، بۆیە بیری ئەوەیان لا دروستبوو، کە چۆن ئەو نارەزاییە نەهێڵن و دەرگا لەبەردەم ئەو هەلومەرجە دابخەن.

بۆ ئەو مەبەستە وا بە باشزانرا، کە دەرفەتبدەن بە دروستبوونی پارتێکی دیکە، کە وەك ئۆپۆزسیۆن کار بکات، بەڵام بە مەرجێك پارتێکی میانرەو بێت و هەر لایەنگری دەسەڵاتیش بێت.

بۆ جێبەکردنی ئەم بیرۆکەیە، مستەفا کەمال پەیوەندی لەگەڵ دۆستێکی کۆنی خۆی کرد، کە باڵوێزی تورکیا بوو لە وڵاتی فەرەنسا، ئەویش (عەلی فەتحی ئۆکیار) بوو.

هەردولا گفتوگۆیان لەسەر بابەتەکە کردو هاوڕابوون، باسی چۆنیەتی پەیوەندی نێوان هەردو حزبیان کرد، لەم بارەوە مستەفا کەمال داوایکرد، کە ئەو حزبە نوێیە بە دڵسۆزی کار بۆ بنەماکانی سیستمی کۆماری بکات، لە لای خۆیەوە (عەلی فەتحی) پێداگری لەسەر ئەوە کرد، کە حکومەتی تورکیا رێگر نەبێت لە بەردەم چالاکی حزبەکەی، هەروەها مستەفا کەمال داوای لەچەند کەسێکی نزیکی خۆی کرد بەشداری لەدامەزراندنی ئەو حزبە بکەن، یەك لەوانە (نوری جونکەر) سەرەڕای پشتگیریکردنی (15) ئەندام پەرلەمانی تورکیا بۆ حزبەکە.

لە سەرەتای ساڵی (1930)، پارتی کۆماری سەربەست (سربست جمهوریە فرقاسی) (24) بە سەرکردایەتی (عەلی فەتحی ئۆکیار)دامەزرا، هەر دوای ماوەیەکی کەم، لە شاری ئیستەمبوڵ، رۆژنامەی (یارن)ی دەرکرد وەك زمانحاڵی پارتەکە.

خوشکی مستەفا کەمال بە ناوی(مەقبولە خان) وەك یەکەم ئافرەت بوو پەیوەندی بەو پارتەوە کرد.

**ئامانجەکانی پارتی کۆماری سەربەست (25):**

سەرکردایەتی ئەم پارتە دوابەدوای دامەزراندنی، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، کە (11)خاڵی دەگرتەخۆی. ئەو بابەتانەی لە ناوەرۆکی بەیاننامەکە هاتبوون، رەنگدانەوە بوون بۆ بنەماکانی پارتی گەلی کۆماری تەرەقی لە ساڵی 1925.

بابەتەکانیشی بریتیبوون لە: سیاسەتێکی ئابوری لیبراڵ، پشتگیریکردنی سیاسەتی وەبەرهێنان و راکێشانی سەرمایەی بیانی، داکۆکیکردن لەسەر ئازادی بیروڕادەربرین، هەڵبژاردنی راستەوخۆ.

گرنگترین ئەو خاڵانەی لە بەرنامەی پارتەکەدا هاتبوو:(26)

-1 پتەوکردنی بنەماکانی کۆماری و نەتەوایەتی و عەلمانیەت.

2- کەمکردنەوەی باج بۆ ئەوەی کاریگەری بۆ سەر ئابوری دروستبکات.

3- ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەر بۆ ڕاستکردنەوەی سیستمی دارایی و ڕێگە خۆشکردن بۆ ئەوەی سەرمایەی بیانی ڕوو لە تورکیا بکات.

4- دەستتێوەرنەدان لە سیاسەتی پڕۆژە دارایی و ئابوریيە تایبەتییەکان، هەروەها بەهێزکردنی دەستپێشخەری لە ژیان و چالاکی ئابوری وڵات.

5- رزگارکردنی جوتیاران لە قەرزی ساماندااران و باجی حکومەت.

6- دژایەتیکردنی توندی دیاردەی گەندەڵی و خراپ کارکردن لە دامودەزگاکانی دەوڵەت.

7- بایەخدان بە یاساو ڕێوشوێنەکانی دادگا.

8- پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی میانڕەو و دڵسۆزانە لە ئاست دەوڵەتانی دراوسێ و هاوکاریکردنی بەهێز لەگەڵ کۆمەڵەی گەلان.

9- دەرکردنی یاسای هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ، مافە سیاسیەکانی ژن بێتە دی.

**چالاکییەکانی پارتی کۆماری سەربەست:**

لەگەڵ دەستپێکردنی چالاکیەکانی، خەڵکێکی زۆر ڕوویان لە ڕێکخراوەکانی ئەم پارتە کرد، لە چەندین شارو ناوچەدا بارەگایان کردەوە، کادرو سەرکردەکانییان بەشداریان لە چەندین خۆپیشاندانی جەماوەری کردووە، لەگەڵ پۆلیسی حکومەت ڕووبەڕوو بوونەتەوە.

هەر لەو گروپانەی پەیوەندیان بەم پارتەوە کردووە، شێخەکانی سۆفیگەری و (27) دەرویش و پەیڕەوەکانیان، بە تایبەتی ڕێبازی نەقشبەندی، کە لە هەموو ڕێبازەکانی دیکە بە ژمارەیەکی زۆرتر پەیوەندییان بەم پارتەوە کردووە، چالاکانەش کاریاندەکرد دژ بە هەوڵەکانی عەلمانیەت. لە مانگی تشرینی یەکەمی (1930) لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی پەرلەمان، ئەم پارتە (30) کورسی بە دەستهێنا لە کۆی (502) کورسی(28) پەرلەمانی تورکیا.

ئەگەرچی ئەو ژمارەیە بە بەراورد لەگەڵ کۆی گشتی ئەندامانی پەرلەمان کەم بوون، بەڵام لە راستیدا لە لایەن حزبی دەسەڵاتدارەوە چاوەڕوانکراو نەبوو.

لە لایەکی دیکەوە چالاکی سەرکردەکانی ئەم پارتە و کۆبونەوەی زۆرتری جەماوەر بە دەوریاندا، لەگەڵا رەخنە و نارەزاییەکانی پارتەکە لە کاربەدەستانی حکومەت و لە پارتی گەلی کۆماری، هەموو ئەو دیاردانە بارێکی وای خوڵقاند، کە گرژی لەنێوان هەردوو پارتی گەلی کۆماری و ئەم پارتە دروستببێت و لەکۆتاییدا سەرۆکی پارتەکە (عەلی فەتحی ئۆکیار) ناچاربوو لە (16ی تشرینی دووەمی 1930) بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پارتەکەی دا.

# پارتی دیموکراسی
# DP

**سەرەتاکانی دامەزراندنی:**

پێش کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی (1939-1945)، چەندین بیرو بۆچون(29) سەریانهەڵدا لەناو سەرکردایەتی پارتی گەلی کۆماری، وەك هەوڵدانێك بەرەو گۆڕان و دیموکراسی لە سیستمی سیاسی تورکیادا.

عیسمەت ئینونۆ، لە وتارێکیدا بە بۆنەی کردنەوەی خولی ساڵانەی پەرلەمان لە (1ی تشرینی دووەمی 1944)، ئەو بیروبۆچونانەی روونکردەوە و زیاتر جەختیشی لەسەر دیموکراسی پەرلەمانی کردەوە لە سیستمی سیاسی تورکیادا، هەروەها بەڵێنی ئەوەیدا کە رێوشوێنە پێویستییەکان بگرێتەبەر بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە.

دوای ماوەیەك، چوار سەرکردەی پارتی گەلی کۆماری، کە بریتیبوون لە: جەلال بایار، عەدنان مەندرس، رەفیق کولْتان، فوئاد کوپرلو، نارەزایی خۆیان دەربری لە بەرامبەر ئەو شێوازانەی، کە کاروباری وڵاتی پێ بەڕێوەدەچێت.

ئەو چوار کەسە لە یاداشتێکدا لە (7ی حوزەیرانی 1945) چەند خاڵێکیان وەك پێشنیاز خستە بەردەم پەرلەمان و حکومەت، گرنگترین خاڵەکانی ئەو یاداشتە(30):

1.گێڕانەوەی دەسەڵاتەکانی پەرلەمان.

2 .گێڕانەوەی مافە دەستورییەکان بۆ تاك.

3. کۆتوبەندەکانی کاتی جەنگ هەڵبگیرێت.

4. فرەیی حزبی لە کاری سیاسیدا.

5. بوژاندنەوەی ژیانی دیموکراسی لە تورکیا.

6. سەرەڕای کۆمەڵە بابەتێکی دیکەش.

بەڵام ئەو پێشنیازانە لە لایەن کار بەدەستان و سەرکردایەتی پارتی گەلی کۆمارییەوە، پشتگوێخران.

سەرەڕای ئەو بارەش، ئەو چوار سەرکردەیە لەسەر هەوڵەکانیان بەردەوامبوون، تا کار گەیشتە ئەوەی سەرکردایەتی پارتی گەلی کۆماری بڕیاری دەرکردنیان بدات لە ریزی خۆی. ئەو چوار کەسە لەگەڵ کۆمەڵە کادرێکی دیکەی ناو پارتەکە، بڕیاری دامەزراندنی پارتێکی نوێیان دا، بەناوی پارتی دیموکراسی.

لە رۆژی (7ی کانونی دووەمی 1946) بە فەرمی دامەزراندنی پارتی دیموکراسی لە تورکیادا(31) راگەیەندرا. بە دامەزراندنی ئەم پارتە قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسی لە تورکیا دەستپێدەکات.

**پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پارتی دیموکراسی(32):**

لە رووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیەوە، جیاوازییەکی زۆر نەبووە لەنێوان پارتی دیموکراسی و پارتی گەلی کۆماری، هەروەك دەردەکەوێت، کە (76%) سەرکردەکانی، ئەندامی ئەنجومەنی نیشتیمانی بوون، لە خولی هەشتەمی ساڵی (1946) لە پیاوماقوڵان و موڵکدارەکان پێکهاتبوون، بەڵام رێژەی رۆشنبیران لە (6%)زیاتر نەبووە.

پارتی دیموکراسی لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان پشتی بە چینی ناوەڕاست بەستووە(33)، هەروەها رێبازێکی سیاسی تایبەتی پیادەکردووە دەربارەی موڵکییەتی بازرگانی و پیشەسازی، ئەم رێبازە سیاسییەش، هاندەربووە بۆ چینی جوتیاران کە پاڵپشتی سیاسەتەکانی ئەم پارتە بکەن لە هەڵبژاردنەکەی مایسی (1950).

رۆژنامەنوس (عەبدی ئیبکجی) لە وتارێکیدا لە رۆژنامەی میللیەت لە (25ی نیسانی 1975)، پاشینەی کۆمەڵایەتی پارتی دیموکراسی شیدەکاتەوە، لەو وتارەدا هاتووە: بۆ چەندین سەدە، چین و توێژەکانی بیروکراسیەت، دەسەڵاتیان زاڵبووە بەسەر وڵاتەکەماندا، ئەوەش لە رێگەی رۆشنبیرانی سەربازی و مەدەنییەوە، هەر لەو ماوەیەدا چەند هەوڵێك دراوە بۆ گۆڕانکاری لە سەردەمی عوسمانییەکان.

هەمان بارودۆخ روویدا لە سەردەمی مستەفا کەمال، سیستمی کۆماری بە هۆی هەمان ئەو کەسانە دامەزرا، بۆیە کاری بەڕێوەبردنی وڵات هەر بە دەستی ئەو هێزە نەریتگەرییەوە ماوەتەوە.

بەڵام لە ساڵی (1950) هێزێکی نوێ دروستبوو، کاتێك پارتی دیموکراسی گەیشتە دەسەڵات لە رێگەی هەڵبژاردنیکی ئازادەوە، نەك لە رێگەی بیرمەند و رۆشنبیرە سەربازی و مەدەنییە بیرۆکراسیەکان، بەڵکو لە رێگەی چینی بۆرژوازییەوە.

ئەو هێزە نوێیەش لەڕێگەیی یەکێتییە گەورەکانی موڵکدارانی زەوی و پیاوماقوڵانی گوندەکان و سەرمایەدارانەوە پەیدابووە. ئەو هێزە نوێییە، کە لایەنگری فراوانی جەماوەری بە دەستهێنا- وەك ئەڵتەرناتیڤێکی دیموکراسیانە هاتە پێشەوە.

**گەیشتنی پارتی دیموکراسی بە دەسەڵات:**

دوای راگەیاندنی ئەم ئەم پارتە، لق و رێکخراوەکانی لەسەرجەم ناوچەو هەرێمەکانی(34) تورکیادا کردەوە، رۆژبەڕۆژ پەرەیدەسەند و زۆر سودیشی لەناڕەزایی جەماوەر بەرامبەر پارتی گەلی کۆماری وەردەگرت، لە بانگەشەکانیدا دەستی بۆ سەرجەم ئەو لایەنانە دەبرد، کە هەستی گەلی تورکیای دەوروژاندو بووبوون بە ویستی کۆمەڵگە.

بە مەبەستی رێگرتن لەبرەوسەندنی ئەم پارتە، پارتی گەلی کۆماری کە لەسەر دەسەڵات بوو، بۆ ماوەی ساڵێك هەڵبژاردنی پێشخست، لە (21ی تەموزی 1946) هەڵبژاردنی گشتی بۆ پەرلەمان ئەنجامدرا، لەو هەڵبژاردنەدا پارتی گەلی کۆماری زۆربەی دەنگەکانی بەدەستهێنا، بەڵام پارتی دیموکراسی تەنها (62) کورسی دەستکەوت. لە هەڵبژاردنی گشتی (14ی ئایاری 1950) پارتی دیموکراسی بەڕێژەیەکی گەورە سەرکەوتنی بە دەستهێنا، لە کۆیی (487) کورسی پەرلەمان (396) کورسی بەدەستهێناوە، پارتی گەلی کۆماریش(68) کورسی. بۆیە حکومەت لە لایەن پارتی دیموکراسیەوە پێکهات بە سەرۆکایەتی (عەدنان مەندرس)، هەروەها سەرۆکی پارتیش (جەلال بایار) بە سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرا.

دەکرێت هۆیەکانی سەرکەوتنی پارتی دیموکراسی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (1950) بۆ ئەم خاڵانە بگەڕێنینەوە(35):

1- ویستی گەلی تورکیا لە گۆڕینی سیستمی حوکمڕانی، دوای ئەوەی پارتی گەلی کۆماری لە (1923)وە دەسەڵاتی بە دەستگرتووە.

2- کەموکورتی لە سیاسەتی پارتی دەسەڵاتدار، بە تایبەتی لەبواری ئابوری و پڕۆژە خزمەتگوزاریەکان.

3- پشتبەستنی پارتی دیموکراسی، لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا، بە چین و توێژەکانی ناوەڕاستی کۆمەڵگە و پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی تایبەت لەخاوەنداریەتی و کاروباری پیشەسازی.

4- هۆکاری ئاینی، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەبووە لە سەرکەوتنی پارتی دیموکراسی، ئەو پارتە لە بەرنامەکەی خۆی جەختی لەم خاڵانە کردۆتەوە:

أ) بانگدان لە کاتی نوێژەکاندا بە زمانی عەرەبی.

ب) ڕێگادان بە حەج کردن.

ج) ڕێگەپێدان بە خوێندنی ئاینی.

د) هەڵوەشاندنەوەی دەستێوەردانی حکومەت لە جلوبەرگی ژنان.

ه) هاندان و پشتگیری کردنەوەی کۆلێژی-ئاینی-لە ئەنقەرە.

بەڵام دەکرێت بوترێت، کە زۆربەی ئەو خاڵانەی ئەم پارتە خستویەتییەڕوو وەك چاکسازی ئایینی، وەك ئایدیۆلۆژیا لەباوەڕێکی راستەقینەی پارتەکەوە نەهاتووە، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی سیاسی و ورووژاندنی جەماوەر بووە لەکاتی هەڵبژاردندا، بۆ زیاتر روونکردنەوە، ئەم پارتە لە بەرنامەی خۆیدا ساڵی (1946)، جەختی لە سیستمی عەلمانیەت کردۆتەوە، هەروەك لە مادەی (14) یاسای ناوخۆی پارتەکەدا هاتووە:

(تێگەیشتنی پارتی دیموکراسی بۆ عەلمانییەت، بریتیە لەوەی، کە نابێت دەوڵەت دەستبخاتە ناو کاروباری ئاینیەوە. پارتی دیموکراسی ئەو بۆچونە بە راست نازانێت، کە گوایە عەلمانییەت دژی ئاینە. بە پێی ئەم بنەمایە پارتی دیموکراسی دانی بە ئازادی ئاییندا دەنێت، وەك مافێك لە مافەکانی تاك،

هەروەها لایەنگری دامەزراندنی ریکخراوە ئاینیەکان دەکات، بۆ فێربوون لەسەر دەستی مامۆستایانی ئایینەوە. ئەو رێکخراوانە شتێکی پێویستن، بەڵام لە لایەکی دیکەوە، پارتی دیموکراسی باوەڕی بە بەکارهێنانی ئاین نییە بۆ مەبەستی سیاسی. ئەو بۆچونەش ئەوە دەگەیێنێت کە پارتی دیموکراتی، ئاسانکاری گەورەی خستۆتە بەردەم ئیسلام.)

عەدنان مەندرس، لە زۆر بۆنەدا ئـەوەی دووپاتکردۆتەوە، کە پارتی دیموکراسی لە بڕیاری جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت پاشەگەزنابێتەوە، بەڵام تورکیا دەوڵەتێکی ئیسلامییە و هەرواش دەمێنێتەوە.

**پەیوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراسی و پارتی گەلی کۆماری(36):**

دوای دامەزراندنی پارتی دیموکراسی لە (1946)، پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتی گەلی کۆماری لە حاڵەتێکی توندا بوو، هەردولا لە هەوڵی ئەوەدا بوون متمانە و پشتگیری جەماوەر بەدەستبێنن و زۆرترین ژمارەی نوێنەریان هەبێت لە پەرلەماندا.

ئەو پەیوەندییانە دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان لە (1950)وە و سەرکەوتنی پارتی دیموکراسی(37)، گۆڕانی گەورەی بەسەرداهات، چەند خەسڵەت و تایبەتمەندی دیکەی گرتەخۆی. سەرەتا پەیوەندییەکانی نێوانیان بە هۆی گرژییەکانەوە رووبەڕووی ئاستەنگ بوونەوە، کارێکی ئاسانیش نەبوو خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو هەلومەرجە تازەیەدا، دوای (27)ساڵ لە حوکمڕانی تاکحزبی و چوار ساڵ ژیانی ئۆپۆزسیۆنی توند.

پارتی دیموکراسی، خۆی بە نوێنەری ئیرادەی گەل دەزانی، ئەرکیشی گۆڕان بوو لە وڵاتدا، چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد، کە ئۆپۆزسیۆنێکی لاواز (پارتی گەلی کۆماری) بەشداری لە پرۆسەی حوکمڕانی بکات.

پارتی دیموکراسی خۆی بەهێزی زۆرینە دەزانی، هەر بە پێی تێڕوانینی بۆ

دیموکراسیەت، ئەوا ئەو زۆرینەیە دەسەڵاتی رەهاو شەرعییەتی دەداتێ بۆ ئەوەی چی بە پێویست بزانێت ئەنجامیبدات.

لەلای خۆیەوە پارتی گەلی کۆماری لە بارێکی پڕ کێشە و ئاژاوەی ناوخۆیی توندا دەژیا، دوای شکستهێنان و لەدەستدانی دەسەڵات. لەبەرامبەردا پارتی دیموکراسی توانیویەتی ئابوری وڵات ببوژێنێتەوە و کار بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی بکات، بۆیە ئەم پارتە هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی سیاسی لەبەردەستدا نەبوو، تەنها لە دۆخی بەرگریکردن بو لە خۆی تاوەکو درێژە بە دەسەڵات بدات.

**سیاسەتی ناوخۆی تورکیا لە سەردەمی حوکمڕانی پارتی دیموکراسی:**

1. سیاسەتی بەرامبەر بە ئاڕاستەی چەپ(38):

هەر لە سەرەتای (1951)وە رۆژنامەکان لە تورکیا، بەرامبەر بە مەترسی کۆمۆنیستی، هەرایەکی گەورەیان نایەوە، بۆیە هەڵمەتێکی دەستگیرکردنیان لە شارەکان دەستپێکرد. دواتر لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا، پڕۆژەیەك دژ بە کۆمۆنیستی لە پەرلەمان پەسەندکرا، بوو بە مادەی (141)، بە پێی ئەو مادەیە حوکمی لە سێدارەدان بەسەر هەمو ئەو کەسانە دەدرێت ئەگەر پەیوەندی کۆمۆنیستیان لەسەر بسەلمێنرێت.

هەر لەو سەردەمەدا (کۆمەڵەی قەلاچۆکردنی کۆمۆنیستی) دامەزرا، دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ (کۆمەڵەی کارکەران لەپێناو بەرژەوەندی گشتی). سەرەڕای پێکهێنانی دادگا تایبەتییەکان بۆ ئەو کەسانەی بەو بیروباوەڕە تاوانبار دەکرێن.

2. سیاسەتی بەرامبەر بە کورد(39):

بارودۆخی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی کورد لەو قۆناغەدا لە بارێکی دژواردا بوو، ئەو بارودۆخەش بە هاتنە پێشەوەی سیستمی فرە پارتایەتی کۆتایی نەهات، بەڵکو سیستمی فرە پارتایەتی لەچەند روویەکەوە

کاریگەری نێگەتیڤانەی هەبووە بۆ پرسی نەتەوایەتی کورد، لەبەرئەوەی پارتە سیاسییەکانی تورك کەوتنە ململانێ بە گفتوگۆ و پەیوەندی بە کەسایەتییە بەهێزەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی، بۆ ئەوەی لە ڕێی ئەوانەوە دەنگی جوتیار و کاسبکارانی کورد بۆ لای خۆیان رابکێشن.

پارتی دیموکراسی، سەرەتا چەند هەنگاوێکی دیموکراتیانەی هاویشت، (40)

بە کردنەوەی رێکخراو و یانەی سیاسی و رۆشنبیری، هەر لەو چوارچێوەیەدا چەند یانەیەکی رۆشنبیری کورد دامەزرا، هەروەها چەند رۆژنامە و گۆڤارێکیش دەرچوو، لەو بوارەشدا کەسایەتی (موسا عەنتەر)دەرکەوت. ئەمە و سەرەڕای بەشداریکردنی کورد لەچەند یانە و پارتێکی تورکی، لەوانە: یەکێتی ئەدەبیاتی تورك و پارتی نیشتیمانی.

بەڵام ئەو هەڵوێستانەی پارتی دیموکراسی تا سەر نەبوون، بەڵکو هەر زوو ئەو پارتە لە بەڵێنەکانی پاشەگەزبووەوە و دەستیکرد بەدژایەتی کورد.

دەکرێت پەیوەندییەکانی نێوان کورد و پارتی دیموکراسی لەچەند خاڵدا هەڵسەنگێنین:

أ)  پشتگیری کورد بۆ پارتی دیموکراسی بە هۆی بەرنامەکەی نەبوو، بەڵکو زیاتر بە کاریگەری سیاسەتی پارتی گەلی کۆماری بووە بەرامبەر کورد.

ب) پارتی دیموکراسی، شێوازی کارکردنی لەناوچە کوردییەکان، بەکارهێنانی ئاین بووە، بۆ ئەوەی لەو رێگاوە خۆی لە پرسە نەتەوایەتیەکان بدزێتەوە، لە لایەکی دیکەوە کاریگەری لەسەر تاکی کورد دروستبکات. بۆ نموونە لە بانگەشەکانی هەڵبژاردن، پارتی دیموکراسی دروشمی (ئەی کوردینە ئێمەش وەك ئێوە موسڵمانین)ی هەڵگرتبوو.

ج) پارتی دیموکراسی هەوڵیداوە هەموو کارە خراپ و نەرێنیەکانی پارتی گەلی کۆماری بخاتەروو.

3. ڕەفتارەکانی دژ بە ژیانی سیاسی دیموکراسی(41):

لەمبارەوە چەند نموونەیەك لە هەڵسوکەوتە سیاسیەکانی ئەو پارتە دەخەینەڕوو:

أ) لە ئایاری (1954)، بڕیارێك دەرچوو، کە هەر نوسەرێك یان ڕۆژنامەنوسێك لە نوسینێکدا ڕەخنە لە کەسایەتییەکانی حکومەت بگرێت، ئەوا بەرەوڕووی لێپرسینەوەی یاسایی دەبێت.

ب) لە (21ی تەموزی 1953)، بڕیارێك دەرچو، ڕێگەی لە مامۆستایانی زانکۆ گرت بۆ بەشداریکردن لە هەر کارێکی سیاسیدا.

ج) لە (1956) بڕیارێکی دیکە دەرچو، ڕێگەینەدا ڕۆژنامەکان، نوسین دەربارەی باری ئابوری وڵات بڵاوبکەنەوە، ئەگەر نا توشی لێپرسینەوە دەهاتن.

د) هەر لە هەمان ساڵدا، بڕیاری قەدەغەکردنی هەمو گردبوونەوە و خۆپیشاندان و ڕێپێوانێك دەرچوو، ئەگەر بە بێ مۆڵەتی فەرمی بێت.

**سیاسەتی دەرەکی تورکیا لە سەردەمی پارتی دیموکراسیدا(42):**

لەگەڵ گەیشتی بە دەسەڵات، سەرکردەکانی پارتی دیموکراسی لە تورکیا، ڕایانگەیاند، کە تورکیا لەبواری سیاسەتی دەرەکـی هەمان ڕێبازی پێشو پەیڕەودەکات.

هەر بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕێبازە سیاسییە، ئاماژە بە چەند پرسێك و هەڵوێستی حکومەتی پارتی دیموکراسی لە تورکیا، دەدەین، بەرامبەریان:

1. جەختکردن لەسەر دڵسۆزی و پابەندییان بۆ ئەو پەیمانەی ساڵی (1939) بەستراوە لەگەڵ بەریتانیا و فەرەنسا، هەروەها پەیمانی هاوکاری و دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

2. سەرکردەکانی پارتی دیموکراسی، سیاسەتی دەرەکی تورکیا یان لەسەر

ئەو بنەمایە دامەزراند، کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەهێزترە لە وڵاتانی سۆسیالیزم لە هەردو بواری سەربازی و ئابوریدا.

3. لە مانگی ئەیلولی (1952)، تورکیا وەك ئەندام لە پەیمانی(ناتۆ)وەرگیرا، هەروەها لە نیسانی (1955) بەشداریکرد لە پێکهێنانی پەیمانی(سینتۆ)بەغداد.

4. تورکیا تەنها وڵات بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و دوور، دژی هێرشە سێ قۆڵییەکەی ساڵی (1956) بۆ سەر میسر نەوەستا.

5. تورکیا لە ساڵی (1959) رازیبوو بە کردنەوەی بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا لەسەر خاکەکەی.

**بارودۆخی گشتی لە تورکیا لە سەردەمی دەسەڵاتی پارتی دیموکراسی(43):**

دوای هەڵبژاردنە گشتیەکانی ساڵی (1950) و سەرکەوتنی پارتی دیموکراسی، سەرۆکی پارتەکە (جەلال بایار) بوو بە سەرۆك کۆماری تورکیا، هەروەها (عەدنان مەندرس) بوو بە سەرۆکی حکومەت. ئەو ماوەیە لە ژیانی تورکیا تارادەیەك سەقامگیری پێوە دیاربوو، سەرەتای حکومڕانی پارتی دیموکراسی، چەند بەڵێنێکی خۆی بەجێهێنا کە لە بەرنامەی هەڵبژاردن بانگەشەی بۆ دەکرد، وەك: بانگدان بە زمانی عەرەبی لە کاتی نوێژەکان، رێگادان بە خوێندنی بابەتە ئاینییەکان لە قوتابخانە گشتیەکاندا، سەرەڕای چەند کارێکی دیکە لەو چوارچێوەیەدا.

سیاسەتی ئەم پارتە لەسەر مەسەلە ئاینییەکان و ئیسلام بە تایبەتی بە سادەیی دەناسرا(44)، (عەدنان مەندرس) سەرۆکی حکومەت و سەرکردەی دیاری پارتەکە، بەردەوام ئەوەی دووبارەکردۆتەوە (گەڕانەوە نابێت دەربارەی جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵـەت)، تورکیا وڵاتێکی ئیسلامییە و هەرواش دەمێنێتەوە.

مەبەستی مەندرس لەو بۆچوونانە، ئەوەیە کە بیروباوەڕی رۆحی لای تورکەکان، بیروباوەڕی ئیسلامە، بەڵام ئەو بیروباوەڕە پەیوەندی بە سیستمی حوکمڕانی و یاسا دانراوەکانەوە نییە.

بەڵام کاتێك ئەو پارتە سەرکەوتوو نەبوو لەوەی، کە هەنگاوی زیاتر بنێت(45) و وەڵامی چاوەڕوانیەکانی دەنگدەرانی بداتەوە، ئەوە تا دەهات زیاتر بەرەو سیاسەتێکی سەرومڕ ناسیۆنالیستانە و پۆپۆلیستانە دەڕۆیشت.

حکومەتی تورکیا بە رابەری پارتی دیموکراسی، بوو بە دەسەڵاتیکی ملهوڕ، یاساکانی هەڵبژاردنی دەستکاری دەکرد. ساڵی (1957) شەڕێکی کراوەی دژ بە ئۆپۆزسیۆن راگەیاند، نیازیبوو رژێمێکی نوێی تاکحزبی دروستبکات، دیارە ئەو هەنگاوەش، کاردانەوەی هەبوو، ئۆپۆزسیۆن زیاتر رادیکاڵی بوو، بزوتنەوەی سیاسی نوێش پەیدابوو.

لەنێوان ساڵانی (1950-1960)، چەند هەوڵێکی سەربازی درا بۆ کودەتا بەسەر سیستمی حوکمڕانی لەو وڵاتە، هەندێکیان سەریاننەگرت، بەڵام لە (17ی ئایاری 1960) کودەتای(46) سەربازی سەرکەوت و دەسەڵاتی پارتی دیموکراسی لە وڵاتدا هەڵوەشاندەوە. دەسەڵاتدارانی کودەتا سەربازییەکە بە زنجیرەیەك کار هەستان، عەدنان مەندرس، تاوانبارکرا بەوەی دژی عەلمانییەتە، بۆیە خۆی و چەند بەرپرسێکی باڵای حزبەکەی رەوانەی دادگا کران، بارەگاکانی پارتی دیموکراسیش داخران.

لە (15ی ئەیلولی 1961)، دادگا بڕیاریدا بە زیندانیکردنی هەتا هەتایی سەرۆك کۆمار (جەلال بایار)، هەروەها بڕیاری لە سێدارەدانی هەر یەك لە (عەدنان مەندرس) و (فەتین روشدی) وەزیری دەرەوە و (حەسەن بولاتقان) وەزیری دارایی، بریارەکەش بەسەریاندا جێبەجێکرا.

# پارتی بزوتنەوەی نەتەوەیی
# M H P

دەربارەی سەرەتاکانی دروستبوونی ئەم ڕێکخراوە سیاسییە، بیرو بۆچونەکان تاڕادەیەك ئاڵۆزن، سەرچاوەکانیش لە باسکردنیدا جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە .(47)

بە شێوەیەکی گشتی بیرۆکەی دروستبوونی ئەم بزوتنەوەیە بۆ ساڵی (1944) و (1948) دەگەڕێتەوە. لەنێوان ساڵانی (1944-1948)، کە مێژووەکەی یەکلانەبۆتەوە، پارتی نەتەوە لە تورکیادا دادەمەزرێت، سەرۆکی فەخری ئەو پارتە، جەنەراڵ (فەوزی جەقماق) بووە و سەرۆکی راستەوخۆشی (عوسمان بلوك پاشا) بوو.

هەر لە ساڵی (1946)دا، پارتی جوتیارانی لادێ لە تورکیا دادەمەزرێت، ساڵی (1957) هەردو پارت یەکدەگرن و دەبنە (پارتی نەتەوەیی جوتیاری کۆماری)

بە سەرکردایەتی (عوسمان بلوك پاشا)، ناوبراو ساڵی (1963) لە سەرۆکایەتی پارتەکە دووردەکەوێتەوە، هەر لەو ساڵەدا (ئەڵپ ئەرسەلان تورکیش) لە بەلجیکاوە دەگەڕێتەوە تورکیا، دەست بە پەیوەندییە سیاسییەکان دەکات، لەگەڵ (9) کەس لە هاوڕێکانی پارتی نەتەوەیی دادەمەزرێنن، لەگەڵ پارتی (نەتەوەیی جوتیارانی کۆماری) یەکدەگرن لەژێر ناوی پارتی جوتیاری کۆماری، دواتر ناوەکەی دەگۆڕێت و دەبێتە پارتی بزوتنەوەی نەتەوەیی بە سەکردایەتی (ئەڵپ ئەرسەلان تورکیش)، لە نێوان مانگی (تەموز - ئابی 1965)دا.

**ئایدیۆلۆژیای بزوتنەوەی نەتەوەیی(48):**

لە رێگەی چاپکردنی چەند نامیلکەیەك، تیۆرییە گشتیەکەی ئەم بزوتنەوەیە لە لایەن ئەڵپ ئەرسەلان تورکیش روونکراوەتەوە. ئەو بابەتانەی لە نامیلکەکاندا هاتون، نۆ خاڵی سەرەکی گرتۆتەخۆی، ناونراوە (نۆ تیشك). ئەو نۆ تیشکە سیاسەتە گشتییەکەی ئەم بزوتنەوەیە دەخاتەڕوو، کە بریتین لە:

(ناسیونالیزم، ئایدیالیزم، ئاکارخوازی، ئەخلاقیەتی کۆمەڵایەتی، ئاڕاستەی زانستی، پشتگیری ئازادی، پێشکەوتنی لادێ و جوتیاران، گەشەپێدانی میللی، پیشەسازی و تەکنەلۆژیا).

1. ناسیونالیزمی: واتە ئەو هەستە قوڵەی جەخت لە خۆشگوزەرانی دەکاتەوە.

2. ئایدیالیزمی: خزمەتکردنی رەگەزی مرۆڤایەتی بە مانا گشتییەکەی، کە چاکترین رێگایە بۆ خزمەتکردنی ناسیۆنالیزم.

3. ئاکارخوازی: جەخت لە دابونەریتی تورکەکان دەکاتەوە، کە دەکرێت لە کۆمەڵگەی هاوچەرخی تورك پراکتیك بکرێت.

4. ئەقڵانیەتی کۆمەڵایەتی: جەخت لە گۆڕانە کۆمەڵایەتییە هەمە لایەنەکان دەکاتەوە، دەربارەی ژیانی ئاسودەیی و خۆشگوزەرانی.

5. ئاڕاستەی زانستی: بەهێزکردنی میتۆدی زانستییانە لە بڕیارە سیاسییەکان.

6. پاڵپشتی ئازادی: له هەموو بوارەکانی ژیان.
7. پێشکەوتنی لادێ و جوتیاران: بزوتنەوەکە جەخت لەم لایەنە دەکاتەوە، لەبەرئەوەی (70%)کۆمەڵگەی تورکی کۆمەڵگەیەکی لادێی و جوتیارییە.
8. گەشەپێدانی میللی: بوارەکانی قوتابخانە، خزمەتگوزاری پزیشکی، تەندروستی و نوێکردنەوەی کشتوکاڵی دەگرێتەخۆی.
9. پیشەسازی و تەکنەلۆژیا: گرنگییەکی گەورەی هەیە بۆ پێشکەوتنی تورکیای مۆدێرن.

سەرەڕای ئەو بابەتانەی سەرەوە، بنەما حزبییەکانی ئەم بزوتنەوەیە ئاماژە بۆ زۆر بواری سیاسی و رۆشنبیری دیکە دەکات، وەك: (49)

أ) پاراستنی یەکپارچەیی خاکی تورکیا و نەتەوەی تورك.

ب) وروژاندنی هەستی ئیسلامی دژی کۆمۆنیزمی.

ج) تێکەڵکردنی بنەماکانی (تۆرانیزم، ناسیۆنالیزم، پۆپۆلیزم و ئەنتی کۆسمۆپۆلیتیك).

رێکخراوی لاوانی بزوتنەوەکە:

رێکخراوێکە بەناوی مەڵبەندە نمونەییەکان، بریتیبوون لە میلیشیایەکی تایبەت بە گەنجان، نازناوی (گورگە بۆرەکانی) بۆخۆی هەڵبژاردبوو. (50)

ئەم رێکخراوە بە باسکی ئایدیۆلۆژیا و داینەمۆی هەڵسوڕێنەری ئایدیۆلۆژیای نەژادپەرستی (مەهەپە) دادەنرێت.

لە ساڵی(1968) یەکەم کامپی سەربازی لە شاری ئەزمیر کردەوە، پاشان ژمارەی کەمپەکانیان گەیشتە (36) کەمپ و لە هەموو تورکیا بڵاوبوونەوە.

ئەندامانی ئەم رێکخراوە لەناو ئەو کەمپانە (مەشقی) سەربازیان ئەنجامدەدا، بە هەمانشێوەی تیپە فاشیەکانی ئەوروپای نێوان هەردو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم.

دامەزراندنی ئەم رێکخراوە، هۆیەکەی بۆ کاریگەری بیروباوەڕی نازییەکان دەگەڕێتەوە بە سەر خودی (ئەڵپ ئەرسەلان تورکیش) (51)، ناوبراو پەیوەندی

باشی لەگەڵ سەرکردەکانی نازییەت هەبووە ساڵی (1945). دواتریش درێژەی بەو پەیوەندیانە داوە بە شێوەیەکی نهێنی، لەگەڵ نازییە نوێیەکانی ئەوروپا.

ئەم رێکخراوە پاڵپشتی بزوتنەوەی نەتەوەیی و چالاکییەکانی بووە لەنێوان ساڵانی (1968 - 1969)، دژایەتییەکی توندی رەوتە چەپەکانی کردووە.

ئەڵپ ئەرسەلان، کاتێك بووە جێگری سەرۆك وەزیرانی تورکیا ساڵی (1975)، کاری بۆ ئەوە دەکرد، ئەندامانی حزبەکەی لەناو دامودەزگاکانی دەوڵەت جێگر بکات، بە تایبەتی لەناو سوپاو پۆلیس و هەواڵگری و خزمەتگوزارییەکان. بۆیە ئەندامانی ئەم بزوتنەوەیە تەنها لایەن بوون، کە بتوانن چەك هەڵبگرن.

**رێڕەوی سیاسی بزوتنەوەکە(52):**

1. ئەڵپ ئەرسەلان تورکیش، سەرۆکی بزوتنەوەی نەتەوەیی، جەختی لە بوونی پەیوەندی بەهێز کردووە لەگەڵا گەلانی تورك لە وڵاتانی دیکەی جیهاندا، بە بۆچونی تورکیش نزیکەی سەد ملیۆن تورك هەیە لە وڵاتانی ناوەڕاستی کیشوەری ئاسیا و وڵاتانی چین و قوبرس.

2. تورکیش جەختی لە مافەکانی گەلی تورك کردەوە لە قوبرس، ئەو کێشەیەی بە سیاسەتی دەرەکی تورکیا و ئایدیۆلۆژیای سیاسی تورکیا بەستۆتەوە.

3. نیشتیمانپەروەری لای تورکیش مانای بەرگریکردن لە ناسیۆنالیزمی تورکیا دەگەیێنێت، لەسەر ئەم بنەمایە پێویستە لەسەر حکومەتەکەی تورکیا سوپا بۆ قوبرس بنێرێت بۆ بەرگریکردن لە تورکەکانی ئەم وڵاتە.

4. تورکیش لە ساڵی (1974) بەشداریکردووە لە پێکهێنانی حکومەتی تورکیا بە سەرۆکایەتی سلێمان دیمیرێل، بوو بە جێگری سەرۆك وەزیران.

5. لەنێوان ساڵانی (1978-1980) بزوتنەوەی نەتەوەیی رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە خوڵقاندنی گرژی و تێکچوونی دۆخی سیاسی لە تورکیا. ئەوەش بە هۆی ئەو کردەوانە لە لایەن رێکخراوی لاوانی بزوتنەوەکە ئەنجامدراوە، ئەم رێکخراوە ململانێیەکی توندی لەگەڵ گروپ و رەوتە چەپەکان هەڵگیرساند.

بە پێی هەندێك ئامار نزیکەی یەك هەزار کەس لەو کردەوانە کوژراون،

لە کاتێکدا(53) سەرۆکایەتی سوپای تورکیا باس لە (5241) کوژراو و بریندار دەکات، کە رۆڵی سەرەکی ئەو رووداوانە لە لایەن ئەندامانی ئەو بزوتنەوەیە بووە.

هەروەها لەو سەردەمە هەوڵی کوشتنی -پا پا-ی ڤاتیکان، پاپا یوحەنا پولسی دووەم دراوە و ئەندامانی ئەو بزوتنەوەیە پێی تاوانبار کراون.

بۆیە حکومەتی تورکیا بە هۆی ئەو بارودۆخەوە بڕیاری (باری نائاسایی) راگەیاند لە (13) پارێزگا و سەرەڕای (11) ناوچەی کوردستانیش.

هەر لەو هەلومەرجەدا لە ساڵی (1979)، کاتێك رۆژی (1) ئایار وەك جەژنی کرێکارانی جیهان لەبەردەم دابوو، بڕیاری قەدەغەکردنی هاتوچۆ بۆ ماوەی (24) کاتژمێر دەرچو لەناو شاری ئیستەمبوڵ، هەروەها پۆلیس هەڵمەتێکی دەستگیرکردنی، بەرامبەر سەرکردەکانی زۆربەی سەندیکای کرێکاران و پارتی کرێکارانی تورکیا، دەستپێکرد، دیارە مەبەستەکەش رێگرتنبووە لە ئاهەنگگێڕانی کرێکاران بەو بۆنەیە، لەو بارودۆخە پڕ کێشە و ئاژاوە و ململانێیە، سوپای تورکیا کودەتایەکی سەربازی بەرپاکرد لە مانگی ئەیلولی (1980) و کۆتاییهێنا بە حکومەتی مەدەنی لە وڵات.

6. دوای کودەتا سەربازییەکە، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی هەمو پارت و رێکخراوە سیاسییەکان دەرچوو، سەرەڕای دەستگیرکردنی سەرکردەی زۆربەی پارتەکان، لە ناویشیاندا ئەڵپ ئەرسەلان تورکیش.

7. ساڵی (1983) دووبـارە بزوتنەوەی نەتەوەیی لەسەر دەستی ئەڵپ ئەرسەلان(54) دامەزرایەوە، لە هەڵبژاردنی گشتی بۆ پەرلەمان لە (1987) سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا.

8. ساڵی (1991) لە هاوپەیمانیەتییەکی سیاسی لەگەڵ پارتی (رەفاە)ی ئیسلامی، ئەم بزوتنەوەیە گەیشتە پەرلەمان، بەڵام لە هەڵبژاردنی ساڵی (1997) بزوتنەوەکە دوبارە نوشستیهێنا. سەرۆکی بزوتنەوە (ئەڵپ ئەرسەلان) لە (1997) کۆچی دواییکرد.

**سەردەمی بزوتنەوەی نەتەوەیی دوای ئەڵپ ئەرسەلان(55):**

دوای مردنی ئەڵپ ئەرسەلان تورکیش، ئەم بزوتنەوەیە بەرەوڕووی ململانێی ناوخۆیی هات، دوو باڵی لێپەیدابوو، لەنێوان (ئەرتەغولی تورکیش) کوڕی ئەڵپ ئەرسەلان لە لایەك، باڵی (دەوڵەت باخچەلی) لە لاکەی دیکە.

لە کۆتایی باڵی (دەوڵەت باخچەلی) زاڵبوو بەسەر دۆخەکە و سەرکردایەتی بزوتنەوەکەی گرتەدەست، دوای نزیکەی دە ساڵ، ئەرتوغەل تورکیش گەڕایەوە ناو سەرکردایەتی بزوتنەوەکە بە مەبەستی یەکگرتنەوە و بەهێزبوونی.

ساڵی (1999) لە هەڵبژاردنی گشتی بۆ پەرلەمان، ئەم بزوتنەوەیە ڕێژەیەکی باش دەنگی بەدەستهێنا لە مێژووی خۆیدا، کە ئەویش(17%) دەنگەکان بوو.

بەمجۆرە بەشداری لە پێکهێنانی حکومەت کرد بە سەرۆکایەتی بوڵەند ئەجەوید، ئەم بەشدارییە لە حکومەت درێژەی کێشا تا ساڵی (2002)، لەو ساڵەدا بە هۆی خراپی دۆخی ئابوری تورکیا، هەڵبژاردنەکان لە تورکیا پێشخرا، بەڵام بزوتنەوەکە دەنگی پێویستی بە دەستنەهێناو نەگەیشتە پەرلەمان.

لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەم بزوتنەوەیە چەند دروشمێکی بەرزکردۆتەوە:

- بەربەرەکانیکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان(PKK).
- دەستێوەردانی سەربازی لە باشوری کوردستان، بە مەبەستی پاراستنی تورکمانەکانی شاری کەرکوك.
- پارێزگاریکردن لە بەشە تورکیەکەی قوبرس.
- دژایەتیکردنی فرۆشتنی زەوی بە کۆمپانیا بیانییەکان.

لەسەر ئاستی پەیوەندییە دەرەکییەکان، ئەم بزوتنەوەیە پەیوەندی بەهێزی هەیە لەگەڵ ڕەوتە ناسیۆنالیزمەکانی ناوەڕاستی ئاسیا و باشوری قەفقاز و دەسەڵاتە ئۆتۆنۆمییەکانی ناو روسیا و قوبرس، ئەو پەیوەندیانەش لە چوارچێوەی بیرۆکەی تۆرانیزمدایە.

ئەم بزوتنەوەیە دژ بە ئەندامبوونی تورکیایە لە یەکێتی ئەوروپا.

ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەکە زیاتر لەم شارانە گەشەیکردووە: ئەرزەڕۆم، قۆنیا، قەیسەری، ئەدەنە، کوتاهی، ئەرزنجان، سەرەڕای ناوچە کەناراویەکانی دەریای ڕەش.

## پارتی نەتەوە
## M P

ئەم پارتە ساڵی (1948) دامـەزراوە بە سەرۆکایەتی جەنەراڵ (فەوزی چاقماق)و سکرتێری حیکمەت بابور(56) و عوسمان بلوك پاشا، حەسەن دەنجەر، کەنعان ئەنوەر، حیکمەت بابور، صادق دوغان.

بانگەشە بۆ یەکێتی نیشتیمانی و رێزگرتن لە بەها پیرۆزە ئاینیەکان دەکات، سەرەڕای باوەڕبوون(57) بەو پرەنسیپانەی، کە مستەفا کەمال دایڕشتبوو.

ئەم پارتە رۆژنامەی (بەیانی تازە)ی دەردەکـرد، وەك ئۆرگانی پارتەکە، هەروەها رۆژنامەیەکی دیکەش بە ناوی (کودرت – KUDER)

ساڵی (1950) سەرۆکەکەی (فەوزی چاقماق) کۆچی دوایی دەکات، دواى ئەو (حیکمەت بابور) دەبێتە سەرۆکی پارتەکە، بەڵام ململانێی سیاسی تێدا سەر هەڵدەدات و دەبێتە سێ رەوت، ئەوانیش:

1. بەشێکیان دەچنە ریزی پارتی دیموکراسی.

2. بەشێکی دیکەیان رێکخراوێك پێکدەهێنن لەژێر ناوی (رێکخراوی نەتەوەخوازانی تورك).

3. بەشی سێیەمیان پارتێك دادەمەزرێنن لەژێر ناوی (پارتی نەتەوەیی کۆماری) بە سەرۆکایەتی عوسمان بلوك پاشا.

ساڵی (1957)، پارتی نەتەوەیی جوتیاری، لەگەڵ پارتی (لادێ و جوتیاران)، کە لە ساڵی (1946) دامەزرابوو یەکیانگرت و ناوەکەی بووە پارتی (نەتەوەیی لادێ و کۆماری)و عوسمان بلوك پاشا بوو بە سەرۆك.

چەند بابەتێك لە بەرنامەی پارتی نەتەوە(58):

1. گرنگیدانی زۆر بە دابونەریتی ژیانی کۆمەڵایەتی (مادەی7--).

2. باوەڕهێنان بە خەسڵەت و بۆچونە نیشتیمانییەکان، وەك: رەوشت و دابونەریت، لە پێکهێنانی سیستمی کۆمەڵایەتی (مادەی8--)

3. پارتی رێز لەدامەزراوە ئاینی و نیشتیمانیەکان دەگرێت.(مادەی-12-)

4. پارتی داوای پێکهێنانی دامەزراوە ئاینییەکان دەکات، بەرگری لە ئەوقاف دەکات، هەروەها بە پێویستی دەزانێت، کە بابەتە ئاینییەکان لە قوتابخانە سەرەتایی و ئامادەییەکان بخوێندرێت، لەگەڵ دروستکردنی کۆلێژی ئیسلامی ئاینی.

لە (27ی کانونی دووەمی 1954)، بە بڕیاری دادگای شاری ئەنقەرە، ئەم پارتە لە کارکردن راگیرا، بەڵام دوای هەر ماوەیەکی کورت خۆی رێکخستەوە لەژێر ناوی-پارتی نەتەوەی کۆماری-بەشداری لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ساڵی (1954) کردووە (5)نوێنەری گەیشتە پەرلەمان.

## پارتـــی ئـــازادی
## F P

ساڵی (1955) بە هۆی ململانێ و دووبەرەکی ناوخۆیی پارتی دیموکرات، ژمارەیەك(59) لە ئەندامی پەرلەمان سەر بەو حزبە کە (30)کەس دەبوون، لە لایـەن سەرکردایەتیەوە دوورخـرانـەوە، بە هۆی ناڕەزاییان لەسەر سیاسەتەکانی پارتی دیموکرات، ئەو ئەندام پەرلەمانانە لەگەڵ ژمارەیەکی دیکەی نوێنەرانی ناو پەرلەمان، کە بە گشتی ژمارەیان دەگەیشتە (100) ئەندام پەرلەمان، بەسەرکردایەتی (فەوزی لوتفی، قەرە عوسمان، ئیبراهیم ئۆقتم) زۆربەیان لە رۆشنبیران، سەرمایەدار، بازرگان و کەسانی ناو کاروبار پێکهاتبوون، هەموو ئەوانە بڕیاریاندا خۆیان لەناو پارتێك رێکبخەن لەژێر ناوی پارتی ئـازادی(60) (FREEDEM PARTY)، ئەم پارتە لە کانونی یەکەمی (1955) دامەزراوە.

لەسەرکردەکانی دیکەی ئەم پارتە: ئەکرەم ئەلکەن، ئایدن یاڵچین، فەخرەدین کەرەم.

بەمشێوەیە نوێنەرانی ئەم پارتە نوێیە لەناو پەرلەمانی تورکیادا، سێیەم گرنگترین هێزی ناو پەرلەمانیان پێکهێنا.

پارتی ئازادی لەگەڵ دامەزراندنی، کۆمەڵە داخوازیەکی خستە بەردەم پەرلەمان، لەو داخوازیانە:

1. داوایەك بە پێکهێنانی پەرلەمانی تورکیا لە دوو ئەنجومەن، ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران.

2. دادگایەکی باڵای دەستوری، بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر دەستورییەتی یاساکان بدات.

3. دامەزراندنی سەندیکای کرێکاران لە وڵاتدا، هەروەها مافی ئەوەیان پێبدرێت، کە لە کاری حزبایەتی بەشداریبکەن.

هەر لە ئاکامی دامەزراندنی پارتی ئازادی و جیابوونەوەی ئەندامانی لە رێکخستنەکانی پارتی دیموکرات، چەند وەزیرێکی سەر بە پارتی دیموکرات، لە پێکهێنانی حکومەت دەستیان لە کارکێشایەوە. ئەو هەنگاوە بوو بە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان، بۆیە ناچار بڕیاری لەسەر هەڵبژاردنی نوێ بدرێت بۆ پەرلەمان لە (1957). لەو هەڵبژاردنە پارتی ئازادی تەنها (4) ئەندامی گەیشتە پەرلەمان(61).

ئەم پارتە لە ئەنجامی ئەو دەستکەوتە لاوازەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمان بەدەستیهێنا، زیاتر پەرشوبڵاوی کەوتە ناوی، تا ساڵی (1958)، پاشماوەکانی لەگەڵ پارتی گەلی کۆماری یەکیانگرت.

# پارتی تورکیای نوێ
# Y T P

لە ئاکامی قەیرانە سیاسی و ئابورییەکانی تورکیا، پارتی دیموکراسی دەسەڵاتدار بەرەو رووی زنجیرەیەك ململانێ و جیابوونەوە هات. سەرەتا ساڵی (1955) کۆمەڵە ئەندام پەرلەمان و چەند سەرکردەیەك جیابوونەوە و پارتی (ئازادی)یان دامەزراند، ژیانی ئەم پارتە درێژەینەکێشا تا ساڵی (1958)، کە تێکەڵی پارتی گەلی کۆماری بوو.

دوای کودەتا سەربازییەکەی تورکیا لە (1960)، جیابوونەوەیەکی دیکە لەناو پارتی دیموکراسی روویدا، لە شوباتی (1961)، ئەو بەشەی جیابوونەوە لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی پارتی ئازادی بە یەکەوە پارتی (تورکیای نوێ) یان دامەزراند.(62)

لەو سەرکردانەی کە لە پارتی دیموکراسی جیابوونەوە، یوسف عەزیز ئوغلو (خەڵکی دیاربەکر)، ئەکرەم عەلیجان (خەڵکی ئەرزنجان)، شێخ قاسم کفرەوی(خەڵکی قارس)، کە هەمویان کورد بوون.

ئەم پارتە لە هەڵبژاردنی گشتی تورکیا، کە لە مانگی تشرینی یەکەمی (1961) ئەنجامدرا، ڕێژەی (13.9%) دەنگەکانی بەدەستهێنا، دواتر ساڵی (1962) بەشداری لە حکومەت کردووە، بە هاوپەیمانییەتی لەگەڵ پارتی گەلی کۆماری. ساڵی (1965) بەشداری هەڵبژاردنی گشتی کردووە، بەڵام ڕێژەی دەنگەکانی کەمتر بـوو(63) لە (7%). ئەم پارتە ناوەرۆکی بەرنامەکەی ئاڕاستەیەکی ڕاستڕەوانەی هەبووە، ئامانجی: کۆکردنەوەی هەمو ئەو کوردانە بوو، کە لە پارتی دیموکراسی دوورکەوتبوونەوە و پەرتەوازەبوون، بۆیە ئەم پارتە ڕێکخستنێکی کوردی بووە، بەڵام لەژێر ناوی پارتێکی تورکی.

**خاڵە گرنگەکانی بەرنامەی ئەم پارتە(64):**

أ) بەرنامەی ئەم پارتە کە پێش هەڵبژاردنی (1961) خرایەڕوو، دەربارەی سیاسەتی ناوخۆی پارتەکە، ئاماژە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکات:

1. جەختکردنەوە لە پرۆسەی گەشەپێدانی ئابوری.
2. بەرپاکردنی ئازادییەکان.
3. پشتگیریکردنی حکومەت بۆ دامەزراوە و کۆمپانیا ئابوریەکان، هەروەها هەموو کارێك بۆ بوژانەوەی ئابوری.
4. هەوڵدان بۆ سودوەرگرتن لە سەرمایەی ئابوری.
5. نەهێشتنی کۆسپ لە بەردەم بازرگانی ئازاد.
6. گونجاندن لەنێوان سۆسیالیستی و سەرمایەداری.
7. حکومەت هەستێت بە داڕشتنی پلانی ئابوری زانستییانە.

ب) دەربارەی سیاسەتی دەرەکی:

پەیوەندی توند لەگەڵ رۆژئـاوا، هاوكاریكردن بۆ چارەسەركردنی كێشە سیاسییە بنچینەییەكانی وڵات.

پێكهاتەی ئەندام و هـەوادارانـی پارتەكە، زیاتر موڵكدارە گەورەكانی كورد بوون، بە جۆرێك(65) ئەو دەنگانەی كە لە هەڵبژاردنی (1961)دا بە دەستیهێناون، هەمویان دەنگی ئەوان بوون. ئەو پارتە ئەگەرچی رێبەرەكانی وەك كورد لە تێكۆشاندا رۆڵی بەرچاویان هەبووە، بەڵام بە هۆی بەهێزبوونی پارتی عەدالەت لەبواری توانای مادییەوە، نەیانتوانیوە زۆرینەی دەنگی كورد بۆخۆیان رابكێشن. لەساڵی (1962)، بەهۆی بەشداریكردنیان لە حكومەتێكی هاوپەیمانی، ئەوا پۆستی وەزیری تەندروستی درا بە (یوسف عەزیز ئوغلو)، ناوبراو لە پۆستەكەیدا خزمەتگوزاری زۆری لەبواری تەندروستی پێشكەش بە گوند و لادێ و شارەكانی كوردستان كرد. بە رادەیەك هیچ وەزارەتێك لە مێژووی توركیا دا هێندەی ئەو وەزارەتە شوێندەستی خزمەتی لە كوردستانی دیار نەبووە.

هاوكات رێبەری ئەم پارتە، كە نوێنەری شاری دیاربەكربوو لە پەرلەمانی توركیا، توانی لەماوەی دەستبەكاربوونی، خوێندنگای زۆر لە كوردستان بكاتەوە، لە ئیستەمبوڵیش كۆمەڵەیەكی رۆشنبیری بەناوی (نەوەی بوژانەوەی ئابوری) دابمەزرێنێت، ئەو كۆمەڵەیە، گۆڤارێكی مانگانەی بەناوی (دیجلەو فورات) بە زمانی توركی و كوردی دەركرد.

كارو چالاكییەكانی ئەم پارتە، دەسەڵاتی نیگەران كرد و وەزیری ناوخۆی توركیا، كەوتە دژایەتیكردنی تا پارتەكە لاوازبوو، ساڵی (1965) توانای بەشداریكردنی نەبوو لە هەڵبژاردنی گشتی و وردە وردە رووی لە هەڵوەشاندنەوە و لاوازی كرد.

# پـارتـی داد
# AP

**سەرەتایەك:**

پاش کودەتا سەربازیەکەی (27ی ئایاری 1960) لە تورکیا، کە کۆتایی بە دەسەڵاتی پارتی دیموکراسی هێنا(66) و پارتەکەش هەڵوەشایەوە، لە چەند لایەکەوە بیر لەوە کرایەوە، کە پارتێك دابمەزرێت بۆ ئەوەی جێگەی ئەو پارتە بگرێتەوە، هەروەها ئەندام و لایەنگرانی کۆبکاتەوە.

یەکەم کەس هەوڵی ئەم کـارەی داوە، جەنەراڵی خانەخشین (راغب کەموش)ە، ناوبراو لە لایەن ئەندامانی پارتی دیموکراسی کەسێك بوو جێگای رەزامەندیان بووە.

هەر لەو بوارەدا چەند کەسانێکی دیکەش بیریان لەو کارە کردەوە، وەك (تەحسین دەمیرای) ئەندام پەرلەمان لەسەر پارتی دیموکراسی، کە هەوڵیدا

پارتێك بە ناوی (پارتی لادێی) دامەزرێنێت لە شاری ئیستەمبوڵ، سەرەڕای هەوڵەکەی (فەهیم ئـادان) بە دامەزراندنی (پارتی یەکگرتن)، هەروەها چەند هەوڵێکی دیکەش هەبوو، بەڵام جەنەراڵا کەموش توانی هەمو ئەوانە کۆبکاتەوە و رازییان بکات بە دامەزراندنی پارتی داد.

**دامەزراندنی پارتی داد:**

پارتی داد لە مانگی شوباتی 1961 دامەزرا لەسەر دەستی(راغب کەموش باڵا)و(67) ژمارەیەك سەرکردەی دیکەی، لەناویاندا (ئەدهەم مەنجی ئوغلو، بیرین، کەموران، ئولیان ئوغلو، عەلی فوئاد و سەعدەدین بەهجەت)، وەك میراتگرێکی پارتی دیموکراسی.

لە (5ی حوزەیرانی 1964)، راغـب کەموش کۆچی دواییکرد، لەسەر سەرکردایەتیکردنی پارتەکە، ململانێ پەیدادەبێت و سێ کەس رکابەری لەسەر ئەو پێگەیە دەکەن، بەڵام لە کۆنگرەی گشتی پارتەکە لە (27ی تشرینی دووەمی 1964) ئەو پێگەیە بۆ سلێمان دیمیرێل یەکلادەبێتەوە.

ئەم پارتە لەبنچینەدا نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی بورژوازیەتی گەورە و(68) موڵکدارە گەورەکانی زەویوزار دەکات، ئەوانەی بانگەشە بۆ وەبەرهێنانی بیانی دەکەن لە وڵاتدا.

**گۆڕانکارییە سیاسییە ناوخۆیەکان و کاریگەری لەسەر دەرکەوتنی پارتی داد(69):**

لە (27ی ئایاری 1960)، کودەتایەکی سەربازی لە تورکیا روویدا، کە بە یەکەم کودەتای سەربازی و دەستێوەردانی سوپا دادەنرێت لە مێژووی تورکیای کۆماری.

دەربارەی هۆیەکانیشی، ململانێ و ناکۆکییە ناوخۆییە توندەکان بوو، لەنێوان

پارتی گەلی کۆماری، کە رابەرایەتی ئۆپۆزسیۆنی دەکرد لەبەرامبەر پارتی دیموکراسی دەسەڵاتدار. دۆخەکە تا دەهات گرژی زیاتری بەخۆوە دەگرت و کێشەکان کەڵەکە دەبوون و رێگای کارکردن لەبەردەم پارتی دەسەڵاتدار دژوار دەبوو. بۆیە لە نیسانی (1960) عەدنان مەندرس، سەرۆك وەزیرانی تورکیا، داوای لە سوپا کرد کە رێگەبگرێت لە پڕوپاگەندەکانی پارتی گەلی کۆماری دژ بە حکومەت. دیارە ئەو داواکاریەش وەك دیاردەیەکی نامۆ تەماشا کرا، لەبەرئەوەی سیستمی نوێی تورکیا، کە مستەفا کەمال بنەماکانی داڕشتبوو، رێگەی نەدەدا سوپا دەست لە کاروباری سیاسی وەربدات، ئەمە و سەرەڕای کارەکانی پارتی دیموکراسی بە رێگادانی هەندێك رێوشوێنی ئاینی، کە پێشتر قەدەغە کرابوون و حکومەتی پارتی دیموکراسی رێگای پێدایەوە و رەنگە بە دژایەتی سیستمی عەلمانیەت حیسابی بۆ کرابێت لە لایەن دامەزراوەی سوپا، کە خۆی بە پارێزەری ئەو سیستمە دەزانێت.

بۆیە ئەو هەلومەرجە پاڵی بە سوپاوە نا، کە کودەتایەکی سەربازی ئەنجامبدات و دەست بەسەر دامودەزگاکانی حکومەت بگرێت، لەگەڵ بارەگای سەرۆك کۆمار و ماڵی چەند سەرکردەیەکی دیاری پارتی دیموکراسی گەمارۆ بدات و دەست بەسەر ئیزگەو جێگا هەستیارەکان بگرێت و حکومەتی پارتی دیموکراسی لەکار بخات.

سوپا بڕیاریدا لیژنەیەك بەناوی (لیژنەی یەکگرتوی نیشتیمانی) پێکبهێنێت لە (38) ئەندام، کە هەمویان ئەفسەری پلە بەرزی ناو سوپا بوون، هەر بە پێی دەستورێکی کاتی ئەو لیژنەیە بوو بە بەرزترین دەسەڵاتی یاسادانان لەو وڵاتەداو جەنەراڵ(جەمال گورسیل) بە سەرۆك کۆماری تورکیا دانرا.

سەرکردەکانی کودەتاکە دوای ماوەیەکی کورت رایانگەیاند، کە ژیانی دەستوری دوای سێ مانگ دەگەڕێتەوە بۆ وڵات. لیژنەیەك بە ناوی (ئۆنار) لەگەڵ (ئەنجومەنی نیشتیمانی دامەزرێنەر) بە هەردولایان توانیان دەستوری

نوێ بۆ وڵات، لەگەڵ یاسای نوێی هەڵبژاردن ئامادەبکەن، کە شێوەی هەڵبژاردنەکەش ڕێژەیی دەبێت، ئەو دەستورە لە (19ی تەموزی 1961) خرایە بەردەم راپرسی و پەسەندکرا.

دەستوری نوێی وڵات سیستمی هەڵبژاردنی ڕێژەیی گرتبووە خۆی، ئەو سیستمەش ئەم بنەمایانە لەخۆ دەگرێت:

1. ئەو پارتە سیاسیانەی لە (15) پارێزگا کەمتر خۆیان رێکنەخستبێت، رێگەی بەشداری هەڵبژاردنیان پێنادرێت.

2. پارتەکان بۆ ئەوەی نوێنەرەکانیان بگاتە پەرلەمان، دەبێت رێژەی (10%) لە هەڵبژاردن دەنگەکان بە دەستبێنن.

3. ئەو پارتانەی رێژەی دەنگەکانیان لە (10%) کەمتر بێت، ئەوا دەنگەکانیان لە نێوان حزبە سەرکەوتووەکان دابەشدەکرێت.

هەروەها دەستور بڕیاری لەسەر سیستمی فرە حزبی دا، ڕێگاشی لە پارتی دیموکراسی گرت کە بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکات.

**ئایدیۆلۆژیای پارتی داد:**

1. دەوڵەتی عەلمانی داوا لە هاوڵاتیان ناکات، پەیوەندیەکانیان بە ئاینەوە بـبرن(70)، هەر کەسێك ئازادە لە بیروباوەڕە ئایینی و ڕێبازە هزریەکانی. (مادەی8--)

2. داننان بەجیاکردنەوەی ئاین لە کاروباری رۆژانـە، بەڵام سەلماندنی مافەکانی تاك پێویستن. (مادەی-10-)

3. پارتی داد، دان بەوەدا دەنێت کە باوەڕو دابونەریتەکان رۆڵیان هەیە لە سیستمی کۆمەڵایەتی، لەبەرئەوەی ئەو دیاردانە لە کاریگەری دەوڵەت ناگۆڕێت.(مادەی5--)

4. ئەندامانی پارتی داد، دژی ئەو بزوتنەوانەن کە باوەڕیان بە بوونی

جیاوازی ڕەگەزی(71) و کولتوری و ئاینی هەیە. ئەندامانی پارتی داد پابەندن بە بۆچونە نەتەوایەتییەکانی تورك، کە پێویست بە یەکگرتوی نەتەوەی تورکی مەزن دەکات. (مادەی -11-)

**بەرنامەی حکومەتەکەی سلێمان دیمیرێل، سەرۆکی پارتی داد، ئەم خاڵانەی لەخۆدەگرت:(72)**

1. جەختکردنەوە لەمافە بنچینەییەکانی تاك و بەدیهێنانی یەکسانی لەنێوان هاوڵاتییان.
2. جەختکردنەوە لە ئابوری تێکەڵاو.
3. سیاسەتی نزیکبوونەوە لە وڵاتانی عەرەب.
4. بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و پەیمانی ناتۆ، هەروەها پەیمانی بەغداد (سنتو)

**پارتی داد و سیاسەتی حوکمڕانی:**

ئەم پارتە لە سەرەتای دامەزراندنی وەك ئۆپۆزسیۆن کاری دەکرد، بۆیە(73) هەڵمەتێکی توندی دژ بە حکومەت دەستپێکرد، داوای ئازادکردنی زیندانیانی دەکرد بە تایبەتی ئەندامانی پارتی دیموکراسی هەڵوەشاوە.

لە هەڵبژاردنی ساڵی (1961) ئەم پارتە (185) نوێنەری گەیشتە پەرلەمان لە کۆی (450) ئەندام و (70) ئەندامیشی گەیشتە ئەنجومەنی پیران لە کۆی (150) ئەندام، واتە بە ڕێژەی (45%).

بەڵام لە هەڵبژاردنی (1965)، پارتی داد ڕێژەی دەنگەکانی بەرزبۆوە بۆ(54%)ی کۆی دەنگەکانی پەرلەمان، بەم ڕێژەیە پلەی یەکەمی بە دەستهێنا، بۆیە حکومەتی پێکهێناو (سلیمان دیمیرێل) بوو بە سەرۆکی حکومەت.

پارتی داد، دەسەڵاتی بەسەر هەموو دامودەزگاکانی حکومەت سەپاند،

ژمارەیەك لە لایەنگرانی (عەدنان مەندرس) گەڕانەوە پێگە سەرەکیەکانی دەسەڵات، وەك (ئەکسیل مەندرس)ی کوڕی عەدنان مەندرس لەگەڵ (نیلوفەر بایار)، کچی جەلال بایار بەرنامەی حکومەتەکەی سلیمان دیمیرێل، ئەم خاڵانەی گرتبووە خۆی(74):

1. ئازادکردنی سەرکردەکانی پارتی دیموکراسی لە زیندان.
2. یاسای هەڵبژاردنی گشتی بۆ پەرلەمان هەمواربکرێتەوە.

پارتی داد، هەوڵیدا چەند ڕێوشوێنێك بگرێتەبەر، بۆ ئەوەی سنورێك بۆ پارتە بچوکەکان دابنێت، لەم بارەوە بڕیار لەسەر یاسای نوێی هەڵبژاردن درا بۆ ساڵی (1968)، ئەو هەڵبژاردنەی لە مانگی تەموزی (1968) ئەنجامدرا، بۆ هەردو ئەنجومەنی نوێنەران و پیران، پارتی داد لەم هەڵبژاردنە ڕێژەی (50%) دەنگەکانی بەدەستهێنا.

ئەم پارتە هەوڵیدا مافە سیاسیەکانی ئەندامانی پارتی دیموکراسی بگەڕێنێتەوە، کە لە ساڵی (1960) هەڵوەشابۆوە.

حکومەتی سلێمان دیمیرێل پرۆژە یاسایەکی خستە بەردەم پەرلەمان لەژێر ناوی (یاسای پاراستنی سیستمی دەستوری) لەپێناو کۆتاییهێنان بە چالاکییەکانی ئۆپۆزسیۆن و بزوتنەوەی کورد، کە داوای مافە نەتەوایەتییەکەی خۆی دەکرد. بەڵام ئەو یاسایە بەرەوڕووی ناڕەزاییەکی توند بۆتەوە، کە پارتی دادی ناچارکرد یاساکە لە پەرلەمان بکێشێتەوە، هەروەها ناچاربوو یاسای ئازاری (1962) هەڵبوەشێنێتەوە کە بەهەمان ناو بوو، بۆ ئەوەی دەرفەت خۆش بکات لە بەردەم ئەندامانی پارتی دیموکراسی (پێشو) بەشداری لە چالاکیە سیاسیەکان بکەن، بەڵام سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی پارتی داد، ڕێگانەدرا بە ئەندامانی پارتی دیموکراسی بەشداریبکەن لە کاری سیاسی، ئەویش بە هۆی ناڕەزایی دامەزراوەی سوپا و ئەنجومەنی پیران.

هەڵبژاردنەکانی تشرینی یەکەمی (1969) بۆ پەرلەمان، کە پارتەکانی: داد، گەلی کۆماری، کاری تورکی، تورکیای نوێ، نیشتیمانی، متمانەی کۆماری،

بزوتنەوەی نەتەوایەتی، لەگەڵ پارتی یەکگرتو، بەشداریان تێداکرد، ئەو ڕاستییەی سەلماند، کە پێگەی پارتی داد لەپرۆسەی سیاسی بەهێزە. لەو هەڵبژاردنە پارتی داد ڕێژەی (47%) دەنگەکانی بە دەستهێنا، بۆیە جارێکی دیکە سلێمان دیمیرێل حکومەتی پێکهێنا.

**بەرنامەی حکومەتەکەشی چەند بابەتێکی گرنگی گرتبووە خۆی:(75)**

1. بایەخدانی گەورە بە پیشەسازی و کشتوکاڵ.
2. پەیمانی ناتۆ (باکوری ئەتڵەسی) دۆستی ڕاستەقینەی تورکیایە.

بەڵام، ئەو بەرنامە حکومییە، هیچ ئاماژەیەکی کردارانەی تێدا نەبوو، بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە ئابوریەکان و قەیرانە کۆمەڵایەتیەکان، یان دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ململانێی سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکان، ئەو حاڵەتەش بوو بە هۆی ناڕەزایی زیاتری پارت و لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆن.

دوای ئەو ناڕەزایی و گرژیانە، کە درێژەیانکێشا لە تورکیا تا ساڵی(1971)، سەرەڕای نوشستی هێنانی حکومەتەکەی سلیمان دیمیرێل لە چارەسەرکردنی کێشە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان و درێژەپێدانی خۆپیشاندانی کرێکارو خوێندکاران، ئەوا سوپای تورکیای جارێکی دیکە دەستی خستە ناو کاروبارەکان و سلیمان دیمیرێلی سەرۆك وەزیرانی ناچارکرد دەستلەکاربکێشێتەوە. هەر لە ساڵانی (1971-1973) لە تورکیا چەند حکومەتێکی کاتی دەسەڵاتیان گرتەدەست، زۆربەی سەرۆك وەزیرانی ئەو حکومەتانە کەسانی تەکنۆکرات بوون، لەو ماوەیەدا دیمیرێل توانیویەتی دوو جاری دیکەش دەسەڵات بگرێتەدەست بۆ ماوەی کورت و بە هاوکاری پارتەکانی گەلی کۆماری و بزوتنەوەی نەتەوەیی و پارتی سەلامەی نیشتیمانی، بەڵام ئەو حکومەتانە، بەرەوڕووی ناڕەزایی توندی هێزی چەپ و پێشکەوتووخوازو سەندیکای کرێکاران بوونەتەوە، بەهۆی سەرنەکەوتنی بەرنامە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی، ئەو دۆخەش بوو بە هۆی گەڕانەوەی سوپا بۆ ناو کاری سیاسی و دوورخستنەوەی دیمیرێل لە ساڵی (1980).

**دۆخی ناوخۆی پارتی داد(76):**

1. پارتی داد، ساڵی(1965) بڕیاریدا دروشمەکەی خۆی بگۆڕێت، ئەو دروشمەی لەسەر شێوەی کتێبێکی کراوە بوو، هەردوو پیتی (A.P) بە دەوریدا کێشرابوو بە زمانی لاتینی، ئەگەرچی ئەو دوو پیتە کورتکراوەی ناوی پارتەکە بوون بە زمانی لاتینی (ADALAT PARBISI)، بەڵام بە زمانی تورکی ئەو دوو پیتە ئاماژەبوون بۆ هەردوو وشەی (خودا) و (پێغەمبەر)، لە کاتێکدا کتێبە کراوەکەش هێمابوو بۆ قورئان.

لەجیاتی ئەو دروشمە، پارتی داد، دروشمی (ئەسپی سپی) بۆخۆی کردە دروشم، کە دروشمی پارتی دیموکراسی بوو پێشتر.

2. پارتی داد بەرەوڕووی چەندین ململانێ و جیابوونەوەی ناوخۆیی بۆتەوە، ساڵی (1967)، ئەو دیاردەیەش وەك ناڕەزاییەك بەرامبەر سیاسەتی سەرکردایەتی پارتەکە سەریهەڵدا، ئەوەی سەرکردایەتی ئەو ئاڕاستەیەشی دەکرد پرۆفیسۆر (تۆران) بوو.

ڕەوتی ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆ، سەرۆکی پارت (سلیمان دیمیرێل) یان تاوانباردەکرد بە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی زیاتر چەپڕەوانە و دورکەوتنەوە لەڕێبازی پارتەکە و سیاسەتە ئابورییەکەی.

3. پارتی داد بەردەوام بنکەیەکی گەورەی جەماوەری هەبووە لەناو تورکیا، سەرەڕای کودەتا سەربازییەکەی ساڵی (1980).

بەڵام دواتر وردە وردە رووی لە لاوازی کرد بە هۆی بێتوانایی سەرکردە کۆنەکانی و مانەوەیان بەسەر پێگەی دەسەڵات و رێگانەدانیان بە توێژی گەنج بگەنە ئەو پلەو پێگەیە لەناو ئۆرگانەکانی پارتەکە.

**دەرئەنجامەکان، دەربارەی رۆڵی پارتی:(77)**

1. پارتی داد، لە کاری سیاسیدا، وێنەیەکی جیاوازی خستەڕوو، شێوازێکی نوێی پەیڕەوکرد دەربارەی ئەو عەلمانیەتەی، کە مستەفا کەمال کاریپێدەکرد. عەلمانیەتەکەی پارتی داد بانگەشەی بۆ ئازادای بیروباوەڕو کارکردن بە پێی رێوشوێنە ئاینییەکان دەکرد.

2. سلیمان دیمیرێل رۆڵێکی گەورەی هەبووە لە سەرکەوتنەوکانی پارتی داد، بە هۆی ئەو رێبازە زانستییە و کاری رێکخستنەی کە پەیڕەویدەکرد.

3. پارتی داد، پەیڕەوی رێبازەکانی پارتی دیموکراسی دەکرد (ئەو پارتەی رێگای کاری سیاسی لێ قەدەغە کرابوو). دیارە ئەوەش پارتی دادی وەك میراتگری پارتی دیموکراسی خستەڕوو، ئەو کارەش بوو بە هۆی ئەوەی کە پارتی داد پاڵپشتییەکی جەماوەری گەورە بە دەستبێنی لە هەڵبژاردنی ساڵی (1961).

4. کێشەی قوبرس هۆکارێك بوو پارتی دادی هاندا، کە حکومەتی تورکیا روو لە دەوڵەتە عەرەبییەکان بکات و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتانە باشبکات، بە مەبەستی بە دەستهێنانی پشتگیری سیاسی و دارایی.

5. ئەو هاوپەیمانێتیانەی کە لەنێوان پارتی داد و چەند پارتێکی دیکە وەك (سەلامە)ی نیشتیمانی و بزوتنەوەی نەتەوەیی دەبەسترا، کاریگەری هەبووە لەسەر رۆڵی پارتی داد لە حوکمڕانیدا، چونکە ئەو پارتانە رادیکاڵی بوون و دووربوون، یان پابەندنەبوون بە بنەماکانی کەمالیزم، ئەوەش هۆکارێك بوو بۆ کودەتا سەربازییەکەی ساڵی (1980).

**کودەتا سەربازیەکەی(1980)**

لە کۆتایی هەفتاکانی سەدەی بیستەم، دۆخی تورکیا بە تەواوی شێوا، توندوتیژییە(78) سیاسیەکان بوون بە گەورەترین کێشەی وڵات، رێکخراوە

ڕاستڕەو و چەپڕەوە توندەکان، کەوتنە ڕووبەڕووی یەکتر، لە شەقام و لەناو زانکۆکان، هەریەك لەو ڕێکخراوانە دەستیانکرد بە پەروەردەکردنی گروپی چەتەگەری.

ئەمە جگە لەوەی کە بارودۆخی کۆمەڵایەتیش لەو کاتەدا هەتا دەهات بەرەو خراپی دەچوو، کاریگەری خراپیشی لەسەر دۆخی وڵات دەبوو، لەوانە کێشەی کۆچی بە لێشاو لە لادێکانەوە بۆ شار، سەرەڕای کۆچ بەرەو هەندەران.

هاوکات لە ڕووی ئابوریشەوە دۆخی وڵات هەتا دەهات خراپتر دەبوو، ئابوری تورکیا توشی هەڵئاوسانی گەورە هاتبوو، ڕێژەی گەشەی ئابوری لە (8%)وە لەساڵی (1975)، دابەزی بۆ (1,7%)لە ساڵی (1979).

ئەو بارودۆخە وای لە دامـەزراوەی سەربازی کرد، جارێکی دیکە دەست لە کاروباری سیاسی و مەدەنی وەربـدات، بۆیە لە (28ی ئەیلولی1980)، بەسەرکردایەتی جەنەراڵ(کەنعان ئەفرین)، هەستا بە کودەتایەتی سەربازی.

لێرەدا بە کورتی ئاماژە بۆ هۆکارەکانی ئەو کودەتایە دەکەین، کە دەکرێت بەسەر دوو بەشدا دابەشیبکەین:

**أ) هۆکارە ناوخۆییەکان:**

1. پێکهێنانی چەند حکومەتێکی لاوازی بێ توانا، لەدوای کودەتاکەی (1971) وە تا ساڵی (1979)، نزیکەی (12) حکومەتی هاوپەیمانی پێکهاتوون، لە ئاستی ئەرکەکانیان نەبوون.

2. دیاردەی جەمسەرگیری سیاسی، کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەم، بە دەرکەوتنی جەمسەرگیری سیاسی توندوتیژ دەناسرا، چ بە لای ڕاستدا بێت یان بەلای چەپ، سەرەرای بەرزبوونەوەی دیاردەی هەڵچوونی چەپرەوی.

3. بەهێزبوونی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لەباشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، بە تایبەتی دوای بەستنی کۆنگرەی یەکەمی پارتی کرێکارانی کوردستان.

4. هۆکارە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان، کە بەشداریان لە پەرەسەندنی توندوتیژی سیاسی کرد.

**ب) هۆكاره دەرەكییەكان:**

1. هەڵوێستی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا و پەیمانی ناتۆ، دەربارەی تێكچونی بارودۆخی سیاسی و گشتی لە توركیا و هەوڵدان بۆ زاڵبوون بەسەریدا.

2. گۆڕانكارییە سیاسی و سەربازیەكان لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، لەوانە: شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە شوباتی (1979)، هەروەها داگیركردنی ئەفغانستان لە لایەن یەكێتی سۆڤێت لە كانونی یەكەمی (1979).

3. هەڵوێستی حكومەتی توركیا، كە دژی گەڕانەوەی یونان بوو بۆ ناو باڵی سەربازی ناتۆ.

**سەركردایەتی سەربازی لەتوركیا دوای سەركەوتنی كودەتاكەی لەیەكەم بەیاننامەی جەختی لەم خاڵانە كرد:**

1. پاراستنی یەكگرتویی وڵات.
2. پاراستنی یەكێتی نیشتیمانی.
3. رێگرتن لە ئاژاوە و جەنگی ناوخۆیی.
4. دامەزراندنەوەی پێكهاتە و دەسەڵاتەكانی دامەزراوەكانی دەوڵەت.
5. نەهێشتنی هەر كۆسپێك لە بەردەم سیستمی دیموكراسی.

هەروەها هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و كۆتایهێنان بە كاری حكومەت، راگرتنی چالاكی سیاسی پارت و سەندیكای كرێكاران، سەرجەم سەركردەی پارتەكان دەستگیركران، سەپاندنی باری نائاسایی بەسەر وڵاتـدا، لابردنی سەرجەم پارێزگار و ئەندامانی ئەنجومەنە شارەوانییەكان، هەمو دەسەڵاتەكان درا بە سوپا.

ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی بە سەرۆكایەتی جەنەراڵ (كەنعان ئەفرین) كاروباری وڵاتی گرتەدەست، ئەو ئەنجومەنە لە (27)كەس پێكهاتبوو.

لە 14ی تشرینی یەكەمی هەمان ساڵا، حكومەتێكی نوێ بە سەرۆكایەتی

(یبۆلد ئوسلو) پێکهات، حکومەت دەستیکرد بە شەپۆلێکی فراوانی دەستگیرکردن، کە ژمارەیەکی یەکجار زۆری خەڵك دەستگیرکران لە ئەندامانی پارت و رێکخراوە سیاسییەکان، بە هەمو ئاڕاستە سیاسی و ئایدیۆلۆژیەکان.

دوای کودەتا سەربازییەکە، ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی لە (23ی تشرینی یەکەمی 1988) لیژنەیەکی راوێژکاری بە سەرۆکایەتی (سەعدی ئێرمیك) پێکهێنا، بۆ گێڕانەوەی دیموکراسیەت بۆ وڵات و بەشداریکردن لە داڕشتنی دەستوری نوێی وڵات.

لە (17ی ئابی 1982) پڕۆژەی دەستور خرایە بەردەست و لە تشرینی یەکەمی 1982 لە ریفراندۆمێکدا زۆرینەی دەنگی بە دەستهێنا، تەنها لە ناوچەکانی کوردستان نەبێت، کە رێژەیەکی کەمی بەدەستهێنا.

دوای پەسەندکردنی دەستور، جەنەراڵ (ئەفرین) بوو بە سەرۆك کۆمار و یاسایەکی نوێ دانرا، بە پێی ئەو یاسایە، چالاکی سیاسی لەو کەسانە بۆ ماوەی (10)ساڵ قەدەغەکرا، بۆ ئەوانەی پێش کودەتاکە چالاکی سیاسییان هەبووە، هەروەها لەو یاسایەدا کاری سیاسی لەخوێندکار و مامۆستا و فەرمانبەری مەدەنیش قەدەغەکرا، کە ببن بە ئەندامی پارتی سیاسی.

دوای ماوەیەکی کورت (15) پارتی سیاسی لەو وڵاتە پێکهات، بەڵام تەنها (3)پارتیان رێگای کارکردنیان پێدرا، بە پێی ئەو مەرجانەی کە پێشتر لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانییەوە بڕیاری لەسەر درابوو، ئەو سێ پارتەش: پارتی نیشتیمانی دایك، بەسەرۆکایەتی تورکوت ئـۆزاڵ، پارتی دیموکراتی نەتەوەیی بە سەرۆکایەتی جەنەراڵی خانەنشین (تورکت سونالب)، لەگەڵ پارتی گەل کە (نەجدەت تالب) دایمەزراند، ئەو سێ پارتە بەشداری هەڵبژاردنی گشتیان کرد، رێژەی دەنگەکانیان بەم شێوەیە بوو:

پارتی نیشتیمانی دایك: رێژەی(45%).

پارتی دیموکراتی نەتەوەیی: رێژەی(30%).

پارتی گەل: رێژەی(23%).

# پارتی نیشتیمانی دایك
# A N A P

ئابورِیناسی لیبراڵ (تورگوت ئۆزال) لە (20ی ئایاری 1983)، ئەو پارتەی دامەزراندووە، پارتێکی راستڕەوە، دروشمەکەی بریتیە لە هەنگێك، کە بە دەوری نەخشەی تورکیادا دەسوڕێتەوە.

پارتی نیشتیمانی دایك توانیویەتی بەدرێژایی بەشداریکردنی لە ئەزمونی سیاسیەوە حکومەت پێکبهێنێت بە بێ پەنابردن بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ پارتەکانی دیکەدا(79).

ئەم پارتە لەشاری ئەنقەرە بە ئامادەبوونی (25) ئەندام دامەزراوە، ئەوانەی، کە پۆستی گرنگیان لە دەوڵەت هەبوو، لەگەڵ ژمارەیەك لە سیاسەتمەداری ناسراو و سەر بە چەند پارتێکی سیاسی راستڕەو، کە بەر لە کودەتا سەربازییەکەی (1980)رۆڵی بەرچاویان هەبوو(80).

**ڕێبازی سیاسی و هزری ئەم پارتە:**

ئەم پارتە بە پارتێکی راستڕەو دادەنرێت، لە رۆژانـی گەشەکردنی بە رابەرایەتی (تورگوت ئۆزال)، سەرکەوتوو بووە لە کۆکردنەوەی هەموو توێژە جیاوازەکانی راستڕەو و چەپڕەوی ئیسلامی لەژێر سێبەری خۆیدا، بەمجۆرە پێگەیەکی فراوانی جەماوەری بە دەستهێنا(81).

دەکرێت لەناو ئەو پارتە چوار ئاڕاستەی سیاسی جیاواز بەدیبکرێت و بەمشێوەیە:

1. ئاڕاستەی دیموکراسی کۆمەڵایەتی، کە خۆی دەنوێنێت لە ئەندامانی پێشوی پارتی گەلی کۆماری.

2. ئاڕاستەی نەتەوایەتی توندڕەو، خۆی دەنوێنێت لە هەڵگرانی هزری بزوتنەوەی نەتەوایەتی.

3. ئاڕاستەی ئیسلامی، خۆی دەنوێنێت لە بیروباوەڕخوازانی پارتی سەلامەی نیشتیمانی.

4. ئاڕاستەی راسترەوی میانڕەو، کە خۆی دەنوێنێت لە پاشماوەکانی پارتی داد.

پارتی نیشتیمانی دایك، پێکهاتەیەکی ئایدیۆلۆژی جۆراوجۆری کۆکردۆتەوە، لەنێوان ئەو گروپ و بەرژەوەندیانەی هاتونەتە ناو ئەم پارتەوە، چونکە هیچ رێگایەکی دیکەیان لەبەردەم نەبووە پەیوەندی پێوە بکەن، لەژێر سێبەری ئەو سیاسەتە سەربازییەی لە وڵاتدا، دوای کودەتای (1980)، سەریهەڵدا.

ئەم پارتە پشتگیری ئەندامانی پارتی دادی پێشوی بە دەستهێنا، کە نوێنەرایەتی بۆرژوازیەتی پیشەسازی نوێ و جوتیاران و وردە بازرگانان و پیاوانی ئابوری دەکرد(82).

هەروەها پشتگیری ئەندامانی پارتی (سەلامە)ی نیشتیمانی ئیسلامی و بزوتنەوەی نەتەوەیی فاشی بەدەستهێنا.

ئەم پارتە درێژەپێدانی هیچ پارتێك نەبووە، بەڵام خەسڵەتە ئەرێنیەکانی هەڵگرتووە، لەناو ئەم پێکهاتەیە کەسایەتی ئۆزاڵی یەکلاکەرەوە بووە، گومان دەکرێت لەمانەوەی ئەو هاوپەیمانیەتییە لەنێوان باڵەکانی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بە بێ بوونی تورگوت ئۆزال، ناوبراو بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو بووە لەدامەزراوە پیشەسازییەکانی ساڵانی حەفتاکانی (سەدەی رابردو) و پەیوەندییەکی زۆر باشی هەبووە لەگەڵ گەورە دامەزراوە ئابوریەکانی تورکیا لە لایەکەوە، هەروەها ناسراوە بە پەیوەندیەکانی لەگەڵ رێبازی ئاینی نەقشبەندی، لە لایەکی دیکەوە.

**پارتی نیشتیمانی دایك و دەسەڵات: (83)**

لەهەڵبژاردنی ساڵی (1983) پارتی نیشتیمانی دایك بە رێژەیەکی گەورە (53%) دەنگەکان گەیشتە پەرلەمان، سەرۆکی پارت (تورگوت ئۆزال) حکومەتی پێکهێنا بە بێ پشتیوانی حزبەکانی دیکە. دەکرێت ئاماژە بۆ گرنگترین دەستکەوتەکانی ئەو حکومەتە بکەین:

1. دەستێوەرنەدانی دەوڵەت لە کاروباری ئابوری، رۆڵی حکومەت تەنها دانانی پلان و سیاسەتی ئابوری و کۆمەڵایەتی دامەزراوەکان بوو، بواری وەبەرهێنان بۆ کەرتی تایبەت دەمایەوە.

2. لەسەر ئاستی خزمەتگوزارییەکان، حکومەت پێداویستییە بنچینەییەکانی بۆ شارەوانی و کارگێڕییە خۆجێیەکان ئامادەکردووە، لە دەرامەت و پێداویستیەکان، بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکان.

3. نەهێشتنی هەر کۆسپێکی بیروکراسی لەبەردەم بازرگانی دەرەکی.

4. داواکردنی بوون بەئەندام لە یەکێتی ئەوروپای هاوبەش لە (24ی نیسانی 1987)وە.

**دیاردەکانی دیموکراسیەت لە سەردەمی پارتی نیشتیمانی دایك: (84)**

لەسەردەمی دەسەڵاتی پارتی نیشتیمانی دایك و حکومەتەکەی (تورگوت ئۆزال) پرۆسەی پەرەسەندنی دیموکراسیەت زۆر خاو و لەسەرخۆ هەنگاوی دەنا، ئۆزال سوربوو لەسەر ئەوەی، کە دەسەڵاتی مەدەنی بگێڕێتەوە و زاڵی بکات بە سەر هێزی سەربازیدا، لەو هەنگاوانەی هەوڵی بۆ درا:

1. دەنگدان لە پەرلەمان لەسەر پرۆژەی ڕێگاپێدان بە چەند پارتێك، کە پێشتر بە بڕیاری دەسەڵاتی سەربازی هەڵوەشێنرابوونەوە، بە فەرمی ڕێگای کارکردنیان پێبدرێت، ئەو کارەش لە پێش هەڵبژاردنی شارەوانیەکان لە ئازاری (1984) ئەنجامدرا، ئەگەر چی مەترسی لەسەر دەنگەکانی پارتی نیشتیمانی دایك هەبوو.

2. هەموارکردنی دەستوری وڵات، بەشێوەك ڕێگابدرێت بە سیاستمەدارە کۆنەکان، کە بەشداری لە چالاکی سیاسی وڵات بکەن. بۆیە لە ئەیلولی (1987) دەستور خرایە بەردەم ریفراندۆم و دەنگی لەسەر درا.

3. ساڵی (1987)، چەند پارتێکی نوێ دامەزرا، بەشێکیان پارتی رادیکال بوون و هەندێکیان ئاڕاستەی سەوزیان هەڵگرتبوو، ئامانجەکانیان چارەسەرکردنی کێشەکانی وەك: ژینگە و مافی مرۆڤ بوو.

4. هەر لەو ماوەیەدا بە هۆی ئاماژەپێکردنی سەرۆك وەزیران (تورکوت ئۆزال) بە هەڵگرتنی ئەو کۆت و بەندانەی لەبەردەم کاری حزبە مارکسیەکاندا

هەیە، (هەروەك لە هەردو مادەی (140و141)ی یاسای تاوان هاتووە)، هەردو سەرکردەی پارتی کۆمۆنیستی یەکگرتوی تورکیا (قوتلو)، لەگەڵ جێگرەکەی بە هیچە بوران، گەڕانەوە بۆ وڵات لە رۆژی 11ی تشرینی دووەم، بەڵام هەر بە گەیشتنیان بۆ فڕۆکەخانەی ئەنقەرە لە لایەن پۆلیسەوە بە بڕیاری سەربازی دەستگیرکران.

5. سیاسەتی پارتی نیشتیمانی دایك لە ئاست کێشەی کورد لە تورکیا(85):

تورکوت ئۆزال لە ئاست کێشەی کورد لە تورکیا، پەیڕەوی ئەم سێ خاڵەی کردووە:

أ) کورد وەك هەر بەشێکی دیکەی کۆمەڵگەی تورکی، تێکەڵاوی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتە بێت و بەشداری لە چالاکیەکان بکات.

ب) رووبەرووبوونەوەی هەر توندوتیژیەك لە لایەن کوردەوە.

ج) هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی دۆخی ناوچە کوردییەکان.

6. بەڵام دەربارەی سیاسەتی ئۆزال و پارتەکەی لە ئاست بزوتنەوەی ئیسلامی لە(86) تورکیا، ئۆزال تیشکی سەوزی بۆ ئەو رەوتە هەڵکرد لەپێناو دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی بە ئاشکرا، بە تایبەتی دوای دانانی هەریەك لە: کازم ئاق سو، وەهبی وینجولو، ویلدرم ئاق بلوت، وەك ئەندام لە حکومەتەکەی، کە هەمویان سەر بە رەوتی ئیسلامی بوون. هەر لەسەردەمی حکومەتی پارتی نیشتیمانی دایك، ژمارەی مزگەوتەکان لە تورکیا زیادیکردووە، گەیشتە (720) هەزار مزگەوت و ژمارەی خوێندنگا ئایینیەکان ژمارەیان گەیشتە (716) خوێندنگا و ژمارەی قوتابیانی گەیشتە (229) هەزار قوتابی.

**ململانێ و گۆڕانکارییەکان لەناو پارتی نیشتیمانی دایك(87):**

وا دیارە ئەم پارتە کە زۆرینەی دەنگەکانی پەرلەمانی بەدەستهێناوە لەهەڵبژاردنەکان، چەند هۆکارێك لە پشتیەوە بووە، لەوانە کەسایەتی دامەزرێنەکەی، هەروەها نەبوونی پارتێکی سەرەکی راستڕەو، کە وەك رکابەر کاربکات، سەرەڕای هەوڵەکانی ئۆزال بۆ ئەوەی نەکەوێتە داوی ململانێی ئاشکرای حزبایەتی، ئەمە و وێڕای ئەوەی کە پارتەکە بایەخێکی گەورەی بە مەسەلەی ئایدیۆلۆژیای سیاسی نەداوە، بەڵکو تەنیا جەختی لە لایەنە ئابوریەکە کردۆتەوە، کە بە شێوەیەکی گشتی لای هاوڵاتیان گرنگی خۆی هەبووە. لەگەڵ هەموو ئەو هەلومەرجانەش، ئەوا لەناو پارتی نیشتیمانی دایك سێ رەوتی سەرەکی دروستبووە.

هەر بە پێی تێڕوانینەکانی ئۆزال پارتی نیشتیمانی دایك تێکەڵەیەك بوو لە ناسیۆنالیست و لیبراڵ و ئیسلامییەکان.

ململانێکان لە سەرەتای دامەزراندنی پارتەکە بە توندی سەریانهەڵداوە، لەنێوان لایەنگیرانی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی (MHP) و لایەنگرانی رەوتی ئیسلامی، بەڵام بوونی کەسایەتی ئۆزال رێگر بووە لەبەردەم گەورەبوونیان(88).

ساڵی (1991)کاتێ ئۆزال بوو بە سەرۆك کۆمار، بە هۆی بۆشایی جێگاکەی وەك سەرۆك پارت و سەرۆکی حکومەت، ململانێ دروستبوو، مسعود یەڵماز کە یەك لە دامەزرێنەرانی پارتەکە بوو، پشتگیری ئۆزالی بەدەستهێناو بوو بە سەرۆکی پارت لە (15ی حوزەیرانی 1991)، دواتریش بوو بە سەرۆکی حکومەت.

یەڵماز لەسەرەتای دەستبەکاربوونیەوە وەك سەرۆکی پارت، هەوڵیداوە پارتی(89) نیشتیمانی دایك لە کاریگەری سەرۆك ئۆزال دوربخاتەوە و رێگای دەستێوەردانی لێبگرێت، لەم بارەوە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان

پشتگیریانکردووە. لە کۆنگرەی گشتی پارتەکەی، کە لە (30ی تشرینی دووەمی 1994) بەسترا، ململانێکە، لەسەر سەرۆکایەتی پارتەکە توندبوو، لە نێوان (مسعود یەڵماز)لە لایەك، (محەمەد کیچ لسەر) رابەری باڵای ئیسلامی ناو پارتەکە، لە لایەکی دیکەوە. هەرچەندە (محەمەد کیچ لسەر) پشتگیری ئۆزالیشی بەدەستهێنا، بەڵام (یەڵماز) جارێکی دیکە بە سەرۆکی پارت هەڵبژێردرا. ئەم حاڵەتە بوو بە هۆی ئەوەی (16) ئەندام پەرلەمان و (کیج لسەر) لە پارتی نیشتیمانی دایك دووربکەونەوە، بە مەبەستی دامەزراندنی پارتێکی دیکە، بەڵام دوای مردنی ئۆزال لە (17ی نیسانی 1993) گەڕانەوە ناو ریزەکانی پارتەکە.

**پارتی نیشتیمانی دایك لەسەردەمی مەسعود یەڵماز(90):**

پارتی نیشتیمانی دایك، لە سەردەمی(یەڵماز) وردە وردە پێگەی جەماوەری لاواز دەبوو، ئەوەش بە روونی لە رێژەی دەنگەکانی لە میانەی هەڵبژاردنەکاندا دەردەکەوێت.

دیارە نەمانی (ئۆزال)و دەرکەوتنی پارتی دیکە و لایەنی سیاسی بەهێز وەك رکابەر، هێزو هاوکێشەکانی گۆڕی.

لە هەڵبژاردنی 1987 ئەم پارتە (291) نوێنەری گەیشتە پەرلەمان لە کۆی (450) ئەندام، بەڵام لەهەڵبژاردنەکانی دیکە تا دەهات رێژەکەی روو لە دابەزین بوو، هەروەك دەردەکەوێت:

سالّی 1991 ، رێژەی دەنگەکانی (24%)بوو.

سالّی 1995 ، رێژەی دەنگەکانی (19.66%)بوو.

سالّی 1999 ، رێژەی دەنگەکانی (13.2%)بوو.

## پارتی ڕێگای ڕاست
## D Y P

پارتی ڕێگای ڕاست بە شێوەیەکی فەرمی لە ڕۆژی (21ی تەموزی 1983) دامەزراندنی ڕاگەیەندرا. ئەوانەی بەدامەزراندنی پارتەکە هەستاون، هەریەك لە « ئەحمەد نوسرەت توانا، یولدریم ئاوجی، حیسامەدین جیندروك، سلێمان دیمریل، محەمەدکولهان، تانسو چیللەر(91)» بوون. دەکرێت وا تەماشای پارتی ڕێگەی ڕاست بکرێت کە پارتێکە نوێنەرایەتی ڕەوتی ڕاسترەوی ناوەڕاست دەکات، ناسنامەیەکی هزری ڕوونی نییە. (92)

لە ڕاستیدا ئەم پارتە لە پاشماوەکانی پارتی داد پێکهاتووە، (دوای هەڵوەشاندنەوەی) بە میراتگری ئەو پارتە دادەنرێت، نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانی چینی بۆرژوازییەت و موڵکدارە گەورەکانی زەویوزار دەکات، لە لایەن گەورە سەرمایەدارەکانەوە پشتگیریدەکرێت و هەوڵی گەڕانەوەی کەلەپوری سیاسی و ڕۆڵی پارتی دادی داوە(93).

**ڕێڕەوی سیاسی ئەم پارتە:**

دوای دامەزراندنی پارتەکە، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە تورکیا (94) (NSC) ڕێگەیپێنەدا کە بەشداری لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ساڵی (1983) بۆ پەرلەمان بکات، لەبەرئەوەی بەشێك لە دامەزرێنەرانی لەو کەسانە بوون کە بڕیاری قەدەغەکردن لە کاری سیاسی دەیانگرێتەوە.

بەڵام ساڵی (1984) بەشداری لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان کرد و ڕێژەی (13.7%) دەنگەکانیشی بە دەستهێناوە و لە پلەی سێیەمدا بوو، دوای هەردو پارتی نیشتیمانی دایك و پارتی دیموکراتی کۆمەڵایەتی.

ساڵی (1986) پارتی دیموکراتی نیشتیمانی (NDP) بڕیاریدا خۆی هەڵوەشێنێتەوە(95)، لەم بارەدا (21) ئەندام پەرلەمانی ئەو پارتە چوونە ناو پارتی ڕێگای ڕاست، بەم کارە پارتی ڕێگای ڕاست بووە خاوەنی دەنگی بیستراو لەناو پەرلەمانی تورکیا.

هــەردوای هەڵگرتنی بڕیاری قەدەغەکردن لە کاری سیاسی، کە پێشتر سەپێنرابوو بە سەر بەشێك لە سیاسەتمەدارانی کۆن لە ساڵی (1987)، هەروەها بە بوونی سلیمان دیمیرێل بە سەرۆکی پارت، ئەم پارتە ڕووی لە گەشەکردن کرد و چالاکیەکانی فراوانتر بوون.

بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کرد لە ساڵی (1991). زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست(96) هێنا بە ڕێژەی (27%).

بەم سەرکەوتنە سلێمان دیمیرێل حکومەتی پێکهێنا و بوو بە سەرۆکی ئەم حکومەتە، ساڵی (1993) -دوای مردنی سەرۆك کۆماری تورکیا تورکوت ئۆزال- هەڵبژاردن بۆ سەرۆکایەتی کۆمار سازکرا، (سلیمان دیمیرێل) دوای وازهێنانی لە سەرۆکایەتی حزب و خۆ کاندیدکردنی، بە سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرا.

بۆ جێگای (سلیمان دیمیرێل) لە سەرۆکایەتی پارتی ڕێگای ڕاست، لە مانگی(97) حوزەیرانی (1993) کۆنگرەی نائاسایی سازدرا، سێ کەس خۆیان بۆ ئەو پێگەیە کاندیدکرد، ئەوانیش: تانسۆ چیلەر (وەزیری دەوڵەت لە حکومەت بۆ کاروباری ئابوری)، عیسمەت سیزجین (وەزیری ناوخۆ)، لەگەڵ کۆکساڵ

توبتان (وەزیری فێربوون)،(98) لەم بوارەدا هەرچەندە (سلیمان دیمیرێل) لایەنگری چیللەر نەبوو، بەڵام ناوبراو بە زۆرینەی دەنگ بۆ سەرۆکی پارتی ڕێگای ڕاست هەڵبژێردرا، لە دوایشدا بوو بە سەرۆکی حکومەتێکی هاوپەیمانی.

بەڵام چیللەر وەك پێویست نەیتوانی پاریزگاری لە یەکگرتوی پارتەکەی بکات، هەروەها چالاکی و پێگەی جەماوەری رووی لە لاوازی دەکرد. ساڵی (1994) تورکیا رووبەڕووی قەیرانێکی ئابوری بۆوە، بۆیە لە هەڵبژاردنی (1995) دەنگەکانی رووی لە کەمی کرد بە بەراورد بە پارتی (رەفاە)، کە (28.72%) لە دەنگەکانی بەدەستهێنا، بەرامبەر بە رێژەی (24.54%) بۆ پارتی ڕێگای ڕاست.

لەو بارەشدا (تانسۆ چیللەر) توانی حکومەتێکی هاوپەیمانی پێکبهێنێت بە هاوکاری(99) پارتی دیموکراتی کۆمەڵایەتی میللی (SHP)، ئەم حکومەتە لە دەسەڵات مایەوە تا رۆژی (1ی تشرینی یەکەمی 1995).

ململانێیە ناوخۆییەکانی پارتی ڕێگای ڕاست لەنێوان چیللەر و دیمیرێل توندتر بوونەوە، لەو ململانێیەدا (دیمیرێل) رازینەبووە لە سیاسەتەکانی چیلەر، دەربارەی چاکسازی سیاسی و یاسایی، سەرەڕای هەندێك بابەتی دیکە، کە پەیوەندی بە دیموکراسییەت و ماف و ئازادییە مەدەنیەکان هەبووە. چیلەر زۆر لەو کەسانەی کە سەر بە دیمیرێل بوون لەناو پارتەکەی، لە دەسەڵات دووری دەخستنەوە.

لە هەڵبژاردنی گشتی (1999) دەنگەکانی ئەم پارتە زۆرتر کەمی کرد، (100)

تا ساڵی (2002) پارتی ڕێگای ڕاست بە تەواوی توشی نوشوستیەکی گەورە هات لە هەڵبژاردنی گشتیدا، ژمارەی ئەو ئەندامانەی کە گەیشتنە پەرلەمان(4-5) کەس دەبوون.

**هەڵوێستی پارتی ڕێگای ڕاست دەربارەی کێشەی کورد لەتورکیا (101)**

بۆ تیشکخستنەسەر ئەم بابەتە، دەکرێت باسی کردەوەکانی حکومەتی تورکیا بکەین لە ساڵی (1993)وە، لەو ماوەیەی کە سلێمان دیمریل بوو بە سەرۆك کۆماری تورکیا و تانسۆ چیلەر بە سەرۆکی حکومەت.

پوختەی هەڵوێستەکانی حکومەتی تورکیا لەم چەند خاڵەدا کورتدەکەینەوە:

1. لەبواری شەڕدا دژ بە هێزە کوردییەکان (بەتایبەتی پارتی کرێکارانی کوردستان) لە کوردستانی باکور، سوپای تورکیا بە توندترین هەڵمەتی سەربازی هەستاوە، هێزی تایبەت و چەکی بەهێز و ئاسمانی پێشکەوتوی بەکارهێناوە.

2. حکومەتی تورکیا لەبوارێکی دیکەدا شێوازێکی دیکەی پەیڕەوکرد دژ بە سەرکردە کوردەکانی کوردستانی باکور، ئەویش پەنابردنە بۆ تیرۆر لە وڵاتانی دەرەوە.

3. لەبواری پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان، حکومەتی تورکیا هەوڵەکانی خۆی چڕکردۆتەوە لەگەڵ هەریەك لە حکومەتەکانی سوریا و لوبنان بۆ رێگرتن لە حەوانەوەی ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان لای خۆیان.

4. پەرلەمانی تورکیا بڕیاریدا بە هەڵگرتنی پارێزبەندی (حەسانە)ی پەرلەمانی لەسەر (7) ئەندام پەرلەمانی کورد، سەر بە پارتی دیموکراتی (D E P) بە بیانوی هاوکاریکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان، دواتریش رەوانەکردنیان بۆ بەردەم دادگا، ئەو (7) ئەندام پەرلەمانەش ئەمانەن: خەتیب دیجلە، سەلیم سادق، لەیلا زانا، سری سافیق، ئەحمەد تورك، مەسعود عەلیناك، ئورخان دوخان.

5. حکومەتی تورکیا لە تەموزی (1993)، بڕیاریدا بە داخستنی پارتی کاری میللی (HEP) بە بیانوی پشتگیریکردنی لە کێشەی کورد.

### کاری رێکخراوەیی پارتی رێگای راست:(102)

1. کاری رێکخراوەیی لە چەند پارێزگایەکی تورکیا گەشەیکردووە، وەك: ئەفیون، موگلا، ئەسپارتە، ئەزمیر، عەزیز، ئەنقەرە، ئیستەمبوڵ، ناوچە کەناریەکانی دەریای ناوەڕاست.

2. لە هەڵبژاردنەکان، پارتی رێگای راست پشتدەبەستێت بە دەنگی جوتیاران و کشتیاران، بۆیە لە بەرنامەکەیدا زۆر لە کێشەکانی کشتوکاڵی و ناوچە دیهاتییەکان دەخاتەڕوو.

3. دوا سەرۆکی ئەم پارتە (محەمەد ئاغار)بوو.

# پارتی دیموکراتی نیشتیمانی
# N D P

لە ڕۆژی (16ی ئایاری 1983) دامـەزراوە، لەژێر ناوی (پارتی دیموکراتی نیشتیمانی (THE NATIOLIST DEMOCRATIC PARTY)، بە سەرۆکایەتی جەنەراڵی خانەنشین (تورگوت سونالب).

بە پشتگیری دەسـەڵاتـداری کودەتا سەربازیەکەی (1980) پێکهات، سیاسەتەکەشی هەر گوزارشتی لە سیاسەت و فەلسەفەی ئەو کودەتایە دەکردەوە.

باوەڕی بە ئایدیۆلۆژیای چینایەتی نەبوو، لە ئامانجەکانی وەرگرتنی تورکیا بوو وەك ئەندام لە بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا.

بەشداری لە هەڵبژاردنی گشتی کرد بۆ پەرلەمان لە تشرینی دووەمی (1983) و (71)ئەندامی گەیشتە پەرلەمان.

له (21ی تەموزی 1985) یەکەم کۆنگرەی بەستووە، (ئویلکو سۆیلەمە سئۆغڵو) بە سەرۆکی پارت هەڵبژێردرا.

**ساڵی 1986 بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەرچو.(103)**

دامەزراندنی ئەم پارتە لە تورکیا لە هەلومەرجی دوای کودەتا سەربازیەکەی (1980)، ئەو راستییە دەسەلمێنێت، کە دەرکەوتنی پارتە سیاسییەکان لە تورکیا دەرئەنجامی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و ئابوری ئەو وڵاتە نەبووە، ئەوەندەی گوزارشت لە سیاسەت و رێبازی چەند گروپ و توێژێکی کۆمەڵایەتی بووە و نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە ئابورییەکانیان بووە هەروەها خزمەتی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوی کردووە، ئەگەر ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیست بێت یان ئاینی.(104)

# پارتی جەماوەری (میللی)
# (HALK PORTISI)
# H P

پەیوەندییەکی تۆکمەی هەبوو بەو سـەرکـردانـەی(105) کە بە کودەتا سەربازیەکەی ساڵی (1980) هەستاون. ئەم پارتە خۆی وەك رێکخستنێکی چەپی میانڕەوی راگەیاند. لە (19ی ئایاری 1983)، بە سەرکردایەتی (نەجدەت گالب (NECDET GALIP) دامەزراوە. سکرتێرەکەی (یەڵماز هاس تورك) بوو.

لە کۆنگرەی (29ی حوزەیرانی 1985)، (ئایدن گۆڤین گولکان)بووە بە سەرۆك، سکرتێرەکەشی گۆڕاوە بە (خەلیل ئیبراهیم شاهین)، ئەم پارتە لە هەڵبژاردنەکانی تشرینی دووەمی (1983)، (30%) دەنگەکانی بەدەستهێنا، دیارە ئەوەش رێژەیەکی گەورەیە ئەگەر بەراورد بکرێت بە دەنگەکانی پارتی نیشتیمانی دایك، ژمارەی کورسیەکانیشی لە ئەنجومەنی نیشتیمانی گەورەدا (پەرلەمان)، (117) کورسی بوو، بەمەش دووەم گەورە هێزی دەنگدەر بوو.

ئەم پارتە دواتر رووی لە لاوازی کرد و پێگەی لە پەرلەمان زۆر لاواز بوو، وەك پارتێکی ئۆپۆزسیۆن کاریدەکرد، تا لە (21ی ئەیلولی 1985) لەگەڵ پارتی دیموکراتی کۆمەڵایەتی (SODEP) یەکیانگرت لەژێرناوی پارتی دیموکراتی کۆمەڵایەتی میللی.

پاشماوەیەك لە رێکخستنەکانی ئەم پارتە تا ساڵی (1988) وەك ئۆپۆزسیۆن کاریاندەکرد.

## پارتی دیموکراتی کۆمەڵایەتی میللی
## S H P

1. لە (19ی ئایاری 1983) بە سەرکردایەتی (نەجدەت گالب)، پارتی میللی (HP)(106) دامەزرا، لە مانگی تەموزی (1985) لە کۆنگرەی گشتی پارتەکە (ئایدن گوڤین)بوو بە سەرۆك پارت.

2. ساڵی (1983) بە سەرکردایەتی (ئـەردال ئینۆنۆ) پارتی دیموکراتی کۆمەڵایەتیSODEP) ) دامەزراوە، دوای کودەتا سەربازییەکەی ساڵی (1980). بە پێی یاسا نوێیەکان، رێگە بەم پارتە نەدرا بەشداری لە هەڵبژاردنی گشتی تورکیا بکات.(107)

لە هەڵبژاردنی ئـازاری (1984)، بۆ ئەنجومەنی شارەوانییەکان رێژەی (4,23%) دەنگەکانی بە دەستهێنا. پێگەی جەماوەری فراوانی هەبووە، ژمارەی ئەندام و لایەنگرانی نزیکەی (400) هەزار کەس دەبوو، پەیوەندی لەگەڵ بەشێك لە سەندیکای کرێکاران هەبووە.

3. هەردوو(108) پارتی میللی و پارتی دیموکراتی کۆمەڵایەتی، لە (21ی ئەیلولی1985) ڕێککەوتن لەسەر یەکگرتن، ئەو ڕێککەوتنەش لە مانگی ئایاری (1986) لە میانەی کۆنگرەیەك ڕاگەیندرا لەژێر ناوی (پارتی دیموکراتی میللی(SHP)، لەو کۆنگرەیە (ئەردال ئینۆنۆ) بە سەرۆکی پارت هەڵبژێردرا، بەردەوامبوو لە کارەکانی تا مانگی ئەیلولی (1993)، کە بڕیاریدا لە پارتەکە بکشێتەوە، دوای ئەو (موراد قەرەیالشین) ئەرکی سەرکردایەتی گرتەدەست.

ئەم پارتە هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە توشی ناکۆکی و ململانێی ناوخۆی توند بۆتەوە بە هۆی تێڕوانینی جیاواز لەنێوان باڵەکانی دەربارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی تورکیا لە لایەکەوە و چۆنیەتی بەدیهاتنی بنەماکانی (سۆسیال دیموکراسی) لە لایەکی دیکەوە.

هەروەها بە هۆی ئەو ڕکابەرییەی کە لەنێوان ئەم پارتە و پارتی چەپی دیموکرات (DSP)(109) بە سەرکردایەتی (بولەند ئەجەوید) پەیدابوو، ئەم پارتە نەیتوانیوە ڕێژەی یاسایی دەنگ بە دەستبهێنێت. پارتی (SHP) بە پێی بیروبۆچوونەکانی ئەجەوید، بریتییە لە چەند گروپ و توێژێکی جیاواز لە چەپی تورکیا.

بەرچاوترین ململانێی نێوان ئەم پارتە، بریتیبوو لەو ململانێیەی کە لەنێوان باڵەکەی دەنیز بایکاڵ هەیبوو، لەگەڵ ئەو باڵەی ئینۆنۆ ڕابەرایەتیدەکرد لە لایەکی دیکەوە. کە لەدوایدا بایکاڵ لەگەڵ (18) ئەندام پەرلەمانی سەر بە پارتەکە، ریزی ئەم پارتەیان بەجێهێشت و چونە ناو پارتی گەلی کۆماری لە مانگی ئەیلولی (1992)، دواتر بوو بە سەرۆکی پارتەکەش.

### هەڵوێستی پارتی (SHP) دەربارەی کێشەی کورد(110):

زۆربەی عەلمانییە تورکەکان بە چەپە میانڕەوەکانیشەوە (بە تایبەتی ئەوانەی لە دەسەڵات نزیکبوون) هەڵوێستی نەرێنیان هەبووە لە ئاست بەکارهێنانی

زاراوەی-کەمایەتی-(وەك ئاماژەیەك بۆ کورد)، ئەو لایەنانە هیواو داواکارییە نەتەوایەتیەکانی کوردیان رەتکردۆتەوە و قبوڵییان نەبووە.

بۆ تیشکخستنەسەر هەڵوێستی ئەم پارتە بەرامبەر بە کێشەی کورد لە تورکیا ئاماژە بۆ دوو دیاردە دەکەین و بە کورتی دەیانخەینەڕوو:

أ) لە (22ی ئابی 1989)، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کۆمەڵایەتی میللی چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانی سازدا، لەمیانەیدا جەختی لەبۆچوونە ناڕاستەکانی حکومەت کردەوە لەئاست رووداوەکانی باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا (واتە کێشەی کورد).

ناوبراو دەڵێت: ئەگەر حکومەت راستبکات و بتوانێت چارەسەری ئەو کێشەیە بکات، ئەوا دەبێت بەم هەنگاوانە هەستێت:

1. هەڵوەشاندنەوەی ئەو یەکە چەکداریانەی بۆ پارێزگاریکردنی ناوچە گوندییەکان پێکهاتوون لە چەکداری نافەرمی. لەبەرئەوەی ئەو چەکدارانە کوردەکان دەورووژێنن.

2. کێشەی کورد کێشەیەکی ئابورییە، واتە دەستبکرێت بە چاکسازی ئابوری لە ناوچەکەدا.

3. دژایەتیکردنی تیرۆر لە ناوچەکەدا بە هێزی فەرمی دەوڵەت دەبێت، نەك بە هۆی چەکداری نافەرمی لە گوندەکان.

ب) پارتی دیموکراتی کۆمەڵایەتی میللی، (7)لە ئەندامانی خۆی کە ئەندامی پەرلەمانی تورکیاش بوون، لە (16ی تشرینی یەکەمی 1989) لە ریزی پارتەکەی دەرکردن، بە بیانوی ئەوەی کە بەشداریان لە کۆنگرەی پاریس کردووە تایبەت بە کێشەی کورد لە(14ی تشرینی یەکەمی 1989).

دەربارەی ئەم بابەتە (ئەردال ئینۆنۆ) سەرۆکی پارت لە چاوپێکەوتنێك، وتوویەتی: کۆنگرەی پاریس لەچوارچێوە رۆشنبیرییەکەی خۆی دەرچوو بوو، ئەو کۆنگرەیە کەوتە ناو باسی سیاسەتەوە، کە پێچەوانە لەگەڵ بیرۆکەی دەوڵەتی

یەکگرتوو بووە بۆیە بڕیارماندا نوێنەرانی پارتیمان بەشداری تیادا نەکەن، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە ئەو ئەندامانەمان ئاگادارکردبۆوە بەشدارینەکەن، ئەوان بەشداریانکرد، بۆیە سزادران و لە ریزی پارتی دەرکران.

ئەو (7) ئەندام پەرلەمانە کورد بوون، (9)ئەندام پەرلەمانی دیکەش پاڵپشتیان کردن و بەیەکەوە هەموو ریزی ئەو پارتەیان بەجێهێشت.

ئەوانە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە رۆژی (9ی تشرینی دووەمی 1989)، بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە تێیدا هاتبوو:

ئێمە جەخت لەو لایەنە دەکەین، کە باسکردنی ئێمە بۆ کێشەی کورد، ئەوەیە کە ئەو کێشەیە، کێشەیەکی هاوبەشە بۆ هەموو دانیشتوانی تورکیا، بیروڕای ئێمە لەسەر ئەو کێشەیە لەم چەند خاڵە کورتدەکەینەوە:

1. پێویست دەکات ئەو کێشەیە بە شێوەیەکی دیموکراسیانە چارەسەربکرێت لە چوارچێوەی یەکگرتویی نیشتیمانی.

2. دەبێت وا تەماشای کێشەی کورد نەکرێت کە تەنها تایبەتە بە هاوڵاتیانی کورد، چونکە ئەو تێڕوانینە زیان بە یەکگرتویی نیشتیمانی دەگەیێنێت، هەروەها باوەڕنەبوونە بە دیموکراسیەت و رێزنەگرتنە لە مافەکانی کورد.

3. چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە تەنها بە هاوڵاتیانی کورد نەبەسترێتەوە، بەڵکو دەبێت وا تەماشا بکرێت کە کێشەی هەمو کەسێکە لە تورکیا.

4. دەبێت رەهەندە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکانی ئەو کێشەیە هەمان ئەو گرنگیەی پێبدرێت کە بە بابەتە سیاسیەکە دراوە.

5. دەبێت چاوپۆشی لەوە نەکرێت، کە کێشەی کورد بگۆڕدرێت و ببێتە ئامرازێك بۆ یەکلاکردنەوەی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتیەکان، یان ببێتە هۆکارێك بۆ دابەشکردنی دەستکەوتەکانی نێوان دەوڵەتان.

6. ئێمە باوەڕمانوایە، کە بەرگریکردن لە بیرۆکەی تاك گەلی و زمانی لە تورکیا، کۆسپێکە لە بەردەم چارەسەرکردنی کێشەی کورد، چارەسەرییەکی دیموکراسیانە و لامانیش قبول نییە، چونکە ئەوە بەشێکە لە باوەڕمان بە ئازادی بیرکردنەوە.

# پارتی چەپی دیموکرات
# DSP

لە (14ی تشرینی دووەمـی 1985) دامـەزرا، بە سەرۆکایەتی (بوڵەند ئەجەوید)، وەك پارتێکی نوێ، کە لە پارتی گەلی کۆماری جیابۆتەوە.

لە سەرکردەکانی ئەم پارتە: ئیسماعیل جەم (ماوەیەك وەزیری دەرەوە بووە) خاتو شریهان (هاوسەری بوڵەند ئەجەوید)، لەگەڵ چەند کەسانێکی دیکەی چەپخواز.

دروشمی پارتەکە (کۆترێکی سپی بوو) لە کاتی هەڵفڕینیدا.(111)

ئەم پارتە لەرووی هزرییەوە پشتی بە میراتی پارتی گەلی کۆماری بەستووە، ژمارەیەك لە توێژەر و گەنج و رۆشنبیرانی لەخۆگرتبوو، پێگەی سیاسی بە پارتێکی عەلمانی چەپی ناوەڕاست دادەنرێت.

بۆ ماوەیەکی دوورودرێـژ ئەو پارتە لە لایەن هاوسەری ئەجەویدەوە سەرکردایەتی کـراوە، بە هـۆی زیندانیکردنی ئـەجـەویـدەوە تا رۆژی ئازادبوونی(112).

ئەم پارتە لەماوەی ژیانیدا، پێگەی جەماوەری لە هەڵکشان و دابەزیندا بووە دەکرێت هۆیەکانی بۆ ئەم خاڵانە بگەڕێنینەوە:

1. ئەو هەڵانەی کە خودی ئەجاوید و ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتەکە تێیکەوتن، لە ماوەی دوورکەوتنەوەیان لە کاری سیاسی.

2. هاوسەرەکەی ئەجەوید کە سەرکردایەتی پارتەکەی لەئەستۆ دابووە، توانای سەرکردایەتیکردنی وەك پێویست نەبووە.

لێرەدا ڕێژەی دەنگەکانی ئەم پارتە لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا بۆ پەرلەمان دەخەینەڕوو:

لە هەڵبژاردنی ساڵی (1987) ڕێژەی (8.5%) دەنگەکانی بە دەستهێناوە وە نەیتوانیوە بگاتە پەرلەمان، کە پێویست بە (10%)ی دەنگەکان دەکرد.

لە هەڵبژاردنی ساڵی (1991) ڕێژەی دەنگەکانی بۆ (11%) بەرزبۆتەوە (7) ئەندامی گەیشتوونەتە پەرلەمان.

ئەو ڕێژەیە لە هەڵبژاردنی (1995) سەرکەوت و گەیشتە (14,64%)، بەمە (75) ئەندامی ئەو پارتە گەیشتنە پەرلەمان.

لە هەڵبژاردنی گشتی نیسانی (1999) ڕێژەیەکی زیاتری بە دەستهێناوە، ئەویش (22,17%) دەنگەکان بوو، بەمە پلەی یەکەمی پارتەکان بوو، کە (126) ئەندامی گەیشتە پەرلەمان لە کۆی (550) ئەندامی پەرلەمان.(113)

لەو هۆیانەی کە بوون بە هۆی بەرزبوونەوەی دەنگەکانی ئەم پارتە، دەکرێت ئاماژە بۆ دوو خاڵا بکەین(114):

1. سەرکەوتنی حکومەتەکەی (ئەجاوید) لە دەستگیرکردنی سەرکردەی پارتی کرێکارانی کوردستان (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) بە هاوکاریکردنی چەند هەواڵگرییەکی بیانی لە (16ی شوباتی 1999).

2. سەرکەوتنی تورکیا لەو قەیرانەی لەگەڵ یۆنان سەریهەڵدا، بە هۆی دانانی چەکی دژە ئاسمانی لە دورگەی قوبرس لە لایەن یۆنانەوە.

بەڵام دواتر بە هۆی ئەو قەیرانە ئابورییەی کە بەرەوڕووی تورکیا بۆتەوە، ئەم پارتە لە هەڵبژاردنەکان، جارێکی دیکە دەنگەکانی کەمیکردووە تا گەیشتۆتە (1,2%) بەمجۆرە رووی لە لاوازی کردووە.

ئەم پارتە پێگە و گرنگیەکی تایبەتی هەبووە، بە هۆی رۆڵە سیاسیەکەی (ئەجەوید)و هەڵوێستەکانی و کەسایەتی خۆی لەناو پەرلەمان و کاریگەری بەسەر سۆسیال دیموکراتەکانەوە.

ئەم پارتە تاڕادەیەکی گەورە دوور بووە لە ململانێی ناوخۆیی و یەکڕیزی خۆی پاراستووە، بە پێچەوانەی پارتەکانی دیکە، تا ساڵی (2002) کە (ئیسماعیل جەم) یەك لە سەرکردە دیارەکانی و ژمارەیەك ئەندام پەرلەمان لێیجیابوونەوە و پارتی تورکیای نوێیان دامەزراند.(115)

ئەم پارتە رازینەبووە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کۆمەڵایەتی میللی یەك بگرێت، چونکە ئەو کارەی بە بەرژەوەندی سۆسیال دیموکراتەکان نەدەزانی، هەروەها رازیش نەبووە بگەڕێتەوە ناو پارتی گەلی کۆماری.

ساڵی (1999)، دوای سەرکەوتنی ئەم پارتە لەهەڵبژاردنی گشتی، (بوڵەند ئەجەوید) حکومەتی پێکهێنا، بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئابوری لە تورکیا، بەرنامەیەکی چاکسازی خستەڕوو، ئەو بەرنامەیە لە کانونی یەکەمی (1999) رەزامەندی لەسەر دراو کەوتە بواری جێبەجێکردن، بە هاوکاری و رەزامەندی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی.

پوختەی بەرنامەکەی بریتیبوو لە کەمکردنەوەی خەرجیەکانی حکومەت، لەگەڵ بە تایبەتکردنی پرۆژەکان و راگەیاندنی پێشوەختی بەهای لیرەی تورکی، سەرەڕای هەوڵدانی بۆ کەمکردنەوەی هەڵئاوسان. بۆ جێبەجێکردنیشی خشتەیەکی کاتی دیاریکرا.(116)

سەرەتا بەرنامەکە ئەنجامێکی ئەرێنی باشی بەدەستهێنا، لەو هەنگاوانەی جێبەجێکران: دوبارە بونیادنانەوەی سیستمی دارایی لە تورکیا، سەربەخۆی

بانکی ناوەندی تورکیا، کەمکردنەوەی دەستێوەردانی سیاسی لە کاروباری بانکی ناوەندی، هەروەها گۆڕینی زۆر لە کارڕایە داراییەکان، بەڵام ئەو هەنگاوانە درێژەیان نەکێشا، دووبارە تورکیا بەرەو قەیرانی ئابوری توندتر بووەوە.

ئەزموونی بزوتنەوەی سۆسیال دیموکراتی تورکیا، دەمانگەیێنێتە ئەو ئەنجامانەی کە ئەو بزوتنەوەیە لەجیاتی دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤێکی سیاسی، کە جێگای رەزامەندی بێت بە لای هێزی راستڕەوی میانڕەو، ئەو بزوتنەوەیە هەستا بە لاساییکردنەوەی ئەو ململانێیەی، کە لەناو سەرکردایەتی(117) پارتەکاندا بڵاوبۆتەوە، هەروەك لە شەستەکانی سەدەی بیستەم، دەستیپێکردبوو. لەو کاتەی بوڵەند ئەجاوید توانی عیسمەت ئینۆنۆ لە دەسەڵات و سەرکردایەتی پارتی گەلی کۆماری دووربخاتەوە.

بزوتنەوەی سۆسیال دیموکرات لە تورکیا، سەرەڕای بەشداریکردنی چەندجارەی لە حکومەتە هاوپەیمانیەکانی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم، بەڵام لایەنێکی گەورەی دەستڕۆشتوو و کاریگەری خۆی لە ئاڕاستەکردنی کاروباری وڵات لە دەستداوە.

بگرە تا سەرکەوتنی ئەجەوید و پارتەکەشی لە هەڵبژاردنی نیسانی (1999) دا، کە لە پلەی یەکەمدا بووە لە رووی دەنگەکانەوە، ئەو سەرکەوتنە بە هۆی کاریگەری و رۆڵی هزری سۆسیال دیموکرات نەبووە لەسەر ئاستی سیاسی، ئەوەندە بە هۆی کاریگەری و رۆڵی خودی ئەجاوید بووە وەك کەسایەتییەکی سیاسی پاك و نیشتیمانپەروەر، سەرەڕای ناوبانگی وەك کەسێکی عەلمانی.

## پارتی متمانە(باوەڕ)

**سەرەتایەك:**

لە هەڵبژاردنی گشتی بۆ پەرلەمان لەساڵی (1965)دا، پارتی گەلی کۆماری،(118)

ڕێژەی (29,7%) دەنگەکانی بەدەستهێناوە لە پلەی دووەمدا بووە دوای پارتی داد.

ئەم ئەنجامەی هەڵبژاردن کە چاوەڕوان نەدەکرا، سەرەڕای بارودۆخی ناوخۆی پارتەکە و دەرکەوتنی ڕەوتی چەپی ناوەڕاست، هەموو بەیەکەوە هۆکاربوون بۆ دروستبوونی ململانێ و جیابوونەوە لە پارتی گەلی کۆماری.

**دیاردەی ڕەوتی چەپی ناوەڕاست:**

لەچوارەم کۆنگرەی نائاسایی پارتی گەلی کۆماری، کە لە مانگی نیسانی (1967) بەستراوە، بوڵەند ئەجەوید بە پاڵشتی (عیسمەت ئینۆنۆ) سەرۆکی

پارت، کۆمەڵە پێشنیازێکی خستەبەردەم کۆنگرە، کە دەکرێت لەم چەند خاڵە کورتی بکەینەوە:

أ) پەیڕەوکردنی ڕێبازی چەپی ناوەڕاست لە کاری ئایدیۆلۆژیا و سیاسی پارتەکە.

ب) دەسەڵاتی زیاتر بدرێتە کۆمیتەی ناوەندی، هەروەها ڕێوشوێنی توندتر لەبواری دیسپلینی ڕێکخراوەیی بگیرێتەبەر.

بە بڕیاردانی کۆنگرە لەسەر ئەو بابەتانە، ژمارەیەك لە ئەندامانی پارتەکە بە سەرکردایەتی (تورهان فەیزی ئۆغلۆ)و بە پاڵشتی (15)لە ئەندامانی ئەنجومەنی پیران و (32)کەس لە ئەندامانی پەرلەمانی تورکیا، ئەوانە هەموو بە یەکەوە بڕیاریاندا ریزی پارتی گەلی کۆماری بەجێبهێڵن و پارتێکی دیکە دامەزرێنن.

سەرەڕای ئەو بابەتە سیاسی و ڕێکخراوەییانەی، کە ناڕەزایی لەسەر هەبووە، رکابەری لەنێوان هەردو سەرکردە (بوڵەند ئەجەوید) و (ئۆرخان) هەبوو لەسەر پێگەی سکرتێری گشتی، کە ئەجەوید خۆی بۆ دیاریکرابوو، یەکێك بوو لەو هۆکارە هەستیارانەی ئەم جیابوونەوەیە.

**دامەزراندنی پارتی متمانە: (119)**

لە مانگی مایسی (1967) پارتی متمانە (باوەڕ) دامەزرا بە سەرکردایەتی (تورهان فەیزی ئۆغلو) وەك پارتێکی لیبراڵی عەلمانی، کۆمەڵە ڕۆشنبیرێکی بورژوازی بچوکی دەگرتە خۆی.

**لەو بنەمایانەی کە ئەم پارتە کاری لەسەر دەکرد:**

1. دژایەتی سیاسەت و ڕێبازی چەپی ناوەڕاست لەناو پارتی گەلی کۆماری.
2. پابەندبوون بەو (6) بنەمایەی کاتی خۆی مستەفا کەمال دایڕشت بۆ سیستمی حوکمڕانی لە وڵاتی تورکیا.

لە تەموزی (1970)، بابەتی یەکگرتنی هەرسێ پارتی (متمانە- تورکیای نوێ - ئازادی) لەگەڵ پارتی نەتەوە، جێگای باس و لێکۆڵینەوە بوون. (هەردوو پارتی تورکیای نوێ و پارتی نەتەوە دواتر چالاکییان لێ قەدەغەکرا)، بەڵام پرسی یەکگرتنیان سەرینەگرت، بە هۆی ناکۆکی و تاوانبارکردنی یەکتر.

هەر لەم هەلومەرجەدا، کۆمەڵە ئەندامێکی پارتی نەتەوە، جیابوونەوە و پەیوەندییان بە پارتی متمانەوە کردو ناوی پارتەکە گۆڕاو بوو بە پارتی متمانەی نیشتیمانی.

لە ساڵی (1972) گروپێك لە ئەندامانی پارتی گەلی کۆماری جیابوونەوە، بە سەرکردایەتی (کەمال ساتر) بە هۆی نارازیبوون لە سیاسەتەکانی (بوڵەند ئەجەوید) دواتر هاتنە ناو ریزی پارتی متمانە و پارتەکەش ناوی بوو بە پارتی متمانەی کۆماری.

**بیروباوەر و سیاسەتی ئەم پارتە: (120)**

ئەم پارتە لە کاری سیاسی و ئایدیۆلۆژیدا، جەختی لەسەر ئەم بابەتانە کردۆتەوە:

ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران، دەستەبەرییە دەستورییەکان و ئازادی تاك، دژایەتیکردنی هزری کۆمۆنیستی و کاریگەری سۆسیالیستی لە تورکیا، ئەگەر بە شێوەیەکی ئاشکرا بێت یان نهێنی.

دەربارەی پەیوەندییەکانی تورکیاوە بە پەیمانی ناتۆ (ئەتڵەسی) سەرۆکی پارتەکە (تورهان ئۆغلو) بەمشێوەیە باسیدەکات:

چونە ناو پەیمانی ئەتڵەس بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانە، بەردەوامیمان لەناو ئەو پەیمانەش لەسەر ئەم بنچینەیە دەبێت. دژوارە بۆ پەیمانی ئەتڵەسی رێگریمان لێبکات بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە نیشتیمانییە گرنگەکامنان، ئەم هەڵوێستەش زۆر گرنگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی قوبرس.

**پێگەی ئەم پارتە لە هەڵبژاردنە گشتیەکان:**

-1لە هەڵبژاردنی ساڵی (1969)، ئەم پارتە (15)ئەندامی گەیشتە بەرلەمان.

-2لە هەڵبژاردنی ساڵی (1973)، ئەم پارتە (13)ئەندامی گەیشتنە پەرلەمان.

-3لە هەڵبژاردنی ساڵی (1977)، ئەم پارتە (3)ئەندامی گەیشتنە بەرلەمان.

ساڵی (1978)، لە پێکهێنانی حکومەتی تورکیا بە سەرۆکایەتی بوڵەند ئەجاوید، ئەم پارتە بەشداریکردووە.

# پارتی یەکگرتنی تورکیا
# (TURK BRILIK PARTISI)
# T B P

لە لایەن کۆمەڵە ئەندام(121) و سەرکردەیەکی سەر بە پارتی گەلی کۆماری دامەزراوە، ئەوان باوەڕیان بە هەندێك ڕێباز هەبووە و لە پارتی گەلی کۆماری جیابوونەتەوە.

ساڵی (1967) بە سەرکردایەتی جەنەرالی خانەنشین (سنك یللی) دامەزراوە.

لە کاتی دامەزراندنی پارتەکە، ڕایانگەیاند هەڵگری هیچ ڕێبازێکی ئاینی نین، ئامانجی بەدیهێنانی سۆسیالیزمی و خۆماڵیکردنی سامانی نیشتیمانی و بانکەکانە، هەروەها چاکسازی کشتوکاڵی.

بەڵام دروشمی پارتەکە بریتی بوو لە: (شێرێك و دوانزە ئەستێرە)، ئەم دروشمەش ئاماژەیە بۆ (12)ئیمامەکەی ڕێبازی شیعە، بە پێچەوانەی ڕاگەیاندنەکانی پێشویان.

هەروەها ئاڕاستە ئاینیەکانی بە ئاشکرا لەسەر هەردوو ڕۆژنامەی (ITIHAD) یەکێتی و ڕۆژنامەی (SABAH) سەباح، پێوە دیاربوو.

بۆیە حکومەت ئەم پارتەی تاوانبارکرد بەوەی ئاین بەکاردەهێنێت لە کاری سیاسی و دوای کودەتاکەی ساڵی (1971) بڕیاری داخستنی دەرچو.

# پارتی یەکگرتنی گەورە
# B B P

لە (29ی کانونی دووەمی 1993)، بە سەرکردایەتی (موحسین یازجی ئۆغلو) دامەزراوە.(122)

بە باڵێکی بزوتنەوەی نەتەوایەتی میانڕەو دەناسرێت، بەرنامەکەی بۆچوونی ئیسلامی لەخۆدەگرێت.

سەرکردەی ئەم پارتە پێشتر یەك لە سەرکردەکانی بزوتنەوەی نەتەوەیی (M H P) بوو، کە لە لایەن ئەلْپ ئەرسەلان تورکیشەوە رابەرایەتیدەکرا.

دەواتر لەگەڵ گروپێك لە ئەندامانی ناو ئەو بزوتنەوەیە جیابوونەوە و پارتی یەکگرتنی گەورەیان دامەزراند.

ئەم پارتە بە تەنها نەیتوانیوە هیچ رۆڵێکی کارا ببینێت، دەنگەکانی لە هەڵبژاردنەکاندا لە ئاستێکی لاوازدا بووە:

لە هەڵبژاردنی (1995) توانویەتی (7)ئەندام بگەیێنێتە پەرلەمان.

لە هەڵبژاردنی (1999) تەنها رێژەی (1.46%) دەنگەکانی بەدەستهێنا و نەگەیشتە پەرلەمان. دواتر لە هەڵبژاردنەکانی ساڵانی دیکە بەرەو لاوازتر بۆتەوە.

ئەم پارتە گفتوگۆ و هاوپەیمانی سیاسی لەگەڵ هەردوو پارتی (رێگای راست) و پارتی (سەعادەت) هەبووە لە کاتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیا.

# پارتی تورکیای نوێ
# YTP

ئەم پارتە لە (22ی تەموزی 2002) بە سەرکردایەتی (ئیسماعیل جەم) دامەزراوە(123)، (58) ئەندامی لە پەرلەمانی تورکیا هەبووە.

پارتی تورکیای نوێ، لە لایەن ئەو ئەندام پەرلەمانانەی، کە لە پارتی چەپی دیموکراتی جیابوونەوە دامەزراوە، لەو کەسانەی سەرکردایەتی ئەم پارتەیان پێکهێناوە، هەریەك لە: ئیسماعیل جەم (وەزیری دەرەوە لە حکومەتەکەی بوڵەند ئەجەوید).

ئیسماعیل ئۆزکان (جێگری سەرۆك وەزیـران لەو حکومەتە)، هەروەها (کەمال دەرویش وەزیری کاروباری ئابوری لەو حکومەتە)، لەگەڵ حەوت

وەزیری دیکەی ناو حکومەتەکە.

ئەو سەرکردانەی هەوڵیانداوە گۆڕانکاری لە کاروباری ناوخۆی پارتی چەپی دیموکرات بکەن، بەڵام بە هۆی پەسەندنەکردنی ئەو پێشنیارانە، ئەو سەرکردانە بڕیاری جیابوونەوەیان دا.

**لە ئامانجەکانی ئەم پارتە:**

1. پەرەسەندنی ئابوری تورکیا.
2. فراوانکردنی سنوری ئازادییە سیاسی و کولتورییەکان.
3. وەرگرتنی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا.

دوای ماوەیەك (کەمال دەرویش) ریزی پارتی تورکیای نوێی بەجێهێشت و پەیوەندی بە پارتی گەلی کۆماری کرد بە سەرۆکایەتی دەنیز بایکال. ئەم پارتە وردە وردە رووی لە لاوازی کرد.

## پارتی لاوان
## G P

پارتی لاوان، ساڵی (2002) لە لایەن ملیۆنێری گەنجی تورك (جیم هۆزان) و(124) بنەماڵەکەی دامەزراوە، پارتێکی لیبراڵی راسترەوە، بە یەك لە باڵەکانی رەوتی چەپی ناوەڕاست دادەنرێت. زۆربەی سەرکردەکانی لەو گەنجانە بوون، کە تازە رێگەی سیاسەتییان گرتبووەبەر و کەم ئەزموون بوون.

ئەم پارتە بۆ ئەوەی دەنگی لاوان بەلای خۆیدا رابکێشێت، کۆمەڵێك بەڵێنی خستەڕوو وەك: بڕینەوەی موچە بۆ بێکاران و خوێندکاران، بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتی تاك، کەمکردنەوەی نرخی کەرەستەی خاو بە رێژەیەکی گەورە، فرۆشتنی گاز(مازوت) لیتری بە لیرەیەك بۆ جوتیاران و راوچییان، کردنەوەی دەرگای زانکۆکان لەبەردەم دەرچوانی ئامادەییەکان.

لە ساڵی (2003) ئەم پارتە رووبەرووی تەنگەژەیەکی گەورە بۆتەوە بە هۆی

مایەپوچی ئەو بنەماڵەیە و هەڵاتنی ئەندامانی بۆ دەرەوەی وڵات، دارِمانی بانکی ئاوەدانکردنەوە و نزیکەی (202) کۆمپانیای ئەو بنەماڵەیە، کە لەژێر ناوی گروپی ئۆزانی (UZAN) بازرگان کاریانکردووە.

ئەم بنەماڵەیە کەوتنە دۆخێکی دژوار، نزیکەی (180) هەزار کەس بە هۆی مایەپوچی بانکی ئاوەدانکردنەوە زیانیانلێکەوت و حکومەت ناچاربوو قەرەبویان بکاتەوە، کە کۆی ئەو قەرەبووانە دەگەیشتە شەش ملیار دۆلار.

جیم ئۆزان، سەرۆکی پارت، بیروبۆچوونەکانی دەربارەی کاروباری وڵات بەمشێوەیە خستۆتەڕوو:

لە وڵاتێکی وەك تورکیا، گەشتوگوزار، کشتوکاڵ، پیشەسازی رستن و چنین لە بوارە بەهێزەکانی ئابورین، کە پێویستە بایەخی پێبدرێت و جەختی لەسەر بکەین لە کاتی رکابەری نێودەوڵەتی.

کشتوکاڵ پێویستی بە پەرەسەندن هەیە، حکومەتی تورکیا ئەم بوارەی بە تەواوەتی بە تەواوەتی پشتگوێخستووە.

**هەروەها ناوبراو لە باسەکانی دیکەدا دەڵێت:**

پارتی لاوان لەسەر هەمان رێبازی کۆنی پارتەکان لە هەڵبژاردن کار ناکات، ئەو شێوازە کۆنانە، کە بریتین لە پێچ و پەنا و بەستنی کۆنگرە و کۆبونەوەکان، سودیان نەماوە، ئێمە ناوی (128) ژنمان لە لیستی هەڵبژاردنەکان تۆمارکردووە، نەك لەبەر ئەوەی کارەکەمان پەیوەندی بە ژنەوە هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی پەیوەندی بەو سەرکەوتنانە هەیە، کە ئەو ژنانە بە دەستیانهێناوە، ئێمە زۆر بایەخ بەجۆرو رەگەز نادەین.

ئەگەرچی سەرۆکی پارت (جیم) بە پێچەوانەی راپرسیەکان وای راگەیاند، کە پارتەکەی لە هەڵبژاردنی گشتی وڵات، دووەم پارت دەبێت، بەڵام لە هەڵبژاردنی ساڵی(2002)ی پەرلەمان، تەنها رێژەی (7%)ی دەنگەکانی بەدەستهێنا.

## پەراوێزەکانی بەشی یەکەم:

1. الحياه السياسيه فى تركيا الحديثه (1919 - 1938)، د.احمد نورى النعيمى، جامعه بغداد، ط1، 1990، ص183

2. صنع تركيا الحديثه، فيروز احمد، ترجمه د.سلمان داود الواسطى، د.حمدى حميد الدورى، بيت الحكمه، بغداد، گ1، 1993، ص124.

3. ئێران و توركيا (تۆژینەوەیەك لە مێژووی تازەو هاوچەرخ)د.ابراهیم خلیل ئەحمەد/د. خەلیل عەلی موراد. وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە، بەهادین جەلال مستەفا، چاپی2011/2، هەولێر.لا289

تركيا فى القرن العشرين، د.احمد عبدالعزيز محمود، گ1، 2011، اربيل ص26

4. تاريخ تركيا الحديث، اريك زوركر، ترجمه د.عبداللطيف الحارس، دار المدار الاسلامى، گ1، 2013، ص257

5. موقف التيار الاسلامى و التيار العلمانى فى تركيا من القضيه الكرديه، د.وليد رضوان، دارالنهج، سوريا، گ2008/1، ص113

6. النظام السياسى فى تركيا، د.احمد نورى النعيمى، دار زهران للنشر و التوزيع، الاردن، ط2012/1.ص194

7. ئێران و توركیا، سەرچاوەی پێشو، لا316

سایتی LKHWAN WIKI

8. مێژووی هاوچەرخی توركیا، د.سامان حوسین ئەحمەد، د.بەختیار سەعید محمود چاپی 2014/1، هەولێر، لا62

9. توركیای هاوچەرخ، د.ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و ئەوانی دیكە، وەرگێڕانی سامان مستەفا، چاپی2008/1 سلێمانی لا55

10. گۆڤاری كوردستان دیپلوماتیك، هاوژین محێدین، ژمارە(5)تەموز/2014دەزگای ئایدیا، بابەتی، جەهەپە لە نێوان گۆڕانكاری و دژایەتی پرسی كورد.

العرب و الاتراك، الابنعاث و التحديث من العثمنه الى العلمنه، د.سيار الجميل مركز دراسات الوحده العربيه، گ2997/1/ص208

سایتی IKWAN WIKI
11. القضايا القوميه فى تركيا، م.أ.حسريان، ترجمه سيامند سيرتى.
12. موسوعه السياسيه، د.عبدالوهاب الكيالى، ج2، المؤسسه العربيه للدراسات والنشر، بيروت، ط2001/4، ص319
13. تركيا من الخلافه الى الحداثه، منصور عبدالكريم، دار الكاتب العربى، القاهره، ط2012/1ص42.
14. الحياه السياسيه فى تركيا الحديثه (1919 - 1938)، سەرچاوەی پێشو، ص198.
15. النظام السياسى فى تركيا، سەرچاوەی پێشو، ص221، 223
16. گۆڤاری، دۆسیی تورکیا، ژمارە(1)مایسی، 2005، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی لا22.
17. صنع تركيا الحديثه.، سەرچاوەی پێشوو، ص133
18. الحياه السياسيه فى تركيا الحديثه، سەرچاوەی پێشوو، ص203
19. تاريخ تركيا المعاصر، مجموعه من الباحثين السوفيت – ترجمه، د.هاشم صالح التكريتى مكتب الفكر و التوعيه فى الاتحاد الوطنى الكردستانى، السليمانيه/2007، ص197
20. تاريخ تركيا المعاصر، سەرچاوەی پێشوو، ص197
*اكراد تركيا، د.ابراهيم الداقوقى، دار ئاراس اربيل/گ2008/2، ص127
21. مێژووی تورکیای هاوچەرخ، حەمید بۆز ئەرسەلان، وەرگێڕانی د.نەجاتی عەبدوڵڵا، دەزگای ئاراس/هەلێر/چاپی2.ساڵی2012، ل51.
22. تاريخ تركيا المعاصر، سەرچاوەی پێشوو، ص197
23. تاريخ تركيا الحديث – أريك زوكر، سەرچاوەی پێشوو، ص260
24. ئێران و تورکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص298
25. تورکیای هاوچەرخ، سەرچاوەی پێشوو، ص174
26. تاريخ تركيا المعاصر، سەرچاوەی پێشوو، ص160
27. النظام السياسى فى تركيا، سەرچاوەی پێشوو، ص242
28. تاريخ تركيا الحديثه، سەرچاوەی پێشوو، ص261
29. تاريخ تركيا الحديثه، سەرچاوەی پێشوو، ص364

30. ظاهره التعدد الحزبى فى تركيا(1945 - 1980)د.احمد نورى النعيمى، جامعه بغداد، 1989، ص25

31. تركيا بين العلمانيه و الاسلام فى القرن العشرين، د.وليد رضوان، بيروت گ2006/1، ص69.

32. ئێران و توركيا، سەرچاوەی پێشوو، لا313

33. ظاهره التعدد الحزبى فى تركيا، سەرچاوەی پێشوو، ص29

34. مێژووی هاوچەرخی توركيا، د.سامان حوسين، سەرچاوەی پێشوو، لا79

35. * ظاهره التعدد الحزبى فى تركيا، سەرچاوەی پێشوو، ص71

*تركيا و حلف شمال الاطلسى، د.احمد نورى النعيمى، الدار الوطنيه للتوزيع و الاعلان، بغداد، 1981، ص112

*النظام السياسى فى تركيا، سەرچاوەی پێشوو، ص169

36. مێژووی هاوچەرخی توركيا، د.سامان حوسين، سەرچاوەی پێشوو، لا173

37. تاريخ تركيا الحديث، سەرچاوەی پێشوو، ص320

38. مێژووی هاوچەرخی توركيا، د.سامان حوسين، سەرچاوەی پێشوو، لا180

39. گۆڤاری كوردستان دیپلوماتيك، دەزگای ئایدیا، سلیمانی ژمارە(3)ئازاری/2014 سيار خورماڵی، لا56

40. مێژووی هاوچەرخی توركيا، 1، سامان حوسين، سەرچاوەی پێشوو، لا180

41. مێژووی هاوچەرخی توركيا، 2، سامان حوسين، سەرچاوەی پێشوو، لا180

42. تاريخ تركيا المعاصر، سەرچاوەی پێشوو، ص386

43. تركيا من الخلافه الى الحداثه، منصور عبدالكريم، گ2013/1 دمشق، ص96

44. تركيا بين العلمانيه و الاسلام فى القرن العشرين، سەرچاوەی پێشوو، ص74

45. توركيای هاوچەرخ، سەرچاوەی پێشوو، لا88

46. تركيا من الخلافه الى الحداثه، سەرچاوەی پێشوو، ص96

47. تەماشای ئەم سەرچاوانە بكە:

*مەهەپە و گورگە بۆرەكان، ڕێكەوت ئیسماعیل ئیبراهیم، سلیمانی، چاپخانەی شڤان، ساڵی/2014، لا25.

*ظاهره التعدد الحزبى فى تركيا – سەرچاوەی پێشوو، ص212

*ئێران و تورکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص314

*تورکیای هاوچەرخ، سەرچاوەی پێشوو، ص184

48. ظاهره التعدد الحزبی فی ترکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص214

49. گۆڤاری کولتور.ژمارە(12)نیسانی2014، ڕێکەوت ئیسماعیل، مەکتەبی ئامادەکردنی کادران و هۆشیاری (ی ن ك)، سلێمانی.

50. گۆڤاری کەلتور، سەرچاوەی پێشوو، لا94

51. ظاهره التعدد الحزبی فی ترکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص215

52. ظاهره التعدد الحزبی فی ترکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص217

53. ترکیا فی الاستراتیجیه الامریکیه بعد سقوط الشاه، د.جرجیس حسن، ایران، سنه 1989، ص51، 48.

54. ترکیا من الخلافه الی الحداثه، سەرچاوەی پێشوو، ص85

55. سایتی IKWON WIKI

56. ئێران و تورکیا – سەرچاوەی پێشوو، ص314

57. خارطه الحرکات الاسلامیه فی ترکیا المعاصره، د.أبراهیم خلیل العلاف، سایتی ویکیبیدیا، الموسوعه الحره، فی 9/کانونی الپانی/2006.

58. *الحرکات الاسلامیه فی ترکیا المعاصره، طارق عبدالجلیل السید، سایتی ویکیبیدیا

*ترکیه میدان الصراع بین الشرق و الغرب، د.محمد طه الجاسر، دار الفکر دمشق، گ2002/1، ص277

*النظام السیاسی فی ترکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص154.

59. ئێران و تورکیا، سەرچاوەی پێشوو، لا324

60. ظاهره التعدد الحزبی فی ترکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص176

61. ترکیا بین الصفوه البیروقراطیه و الحکم العسکری، نوبار هوفسیبان، مۆسسه الابحاث العربیه، بیروت، گ1، 1985، ص39

62. مێژووی هاوچەرخی تورکیا، د.سامان حوسین، سەرچاوەی پێشوو، لا219

63. تاریخ ترکیا الحدیث، سەرچاوەی پێشوو، ص354

64. ڕێکخستنە سیاسییەکانی باکوری کوردستان، (1960، 1980)، ماجد خلیل فتاح چاپی/1

(2012)، هەولێر، لا72

65. التطورات السياسيه الداخليه فى تركيا.رساله دكتورا –نورال عبدالجبار سلطان.(غير مطبوع) جامعه موصل، 2002لا73

66. ظاهره التعدد الحزبى فى تركيا، سەرچاوەی پێشوو، ص174

67. *تركيا فى قرن العشرين، سەرچاوەی پێشوو، ص79

*صنع تركيا الحديثه، سەرچاوەی پێشوو، ص130

68. تاريخ تركيا المعاصر، سەرچاوەی پێشوو، ص376

69. حزب العداله التركى حتى الانقلاب العسكرى/1980، دراسه تاريخيه.

م.م هزبر حسن شالوخ، جامعه ديالى، كليه التربيه، قسم تاريخ، مجله ديالى، 2008، سايتى ويكيبيديا، الموسوعه الحره.

70. ظاهره التعدد الحزبى فى تركيا، سەرچاوەی پێشوو، ص191

71. القضايا القوميه فى تركيا، سەرچاوەی پێشوو، ص51

72. حزب العداله التركى حتى انقلاب العسكرى/1980، سەرچاوەی پێشوو

73. العرب و الاتراك، الانبعاث و التحديث، سەرچاوەی پێشوو، ص204

74. العرب و اتراك، الانبعاث و التحديث، سەرچاوەی پێشوو، ص205

75. حزب العداله التركى حتى الانقلاب العسكرى/1980، سەرچاوەی پێشوو

76. تاريخ تركيا المعاصر، سەرچاوەی پێشوو، ص376

77. حزب العداله التركى حتى الانقلاب العسكرى/1980، سەرچاوەی پێشوو

78. تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

*مێژووی تورکیای هاوچەرخ، سەرچاوەی پێشوو، لا269

*صنع تركيا الحديث، سەرچاوەی پێشوو، ص406

*تركيا بين الصفوه البيروقراطيه و الحكم العسكرى، سەرچاوەی پێشوو، ص249

*دور المؤسسه العسكريه التركيه فى السياسيه الداخليه (1980 - 2002) دلشاد محمود صالح، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجيه، السليمانيه، 2012، ص123.ص212

79. تورکیای هاوچەرخ، سەرچاوەی پێشوو، لا187

80. *ئێران و تورکیا، سەرچاوەی پێشوو، لا384

81. *رۆژنامەی، الشرق الاوسگ، العدد(1038) فی (6/ئایار/2007).

*النظام السیاسی فی ترکیا، سەرچاوەی پێشو، ص371

82. موقف التیار الاسلامی و التیار العلمانی فی ترکیا من القضیه الکردیه، سەرچاوەی پێشوو، ص232.

83. موقف التیار الاسلامی و التیار العلمانی فی ترکیا القضیه الکردیه، سەرچاوەی پێشوو، ص232

84. تاریخ ترکیا الحدیث، سەرچاوەی پێشوو، ص405

85. تاربخ ترکیا الحدیث، سەرچاوەی پێشوو، ص408

86. ترکیا بین العلمانیه و الاسلام فی القرن العشرین، سەرچاوەی پێشوو، ص244

87. ئێران و تورکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص384

88. موقف التیار الاسلامی و التیار العلمانی فی ترکیا من القضیه الکردیه، سەرچاوەی پێشوو، ص180

89. صناعه القرار فی ترکیا، والعلاقات العربیه الترکیه، د.جلال عبد الله معوض، مرکز دراسات الوحده العربیه، گ1998/1، بیروت، ص102

90. * صناعه القرار فی ترکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص102

*صنع ترکیا الحدیثه، سەرچاوەی پێشوو، ص448

91. ترکیا، البحث عن الذات، ممدوح عبدالمنعم، مرکز الاهرام للنشر و الترجمه و التوزیع القاهره، گ1، 2012، ص34

92. ترکیا، البحث عن الذات، سەرچاوەی پێشوو، ص34

93. تاریخ ترکیا المعاصر، سەرچاوەی پێشوو، ص376

94. الموقف التیار الاسلامی العلمانی من القضیه الکردیه، سەرچاوەی پێشوو، ص236

95. موقف التیار الاسلامی و التیار العلمانی فی ترکیا من القضیه الکردیه، سەرچاوەی پێشوو، ص236.

96. تاریخ ترکیا المعاسر، د.ابراهیم خلیل و اخرون، جامعه موصل، گ1988/1، ص188

97. سایتی IKWAN WIKI

98. صناعه القرار فی ترکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص99

99. صناعه القرار فی ترکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص100
100. سایتی IKWAN WIKI
101. موقف التیار الاسلامی والتیار العلمانی فی ترکیا من القضیه الکوردیه، سەرچاوەی پێشوو، ص291.
102. جریده الشرق الاوسط، العدد/1038، 6/حزیران/2007
103. * تورکیای هاوچەرخ، سەرچاوەی پێشوو، لا198
ئێران و تورکیا – سەرچاوەی پێشوو، لا386
* سایتیWIKIPIDIA.ORG –دۆزی کورد لە تورکیا، لا85
104. العنف السیاسی فی ترکیا، دراسه الاسباب و الظواهر، رعد عبد الجلیل مصطفی، الجامعه المستنصریه، بغداد، ص20
105. * تورکیای هاوچەرخ، سەرچاوەی پێشوو، لا198
* سایتی ویکیپیدیا، WIKIPEDIA.ORG دۆزی کورد لە تورکیا، لا198
106. تورکیای هاوچەرخ، سەرچاوەی پێشوو، لا198
107. تورکیای هاوچەرخ، سەرچاوەی پێشوو، لا198
108. موقف التیار الاسلامی والتیار العلمانی فی ترکیا من القضیه الکردیه، سەرچاوەی پێشوو، ص235
109. صناعه القرار فی ترکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص100
110. * موقف التیار الاسلامی و التیار العلمانی من القضیه، سەرچاوەی پێشوو، ص262
*اکراد ترکیا، ابراهیم الداقوقی، سەرچاوەی پێشوو، ص210
111. تورکیای هاوچەرخ، سەرچاوەی پێشوو، ص200
112. *ترکیا، البحث عن الذات، سەرچاوەی پێشوو، ص31
* النظام السیاسی فی ترکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص381
113. السیاسیه الخارجیه الترکیه، حیال الشرق الاوسط (1991 - 2006)جلیل عمر علی، مرکز کردستان للدرسات الاستراتیجیه، السلیمانیه، 2011.ص68
114. أستراتیجیه ترکیا فی الشرق الاوسط بعد أحداث(11) أیلول/2001، کمال عبدالله حسن، مرکز للدراسات الاستراتیجیه، السلیمانیه، 2013، ص292

115. صناعه القرار فی ترکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص108

116. تاریخ ترکیا الحدیث، سەرچاوەی پێشوو، ص448

117. ترکیا فی القرن العشرین، سەرچاوەی پێشوو، ص111

118. سایتی ویکیپیدیا، الموسوسه الحره

119. ترکیا بین العلمانیه و الاسلام، سەرچاوەی پێشوو، ص166

120. ظاهره التعدد الحزبی فی ترکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص192

121. التطورات السیاسیه الداخلیه فی ترکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص77

122. تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

* صناعه القرار فی ترکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص318

* جریده الشرق الاوسط، العدد(1038)فی 6/حزیران/2007

123. ترکیا البحث عن الذات، سەرچاوەی پێشوو، ص27

124. سەرچاوەکان:

* سایتی IKWAN WIKI

* جریده الشرق الاوسط، سەرچاوەی پێشوو.

# بەشی دووەم
# بزوتنەوەی کرێکاری و پارت و ڕێکخراوە چەپەکان

# بزوتنەوەی کرێکاری لە تورکیا

أ) شیکردنەوەیەکی گشتی

لەگەڵ کارکردن بەدەستوری عوسمانی بۆجاری دووەم لە ساڵی (1908)، ژیانی سیاسی(1) لەژێر سێبەری ئەو دەسەڵاتە گەشەکردنێکی بەخۆیەوە دی، هەروەها گەیشتنی حزبی (ئیتیحادو تەرەقی) بە دەسەڵات، بوو بە هۆی خۆشکردنی دەرفەت لە بەردەم رەوتە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە، کە چەندین پارت و ئاڕاستەی سیاسی جیاوازی تێدابوو. حکومەت لە (8ی تشرینی یەکەمی 1908) یاسای کاتی کاریدەکرد، بەپێی ئەو یاسایە مافی کرێکاران سەلمێنرا، هەروەها دواتر لە (9ی ئابی 1909) بڕیار لەسەر یاسایەکی نوێی کار درا.

دوای راگەیاندنی رژێمی کۆماری ساڵی (1923) لە تورکیا، ئەو یاسایە بووە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ کار و چالاکیەکانی بزوتنەوەی کرێکاری لە تورکیا.

لەم بوارەدا، هێزە سیاسییە ئەرمەنی و بوڵگاریەکان، سودیان لەو ئازادییە سیاسییە وەرگرت کە لە ماوەی دەسەڵاتداری حزەبی (ئیتیحادو تەرەقی) رێگای پێدرابوو، گروپ و کۆمەڵە سۆسیالیستەکان چەندین کۆبونەوە و کۆنگرەیان بەست، خۆیان لە چوارچێوەی رێکخراوە سۆسیالسیتەکان رێکخستووە.

ئەم بزوتنەوە سۆسیالیستیانە لە پێش شۆڕشی دەستوری ساڵی (1908) بەشێوەیەکی ئاشکرا کاریاندەکرد، لەم بارەوە (محەمەد مەجید) و گروپێکی بچوکی سۆسیالیستەکان رۆژنامەیەکیان لەژێر ناوی (IRGAT) بە هەردو زمانی تورکی و یۆنانی دەرکرد، شاری ئیستەمبوڵ بووە ناوەندی بزوتنەوەی کرێکاری، حوسین حلمی رێکخراوی سۆسیالیستی لاوانی تورکی پێکهێناو چەندین رۆژنامەی دەرکرد، وەك: ئەزمیری ئازاد، دەنگی نەتەوە.

سەرەرای ئەو کارانە ناوبراو پارتی ئازادی و هاوپەیمانی دامەزراند، کە پاشان حکومەت رێگای کارکردنی لێگرت. ساڵی (1912) پارتێکی دیکە پێکهات لە ناوچەی (سلاڤیك) لە ژێر ناوی: (یەکێتی سۆسیالیستی تورکیا) و لقی لە شارەکان بڵاوبووەوە.

هەر لەو ماوەیەدا یانەی کرێکاری و رێکخراوەکان گەشەیانکرد، وەك یەکێتی (بناردیا) لەناوچەی سلاڤیك، پارتی دیموکراتی سۆسیالیستی لە ئیستەمبوڵ، هەروەها کاتێك کۆنگرەی بزوتنەوەی سۆسیالیستەکان لە شاری (ستۆکهۆڵم) سازدرا، ساڵی (1917) نوێنەرانی تورك ئامادەیبوون، وەك پرۆفیسۆر حوسین زادە، نەسیم مازلی، عەقیل نەجار. دەکرێت ئاماژەش بۆ کاریگەری گەورەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری روس بکەین لە ساڵی (1917)، بەسەر ئەو هێز و لایەنە سیاسییانە لە تورکیای عوسمانی، سەرەڕای چالاکییەکانی رێکخراوە جیاوازەکانی کۆمۆنیستی لەو وڵاتە.

هەروەها ئاماژەش بۆ رۆڵی ئەو سوپایە بکەین، کە بە ناوی سوپای (سەوز)، مستەفا کەمال دایمەزراند ساڵی (1920)، کاریگەری هەبووە بەسەر

بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی سۆسیالیستی، هەوڵیشیانداوە کە بیروباوەڕەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری سوڤیەتی بگەیێنێتە تورکیا و نمونەی ئەو سیستمەش لە تورکیا دابمەزرێت.

**ب) قۆناغی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی: (2)**

چینی کرێکار لە تورکیا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لەبارودۆخێکی زۆر دژواردا بووە، لەو سەردەمە ژمارەی کرێکار لەو وڵاتە بـە(120-150) هەزار مەزندەکراوە، بەشی هەرە زۆریان لەو ناوچانە بوون کە هێزی بیانی داگیریکردبوون، لەناویشیاندا ژمارەیەکی زۆر ژن و منداڵی تێدابووە، ڕۆژی کارکردن نزیکەی(16)سەعاتی دەخەیاند، کرێ و ڕۆژانە زۆر کەم بوو.

لەناوچەکانی دیکەی تورکیاش، باری کرێکاران باشتر نەبووە، کرێکاری نەشارەزا لەشاری ئەستەنبۆڵا ڕۆژانە(14)سەعات کاریکردووە، ڕۆژانەشی نزیکەی(20) قوورش بووە، بەڵام کرێکاری شارەزا ڕۆژانەکەی دەگەیشتە(2) لیرەی تورکی. ئەمەو بێ باسکردنی هەر جۆرە و دەستەبەرێکی کۆمەڵایەتی یان ڕەچاوکردنی باری تەندروستی.

ئەو بارودۆخە پر مەینەتییەی کرێکاران تێیدا دەژیان، هانیدابوون خەباتبکەن لەپێناو مافەکانیان، بۆیە لە شـاری ئیستەمبوڵ لە ساڵی 1921دا چەند سەندیکایەك دامەزرا، وەك سەندیکای کرێکارانی هێڵی ئاسنین و سەندیکای کانەکان و سەندیکای پیشەسازییە دەستیەکان و رستن و چنین.

بەشی هەرە زۆری کرێکارانی ئەو سەندیکایانە بەشداریان لە جەنگی رزگاری نیشتیمانی کردووە، لە ساڵی 1921. لەو ساڵەدا ئەنجومەنی نیشتیمانی تورکیا چەند بریارێکی بۆ بەرژەوەندی کرێکاران دەرکرد، ئەو بریارانە زیاتر تایبەت بوو بە کرێکاری کانەکان، لەو بریارانەی کە دەرکرابوون: کارکردنی ڕۆژانە (8) سەعات بێت، پشوی یەك ڕۆژ لە هەفتەیەکدا، سەرەڕای چەند دەستکەوتێکی

دیکە. ئەم هەنگاوە یەکەم کاری یاسایی بوو، کە کاری کرێکاران ڕێکبخات.

سەرەڕای هەمو ئەو بارۆدۆخە ئاڵۆز و کۆسپانەش، بزوتنەوەی کرێکاری لە گەشەسەندندابوو، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر چالاکیەکانی کرێکاران دەبینین لە ساڵی (1920) مانگرتنێکی کرێکاری فراوان سەریهەڵدا لە شاری ئیستەمبوڵ، سەرەتا کرێکارانی هاتوچۆ دەستیانپێکرد، دواتر کرێکارانی کارەبا و کەشتییەکان و چەند پڕۆژەیەکی دیکەش بەشداریان تێداکرد، ئەو مانگرتنە درێژەیکێشا تا ساڵی (1921)، کە کرێکار و فەرمانبەرانی چاپخانەکانیش بەشداریان تێداکرد.

هەر لە شاری ئیستەمبوڵ خۆپیشاندانێکی گەورە لە (10ی ئایاری 1921) روویدا، خۆپیشاندەران داوای کشانەوەی هێزی داگیرکەران و باشکردنی هەلومەرجی کاریان دەکرد.

لە مانگی تەموزی (1922) یەکەم کۆنگرەی سەندیکاکان بەسترا، کە ژمارەیان نزیکەی (20-25) سەندیکا دەبـوو، لەو کۆنگرەیەدا، بڕیاردرا یەکێتیەك بۆ کرێکاران دامەزرێت لە ژێر ناوی یەکێتی سەندیکاکانی گشتی تورکیا، زۆرتریش کۆمۆنیستەکان کاریگەریان لەسەر دروستبوونی هەبوو.

دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا (1923) بارودۆخی کرێکاری لەو وڵاتە کەوتە ژێر(3) کاریگەری دەزگا ناسیۆنالیستەکانی دەوڵەت و ئایدیۆلۆژیای کەمالیزم، کە هەر جۆرە ململانێیەکی چینایەتیان رەتدەکردەوە، (هەروەك لە بەرنامەی پارتی دەسەڵاتدار ئاماژەی بۆ کرابوو).

یاساکانی کاری ئەو وڵاتە کاریگەری یاسا فاشیەکانی ئیتالیای لەسەر هەبوو، هەموو ئەو هەلومەرجانە وایکرد، کە سەندیکاکان دیاردەی مانگرتن و خۆپیشاندان و چالاکیە سیاسیەکانی کرێکاران بکەونەژێر کاریگەری ئەو دۆخە سیاسیەوە و کپیانبکەنەوە.

### ج) قۆناغی دوای جەنگی جیهانی دووەم:(4)

لە قۆناغی دوای جەنگی دووەمی جیهانی، بە تایبەتی لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم، ژمارەی چینی کرێکار رووی لە زۆربوون کرد و هۆشیاری چیانەیتیشیان گەشەیکردووە و کرێکاران بوونە هێزێکی سیاسی کە جێگەی بایەخدان بێت.

لە کاتێکدا هیچ گۆڕانێك لە جوگرافیای پیشەسازی تورکیا روونەدابوو، زۆربەی کۆمەڵە کرێکاریەکان وەك پێشتر لەناوچەکانی ئیستەمبوڵ و ئەزمیر و ئەدەنە و ئەنکەرە چڕببوونەوە، بەڵام لەبواری پەرەسەندنی کشتوکاڵی، گۆڕانێکی چۆنایەتی روویدابوو، پەرەسەندنی کشتوکاڵی لە تورکیا بە رێگە سەرمایەداریەکەی گەشەیدەکرد و توێژێکی کۆمەڵایەتی نوێی پەیداکرد لە لادێ و گوندەکان، ئەوانەش پرۆلیتاریای کشتوکاڵی بوون، ژمارەیان نزیکەی یەك ملیۆن کەس دەبوو.

بەو جۆرە دەکرێت لەو سەردەمە (کۆتایی پەنجاکانی سەدەی بیستەم) مەزەندەی ژمارەی کرێکاران بە دوو ملیۆن کرێکار بکرێت، ئەگەر ژمارەی ئەوانی بێکارن بخرێنە سەر ئەو ژمارەیە دەبنە نزیکەی سێ ملیۆن کرێکار.

لە کاتێکدا تا ساڵی (1950) رێگە بە کرێکاران نەدەدرا بەشداری هیچ چالاکیەکی سەندیکایی و سیاسی بکەن، بە هۆی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیستی کەمالیزم، کە قبوڵی هەرجۆرە ململانێیەکی چینایەتی یان نەتەوایەتی نەدەکرد لە تورکیا، بەڵام دوای جەنگی جیهانی دووەم و بە هۆی ئەو سیاسەتە لیبراڵیەی تورکیا گرتیەبەر، ئەوا چەند رێکخراوێکی کرێکاری دەرکەوتن و ژمارەیان دەگەیشتە (239) سەندیکای سەربەخۆ لە ساڵی (1952).

سەرەتا یەکێتی سەندیکای تورکی (TURK-IS) دامەزرا، کە ژمارەی ئەندامانی نزیکەی (150) هەزار کرێکار دەبوو. ئەم یەکێتییە بە پاڵپشتی دەسەڵاتەوە دامەزراوە.

ساڵی (1963) بە پێی یاسایەك رێگەدرا بە پارتە سیاسییەکان، کە سەندیکای کرێکاری دابمەزرێنن، ئەم یاسایە بوو بە هۆی گەشەکردنی یەکێتی کرێکارانی (TURK-IS) لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەم، هەر بە هۆی پەیوەندی یەکێتی کرێکارانی (TURK-IS) بە حکومەتی تورکیا و لایەنگری ئەم یەکێتیە بۆ سیاسەتەکانی حکومەت، جیابوونەوەیەك لەناو یەکێتیەکە روویدا، بە هۆیەوە سەندیکای شۆڕشگێڕی کرێکاران دروستبوو بە سەرۆکایەتی (کەمال تورکلەر)سکرتێری گشتی سەندیکای کرێکارانی کانەکان و ئەندامی دامەزرێنەری پارتی کرێکارانی تورکیا.

ئەو سەندیکایە کە ئاڕاستەیەکی چەپی هەبوو، پشتگیری بەهێزی لەناو کرێکاران بە دەستهێنا. ساڵی (1971) ژمارەی ئەندامانی ئەم یەکێتیە شۆڕشگێڕە زۆر زیادیکردووە، بە (350)هەزار کرێکار، مەزەندە دەکرا، هەروەها ژمارەی سەندیکاکانی زیاتر بوون لە (20) سەندیکا. ئەم یەکێتییە سەرپەرشتی خۆپیشاندانە کرێکارییەکەی رۆژانی (15-16ی حوزەیرانی 1970) کرد.

دوای کودەتا سەربازییەکەی ئازاری (1971)، پارتی کرێکارانی تورکی قەدەغەکرا، بەڵام(5) رێگە لە کاری سەندیکایی نەگیرا، بۆیە دوای ساڵی (1973)، دەکرێت بوترێت کە زۆربەی پارتە چەپەکانی تورکیا باڵییان لەناو یەکێتی سەندیکای کرێکارانی شۆڕشگێڕ هەبووە، وەك: پارتی کرێکارانی تورکی، پارتی شۆڕشی سۆسیالیستی، پارتی کرێکار و جوتیاران، پارتی کۆمۆنیستی (قەدەغەکراو)، تا پارتی گەلی کۆماریش.

هەموو ئەو پارتانە باڵیان هەبووە لەناو سەندیکای کرێکارانی شۆڕشگێڕ. لەو بارودۆخەی تورکیا تێیدا دەژیا، کرێکاران وردە وردە متمانەیان بە خۆیان زیاتر دەبوو، خەباتیان دژی ئاڕاستە ناسیۆنالیستییە توندڕەوەکان و دژی تیرۆری راستڕەو دەکرد، لوتکەی ئەو چالاکیانە خۆی لە جەژنی کرێکاران دەبینییەوە لە (1ی ئایاری 1976).

ساڵی (1977) عەبدوڵڵا باستورك بوو بە سەرۆكی سەندیكای كرێكارانی شۆڕشگێڕ (دیسك)، بوڵەند ئەجەوید سەركردەی پارتی گەلی كۆماری، ویستی عەبدوڵڵا بۆ لای پارتەكەی رابكێشێت و ئاڕاستەی هزری ئەم سەندیكایە بگۆڕێت بەرەو ئاڕاستەی سۆسیال دیموكرات، بەڵام ئەو هەوڵانە سەركەوتنێكی باشیان بە دەستنەهێنا.

ساڵی (1980)، یەكێتی سەندیكای كرێكارانی توركیا بە هاوشانی حكومەتی توركیا، كاریدەكرد، بەڵام یەكێتی سەندیكای كرێكارانی شۆڕشگێڕ، خۆی بێپشتگیری دەبینیەوە، بۆیە ناچاربوو رێبازێكی سەربەخۆ بگرێتەبەر، هەر لەو ساڵەدا ئەم یەكێتییە بە زنجیرەیەك مانگرتن هەستا، بارودۆخەكە بەوجۆرە درێژەیكێشا، تا كودەتا سەربازییەكەی ئەیلولی (1980).

**د-سەندیكای كرێكاران لە ناو توركیا:**

لە توركیا چەندین سەندیكای كرێكاران هەیە، گرنگترینیان ئەو سەندیكایانەن كە ئاڕاستەی سیاسیان هەیە، وەك:(6)

1. یەكێتی سەندیكای كرێكارانی توركیا: ساڵی (1952) دامەزراوە بە ناوی (TURK-IS) بە ناوبانگە، سەر بە حكومەتە، ژمارەی ئەو سەندیكایانەی پەیوەستن بەم یەكێتیە (32) سەندیكایە، ژمارەی ئەندامانی نزیكەی(1.700.000) ئەندامە.

2. یەكێتی سەندیكای كرێكارانی پێشكەوتوو: (DISK) ساڵی (1967) دامـەزراوە، دوای كودەتا سەربازییەكەی ئەیلولی (1980). رێگای چالاكی ئاشكرای لێ قەدەغە كراوە، ژمارەی ئەو سەندیكایانەی كە پەیوەستن بەم یەكێتیە(25)سەندیكا بووە، زیاتر لە یەك ملیۆن ئەندامی هەیە.

3. یەكێتی سەندیكاكانی مافی كار: (HAK-IS)، ساڵی (1976) دامەزراوە، پەیوەندی بە هێزی هەیە لەگەڵ ئاڕاستەی پارتە ئیسلامیەكان. ژمارەی ئەندامانی(160) هەزار ئەندام مەزەندە دەكرێت.

4. یەکێتی سەندیکای کرێکارانی نیشتیمانی: (MISK)، ئەم یەکێتیە لایەنگری پارتە راسترەوەکان دەکات.

لێرەدا ئاماژە بۆ دامەزراندنی دوو لە گرنگترین ئەو یەکێتیانە دەکەین، کە پێگە و رۆڵی مێژوویی کاریگەریان هەبووە:

یەکەم: یەکێتی سەندیکای کرێکارانی تورکیا: 7)TURK-IS)

ئەم یەکێتیە ساڵی (1952) دامەزراوە، زیاتر لە یەك ملیۆن ئەندامی هەیە، رەنگە بگاتە (1.700.000) ئەندام، سیاسەتێکی پراگماتیکی پەیڕەودەکات و لایەنگری دەسەڵاتە.

کرێکارانی سەر بە زۆربەی پارتە راسترەوە لیبراڵەکان ئەندامن لەناو ئەم یەکێتیە، ئەم یەکێتیە دوای کودەتاکەی ئەیلولی (1980)، تەنها یەکێتی بوو نوێنەرایەتی کرێکارانی کردبێت، لە لایەن دەسەڵاتەوە، رێگای کارکردنی ئاشکرای پێدراوە.

سکرتێری گشتی ئەم یەکێتیە (سادق سەید) بە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی دانرا، سەرەڕای کارەکەی وەك سکرتێری یەکێتی سەندیکاکان، دیارە ئەم کارەش بەرەوڕووی رەخنەی زۆری کردەوە.

دواتر، شەوکەت یەڵماز، وەك سەرۆکی ئەم یەکێتیە دانراوە، لە ساڵی (1982)، لە سەردەمی ناوبراو یەکێتی سەندیکاکان چالاکی باشی ئەنجامداوە.

دووەم: یەکێتی سەندیکای کرێکارانی پێشکەوتوو:8) DISK)

ئەم یەکێتیە ساڵی (1967) بە هەوڵی پارتی کاری تورکی، دوای ناڕەزاییەکان لە یەکێتی سەندیکای کرێکارانی (TURK-IS) بە هۆی سیاسەتەکانی و جیابوونەوەی ژمارەیەك لە ئەندامە دیارەکانی، دامەزراوە.

لە ناو سەرکردایەتی ئەو یەکێتیە (4-5) ئەندامیان لە دامەزرێنەرانی پارتی

کاری تورکی بوون (هەروەك لە بڕیاری دادگای دەستوری ناویان هات). بۆیە دەبینین (DISK) بە پێی بنەماکانی ئەو پارتە مارکسیە دەرکەوت.

ئەم یەکێتییە بنەمای سەندیکای ئازادی لاپەسەند نەبوو، هەوڵیدەدا بەرنامەی هۆشیاری چینایەتی لە وڵاتدا بڵاوبکاتەوە شانبەشانی ئایدیۆلۆژیای پارتی کار. ئەم یەکێتییە، یەکێتی سەندیکای کرێکارانی (TURK-IS) تاوانباردەکرد، کە بۆ بەرژەوەندی ئەمەریکا کاردەکات.

یەك لە چالاکییە گرنگەکانی، کە لە ڕۆژی (16ی حوزەیرانی 1970) پێیهەستاوە، سەرکردایەتیکردنی بوو بۆ کرێکاران و هاندانیان بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی میللی، ئەو کارە بوو بە هۆی پێکدادان لەگەڵ پۆلیسی تورکی و ئەنجامەکەشی کوشتنی (4) کەس و برینداربوونی (87) کەسی دیکە بوو. ئەو ناڕەزاییانەش مەبەستەکەی ڕێگرتنبوو لە پەرلەمانی تورکی، کە یاسای یەکێتی سەندیکای کرێکاران هەموارنەکاتەوە.

لە ئـازاری (1978)، ناڕەزاییەکانی زانکۆی ئیستەمبوڵ دژ بە کارە تیرۆریستییەکان، هاندەربوون بۆ سەندیکای (DISK)، کە داوای مانگرتن بکات، ساڵی (1980) بە هاندانی دیسك چەندین نوسینگە و دامەزراوە لە شارەکانی تورکیا داگیرکرا، هەندێکیان تاڵانیشکران، سەرئەنجام بوو بە هۆی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پۆلیس و کوژرانی (5) کەسیان.

لە ئامانجەکانی دیسك: بە هێزکردنی هاوکاری کرێکاران لەسەر ئاستی جیهانی، پیادەکردنی ماتریالیزمی زانستی، بەکارهێنانی هزری مارکس بۆ هۆشیارکردنەوەی چینی کرێکاران.

بڵاوکردنەوەی کولتورێکی پشتبەستو بە بنچینە زانستییەکانی چینی کرێکاران، کارکردن بۆ پەرەسەندنی باری ئابوری و کۆمەڵایەتی و هۆشیاری و سیاسی کرێکاران.

# پارتی کۆمۆنیستی یەکگرتوی تورکیا
# T K P

لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی و پاش جەنگ، چالاکییەکانی ڕەوت و ئاڕاستە سۆسیالیست(9) و مارکسییەکان لە تورکیای عوسمانی، بە ئاشکرا بەدیدەکرا.

بەهۆی ئەوەی روسیا دراوسێی دەوڵەتی عوسمانی بوو، چالاکییە سیاسییەکانی ناو روسیا کاریگەری لەسەر تورکیا دروستکردبوو، بە تایبەت دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری (1917). ئەو شۆڕشە و دەرئەنجامەکانی رەنگدانەوە و کاریگەری زیاتری بەسەر چالاکییە سیاسییەکان لە تورکیادا دروستکردبوو.

سیاسەتمەدارانی ئەو سەردەمە لە تورکیا، لەم بارەوە بە روونی باسی ئەو کاریگەریانەیان کردووە، هەندێکیان ئاماژەیان بۆ شۆڕشی بەلشەفی وەك هێڵی سور کردبوو، کە نابێت بگاتە خاکی تورکیا، لە کاتێکدا بەشێکی دیکەیان بە چاوی رێزو لایەنگری تەماشای ئەو شۆڕشەیان دەکرد، وەك سیستمێکی نوێی جیهانی باسییان دەکرد.

رووداوەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر خێرا دەگەیشتنە شارەکانی تورکیا، دەبوونە جێگای باس و گفتوگۆ، بە تایبەتی کاتێك ژمارەیەکی زۆری پەنابەرو کۆچبەرانی روس روویان لە شاری ئیستەمبوڵ کرد، هەروەها گەڕانەوەی سەربازە دیلەکانی تورك لای سوپای روس.

لە راستیدا، کاریگەرییەکە زیاتربوو بە هۆی گەڕانەوەی هەزاران کرێکار و گەنجی تورك، کە روویان لە ئەڵمانیا کردبوو، بە هۆی جەنگ و گوزەرانی خراپیان، وردە وردە دەگەڕانەوە بۆ تورکیا.

ئەو کرێکار و خوێندکار و گەنجانە لەماوەی مانەوەیان لە ئەڵمانیا، تێکەڵی ژیانی خەڵکی ئەو وڵاتە ببوون و بەشێکییان بەشداری چالاکی رێکخراوەیی و سیاسییان کردبوو، بە تایبەت ئەوانەی پەیوەندییان بە رێکخراوی (سپارتاکۆس) ی کۆمونیستی کردبوو لە وڵاتی ئەڵمانیا.

لەو سەردەمە چەندین رێکخراوی ئاڕاستە سۆسیالیستی و مارکسی پێکهاتبوون لە تورکیا، لەوانە: رێکخراوی (سیۆی سەوز)، کە بە هەوڵی (سوپای سەوز)*دامەزرا، بە سەرۆکایەتی حەقی بەهیج و ئاڕاستەیەکی سۆسیالیستی هەبووە، هەروەها ئەو رێکخراوە پێی باشتر بووە هەمان سیستمی سۆڤێتی لە تورکیا دابمەزرێت.

لە ئازاری (1919) کۆنگرەیەك بۆ رێکخراوە کۆمۆنیستیەکان بەسترا، بە سەرۆکایەتی مستەفا سوبحی، دواتر زۆربەی بەشداربووانی ئەو کۆنگرەیە لە لایەن پۆلیسەوە دەستگیرکران.

هەر لەو ماوەیەدا و لە کانونی یەکەمی(1918)، پارتی دیموکراتی سۆسیالیستی، بە سەرۆکایەتی حوسین رەزا لە شاری ئیستەمبوڵ، سەریهەڵدا.

لە لایەکی دیکەوە و لە ساڵی (1919) (حوسین حلمی) توانی سەرلەنوێ چالاکی پارتی سۆسیالیستی عوسمانی دەستپێبکاتەوە، ئەم پارتە دوو رۆژنامەی دەرکرد بە ناوی: (کرێکاران) و (ئیدراك).

لە بەهاری (1919) خوێندکارە تورکەکان لە ئەڵمانیا رێکخراوێکییان دامەزراند، کە پەیڕەوی هزری مارکسییان هەڵگرتبوو، هەر لەو ماوەیەدا

پارتی کرێکارانی و جوتیارانی تورکیا، بە سەرۆکایەتی دکتۆر شەفیق حستو لەگەڵ ئەدهەم نەجات دامـەزرا، کە هەردوکییان لە ئەڵمانیا خوێندنیان تەواوکردبوو، باوەڕیشیان بە هزری مارکسی هەبوو.

ساڵی (1920) پارتی گەل دامەزراوە، وەك پارتێکی مارکسی، ئەم پارتە لقێکی سەر بە (سوپای سەوز) بوو، کە لە تورکیا پێکهاتبوو، بە سەرکردایەتی نازم بەگ، بەڵام لە ساڵی (1921) ئەم پارتە هەڵوەشایەوە.

هەر لەو ماوەیەدا چەند رۆژنامەیەك دەرچووە، وەك رۆژنامەی (کرێکار) و (جیهانی نوێ)، کە مۆرکێکی سۆسیالیستیان هەڵگرتبوو.

هەر بۆ زاڵبوون بەسەر چالاکییەکانی رێکخراوە کۆمۆنیستەکان لە تورکیا و بۆ خۆنزیکردنەوە لە یەکێتی سۆڤێت لەو سەردەمە، مستەفا کەمال، بە شێوەیەکی نهێنی داوای لە کۆمەڵە هاوڕێیەکی خۆی کرد، کە پارتێکی کۆمونیستی دابمەزرێنن. لەو کەسانەی بەو کارە هەستان: رەفیق کورتای، محمود ئەسك، کەلەل یەملی، تەوفیق رەشتو، یونس نەدا و کۆمەڵێکی دیکەش، کە ژمارەیان لە (20) کەس تێپەڕ دەبوو، سکرتێری پارتەکەش حەقی بەهیج بوو.

دوای دامەزراندنی پارتەکە، کە ژمارەیەکی زۆری لایەنگر لەدەوری کۆبوونەوە، مستەفا کەمال دوای ئەوەی ئامانجەکانی خۆی لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت هێنایەدی، چ لە رووی سیاسییەوە بێت یان هاوکاری پەیداکردن، لە ساڵی (1925) بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پارتەکەی دەرکرد و بارەگاکانی داخست.

بەڵام دەربارەی بزوتنەوەی کۆمونیستی لە دەرەوەی تورکیا، ئەوا چالاکترین کەس لەو سەردەمە، ناوی مستەفا سوبحی دێتە پێش، ناوبراو ساڵی (1914) هەڵاتووە بەرەو روسیا، بەڵام لەوێ دەستگیر و زیندانی دەکرێت، لەو ماوەیەی کە لەزینداندا دەبێت سود لە زیندانییە کۆمونیستە روسەکان وەردەگرێت و دەربارەی هزری مارکسی تێگەیشتنی زۆر پەیدادەکات، دواتر ساڵی (1917)، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری (1917) لە زیندان ئازاددەکرێت.

لە نیسانی (1918)، مستەفا سوبحی توانی رۆژنامەی (جیهانی نوێ) دەربكات، ئەو رۆژنامەیە هەڵگری بیروباوەڕی سۆسیالیستی بوو.

لە كانونی یەكەمی (1918) مستەفا سوبحی بەشداری لە كۆبونەوەكانی سۆسیالیستی نێودەوڵەتی دەكات، هەروەها لە كۆنگرەی یەكەمی نێودەوڵەتی كۆمۆنیستی ساڵی (1919)، ئەم كۆبونەوەیە بەخاڵی وەرچەخان دادەنرێت بۆ دامەزراندنی پارتی كۆمۆنیستی توركی.

مستەفا سوبحی ساڵی (1920)، لەشاری باكۆ، نیشتەجێدەبێت، لەو ماوەیەدا ژمارەیەكی زۆری بڵاوكراوە و نامیلكە بە چاپ دەگەیێنێت و لەناو توركیا بڵاویاندەكاتەوە دەربارەی هزری ماركسی- لینینی.

ساڵی (1920) ناوبراو دەبێتە ئەندامی كۆنگرەی گەلانی رۆژهەڵات، كە لەشاری باكۆ دەبەسرێت. لە ئەیلولی (1920)، مستەفا سوبحی و هاوڕێكانی بڕیاری دامەزراندنی پارتی كۆمۆنیستی توركی دەدەن، دواتریش بڕیاری گەڕانەوە دەدەن بۆ خاكی توركیا. لە رێگای گەڕانەوە لە شاری (ترابزون) ی توركی، مستەفا سوبحی و (15) كەس لە هاوڕێكانی پەلاماردەدرێن و دەكوژرێن، تەرمەكانیان فڕێدەدرێتە ناو دەریای رەش. لەم بارەوە گومانی گەورە لە دەسەڵاتدارانی تورك دەكرێت.

كۆمۆنیستەكان لەكۆتایی ساڵی (1930)، هەوڵیاندا سەرلەنوێ خۆیان رێكبخەنەوە(10)، بەڵام لەو هەوڵەشیاندا سەركەوتن بە دەستناهێنن. حكومەتی توركیا هەڵمەتێكی دەستگیركردنی توند دەستپێدەكات، ژمارەیەك ئەندام و لایەنگرانی كۆمۆنیستی دەستگیركران لەناویاندا هەردو كادری سەركردایەتی (نازم حیكمەت و كەمال تاهیر).

هەر لەو ماوەیەدا رژێم لە توركیا یاسایەكی دەركرد بە ناوی (یاسای مەترسی سیاسی و تاوانی رۆژنامەوانی)، كە دژ بە چالاكی چەپەكان بوو، ساڵی (1931) رۆژنامەی (جیهان)یان لە دەرچوون راگرت.

حكومەتی توركیا ساڵی (1945) رایگەیاند، كە (131) كەس لە پیاو و ئافرەت هەستاون بە پێكهێنانی رێكخراوێك بە مەبەستی زیندوكردنەوەی

پارتی کۆمۆنیستی تورکی، لەوانە ژمارەیەکی زۆریان لێ زیندانیکراون و ئەشکەنجە دراون.

ساڵی (1962) کۆمۆنیستەکان بارەگای سەرەکی خۆیان گواستۆتەوە، لە (مۆسکۆ)(11)وە بۆ وڵاتی (ئەڵمانیای رۆژهەڵات) ئەو کارەش لەبەر دوو هۆ بووە:

1. بوونی زیاتر لە یەك ملیۆن کرێکاری تورك لە ئەڵمانیا.

2. نەبوونی پەیوەندی دیپلۆماسی لەنێوان تورکیا و ئەڵمانیای رۆژهەڵات (لەو سەردەمە).

پارتی کۆمۆنیستی تورکی لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردو، توانیویەتی بە هۆی رۆژنامە و ئێزگەی (بیزم رادیو) بە رۆڵی خۆی هەستێت لەو ماوەیەدا و ئاڕاستەی ئەو خۆپیشاندانانە بکات، کە پێش کودەتا سەربازیەکەی (1960) روویانداوە.

ژمارەی ئەندامانی ئەم پارتە لە حەفتاکانی سەدەی رابردو لەناو تورکیا بە (15) هەزار کەس مەزەندەکراوە، بەڵام لەدەرەوەی تورکیا پارتی کومۆنیست، دەستی بەسەر چەندین رێکخراوی چەپدا گرتبوو، لەوانە: رێکخراوی سۆسیالیزمی تورکیا، کە بارەگاکەی لە شاری (بەرلین) بوو، لەگەڵ رێکخراوی تورکی لە شاری ستۆکهولم، رێکخراوی (رۆشنبیری تورکی) لە شاری کولونیا لە ئەڵمانیای رۆژئاوا.

ئەو رێکخراوانە لە ساڵی (1968) یەکیانگرت و رێکخراوێکی نوێیان پێکهێنا لەژێر ناوی (یەکێتی سۆسیالیستە تورکەکان لە ئەوروپا). لە هەمانساڵدا رێکخراوێکی کۆمۆنیستی دیکە لەئەڵمانیای رۆژئـاوا دامـەزراوە بەناوی (رێکخراوی تورکە هۆشیارەکان).

پارتی کۆمۆنیستی تورکیا، لە کارو چالاکی رۆژانەی، توانی سەرکەوتوانە چەند شێوازێکی(12) جۆراوجۆر پەیڕەوبکات، ئەو پارتە ئەندامانی خۆی خزاندە ناو پارتی کاری تورکی، کە ساڵی (1962) دامەزرابوو، بە ئاشکراش کاریدەکرد و لەناو شارەکانی تورکیا زیاتر لەناو توێژی خوێندکار و کرێکاران

گەشەیکردبوو، ڕێبازی سیاسیشی نزیکبوو لە ڕێبازی کۆمۆنیستی جیهانی، ئەگەرچی بەردەوام ئەوەی دوبارەدەکردەوە، کە هیچ پەیوەندیەکی بە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانی نییە، بەڵکو وەك پارتێکی کۆمۆنیستی نەتەوەیی کاردەکات.

هەرچەندە پارتی کۆمۆنیستی تورکی لەبڵاوکراوەکانی ئاماژەی بۆ قۆناغی شۆڕشی نیشتیمانی دیموکراتی دەکرد، بەڵام پشتگیری پارتی کاری تورکیشی دەکرد، لە بانگەشەی بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی ئەو کارەش بە مەبەستی بە دەستهێنانی پشتگیری بووە لە لایەن چەند هێزێکی سیاسی سەر گۆڕەپانەکە.

پارتی کۆمۆنیستی تورکی، لە بەرنامەکەیدا، بەمجۆرە ڕەوتە سیاسییەکانی پۆلێن کردووە(13):

ڕەوتی کۆمۆنیستی تورکی، چەپی شۆڕشگێڕ، ڕەوتی کەمالیزم، ڕەوتی ئاینی دژ بە ئیمپریالیزم، ڕەوتی بۆرژوازی دیموکراسی، ڕەوتی دیموکراسی کوردی. هەمو ئەو ڕەوت و لایەنانە بەرهەڵستی سیستمی دەسەڵات و سیاسەتەکانی بوون.

لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردو، ئەم پارتە هەوڵی پێکهێنانی بەرەی نیشتیمانی دیموکراسی داوە، لەگەڵ پارت و هێزە سیاسییە پێشکەوتخوازەکانی دیکە، بەڵام هەوڵەکەی سەرکەوتو نەبووە.

**چالاکیەکان، لە بواری کاری ڕێکخراوەیی:**

ئەم پارتە سودی لەبوونی ژمارەیەکی گەورەی کرێکارانی تورك لە ئەوروپا وەرگرتووە، بە مەبەستی کارتێکردن لەبزوتنەوەی سەندیکایی لەتورکیا، هەروەها چەندین ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پیشەیی دامەزراندووە، وەك روکارێك بۆ چالاکیەکانی، لەو ڕێکخراوانە:

ڕێکخراوی لاوانی پێشکەوتنخواز(I G O)، ڕێکخراوی ئافرەتانی پێشکەتنخواز(I K O).

سەرەڕای ئەوانەش، دەستڕۆیی باشی هەبووە لەناو یەکێتی مامۆستایانی تورکیا، سەندیکای پارێزەران و یەکێتی نوسەرانی تورك.

**کێشە و ململانێیە ناوخۆییەکان(14):**

بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە تورکیا پێی تێپەڕدەبووە، لەگەڵ ئەو بارە سیاسییە ناسەقامگیرییە، پارتی کۆمۆنیستی تورکیا (وەك پارتەکانی دیکەی ناو تورکیا)، بەرەو رووی چەندین ململانێ و جیابوونەوە هاتووە، ئەم پارتە لە هەشتاکانی سەدەی رابردو بۆ چەند گروپێك دابەشبووە:

1. گروپی (ئیسماعیل بیلن)، سکرتێری گشتی پارتەکە و گروپەکەش لە ئەڵمانیای رۆژهەڵات بوو.

2. گروپی (یورك ئۆغلۆ)، کە لە وڵاتی ئینگلتەرا بوون.

ئەو گروپانە لەسەر دو بابەت ناکۆکی هەبووە لەنێوانیاندا:

ب) رادەی خزمەت گەیاندنی دەسەڵات بەچینی بۆرژوازی کومپرادۆر، بە شێوەیەکی تەواو یان ناتەواو.

ج) ئاسۆکانی گەیشتنی پارتی کۆمۆنیست لە تورکیا بە دەسـەڵات، لە سێبەری سیستمی ئێستادا.

بە بۆچوونی باڵەکەی (ئیسماعیل بیلن)، لە بارێکدا ئەگەر کۆتایی بە ئاژاوە و گرژیە ناوخۆییەکان بهێنرێت، سەقامگیری سیاسی و گەشەکردنی دیموکراسی لە ئارادابێت، ئەوا دەکرێت بەرێگەی ئاشتییانە (هەڵبژاردنی پەرلەمان) پارتی کۆمۆنیستی بگاتە دەسەڵات.

بەڵام باڵەکەی (یـورك ئۆغلو) بۆچوونی پێچەوانەی هەیە، ئەو گروپە دەسەڵاتی تورکیا بە نوێنەری راستەقینەی چینی بورژوازی کومپرادۆر دەزانێت، بۆیە دەبێت بە خەباتی چەکداری کۆتایی پێبهێنرێت، ئەو کارەش پێویست بەوە دەکات پەرە بەو دۆخە بدرێت کە لەوڵاتدا هەیە، تا دەگاتە ئاستی جەنگی ناوخۆیی، بۆ ئەم مەبەستە دەبێت کادری حزبی ئامادە بکرێت.

**هەڵوێستی پارتی کۆمۆنیستی تورکیا دەربارەی کێشەی کورد:**

هەڵوێستی ئەم پارتە لە ئاست کورد و کێشەی کورد لە تورکیا، دەکرێت بە چەند خاڵێکی کورت ئاماژەی بۆ بکەین:(15)

1. پەیوەندی پارتی کۆمۆنیستی تورکیا بەو کێشەیەوە لە ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەمەوە درێژەی هەیە و بەردەوامە. ئەو پارتە هەوڵیداوە بیروڕای جەماوەری کورد بۆ لای خۆی راکێشبکات.

2. لەچەند ساڵی دوایدا، دەربارەی ئەم پرسە، لە بەرنامەی پارتی کۆمۆنیستی یەکگرتوی تورکیادا هاتووە:

دەبێت مەسەلەی کورد چارەسەربکرێت، چارەسەرییەکی راست و دیموکراسی و ئاشتیانە..... بە بۆچوونی ئەم پارتە، رێگای چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە....داننانە بە مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کورد، کە مافی جیابوونەوەشی لەگەڵدا بێت.

**چاپەمەنییەکانی پارتی کۆمۆنیستی تورکی(16):**

1. رۆژنامەی ناوەندی پارتەکە، رۆژنامەی راپەڕین (ئەتلم)ە.

2. بڵاوکراوەیەکی هەیە (15) رۆژ جارێك دەردەچێت بە ناوی هەڵوێست (دوروم).

3. گۆڤاری ئاشتی و سۆسیالیزمی هاوچەرخ (یەنی تشاغ).

هەمو ئەو بابەتانە لە ئەوروپا چاپدەکرێن، هەروەها لەناو تورکیا دوو رۆژنامەی هاوسۆزی ئەم پارتە هەیە، ئەوانیش: رۆژنامەی (سیاسەت) و رۆژنامەی (رێگەی تێکۆشان).

دوای چەند گۆڕانکاریەك لە ژیان و بەرنامە و چالاکیەکانی هەردو پارتی(17) کۆمۆنیستی تورکی و پارتی کاری تورکی، لە ئەیلولی (1988) بڕیاری یەکگرتنی هەردو پارتەکە دەرچوو، ئەویش لەمیانەی کۆنگرەیەکی هاوبەش لەژێرناوی (پارتی کۆمۆنیستی یەکگرتوی تورکی). لەژێر دروشمی: هەموشتێك لەپێناو مرۆڤی کرێکار.... هەموشتێك لەپێناو سەروەری نیشتیمان و دیموکراسییەت.... هەمو شتێك لەپێناو ئاشتی.

## پارتی کاری تورکی
## I P

دوای کودەتا سەربازییەکەی ساڵی (1960) لە تورکیا و دەرچونی دەستوری نوێی ئەو وڵاتە لە ساڵی(1961)، دەرفەت لەبەردەم هێزە سیاسیەکان (بە تایبەت رەوتی چەپ) زیاتر کرایەوە بۆ بەشداریکردن لە کاری سیاسیدا.
دەستوری نوێ لە بەندی یەکەمدا، باس لەوە دەکات، کە کۆماری نوێی تورکیا (دەوڵەتێکی کۆمەڵایەتییە)، ئەوەش هێمایەکە بۆ پێدانی ئازادی سیاسی بە گروپە چەپەکانی تورکیا، کە بتوانن خۆیان رێکبخەن.

**دامەزراندنی پارتی کاری تورکی(18)**

لە شوباتی (1961) دامەزراوە، بە بەشداریکردنی(15)ئەندام لەسەرکردەکانی(یەکێتی سەندیکای کرێکاران)، کە جیابونەوە و بەشدارییان لە دامەزراندنی پارتەکە کرد لە کۆنگرەی گشتی پارتەکە، کە لە ئابی (1962) بەسترا، ئەنجومەنە سەرکردایەتییەکانی ئەم پارتە بەمشێوەی خوارەوە هەڵبژێردراوە(19):

1. محەمەد علی ئایبار- ئەمینداری گشتی
2. روشدی کفاری- ئورهان ئارسل- دەستەی کارگێری.
3. ئیبراهیم دینز گولەر، کەمال تور کلەر، ئیسماعیل نوبەکر، رەزا کواس، جەمال حەقی، کەمال سولکەر. لیژنەی جێبەجێکردن.
4. کادرەکانی سەرکردایەتی ئەم پارتە: زیا شەرەفەدین ئۆغلۆ، کەمال بورقای، مەهدی علی، مەهدی زانا، میهری بەللی. (20)
لەناو سەرکردەکانی ئەم پارتە ژمارەیەك کوردی کوردستانی باکوری تێدابووە*، کە هەندێکیان بازرگان و خاوەنی زەوی و کرێکار بوون.
پەیکەری رێکخراوەی پارتەکە:(21)
أ) لە بەندی (9) پەیڕەوی ناوخۆی پارتەکەدا هاتووە، کە ئەم پارتە پێکهاتەی رێکخراوەیی لەم ئەنجومەنانە پێکدێن:
1. کۆنگرەی گشتی.
2. ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی.
3. ئەنجومەنی ناوەندی کارگێڕی.
4. دیوانی ناوەندی چاودێری.
5. کۆنگرەی پارێزگا و قەزاکان.
6. ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە پارێزگا و قەزاکان.
7. دیوانی چاودێری لە هەرێمەکان.
ب) بەندی (4): مەرجەکانی ئەندامێتی:
1. مەرجە یاساییەکان بۆ ئەندامێتی.
2. ئەندامی ئەم پارتە نابێت ئەندام بێت لە پارتێکی سیاسی دیکە.
3. ئابونە بدات.
4. رەزامەندی هەبێت لەسەر بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ.
5. بەشداری لە کاری پارتایەتیدا بکات.
ج) بەندی(3) لەپەیڕەوی ناوخۆ ئاماژە بۆ ماف و ئازادییەکان دەکات:

**بەرنامەی پارتی کار:**

**ئەم پارتە لە بەرنامەکەیدا جەخت لەم بابەتانە دەکات:(22)**

1. پەرەسەندنی ئابوری لە تورکیا، هەمان ڕێڕەوی وڵاتانی سەرمایەداری گرتۆتەبەر، بەڵام ئەم ڕێڕەوە پێشکەوتن بە دەستناهێنێت، پێویستە تورکیا شێوەی پەرەسەندنی ناسەرمایەداری بگرێتەبەر، بەڵام ئەو کارەش ئەوە دەگەیێنێت کە پەرەسەندنەکە پێویستی بە پلانی قۆناغدار هەیە، کە ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار بکات، هەروەها کرێکارانیش بەشدارییکەن لە بەڕێوەبردنی ئەو پەرەسەندنە و سەرپەرشتی بکەن.

2. بەرنامەکە جەختی لەسەر ئەم بنەمایانە کردۆتەوە: نیشتیمانپەروەری، کۆماریخوازی، شۆڕشگێڕی، نەتەوایەتی، عەلمانیەت (کە هەمان بنەماکانی کەمالیزمە).

3. پارتی کار لە بەرنامەکەیدا دانی بە موڵکداری بچووک ناوە، بەڵام دژی موڵکداری تایبەتە بۆ هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی گەورە.

4. دابەشکردنی بە خۆڕایی زەوی دەوڵەت بەسەر جوتیارانی بچوك و ئەوانەی هیچیان نییە، هەروەها سنوردانان بۆ خاوەندارێتی کشتوکاڵی گەورە، لەگەڵ پەیڕەوکردنی ئەو ڕێوشوێنانەی لە بەرژەوەندی بەرهەمهێنەرە بچوکەکانە لە لادێ و گوندەکان.

5. پێویستە هەوڵبدرێت پیشەسازی بگاتە قۆناغی سەربەخۆیی ئابوری لەگەڵ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی کرێکاران.

6. بایەخدانی گەورە بە چارەسەرکردنی کێشەکانی بۆرژوازییەتی بچوك و پیشەدار و وردە بازرگانەکان.

7. زاڵبوون بەسەر دواکەوتنی باری ئابوری ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵات، هەروەها ئەو جیاوازییە ڕەگەزییانەی پەیڕەودەکرێت بەرامبەر دانیشتوانی ئەو ناوچانە، لە هەردوو بواری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەوە.

8. بەرنامەکەی پارتی کاری تورکی بە توندی دژی هەر ڕێبازێکی جیابوونەوەیە.

9. خۆماڵیکردنی بەشی گەورەی بازرگانی دەرەکی، ئەو بوارانە دەمێنێتەوە بخرێنە ژێر چاودێری دەوڵەت. هەروەها خۆماڵیکردنی بانکە سەرەکیەکان و دامەزراوەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، لەگەڵ کارکردن بە سیستمی باج وەرگرتن لەسەر بنەمای دادپـەروەری کۆمەڵایەتی، بە هۆی زیادکردنی باج لەسەر موڵکە کشتوکاڵییە گەورەکان.

10.کرێکاران ئازادی تەواویان هەبێت لە پێکهێنانی سەندیکا سەربەخۆکان، هەروەها خۆپیشاندان و سازدانی کۆبونەوە و مانگرتنەکان.

11.کارکردن بە پێی بنەماکانی (ئەتاتورك)، ئەو بنەمایانەی دژی ئیپرالیزمە، بنەمای ڕێبازی ئاشتی لەبواری سیاسەتی دەرەوە، هاوکاری و دۆستایەتی لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکان.

بەرنامەی پارتی کاری تورکی لە بەندی دووەمیدا، ئاماژە بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پارتەکە دەکات، کە بەمشێوەیەی خوارەوە لێکیداوەتەوە:

ئەم پارتە پێکدێت لە چینی کرێکار و پیشە دەستییەکان، لەگەڵ ئەوانەی لە کێڵگەکان کاردەکەن، هەروەها جوتیارە بچوکەکان و کاسبکاران و ئەوانی داهاتیان کەمە، لاوانـی پێشکەوتنخواز و ڕۆشنبیرە سۆسیالیستەکانیش دەگرێتەوە.

لە راستیدا ئەم پارتە، خۆی ناو ناوە پارتی سۆسیالیستی (هەڵگری بیروباوەڕی مارکسی-لینینی)(23)، دیارە ئەوەش بە هۆی ئەو مەترسیانەی کە ڕەنگە بەرەوڕووی ببێتەوە، ئەگەر خۆی وەك پارتێکی کۆمۆنیستی ناساندبا. بۆیە بەرنامەکەی داکۆکی لە چەمکی خۆشگوزەرانی دەکاتەوە، بەرنامەی ئەم پارتە زیاتر وەك بەرنامەیەکی نەتەوەیی دەردەکەوێت.

ئـەم پارتە هەوڵیداوە جـەمـاوەری خـۆی لەناوەندەکانی کرێکاری و بۆرژوازییەتی بچوك و ڕۆشنبیران پەرەپێبدات.

بە پێی زانیارییەکان لە ناوەڕاستیساڵی (1968) ژمارەی ئەندامانی ئەم پارتە گەیشتۆتە (12695) ئەندام، لەناویاندا (2495) کرێکاری پیشەسازی، (1174) کرێکاری کشتوکاڵی، (1402)پیشەداران، (5250) بۆرژوازی بچوکی لادێ، لەگەڵ (1942) کرێکاری ئەریستۆکراسی، ئەوانی دیکەش لە چین و توێژی جیاوازبوون.

بەمشێوەیە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەم پارتە لەبارو گونجاو بووە لەگەڵ بەرنامەکەی بەشێوەیەکی تەواو، لە ریزەکانیدا نوێنەرانی بۆرژوازییەتی بچوك و بیروکراسی و توێژی رۆشنبیران هەبوون.

**راگەیاندنی پارتی کار:**

**ئەم پارتە دوو بڵاوکراوەی هەبووە(24):**

1. رۆژنامەی (یەنی)YON، کە ساڵی (1961) لە لایەن گروپێکی چەپ بڵاوکراوەتەوە، دامەزرێنەرەکەی ناوی (دوجان ئەمنسیوجلو) بوو، سەرنوسەرەکەشی (مەحمەت عەلی ئەسڵان) بوو.

ئەم رۆژنامەیە لە ماوەیەکی کەمدا ئەو ژمارەیەی لێی چاپدەکرا گەیشتە (30)هەزار دانە، کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر زۆربەی مارکسییەکان و یانەی خوێندکاران و رۆشنبیران. ساڵی (1967) لە دەرچوون وەستا، پاشان توانرا رۆژنامەیەکی دیکە دەربکەن لەژێر ناوی (شۆڕش) لە ساڵی (1969).

2. پارتی کار لە ساڵی (1969)وە گۆڤارێکی دەرکرد لەژێرناوی (رەوتی نوێ) بە هەردو زمانی تورکی و کوردی. ئەم گۆڤارە تەنها چوار ژمارەی لێدەرچو.

**هەڵوێستی پارتی کاری تورکی لە ئاست کێشەی کورد(25):**

لە کۆنگرەی چوارەمی پارتی کار، کە لەنێوان (28-31ی تشرینی یەکەمی1970) بەسترا، کۆنگرە بڕیارێکی گرنگی دەرکرد دەربارەی مەسەلەی کورد، لەو بڕیارەدا هاتبوو: کۆنگرەی چوارەمی پارتی کاری تورکیا بەئاشکرا رایدەگەینێت کە گەلی

کورد لە رۆژهەڵاتی تورکیا، هەر لەسەرەتایی دامەزراندنی سیستمی چینە دەسەڵاتدارەکان، ئەو سیستمە دژی گەلی کورد بووە و سیاسەتی تیرۆر و تواندنەوە و چەوساندنەوەی بەکارهێناوە، چەندجارێکیش ئەو رێبازە شێوەی کاری خوێناوی وەگرتووە.

یەك لە هۆیە سەرەکییەکانی دواکەوتویی ئەو ناوچەیەی گەلی کوردی تێدا دەژی، ئەو سیاسەتە کۆمەڵایەتی و ئابوریەیە، کە چینە دەسەڵاتدارەکان پیادەیدەکەن،

شانبەشانی کاریگەرییەکانی یاسا نایەکسانەکەی پەرەسەندنی سەرمایەداری.

لەبەر ئەو هۆیە، هەڵوێست لە (کێشەی رۆژهەڵات) دەربڕینی ئایدیۆلۆژیایەکی ناسیۆنالیستی رەگەزپەرستانەیە لە لایەن چینە دەسەڵاتدارەکانەوە.

پارتیمان پشتگیری خەباتی نەتەوەی کورد دەکات لەپێناو داننان بە مافە مەدەنی و دەستوریەکانی، هەروەها جێبەجێکردنی هەمو داواکاری و خواستە دیموکراسیەکانی، ئەو کارەش بە ئەرکێکی پێویست و سروشتی دەزانین.

ئەو بڕیارەی پارتی کاری تورکی دەربارەی مافەکانی گەلی کورد، پاڵی بە حکومەتەوە نا، کە ئەو پارتە بە نایاسایی و نا شەرعی لەقەڵەمبدات، بۆیە بەشێك لە سەرکردەکانی دەستگیرکران و رەوانەی دادگا کران بە تاوانی لادان لە دەستوری وڵات و یاسای حزبە سیاسیەکان.

### دەرکەوتنی ململانێ و دوبەرەکی لەناو پارتی کار:(26)

لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەم، وەك هەر پارتێکی دیکەی جیهانی سێیەم، ململانێ و ناکۆکی کەوتە ناو ریزەکانی، هۆکارەکانی ئەو دیاریدەیەش زۆرن و دەکرێت بە کورتی ئاماژەیان پێبکەین:

هۆکاری هزری، هۆکاری سەرەکی ئەو ململانێیە بوو. لەو سەردەمە لەناو رێکخستنەکانی پارتی کار گفتوگۆ و دیالۆگ سەریانهەڵدا دەربارەی بابەتەکانی تاکتیك و ستراتیژییەت، ئایا ئەم پارتە رێگەی هاوپەیمانییەتی لەگەڵ چینی

بۆرژوازییەتی بچوك بگرێتەبەر، لەپێناو بنیادنانی دیموکراسیەت و سۆسیالیزم (هەروەك بەرنامەی پارتەکە باسی دەکات) یان ڕێبازی ململانێی چینایەتی و هەوڵدان بۆ بونیادنانی دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا.

له لایەك سەرۆکی پارت (محەمەد عەلی ئایبار) و ژمارەیەك لە کادرانی سەرکردایەتی باوەڕیانوابوو، کە تورکیا لە شەستەکانی سەدەی بیستەم لەبەردەم ئەرکی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی نەتەوەییە، ئەو کارەش بە تێکۆشان دەبێت بۆ بونیادنانی سۆسیالیزم و هاوپەیمانییەتی لەگەڵ چینی بۆرژوازییەتی نا کۆمپرادوری دژ بە ئیمپریالیزم.

هەروەها ڕەوتەکەی سەرۆکی پارت جەخت لەوە دەکەنەوە، کە سۆسیالیستی دیموکراسی دەکرێت لە ڕێگەی خەباتی پەرلەمانی دەستوری بێتەدی، دیارە کارێکی شاراوەش نییە کە ئەم بۆچونە بە ئاشکرا لە بەرنامەی پارتەکەدا ڕەنگیداوەتەوە.

لەبەرامبەردا ڕەوتێکی دیکەی ناو پارتەکە، کە ئاڕاستەیەکی چەپی توندڕەویان پەیڕەودەکرد، ئەوانە باوەڕیان بە ململانێی چینایەتی دژ بە بۆرژوازییەت هەبوو، لەگەڵ باوەڕبوون بە دیکتاتۆرییەتی پڕۆلیتاریا. ئەم باڵەش زیاتر (حوسێن ئاڵتان، بەهیجە بوران، ئارین) نوێنەرایەتیان دەکرد.

لەم پارتە ناکۆکیەکی دیکەش سەریهەڵدابوو لە ناو نوێنەرانی پارتەکە لە پەرلەمانی تورکیا. دوای هەڵبژاردنی (1965)، (15) ئەندامی گەیشتبوونە پەرلەمان، لەو ژمارەیە تەنها (3) ئەندامیان کرێکار بوون، ئەوانی دیکە خوێندکار و ڕۆشنبیر بوون، دیارە ئەم دۆخەش ناڕەزایی لێکەوتەوە.

گروپێك لەناو پارتەکە (میهری بیللی) سەرپەرشتیدەکردن، بڵاوکراوەیەکییان دەرکرد بەناوی (چەپی تورك)، ناوەڕۆکی بڵاوکراوەکە جەخت لە ڕێبازی شۆڕشگێڕی چەپ دەکاتەوە، بە پێچەوانەی ئاڕاستە فەرمییەکەی پارتەکە.

ساڵی (1969)، لە هەڵبژاردنی گشتی بۆ پەرلەمان، ئەم پارتە تەنها سێ

ئەندامی گەیشتە پەرلەمان، ئەم دیاردەیەش نیشانەی لاوازی پێگەی جەماوەری پارتەکە ئاشکرا دەکات.

لە ئاست هەمو ئەو بـارودۆخـە ناوخۆییەی پارتەکە، سەرۆکی پارت (محەمەد عەلی ئایبار) و (13) ئەندامی لیژنەی جێبەجێکردن بڕیاریاندا دەستلەکاربکێشنەوە، ئەم کارە رێگەی ئاسانکرد بۆ گروپی (ئارین)، کە بە پەیڕەوکردنی بیروباوەڕی (مارکسیزمی-لینینیزم) ناسرابوون، دەسەڵاتییان زاڵبێت، دوای ئەوە (سابان یولدز) بە سەرۆکی پارت و (بەهیجە بوران) بە سکرتێری گشتی هەڵبژێردران.

**چارەنوسی پارتی کاری تورکی(27):**

بە هۆی پشتگیریکردنی پارتی کاری تورکی بۆ مافەکانی گەلی کورد و ئەو ململانێ و ناکۆکیانەی لەناو ریزەکانی سەریهەڵدا، هەروەها دوای جوڵانەوە سەربازییەکەی سوپای تورك لە ئازاری (1971)دا، ژمارەیەك لە ئەندامانی سەرکردایەتی و کادرانی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ زیندانیکران و دەکرێت بڵێین پارتەکە بەرەو رووی هەڵوەشاندنەوە بووەوە.

لێرەدا بە کورتی ئاماژە بۆ چەند لایەنێکی لاوازی ئەم پارتە دەکەین:

1. پارتی کاری تورکی، خاوەن ئایدیۆلۆژیایەکی روون و ئاشکرا نەبوو.

2. لاوازی رێکخستن و دیسپلینی پارتەکە لەسەر ئاستی سەرکردایەتی.

3. کەمئەزمونی سەرکردایەتی و کادرانی لەبواری سیاسیدا. لە لایەك پشتگیرییان لە پارتی کۆمۆنیستی تورکیا دەکرد، لە لاکەی دیکە هاوکاری پارتی گەلی کۆماریان دەکرد.

4. شێواز و هۆکارە سیاسییەکانی ئەو پارتە، لە کاری رێکخراوەیی و جەماوەری، سادەو سەرەتایی بوون، پشتیان بە لێکۆڵینەوە و زانیاری دەروونی و کۆمەڵایەتی نەبەستبوو، تێگەیشتنی راستییان بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئایینی ناو کۆمەڵگەی تورکی کەم بوو.

# پارتی کاری تورکی

لە نیسانی (1975)دامەزراوە، لە راگەیاندنی دامەزراندنیدا ناوی (50) کەسی لەسەر(28) بوو، زۆربەیان سەر بە سەندیکا شۆڕشگێڕەکان بوون، هەروەها (بەهیجە بوران)یش بە ئەمینداری گشتی پارتەکە هەڵبژێردرا.

**لە پەیڕەوی ناوخۆی پارتەکەدا هاتووە:**

ڕێکخراوێکی سیاسی کۆمەڵایەتییە، سەدەی بیستەمیش سەدەی گواستنەوەیە لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم، بۆیە دەکرێت لەنیوەی دووەمی ئەم سەدەیە و لە بارودۆخێکی دیاریکراودا، تواناکانی بەدیهێنانی ئەو سۆسیالیزمە بە ڕێگەی ئاشتییانە بێتەدی.

بۆیە، بە پێی ئەو راستییە زانستییە، ئامانجی پارتی کار دەبێتە مسۆگەرکردنی گواستنەوەی دەسەڵات بۆ دەستی چینی کرێکار و هاوپەیمانانی، بۆ توێژی کرێکاران، دواتر دەکرێت گواستنەوە بەرەو قۆناغی سۆسیالیزمی بێتەدی.

**ئامانجەکانی پارتی کار:**

1. تێکۆشان لەپێناو سەربەخۆیی و دیموکراسیەت بۆ تورکیا، ئەمە نەك تەنها بە کارێکی گرنگ دادەنرێت، بەڵکو قۆناغێکە لە قۆناغەکانی ململانێ لەپێناو سۆسیالیزم.

2. هەڵوەشاندنەوەی هەموو رێککەوتن و پەیمانە سەربازی و سیاسی و ئابوریەکان، کە لەگەڵ ئیمپریالیزم ئەنجامدراون.

3. هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو خاڵانەی، کە بە نادیموکراسییانە هەموارکراون، دوای ساڵی (1971)، خراونەتە ناو دەستوری تورکیاوە. هەروەها دابینکردنێکی راستەقینەی هەمو ماف و ئازادییە دیموکراسییەکان و داخستنی دادگا ئەمنیەکانی دەوڵەت بۆ نەهێشتنی هەموو کۆت و بەندێك لە ئاست ئازادی مانگرتن.

4. چاککردنی بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کولتوری ژیانی چینی کرێکار.

5. ئەو ئەرکانەی ئاستی هۆشیاری جەماوەری بەرزدەکاتەوە، رێگا بەرەو سۆسیالیزم خۆش دەکات.

6. خۆماڵیکردنی هۆیە گەورەکانی بەرهەمهێنان، دوبارە بونیادنانەوەی کەرتی دەوڵەت، بۆ ئەوەی ببێتە کەرتێکی سۆسیالیستی، واتە دەرهێنانی لەژێر کاریگەری بۆرژوازییەت و بخرێتە ژێر دەسەڵاتی چینی کرێکاران.

7. پلانی پەرەسەندنی ئابوری ناوەندی بێت، نەك تەنها بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەت، بەڵکو دامەزراوەکانی کەرتی تایبەتیش بگرێتەوە.

بەهیجە بوران لە ئایاری(1977)لە وتارێکدا نوسیویەتی:

پارتە سۆسیالیستەکان دوو ئەرکی سەرەکیان دەکەوێتە سەرشان:

یەکەمیان: کارکردنی راست و بەتوانا لەناو ریزەکانی جەماوەر، بە تایبەتی ریزی کرێکاران.

دووەمیان: بەهێزکردنی یەکگرتویی کرێکاران لەگەڵ هەمو پارتە دیموکراتە پێشکەوتنخوازەکان، کە خاوەن بنکەیەکی جەماوەرین.

پارتی کاری تورکی لە شوباتی (1977) یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست، لەو بابەتانەی کە لەکۆنگرە بڕیاری لەسەردرا: خەباتکردن دژی دەستڕۆیی فاشیزم، هەروەها خەبات لە پێناو پیادەکردنی دیموکراسییەت و بەدیهێنانی ئازادییە گشتییەکان لە تورکیا.

دوای جوڵانەوە سەربازییەکەی ساڵی (1971) بەرامبەر دەسەڵات و شەقامی سیاسی(29) لە تورکیادا، لەبواری کاری سیاسی چەپدا، پێنج پارت چالاکییان هەبوو: پارتی کاری تورکی، پارتی کاری سۆسیالیستی، پارتی شۆڕشگێڕی سۆسیالیستی، پارتی کرێکاران، پارتی کرێکار و جوتیاران (ڕەوتی ماوی)، سەرەڕای پارتی یەکگرتوی نیشتیمانی (سۆسیال دیموکرات).

ئەو پارتانە زۆر بە گەرمی باسییان لە یەکگرتنی هێزە چەپەکان دەکرد، بەڵام ئەو ئامانجە نەهاتەدی و بە هیچ شێوەیەك کۆ نەبوونەوە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش، دژ بە هەڕەشەو مەترسییەکانی هێزە راستڕەوەکان.

ئەو پارتانە لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا هیچ هێزێکیان نەبوو، تەنها یەك نوێنەریشیان نەگەیشتۆتە پەرلەمان، هەر بە هۆی ئەو هەلومەرجە و نەبوونی هەر جۆرە چالاکییەك، بەشێکی زۆری ئەندام و لایەنگرانییان دەنگییان داوەتە نوێنەرانی پارتی گەلی کۆماری.

لە دەرەوەی ئەو بازنەیە، کە نوێنەرایەتی چەپی شەرعی دەنوێنن، چەندین گروپ و رێکخراوی بچوك بە نایاسایی دامەزراون، بەناوبانگترینیان، رێکخراوی رێگەی شۆڕشگێڕی (دەڤ یۆل)، رێکخراوی چەپی شۆڕشگێڕ(دەڤ سۆل).

تورکیا لەو ساڵانەدا، دیاردەی توندوتیژی و تیرۆر باڵی بەسەریدا کێشابوو، ململانێ و ناکۆکی توندی نێوان رەوتی چەپ و راستڕەوەکان گەیشتە لوتکە، ئەو بارە درێژەیکێشا، دۆخەکە تا دەهات خراپتر دەبوو، بەرامبەر بەو

هەلومەرجە، سوپای تورکیا لە (12ی ئەیلولی 1980)، بە کودەتایەکی سەربازی هەستا، دەستی بەسەر هەمو کاروبارەکاندا گرت، حکومەت و پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە، ڕێوشوێنی نوێی توندی گرتەبەر.

پارتی کاری تورکی لەو هەلومەرجەدا، کە (بەهیجە بوران) سەرکردایەتیدەکرد، (30) بە هۆی ململانێ و جیابوونەوەی ناو ریزەکانی، زۆر لاوازببوو، توانای نەمابوو هیچ ڕۆڵێکی سیاسی بگێڕێت، ئەو پارتە سەرکردەکانی پەرش و بڵاوببوونەوە، هیچ کاریگەریەکییان لەناو ڕەوتە چەپەکان نەمابوو، بۆیە ساڵی (1988) بڕیاریاندا ڕێکخستنەکانیان لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی تورکی یەکبگرێت و ببنە یەك پارت بە ناوی پارتی کۆمۆنیستی یەکگرتوی تورکیا.

## پارتی کرێکار و جوتیارانی سۆسیالیستی تورکی
## TURKIYE IŞCI VE GIFTCI FIRKASI

له (20ی حوزەیرانی 1946) دووباره دامەزراوەتەوە، هەندێك سەرچاوە ئاماژە(31) بۆ ساڵی (1919) دەکەن، وەك مێژووی دامەزراندنی یەکەمجاری. (32)

د شەفیق حوسنی (حەسنۆ) دەمیر سکرتێری گشتی پارتەکە بووە، د.ئەدهەم نەجات لەسەرکردە دیارەکانی بووە.

سەرکردەکانی ئەم پارتە لە وڵاتانی ئەڵمانیا ماوەیەك ماونەتەوە و لەوێ خوێندنیان تەواوکردووە، هەروەها بە هۆی پەیوەندییان بە هەندێك سەرکردە و ئەندامانی (بزوتنەوەی سپارتاکۆسی سۆسیالستی)(33) بیروباوەڕەکانی ئەو رێکخراوە کاریگەری بەسەریاندا هەبووە (ئەو رێکخراوە لە ئەڵمانیا ساڵی 1918 دەرکەوتووە).

ئایدۆلۆژیای ئەم پارتە لەگەڵ ئایدۆلۆژیای پارتە مارکسیە- لینینیەکانی دیکە جیاوازی هەبووە، ئەویش دەربارەی چەمکی چینە کۆمەڵایەتییەکان و ململانێی سیاسی، ئایدیۆلۆژیای ئەم پارتە زیاتر باسی لە سۆسیالیستی زانستی کردووە.

له (16ی کانونی یەکەمی 1946) بە پێی یاسای وڵات، ڕێگای کارکردنی(34) ئاشکرای پێدراوە، بەڵام زۆری نەخایاند هەر بەهۆی ڕاگەیاندنی باری نائاسایی لە تورکیا و بە تاوانی کۆمۆنیستی، قەدەغەکراوە، لە کۆتایی ساڵی(1948) دەسەڵات لە تورکیا، د.شەفیق و (55) کەسی دیکەی سەرکردەی ڕەوتە چەپەکان، ڕەوانەی دادگا دەکات، بڕیاری زیندانیکردنیان بۆ دەرچووە لە نێوان (یەك تا پێنج ساڵا).

ڕۆژنامەیەکی دەردەکرد بە ناوی (سەندیکا)، هەروەها گۆڤارێکی دەرکردووە، بە ناوی (جەماوەر). سەرچاوەیەکی دیکە باس لەوەدەکات کە (35) دوو بڵاوکراوەی دیکەی

هەبووە بە ناوی (ساس)، کە هەفتانە لە شاری ئیستەمبوڵ دەردەچو، هەروەها ڕۆژنامەی (سیوز) لە شاری ئەنکەرە.

**لە بنەما هزری و سیاسییەکانی ئەم پارتە(36):**

1. باوەڕهێنان بە دیموکراسیەت و سۆسیالزم و نەتەوایەتی و نێو نەتەوەیی و ئاشتی و سکولاریزم (مادەکانی 1-5 بەرنامەی پارت).

2. ئەم ڕێکخراوە جەخت لە نەهێشتنی چەوساندنەوەی کرێکاران دەکاتەوە، بە بۆچوونی ئەو، ئەو چەوساندنەوەیە هۆیەکی سەرەکییە بۆ ئێش و ئازاری جەماوەری کرێکاران، هەروەها خوڵقاندنی هەلومەرجێك بۆ دامەزراندنی دیموکراسیەتێکی سۆسیالیستیڕاستەقینە.

3. پێویستە هەمو هۆکارە گەورەکانی بەرهەمهێنان لە ژێر چاودێری دەوڵەت بێت.

4. کارکردن لەپێناو بەدیهێنانی ئەرکە دیموکراسییە گشتییەکان و پارێزگاریکردنی کرێکاران لە چەوساندنەوەی سەرمایەدار و خاوەن موڵکەکان.

5. خەباتکردن دژی کۆنەپەرستی ناوخۆیی و دەرەکی. (مادەی-35-بەرنامە)

6. لەبواری سیاسەتی دەرەوە، دروشمی ڕێکخراوەکە: خەباتکردن دژی ئیمپریالیزم و دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ.

7. ئەم پارتە چەندین ڕێکخراوی کرێکاری و ڕۆشنبیری خۆجێی دامەزراندووە، بە مەبەستی کۆکردنەوەی چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵا و ڕێکخستنیان.

## پارتی کرێکاران

له شوباتی (1975) دامەزراوە، ئەمینداری گشتی (میهری بیلی)یە(37)، لە ڕاستیدا، دامەزرێنەرانی پێشتر ڕەوتێك بوون بە سەرکردایەتی (میهری) لەدەوری گۆڤاری (سۆسیالیست ئایدین لیك) کۆببوونەوە.

بە پێی پێناسەی ئەم ڕەوتە، پارت بریتییە لە ڕێکخراوێکی سیاسی بۆ چینی کرێکار، ڕۆڵی پێشڕەوایەتی دەبینێت.

**بیرباوەڕەکانی پارت:**

باوەڕیوایە تەنها سۆسیالیزم ڕێگای خۆشی و شادی بۆ گەلی تورکیا دێنێتەدی، بەڵام لە ئێستادا، گەلی تورکیا ئەرکێکی شۆڕشگێڕانەی لە ئەستۆدایە، بریتییە لە خەباتکردن لەپێناو سەربەخۆیی و دیموکراسی لە بوارەکانی سیاسی و ئابوری و چەند بوارێکی دیکەش.

بە دیهێنانی سەربەخۆیی و دیموکراسییەت، هەلومەرجێکی لەبار دەخولقێنێت لە بەردەم کرێکار و جوتیاران، لەگەڵ توێژەکانی دیکەی زەحمەتکێش لە ئاست خەباتی ئابوری و سیاسییاندا. ئەرکی پارتی کرێکارانیش دەبێتە کۆکردنەوەی جەماوەر بۆ خەباتکردن لەپێناو سەربەخۆیی و دیموکراسیدا.

بۆیە پێویستە لەسەر هەمو هێزە نیشتیمانی و دیموکراسییەکان، بە رابەرایەتی چینی کرێکار، زاڵبن بەسەر ناکۆکییەکانیان، ناکۆکی سەرەکی دەکەوێتە نێوان نەتەوە لە لایەکەوە، لەگەڵ ئیمپریالیزم (ئەمەریکی بە شێوەیەکی تایبەت) و هاوکارانی لە بۆرژوازییەتی خۆجێی لە لاکەی دیکەوە. هەروەها پێویست دەکات ئەم قۆناغە تێپەڕ بکرێت، پێش گواستنەوە بەرەو قۆناغی شۆڕشی سۆسیالیزمی.

لە کۆمەڵگەی تورکیادا، کە سەرمایەدارییەکی پاشکۆی دەستڕۆیشتو هەیە، ناکۆکی لەنێوان کرێکار و ئەو سەرمایەدارییە دەبێتە ناکۆکیەکی سەرەکی، بەڵام لە پلەی دووەمدا دێت، لێرەدا ئەرکی سەرەکی کرێکاران بۆ ئەمڕۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆییە، لەگەڵ کۆتاییهێنان بەو دۆخە کۆیلەێتییەی تورکیا لەچوارچێوەیدا دەژێت. هەروەها رزگارکردنی جوتیاران لە کۆیلەیەتی دەرەبەگایەتی و زاڵبوون بەسەر دامەزراوە نا دیموکراسییەکان.

مستەفا لوتفی کیچی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کرێکاران و دامەزرێنەری گۆڤاری (ئیمکش)ی ئۆرگانی ناوەندی پارتەکە نوسیویەتی:

پەرەسەندنی رووداوەکـان ئەو باوەڕەمان لا بەهێز دەکـات، کە هیچ بزوتنەوەیەك لە پێناو بەرژەوەندی گەل، بە بێ بەشداریکردنی چینی کرێکاران سەرکەوتو نابێت، ئەمە و سەرەڕای لایەنگری نیشتیمانپەروەر و

دیموكراسییەكان بۆ توێژی دەسەڵاتداری بیروكراسی سەربازی و مەدەنی.

بە بۆچونی مستەفا، ئەركی پڕۆلیتاریای شۆڕشگێڕ، لە بەكارهێنانێكی داهێنەرانە بۆ تیۆری سۆسیالیزمی زانستی، دەبێت بە شێوەیەكی لەبار چڕببێتەوە لەگەڵ بارودۆخی توركیا.

هەروەها (میهری بیللی) ئاماژە بۆ ئەو لایەنە دەكات، كە پێویستە پابەندبن بەو بنەمایەی ئەتاتورك دایڕشتووە و بریتییە لە بەردەوامی پەیوەندییە دۆستایەتییەكانی نێوان توركیا و یەكێتی سۆڤێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت توركیا رێگای سروشتی خۆی پیادەبكات بۆ پەرەسەندنی سۆسیالیزم نەك وەرگرتن و لاساییكردنەوەی هەر نمونەیەك، یان كۆپی سۆڤێتی بێت. پارتی كرێكاران هەوڵدەدات لە دورییەكی یەكساندا بێت لەنێوان هەردو نمونەی چینی و سۆڤێتی.

بەڵام لەو سەردەمەی كە سەركردەكانی ئەم پارتە باوەڕیان بە زاراوەكانی (شۆڕشگێڕی پرۆڵیتاری)دا هەبووە، هاوپەیمانی دەرەكی سەرەكیانیش، بزوتنەوەكانی رزگاریخوازی نیشتیمانی بوون، هەروەها ئەم پارتە هێرش و رەخنەی ئاڕاستەی پارتی كۆمۆنیستی توركیا و چەند لایەنێكی دیكەش دەكرد، كە بەلادەریانی زانیوە، دیارە ئەم كارەش نیشانەی ئەوەیە، كە هزری ماویزم كاریگەری بەسەریاندا هەبووە.

لە مانگی ئایاری (1980)، بە بڕیارێكی دادگای دەستوری توركیا، رێگای كاركردنی ئاشكراو فەرمی لە پارتی كرێكاران گیراو چالاكییەكانی وەستان.

# پارتی کاری سۆسیالیستی
# (SOSYALIST ISCI PARTISI)
# S I P

لە حوزەیرانی (1974) دامەزراوە(38)، ئەمینداری گشتی (ئەحمەد کاتشمان)ە و سکرتێری گشتی (یالتشین یوسف ئۆغلو)وە. (عومەر شەراف ئۆغلو) سەرکردەیەتی.

یەکەم کۆنگرەی لە (21-27ی ئازاری 1976) بەستووە، بەرنامەی پارتەکە زۆر نزیکی بەرنامەی پارتی کاری تورکی بوو.

**لەبەرنامەی پارتەکەدا هاتووە:**

ئەم قۆناغە، قۆناغی گواستنەوەیە لە سیستمی سەرمایەدارییەوە بۆ سیستمی سۆسیالیزمی، ناکۆکی سەرەکی لە سەرمایەداریدا (لەنێوان جۆرە گشتییەکەی

بەرهەمهێنان و خاوەندارێتی تایبەت بۆ هۆیەکانی بەرهەمهێنان) ئەو ناکۆکییە نابێتە هۆی گەیشتنی چینی کرێکار بە دەسەڵات و دامەزراندنی ئابوری سۆسیالیستی ئاڕاستەکراو.

چینی کرێکار پێشڕەوی پرۆسەی شۆڕشگێڕییە، لە هەمو چینێك زیاتر بەهێزترە، بۆیە پێویستە لەسەر ئەم چینە خاوەنی رێکخستنی سیاسی تایبەت بەخۆی بێت.

دیموکراسییەتی بورژوازی لە تورکیا، دیموکراسییەتێکی سنوردارە، بۆیە خەبات لە پێناو دیموکراسیەت پێویستیەکی گرنگە.

پێویست دەکات لەسەر هەموو ئەوانەی لایەنگری دیموکراسییەت و سەربەخۆیی و ئازادی دەکەن، یەکبگرن لە بەرەیەکی میللیدا بۆ خەبات لەپێناو دامەزراندنی دەسەڵاتیکی میللی دیموکراسی بە رابەرایەتی چینی پرۆلیتاریا.

ئامانجەکانی پارت:

1. کۆتاییهێنان بە هەمو رێککەوتن و پەیمانێك (سیاسی، سەربازی، ئابوری، کولتوری)، کە تورکیا بە ئیمپریالیزم دەبەستێتەوە.

2. هەوڵدان بۆ پراکتیککردنی دیموکراسیەت بە پێی دەستور، هەروەها پیادەکردنی سیستمی دادپەروەری و هەڵبژاردنەکان و رێگرتن لە چالاکی رێکخراوە فاشی و رەگەزپەرست و کۆنەپەرستەکان.

3. خۆماڵیکردنی هەمو دامەزراوە گەورەکان و خستنە ژێر ئیرادەی گەل، وەك بانکەکان و دامەزراوەکانی دابینکردنی بژێوی، هەروەها پەیڕەوکردنی پلاندانانی ناوەندی، سەرەڕای دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاران و پشتگیریکردنی کشتوکاڵییە هەرەوزییەکان.

4. زاڵبوون بەسەر دیاردەی بێکاری و کارکردن بە سیستمی چارەسەرکردنی

پزیشکی خۆڕایی. چاککردنی بـارودۆخـی نیشتەجێبوون، پەیڕەوکردنی دیموکراسییەت لە بواری فێربوون، کولتور، هونەر و وەرزش.

**چەند هەڵوێستێکی پارتی کاری سۆسیالیست:**

1. لە ئاست هزری ماویزم، ئەندامی سەرکردایەتی ئەم پارتە (عومەر شەراف ئۆغلو) دەڵێت: ماویزم تەنها رەوتێکی چەپ نییە، بەڵکو بریتییە لە رەوتێکی دیموکراسی و لیبراڵی لەبەر ئەوەی ئاڕاستەی سەرەکی دژایەتیکردنی یەکێتی سۆڤێت و کۆمۆنیستە. ماویزم لەگەڵ هەمو گروپە خۆجێییەکان پاڵپشتی (ناتۆ) دەکەن لە ململانێ دژ بەهێزی سۆسیالیزم.

2. رەخنەی لە پارتی گەلی کۆماری گرتووە، بەهۆی سروشتە بۆرژوازییەکەی و هەوڵەکانی بۆ نزیکبوونەوە لە سەرمایەداری گەورە.

لە تشرینی یەکەمی(1975)، ئەم پارتە داوای لە هەمو حزبە چەپەکان کردووە، کە هاوکاری یەکتر بکەن دژی نوێنەرانی پارتی گەلی کۆماری لە هەڵبژاردنەکان.

3. لە زۆر بۆنەدا، داوای یەکگرتنی کار و هەڵوێستەکانی هەمو حزبە چەپەکانی کردووە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبووە.

4. رۆڵی گێڕاوە لەگەڵ حزبە چەپەکان، بۆ بەرهەڵستیکردنی چالاکی حکومەتە کۆنە پەرستەکانی بەرەی نیشتیمانی، هەروەها دژی رەفتارە تۆقێنەرەکانی رێکخراوە راسترەوە توندڕەوەکان.

# پـــارتـــی نیشـتیمـان
# (VATAN PARTİSİ)
# V P

له کانونی دووه‌می (1975) له شاری ئیسته‌مبوڵ(39)دامه‌زراوه، چه‌ند سه‌رچاوه‌یه‌ك ئاماژه به‌وه ده‌كه‌ن، كه له‌ساڵانی په‌نجاكانی سه‌ده‌ی بیسته‌م له‌سه‌ر ده‌ستی (د.حیكمه‌ت) دامه‌زراوه و دواتر هه‌ڵوه‌شاوه‌ته‌وه.(40)

له دامه‌زرێنه‌رانی پارتی نیشتیمان: ئه‌مینه قیفلچی (هاوسه‌ری د.حیكمه‌ت)، عه‌ریف سیمشیك، ئه‌حمه‌د جانسیس ئۆغلو.

**ئایدیۆلۆژیای ئه‌م پارته به كورتی ده‌خه‌ینه‌ڕوو(41):**

گه‌لی توركیا به رابه‌رایه‌تی چینی كرێكار له ناوه‌ڕاستی په‌نجاكانی سه‌ده‌ی بیسته‌م، خه‌باتی له‌پێناو جێبه‌جێكردنی قۆناغی نیشتیمانی رزگاری دووه‌م

دەکرد، دژ بەو چەوساندنەوە و زۆردارییەی، کە بەسەریدا سەپێنراوە لە لایەن سەرمایەداری دارایی و بازرگانی پاوانکار.

هێزی سەرەکی لەو خەباتە بریتییە لە چینی کرێکار، پرۆلیتاریا، رۆشنبیران، هێزی لایەنگریش، توێژەکانی دیکەی گەلی تورکیان (کە رێکنەخراون).

**ئەرکە سەرەکیەکانی ئەم تێکۆشانە بریتییە:**

1. پێکهێنانی پارتی چینی کرێکار.
2. پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتیمانی رزگاریخوازی یەکگرتوو، لەچوارچێوەیدا هێزە سەرەکیی لاوەکیەکانی هەمو چین و توێژەکانی گەل کۆدەبنەوە.

بەرنامەی ئەم پارتە کە لە (1975) بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بە چەندین ئەرك دەکات، لەبواری سیاسی و کۆمەڵایەتی.

لە بواری سیاسیدا (وەك نموونە) پێکهێنانی پەرلەمانێکی نیشتیمانی رزگاریخواز لە یەك ئەنجومەن، هەڵوەشاندنەوەی هەمو ئەو یاسایانەی دژی دیموکراسین، هەڵوەشاندنەوەی ئەو رێوشوێنە یاساییانەی رێگرن لەبەردەم پێکهێنانی سەندیکای کرێکاران و رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی و پەرەسەندنی کۆمەڵە هەرەوەزییەکان، هەروەها دیموکراتیزەکردنی سیستمی فێربوون و ئەنجومەنەکانی دەسەڵاتی خۆجێی.

لەبواری کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە، بەرنامەکە ئاماژەی بۆ-جەنگی پیرۆز-ی دژ بە بێکاری راگەیاند، هەروەها باسی لەو رێوشوێنانە کردووە، لەبارەی کێشە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکانی کرێکاران و جوتیاران، سەرەڕای جێبەجێکردنی چاکسازی کشتوکاڵی و پەرەپێدانی پیشەسازی.

بنەما هزری و سیاسیەکانی پارتی نیشتیمان، هەمو تیۆرییەکانی شۆڕشی نیشتیمانی دیموکراسی، تاڕادەیەکی زۆر دەگرێتەخۆی.

هەر لەمیانەی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنەکان، بە مەبەستی گەیشتن بە چەند دەرئەنجامێك، درێژە بە گفتوگۆکان درا لەبارەی خەبات دژی دیاردەی پەیوەستبوونی سەرمایەداری ناوخۆیی بە رژێمەکانی رۆژئـاوا، سەرەڕای باسکردنی زنجیرەیەك رێوشوێن، کە ئامانجیان دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە و چاککردنی گـوزەران و باری کرێکاران بووە، هەروەها ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە پاشماوەی دەرەبەگایەتیەوە هەیە.

هەر بە مەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی گشتی لە تورکیا ساڵی (1977)، پارتی نیشتیمان رایگەیاند، کە پشتگیری پاڵێوراوەکانی پارتی کاری تورکی دەکات لە شاری ئیستەمبوڵ. (رەنگە هۆیەکەشی بۆ بەهێزبوونی پێگەی سۆسیالیستەکان بگەڕێتەوە لە شاری ئیستەمبوڵ بۆ ئەوەی دەنگەکان بەفیڕۆ نەچن).

بەڵام لە ناوچەی دیکەی تورکیا، پارتی نیشتیمانی بڕیاریدا دەنگ بە نوێنەرانی پارتی گەلی کۆماری بدات. (دیارە ئەو بڕیارەش بە هۆی لاوازی پێگەی سۆسیالیستەکان بووە لەو ناوچانەدا).

# پارتی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕ
# (DEVRIMISI SOSYALIST PARTIS)
# D S P

لـەی(42) ئایاری (1975) دامــەزراوە، سەرەتا بەناوی پارتی سۆسیالیست دامەزرا، دواتر ناوەکەی گۆڕا بە پارتی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕ. ئەحمەد عەلی ئاییار بە ئەمینداری گشتی هەڵبژێردرا، (جینان بیشاکشی) بە سکرتێری گشتی. (ناوبراو سەرۆکی یەکێتی سەندیکاکانیISCNIN-SESI-). هەروەها لەناو دامەزرێنەرانی ئەم پارتە چەندین کرێکار و کەسایەتی سەندیکایی، کاسبکار، جوتیار، پیشەدار و رۆشنبیری تێدابوو.

**بەرنامەی پارتەکە چەند بابەتێکی لەخۆگرتووە:**

1. خۆی بە رێکخستنی چینی کرێکار دەزانێت، لە ریزەکانیدا جوتیار و لاوان و رۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ، شانبەشانی یەکتر خەباتدەکەن.

2. ئامانجی گەیشتنە بە دەسەڵات، بە شێوازی شەرعی و یاسایی.

3. تێکۆشان بۆ بونیادنانی سیستمی سۆسیالیستی دیموکراسی سەربەخۆ، بە ڕەچاوکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕەگەزی لەناو گەلی تورکیا.

4. لە ئامانجەکانی هەستانەوەیەکی خێرا و ڕێکوپێك بۆ تورکیا، ئەویش بە هۆی گواستنەوە بەرەو ڕێگەی پەرەسەندنی نا سەرمایەداری.

5. دانپێنان بە بنەماکانی سۆسیالیزمی، لەوانە: خۆماڵیکردنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان، دروستکردنی سەرخانێکی سۆسیالیستی، تێیدا ڕۆڵی سەرکردایەتی بۆ چینی پرۆلیتاریا بێت.

6. پێویستە پارتی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕ هەستێت بە هەڵمەتێکی ڕاگەیاندنی فراوان دژی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم، ئامانجی ئەو هەڵمەتەش دورخستنەوەی تورکیا بێت لەپەیمان و ڕێککەوتنە سیاسییەکان، سەرەڕای سەربەخۆیی لە سیاسەتی دەرەکیدا.

7. بەرنامەکە ئاماژەی بەشێوازەکانی چارەسەرکردنی کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی دانیشتوانی کردووە.

8. ئەوەندەی پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەکی هەیە، بەرنامەکە داوا دەکات تورکیا لە پەیمانی ناتۆ بکشێتەوە، هەروەها هەڵوەشاندنەوەی هەمو ڕێککەوتنە دوو قۆڵییەکان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بازاڕی ئەوروپی.

بەرنامەکەی جەختی لەسەر شێوازی ئاشتیانە کردۆتەوە لە خەبات و پابەندبوونی بە یاسا بۆرژوازییەکانی وڵات و بە نموونەی سۆسیال دیموکراتی تورکی، ئەو ڕاستییەش سروشتە بۆرژوازییەتە بچوکەکەی ئەم پارتە دەردەخات.

بە شێوەیەکی گشتی، بەرنامەکەی پارتی سۆسیالیستی شۆڕشگێڕ، بە کەمترین ڕادەی، وا دەردەکەوێت، کە کەمتر ڕادیکال بێت لەبەرنامەکەی پارتی کاری تورکی، چەندین بەندیشی بە وردەکاری دانەڕێژراو بوو، ئەم پارتە لە هەندێك هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و دیموکراسیدا، زیاتر لە پارتی گەلی کۆماری نزیك بۆتەوە.

بەرنامەی ئەم پارتە وادەردەکەوێت، کە دوو قۆناغی ڕەچاوکردووە، قۆناغێك، کارکردن وەك ئۆپۆزسیون، هەروەها قۆناغی گەیشتن بە دەسەڵات.

# تراژیدیای چەپ لە تورکیا

دوای کودەتا سەربازییەکەی ساڵی (1960) و ئەو گۆڕانکاریانەی، کە لە دەستوری تورکیادا هاتەدی، دەرفەتێکی تەسك لەبەردەم پارتە چەپ و سۆسیالیستەکان رەخسا بۆ کاری رێکخراوەیی، بە شێوەیەکی شەرعی و لە چوارچێوەی یاساکاندا.

هێز و لایەنە سیاسییە چەپەکانی تورکیا، بۆ ماوەی زیاتر لە بیست ساڵا (1980-1960) لە خەباتێکی سەختی بەردەوامدابوون، لەکۆتاییدا هەمو دەستکەوتە سیاسییەکانیان لەو خەباتە تەنها (3%)ی دەنگەکانی هەڵبژاردن بوو لە ساڵی (1979). هەر دوا بەدوای ئەوەش، هەمو ئەو لایەن و هێزە چەپ و سۆسیالیستانە، خرانە خانەی ناشەرعی و نایاساییەوە.

لە ئاست ئەم هەلومەرجەدا، دەكرێت وەك هێمایەك بۆ هەردوو دۆخی هێزو توانا، لەگەڵ لاوازی و نوشستی، ئاماژە بۆ ئەو رووداوە بکەین، کە لە رۆژی (1ی ئایاری 1977)دا، لە مەیدانی (تەکسیم) لە شاری ئیستەمبوڵ روویدا، بە بۆنەی جەژنی کرێکارانی جیهان.

ئەو کۆبونەوە جەماوەرییە گەورەیە، کە زۆربەی هێز و رێکخراوە چەپ و (43)

سۆسیالیستەکان بەشدارییان تێدا کرد بوو، بە شێوەیەکی دڕندانە کۆتایی پێهێنرا لەسەر دەستی هێزە راستڕەوە فاشییەکان و بە چاوپۆشی و لایەنگری چەند ناوەندێکی دەسەڵات لەو وڵاتەدا.

هەندێك سەرچاوە، رێکخراوی رزگاری میللی (HK) بە هۆکاری ئەو کارەساتە دەزانن، بۆیە هەر لەسەرتاوە، بەختی چەپ لە تورکیا واهات، کە بەرەوڕووی ململانێیەکی سەختی خوێناوی ببێتەوە لەگەڵ ئەو هێزە توندڕەوە شۆڤینیانەدا، ئەو هێزانەی بە قەبارە گەورە و لەڕووی رێکخستنەوە یەکگرتوو، سەرەڕای لایەنگری و چاوپۆشیلێکردنی هەندێك لە دامەزراوەکانی دەوڵەت.

دیارە لاوازی و پێنەگەیشتنی چەپ لە تورکیا لە رووی سیاسییەوە، فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ ئەو شکست و حاڵەتانەی بەسەریدا هات.

کێشەکە هەر ئەوەندە نییە، کە رێکخراو و هێزە چەپەکان بەرەوڕووی پچڕ پچڕی و جیابوونەوە و تایفەخوازی بوونەتەوە، بەڵکو پەککەوتنی ئەو هێزە لە یەکگرتن و دژی هێزە راستڕەوە توندەکان، ئاشکراترین دیاردەکانی بێتوانایی و پێنەگەیشتنی سیاسیان دەنوێنێت. ئەو دۆخەش درێژەیکێشا تا کودەتا سەربازییەکەی ساڵی (1980).

ئەو ماوە مێژووییە، لە خەباتی سەختی هێز و لایەنە چەپەکان، دەکرێت سێ ئاڕاستەی سەرەکی لەناو چەپدا بەدیبکەین:(44)

یەکەم: ئاڕاستەیەکی سەربەخۆ، لەژێر ناوی-دیفریمیش یۆل-(DEVRIMICI YOL)، کە گەورەترین ڕێکخراوی چەپ بووە لەڕووی قەبارەوە ئەگەرچی خاوەن ڕێکخستنێکی تۆکمە نەبووە، زیاتر شێوەی ڕێکخراوێکی یەکگرتوی هەڵگرتووە.

دووەم: ماوییەکان، ئەوانە لە دەوری رۆژنامەی (ئایدن لیك) کۆببوونەوە، کە دەکرێت بوترێت بڵاوترین رۆژنامەی (ماوی) بووە لە دەرەوەی وڵاتی چین.

سێیەم: پارتی کۆمۆنیستی تورکی (KOMUNIST PARTISI)، وەك ئاڕاستە نەریتگەرییە باوەکەی چەپ، خاوەن جەماوەر و کاریگەری خۆی بووە لەناو کارگەکان و لەناو سەندیکای کرێکاران.

بەڵام هەریەك لەو سێ ئاڕاستەیە (سەربەخۆکان، ماویەکان، لایەنگرانی سۆڤێت)، هەریەك لەناو خۆیدا، بەسەر چەندین گروپ و دەستە و ڕێکخراودا دابەشببوون و لە نێوانیاندا رکابەری توند هەبوو. ئەگەر چی ئەوە هەلومەرجی هێزەکانی چەپ بووە لەو وڵاتەدا، لەبەرامبەردا، شەقامی سیاسی لە تورکیادا، حاڵەتێکی نا سەقامگیری گەورەی پێوە دیار بووە، هاوپەیمانییەتی پارتە سیاسیەکان زوو هەڵدەوەشانەوە، حکومەتەکان بەردەوام لە گۆڕاندا بوون، دیارە ئەم دۆخەش مۆرکێکی گشتی کۆمەڵگەی تورکیا بووە، لەو قۆناغەدا.

لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا، ڕێکخراوە چەپەکان لە تورکیا، جارێکی(45) دیکە گەشەیانکردەوە، ئەو ڕێکخراوانە ژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی (22) ڕێکخراو. ئەوەی جێگەی سەرنجە گۆڕینی جۆری چالاکیەکانیانە، ئەو چالاکیانە، گۆڕانی بەسەرداهات، وەك ئەوەی لە ساڵانی نێوان (1970-1980) ئەنجامیاندەدا.

لەجیاتی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لەگەڵ هێزە ڕاستڕەوەکان، لە گەڕەك و کۆڵانی شارەکان، ئەو ڕێکخراوانە شێوازی نوێی توندوتیژیان پیادە دەکرد، کە

خۆی دەنوێنێت لە کرداری تۆڵەکردنەوە، بە تیرۆرکردنی چەند کەسایەتییەکی دیار و بژاردەی ناو دەزگاکانی ئاسایش و سەربازی رژێم، هەروەها راپەڕاندن و رێکخستنی چالاکی جەماوەری لەسەر شێوەی خۆپیشاندان و نارەزایی دەربڕین لە گەڕەك و شەقامەکاندا. هەر بۆ نمونە لەنێوان (30ی تشرینی یەکەمی 1990) تا (23ی ئاياری 1991)، تەنها رێکخراوی چەپی شۆڕشگێڕ (DEV-SO)، دە کاری کوشتنی ئەنجامداوە لە شارەکانی ئیستەمبوڵ و ئەنقەرە و ئەدەنە.

هەروەها ئەو رێکخراوانە لە شارەکان زیاتر لە (24) کاری جۆراوجۆریان ئەنجامداوە لە ساڵی (1991).

# سوپای بەرەی شۆڕشگێڕی ڕزگاری گەل
# (DIVRIMCI HALK KÜRTULUS PARTISI CEPHESI)
# DHKP_C

**سوپای بەرەی شۆڕشگێڕی ڕزگاری گەل:(46)**

لەناوەندە سیاسیەکان بە کورتکراوەی (دەهەکەپە) ناودەبرێت. ساڵی(1964) بەدەستپێشخەری (ئیبراهیم کاپاکایا) و بە هاوکاری بەشێك لە هاوڕێکانی لە زانکۆی ئیستەمبوڵ دادەمەزرێت.

سەرەتا ئەم ڕێکخراوە بریتیبووە لە چەند بنکەیەك (مەکۆیەك)ی هزری، کە دەبنە پێگە و سەکۆ بۆ کۆکردنەوەی ڕەوتە جیاوازەکانی چەپ لە هەمو تورکیا، هەروەها چەندین لقیشی لێدەکەوتەوە. ئەم مەکۆیانە بوون بە مەڵبەندێك بۆ دژایەتیکردنی ئیمپریالیزمی جیهانی و فاشییەتی تورکی.

چالاکیەکانی ئەم ڕێکخراوە لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا بە تـەواوی دەوڵەتی تورکیای بێزارکردبوو، هەر لەو ماوەیەدا ئیبراهیم دەستگیردەکرێت و دەدرێتە دادگا و ماوەیەك زیندانی دەکرێت.

ئەم بزوتنەوەیە، بزوتنەوەیەکی (مارکسی-لینینی) موتوربەکراو بەهزری (ماویزم)بوو، بۆیە بەردەوام خۆی لەناو جەماوەردا دەبینێت و لەگوندەکاندا لەگەڵ جوتیاراندا دەمایەوە. ئەم بزوتنەوەیە لەپیرۆزی بەهای کەمالیزمی داوە و ئایدیۆلۆژیای کەمالیزمی بە هزری بۆرژوازی لە قەڵەمداوە.

**بیرو بۆچوونی بزوتنەوەکە لەبارەی کێشەی کورد:**

بۆ یەکەمجار سەبارەت بە کێشەی کورد تێزێك و بۆچوونی ئاشکرای خۆی خستۆتەڕوو، کێشەی کورد وەك کێشەی نەتەوەیەك شیدەکاتەوە، کە لە لایەن دەوڵەتێکی وەك تورکیاوە دووچاری نکۆڵیکردن و سەرکوتکردن هاتووە، ئەم بزوتنەوەیە جەختی لە مافی گەلی کورد کردۆتەوە لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیدا.

**چالاکیەکانی بزوتنەوەکە:**

لە کۆتایی ساڵی (1971) ئیبراهیم و چەند هاوڕێیەکی دیکەی وەك (ماهیر چایان) ڕوو لە چیاکانی کوردستان دەکـەن، دەست بە ڕێکخستنی شانە چەکدارییەکان دەکەن، ڕێکخستنەکەیان بەناوی (سوپای ڕزگاری کرێکاران و جوتیارانی تورکیا (تیکۆ) بووە.

دوای چەندین چالاکی شۆڕشگێڕانە، لە (24ی کانونی دووەمی 1973)، لە یەکێك لە گوندەکانی پارێزگای دەرسیم، لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی قورس لەگەڵ هێزەکانی ڕژێمی تورکیا، هەریەك لە (ئیبراهیم کایپا کایا) و (عەلی حەیدەر) دەکوژرێن، بەڵام ماهیر چایان پێشتر لە شاری ئیستەمبوڵا لەکاتی

بەبارمتە گرتنی (3) کەسی بیانی و لە پەلاماردانی پۆلیسی تورکیا بۆ سەریان، لە ساڵی (1971)، ماهیر دەکوژرێت.

نوسەری کتێبی (رێکخستنە سیاسییەکانی باکوری کوردستان)، ئاماژە بەوە(47) دەکات، کە کوشتنی ماهیر چایان لە (20ی ئازاری 1970) بووە، لەناوچەی (قرلدەرە)، لەگەڵ (10) هاوڕێی دیکەی لە شەڕدا لەگەڵ هێزێکی تورکی دەکوژرێت. هەروەها فەرهەنگی مێژووی کورد، ئاماژە بۆ ساڵێ (1972) دەکات، کە ماهیر کوژرابێت.

**ململانێ و جیابوونەوەکانی ناو ئەم رێکخراوە:**

ئەم رێکخراوە لە ساڵی (1968) بەسەر دوو رەوتدا دابەشبوو، ئەو دوو رەوتەش:

یەکەم: رەوتێکی ریفۆرمخواز، کە بانگەوازی کاری سەندیکای و پەرلەمانی دەکرد.

دووەم: رەوتێکی چەپ و شۆڕشگێڕ، کە ئیبراهیم خۆی سەرکردایەتی دەکرد. ناوی خۆی گۆڕی بۆ (پارتی کرێکاران و جوتیارانی شۆڕشگێڕی تورکی)، بەڵام ئەم رەوتە دوای کوژرانی (کایپا کایە) و لە ساڵی (1972) دا بەسەر چەندین گروپ و رێکخراوی، بچوك دابەشببوو، وەك(48):

1. پارتی کرێکارانی شۆڕشگێڕی تورکیا.
2. گروپی بەرەنگاربووەکان.
3. پارتی کۆمۆنیستی تورکی (مارکسی لینینی).
4. گروپی ئیبراهیم کایپا کایا.
5. گروپی زەینەل ئایدن ئۆغلۆ.
6. گروپی عادل ئوفالی ئۆغلۆ.

لە ساڵی (1976)، گروپە بەرەنگاربووەکان و پارتی کۆمۆنیستی تورکی و

گروپی ئیبراهیم، جارێکی دیکە دابەشبوون و بەمشێوەیەی خوارەوە:

ا- گروپی یەکەم:

1. پارتی کۆمۆنیستی تورکیا (مارکسی-لینینی)

2. ماوییەکان.

3. سوپای رزگاری کۆمۆنیستی کرێکاری تورکیا.

ب- گروپی دووەم:

1. پارتی کۆمۆنیستی تورکی (مارکسی-لینینی)

2. کۆمەڵەی دەرەوەی نیشتیمان.

ج- گروپی سێیەم:

1. پارتی کۆمۆنیستی تورکی (مارکسی-لینینی)

2. یەکێتی گەلی شۆڕشگێڕ.

3. ماوییەکان.

لە ساڵی (1978) لە گروپی سێیەم، چەند دەستەیەکی دیکە جیابۆتەوە:

ا- دەستەی یەکەم:

1. پارتی کۆمۆنیستی تورکیا.

2. رێبازی گەلی شۆڕشگێڕ.

لە گرنگترین بڵاوکراوەکانی دەستەی یەکەم:

رێگای گەل، یەکێتی گەل، یەکێتی پرۆلیتاریا، شۆڕشی پرۆلیتاریا.

بەڵام لە بڵاوکراوەکانی دەستەی دووەم: یەکێتی گەلی شۆڕشگێڕ.

لە ساڵی (1978) دەستەی یەکەم دابەشبوونەوە بەسەر چەند گروپێکی دیکە:

**ا- گروپی یەکەم:**

1. حزبی کۆمۆنیستی تورکیا (مارکسی-لینینی)

2. پارتە شۆڕشگێڕەکانی ناوچە ئیجە.

**ب- گروپی دووەم:**

1. پارتی کۆمۆنیستی تورکیا (مارکسی-لینینی)

2. حزبییە پابەندەکان.

ج- گروپی سێیەم:

1. پارتی کۆمۆنیستی تورکیا.

2. حزبییەکان.

لە بڵاوکراوەکانی ئەم گروپە(ڕێگای رزگاری).

**ئایدیۆلۆژیای ئەم ڕێکخراوە:(49)**

ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی کرێکار و جوتیارانی شۆڕشگێڕ، بەناوی (غەیون زیلیلی) دەربارەی بیروباوەڕەکانی پارتەکە لە ئاست چەند بابەتێك، دەڵێت:

مەترسی سەرەکی لەسەر گەلانی جیهان لە لایەن ئیمپریالیزمی سۆسیالیستەوە دێت، ئیمپریالیزمی سۆسیالیستی تەنگ بە ئیمپریالیزمی ئەمەریکی هەڵدەچنێت لە تورکیا، حکومەتی بەرەی نیشتیمانی بەشدارە لەم کارە، لەم بارودۆخە، خەباتی جەماوەری گەل، دەبێت بۆ بەهێزکردنی یەکگرتویی ڕێکخراوەکەیان بێت.

ئەرکی شۆڕشگێڕانەی پارت چڕدەبێتەوە لە بەرپاکردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی دژی ئەوجۆرە ئیمپریالیزمە. لە کاتێکدا کە خەبات دژی کاری لادەر ئەنجامدەدرێت، ئەوا خەبات دژی فاشیەتیش پێویستە، دەبێت پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ پەیوەندییەکانی لەگەڵ جەماوەر بەهێز بێت، هەوڵبدات جەماوەری جوتیار بەلای خۆیدا رابکێشێت و بەڵێنی چاکسازی کشتوکاڵی بدات، خەبات دژی دەرەبەگ سازبکات، یەکێتی نێوان کرێکار و جوتیاران بەدیبهێنێت، کرێکاران دژی هەرجۆرە لادانێك و دەسەڵاتی بەرەی نیشتیمانی هانبدات،

سەرەڕای ئەرکی دۆزینەوەی ڕێگەی تێکۆشان لەپێناو سەربەخۆیی نیشتیمانی و گۆڕینی دەسەڵاتی بەرەی نیشتیمانی بە هۆی ڕاپەڕینێکی هەمەلایەنی کرێکاران.

هێزی سەرەکی شۆڕشگێڕان، بریتییە لەخەباتی گەلانی جیهانی سێیەم، دەبێ پشت بەو خەباتە ببەسترێت....پرۆلیتاریای جیهانی سەرکردەی مەزنی خۆی (ماوتسی تونگ) لە دەستدا، پێویستدەکات هەمو شۆڕشگێڕان پەیڕەوی هزر و بیر و بۆچوونەکانی بکەن.

## سوپای رزگاری گەلی تورکیا

کۆمەڵە ئەندامێك لە پارتی کاری تورکیا و پارتی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕی تورکیا، جیادەبنەوە، باوەڕیان بە ڕێبازی خەباتی چەکداری هەبووە، لە ساڵی (1970) یان (1971) ڕێکخراوێکییان بەناوی - سوپای رزگاری گەلی تورکیا - دامەزراند.(50)

لەبەشداربووانی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە، هەریەك لە: حوسێن ئینان، دەنیز گەزمیش، یوسف ئەسڵان، سینان جمکیل، ئەڵپ ئەسڵان، ئەردۆگان، ئیبراهیم ئۆز تورك، عەونی غوك ئۆغلو.

لە یەکەم کۆبونەوەی ڕێکخراوەکە (دەنیز گەزمیش) بە سەرۆك هەڵدەبژێرن. هەروەها بڕیاری خەباتی چەکداری دژی رژێمی تورکیا رادەگەیەنن و دەستپێدەکەن. ئامانجی سەرەکی ڕێکخراوەکە، دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کۆمۆنیستی بوو لە تورکیا.(51)

لەنێوان ساڵانی (1971-1974) چەندین چالاکی سیاسی و چەکدارییان ئەنجامداوە لە شارەکانی ئەزمیر، ئیستەمبوڵ، ئەنکەرە، هەروەها چەند بنکەیەکی سەربازییان کردۆتەوە بۆ پێگەیاندنی کادران و ئەنجامدانی چالاکی پارتیزانی.

سوپای رزگاری، رێکخستنەکانی نهێنی و نیمچە نهێنی بوون، ساڵی (1971)، کە باری نائاسایی لە تورکیا راگەیەندرا، ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەم رێکخراوە، لە لایەن هێزە ئەمنی و سەربازییەکانی رژێمی تورکیا، دەستگیرکران، بەڵام دواتر بە هۆی یاسای لێبوردنی گشتی ئازادکران. پاشان دووبارە هەریەك لە: حوسین ئینان، دەنیز گەزمیش، یوسف ئەسڵان، دەستگیردەکرێن و لە لایەن دادگاوە بڕیاری کوشتنییان لەسەر دەدرێت و جێبەجێدەکرێت.

دەربارەی پرسی نەتەوایەتی لای ئەم رێکخراوە: بۆچوونیان وابوو، کە(52) پێویستە نەتەوەکانی تورکیا لەبەرەیەکی یەکگرتودا بن، تاسەرکەوتنی سۆسیالیزم، ئەو کات باسی کێشەی کورد بکرێت. ئەو رێکخراوە لە پەیڕەوی ناوخۆیان ناوی کوردییان نەهێنابوو، رێکخراوەکە لەدوای کوشتنی ئەو سەرکردانە، لەناوخۆیدا، بەسەر چەندین گروپ و دەستە دابەشبووە، لەوانە:(53)

1. گروپی عومەر کەمال.
2. رەوتی موسکو.
3. رەوتی ماوی.
4. گروپی عوسمان بەهادر.
5. یەکێتی تێکۆشان.
6. یەکێتی کرێکارانی کۆمۆنیستە تورکەکان.
7. هاوڕێ.

**گرنگترین بڵاوکراوەکانیان:**

1. تیشکێك لەسەر رێگەی رزگاری زەحمەتکێشان، لە لایەن گروپی عوسمان بەهادر دەردەکرا.

2. لاوان لەسەر رێگای شۆڕش.

3. رێگای لاوان.

4. ئاڵای پارت.

ئەم بڵاوکراوانە لە لایەن رێکخراوی سوپای رزگاری تورکیا دەردەچوو.

5. هاورێ.

6. یەکێتی زەحمەتکێشان.

7. یەکێتی کرێکاران.

8. یەکێتی تێکۆشان.

سەرەڕای ئەوانە، چەند رێکخراو و گروپێکی دیکە پەیوەندیان بەم رێکخراوە هەبووە وەك:

أ. کۆمەڵەی ئەکساری.

ب. کۆمەڵەی ئیستەمبوڵا.

ج. کۆمەڵەی عومرانیە.

د. کۆمەڵەی کارتال.

ساڵی (1976)، ماوییەکان دووبـارە - سوپای گەل بۆ رزگـاری تورکیا – دادەمەزرێنن. لە یەکەمین کۆنگرەی لەژێر ناوی (پارتی کاری کۆمۆنیستی تورکیا) خۆیان رادەگەیێنن، ئەمجارە لە بەرنامەکانیان پێداگری لەسەر مافی نەتەوایەتی گەلی کورد دەکەن.

## ڕێکخراوی ڕێگای شۆڕش

ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستە، ساڵی (1972) دامـــەزراوە، ئامانجی ئەم ڕێکخراوە(54) دامەزراندنی دەوڵەتێکە پەیڕەوی هزری (مارکسی-لینینی) بکات. سودی لەو دۆخە پڕ ئاژاوە و قەیرانە وەرگرت، کە تورکیا پێیدا تێپەڕدەبوو، بە مەبەستی گەشەکردن و فراوانبوونی چالاکی و ڕێکخستنەکانی، بە تایبەتی لە کاتی هەڵبژاردنەکان.

بە پێی زانیارییەکان پەیوەندی بەچەند دەوڵەتێکی کۆمۆنیستی نزیك لە تورکیا هەبووە.

چالاکیەکانی زیاتر لەناو ڕۆشنبیران و بەتایبەتیش گەنجان پەرەیسەندووە، چالاکی سیاسی گەورەی ئەنجامداوە لەزۆربەی پارێزگاکانی تورکیا، بەتایبەتی لە پایتەخت -ئەنکەرە-.

لەو شارە بنکەیەکی جەماوەری گەورەی هەبووە، هەروەها چالاکییەکانی پەرەیسەندووە و گەیشتۆتە شارەکانی ئیستەمبوڵا و مانیا. پشتی بە کرێکار و سەرباز و ئەندازیاران بەستووە، کادری بەرچاوی لەپارێزگای - غازی عەنتاب - ناوی (فەیسەڵا کونی) بوو.

زنجیرەیەك کاری چەکداری ئەنجامداوە، وەك تەقینەوە و تیرۆرکردن، هەروەها کرداری چەکداری دژ بە دامەزراوەکانی دەوڵەت و ئاسایش و پۆلیس.

ئەو کارانە، دەسەڵاتی ناچارکرد پەنا بۆ دەستگیرکردنی زۆربەی ئەندامانی بەرێت و رەوانەی دادگا سەربازییەکانیان بکات، بەشێکیان بڕیاری کوشتنیان لەسەر دەرچو، لە ناویاندا (15) کەس لە سەرکردەکانیان.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، زۆربەی ئەندامانی خوێندکاری ئامادەیی بوون، هەروەها کچانیش بە گواستنەوەی چەك و تەقەمەنی هەستاون.

# ڕێکخراوی پڕوپاگەندەی چەکداری
# بۆ (مارکسیزمی - لینینیزم)

ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستە، ساڵی (1975) دامەزراوە، لە سەرکردەکانی ئەم ڕێکخراوە: (حەسەن شەفسەوی، سلیمان سادق، سلیمان جولان). (55)

ئامانجی ڕێکخراوەکە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستییە لەبەر ڕۆشنایی بیروباوەڕی (مارکسیزم-لینینزمی). خەباتی چەکداریش بە باشترین شێواز دادەنێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجە، هەروەها زاڵبوون بەسەر ئەو ڕێوشوێن و بنەمایانەی مستەفا کەمال دایڕشتبوون. لە لایەن یەکێتی سۆڤێتەوە پشتگیریکراوە.

ساڵی (1976)، چالاکییەکانی دەستپێکردووە، زنجیرەیەك چالاکی چەکداری ئەنجامداوە، کە گوایە باشترین هۆکارە بۆ ڕزگارکردنی تورکیا لە بیرو بۆچوون و بنەما کۆن و نەریتگەرییەکان.

هەر لەساڵانی (1976-1978)، چەندین کاری چەکداری ئەنجامداوە لەچەند جێگەیەکی جیاوازی ناو تورکیا، رۆڵێکی سیاسی و سەربازی بەرچاوی هەبووە لەو رووداوانەی، کە بەسەر تورکیادا هاتووە، لە پێش و لە دوای (12ی ئەیلولی 1980). لە بەرامبەردا، دەسەڵات لە تورکیادا توانیویەتی لەناوچە جیاوازەکاندا، ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی رێکخراوەکە دەستگیربکات، بە پێی دەستوری تورکیا بە رێکخراوێکی تیرۆرستی لە قەڵەمدراوە.

پەیوەندییەکی زۆر توندی هەبووە لەگەڵ رێکخراوی بەرەی رزگاری گەلی تورکیا، لە ساڵی (1978) لە کۆبونەوەیەکدا، سەرکردەکانی رێکخراوەکە رایانگەیاند، کە بابەتی کاری هاوبەش لەنێوانیاندا باشترین ئامڕازە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکان.

دوای کودەتای ساڵی (1980)، کاری بۆ فراوان و زۆربوونی چالاکی و بنکەکانی رێکخستنەکانی خۆی دەکرد، چەندین چالاکی رێکخراوەیی ئەنجامداوە لە پارێزگاکانی: ئیستەمبوڵ، ئەزمیر، ئەنکەرە، هەروەها لە ناوچەکانی دەورووبەر.

## بزوتنەوەی رزگاری شۆڕشگێڕ
## DKH

رۆشنبیرو تێکۆشەرانی چـەپ، پشتیان بەو ئەزموونە کەڵەکەبووە بەستبوو، کە لە بزوتنەوە سۆسیالیست و رەوتە چەپەکاندا کۆببۆوە، بە وردی لێکۆڵینەوەیان لەبارەی بارودۆخی نوێی ناو کۆمەڵگەی تورکیایان ئەنجامدابوو، هەندێك هەڵسەنگاندنیشیان بۆ کرابوو، هەروەها دیاردەی فراوانبوونی ئازادی رۆژنامەگەری و بڵاوبوونەوەی، سەرەڕای چاپکردنی ژمارەیەکی زۆر گەورەی کتێب، دەربارەی بابەتە جیاوازەکانی چەپ لەو سەردەمە، وەك: کارە کلاسیکییەکانی مارکسیزم - لینینزم، نوسینەکانی ماوتسی تۆنگ، ترۆتسکی و ئەنارشیزمە سۆسیالیستەکان، نوسین و تیۆرییەکانی شۆڕشگێڕە بۆرژوازییەکان، بەشی زۆری ئەو نوسینانە وەرگێڕدراونەتە سەر

زمانەکانی دیکەش، هەمو ئەو هەلومەرجە، کاریگەری ئەرێنییان لەسەر پێگەیاندن و تێگەیشتنی تێکۆشەران هەبووە، لەو ماوەیەدا چەپەکان لە تورکیا پەیوەندی و کاریگەرییان لەگەڵ هەردوو بزوتنەوەی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی جیهانی پەیداکردبوو، تیۆری حزبە کۆمۆنیست و کرێکارییە رۆژئاواییەکانیان کەوتە ژێردەست، بەو باسانەش، کە لەسەر کۆمۆنیزمی ئەوروپی بڵاوبوونەتەوە، هەروەها تیۆری و ئەزموونەکانی خەباتی کۆمۆنیستی ڤێتنامی و ماوی و پارتی کاری ئەلمانی و تا دەگاتە بەرهەمەکانی وردە بۆرژوازی و شۆڕشگێڕ و ئەنارشیزمەکان لەناوچە جیاوازەکانی جیهاندا.

لەدوای کودەتا سەربازییەکەی (12ی ئەیلولی 1980) لە وڵاتی تورکیا، پاشماوەکانی(56) هەریەك لە: پارتی رزگاری گەلی تورکیا، بەرەی رزگاری گەلی تورکیا، بزوتنەوەی لاوانی شۆڕشگێڕ، ئەوانە یەکییانگرت و بزوتنەوەی رزگاریخوازی شۆڕشگێڕ (DKH)یان دامەزراند. ئەو بزوتنەوەیە خۆی بە میراتگری هەمو بزوتنەوە چەپە شۆڕشگێڕەکانی تورکیا دەزانێت، کە لە سالانی حەفتاکانی (سەدەی بیستەم) دامەزرابوون و باوەڕیان بە خەباتی چەکداری هەبووە.

ئەم بزوتنەوە شۆڕشگێڕییە، رێکخراوی رێگەی شۆڕشی دایکی دامەزراند: (ANA-DEVE-YOL) وەك هێزی سەربازی خۆی.

ئامانجی دەستوەشاندنی چەکداری بووە لە بارەگاکانی سوپای تورکیا لە شارەکاندا، ئەو رێکخراوە لەناو زانکۆکانی تورکیا چالاکی نواندووە، لەبواری کاری رێکخراوەیی زیاتر کرێکار و جوتیار و فەرمانبەرانی کۆدەکردەوە.

ساڵی (1982) هێزە ئەمنیەکانی تورکیا (723) کەسیان دەستگیرکردبوو لە ئەندام و لایەنگرانی ئەو رێکخراوە، بە تاوانی سیاسی جۆراوجۆر.

لەوانە (49) کەسییان رەوانەی دادگای سەربازی کران لە شاری ئەنکەرە،

سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە (سنان کونول)یش لەو دادگاییە بڕیاری کوشتنی بەسەردا سەپێنرا.(57)

ئەم ڕێکخراوە چەپە شۆڕشگێڕە بە هەمانشێوەی ڕێکخراوە چەپەکانی دیکە، بۆ شوێنکردنەوەی خۆی، بەشێك لە کادر و ئەندامانی ڕوویان لەناوچە شاخاوییەکانی کوردستان کرد. لە کوردستانیشدا هاریکاری سەربازیی و ڕێکخراوەیی، هێز و گروپە کوردەکانیان دەکرد، تەنانەت بە هاوکاری ئەم ڕێکخراوە لە کوردستاندا (ڕێکخراوی پێشمەرگە) بە سەرکردایەتی (حوسین یولدرم) دامەزرا.

ڕێکخراوی پێشمەرگە، زۆربەی کادرەکانی لە ساڵی (1980) لە پارتی کرێکارانی کوردستان جیابوونەتەوە.

(حوسین یولدرم) ڕێکخراوی (بووژانەوەی)ی دامەزراندبوو، کە ڕێکخراوی پێشمەرگەش بریتیبوو لە باڵی سەربازی ئەو ڕێکخستنە سیاسییە، لەبواری سیاسیشدا ڕێکخراوەکە زیاتر بایەخی بە کرێکاری کورد داوە لە ئەورووپا، هەر بۆیە لەزۆربەی وڵاتانی ئەورووپا، وەك ئینگلتەرا، ئەڵمانیا، سوید، لقی کردۆتەوە.

# یەکێتی لاوانی شۆڕشگێڕی تورك
# دەڤ گەنج

لە کۆتایی شەستەکاندا لەناو پێکهاتەی ئایدیۆلۆژیای پارتی کاری تورکیادا،(58) چەندین ڕەوتی جیاواز دروستبوون. لەوانە ڕەوتی (پەرلەمانتاران)، کە سەر بەسیاسەتی ڕیشەیی پارتەکە بوو، بڕوایان بە خەباتی پەرلەمانی ریفۆرمخوازی و پشتیوانی سۆڤییەت هەبوو، بە مەبەستی گەیشتنی بە دەسەڵات.

لەبەرامبەردا ڕەوتێك بـڕوای بە خەباتی چەکداری هەبووە، ئەوانە کاریگەربوون بەو خەباتە چەکدارییەی کە لە ڤێتنام و ئەمەریکای لاتین و چین و شۆڕشی کوردستانی باشوردا هەڵگیرسابوو.

دوای ڕووداوەکانی وڵاتی (چیکۆسلۆڤاکیا)، لە ساڵی (1968)، ڕەوتی چەپ لەناو پارتی کاری تورکیا، بڕیاری جیابوونەوەیاندا و (یەکێتی لاوانی شۆڕشگێڕی تورکیا)ی (DEV-GENCE) دامەزراند لە ساڵی (1969).

(دەڤ گەنج) لـەسـەرەتـادا تۆڕێکی ڕێکخستنی فـراوانـی دامـەزرانـد لەسەرانسەری وڵاتی تورکیا، کە زیاتر لە (40) هەزار ئەندامی خوێندکاری هەبوو، هەروەها ڕۆژنامەیەکی دەرکرد کە (100) هەزاری لێچاپدەکرا.

ئەم ڕێکخراوە بڕوای بە ڕێبازی توندوتیژی هەبوو، لە چالاکییەکانیدا، ئەندامانی، گەنجی کەم تەمەن بوون و (25) ساڵ زیاتریان لە نێودا نەبوو.

بەهۆی قوڵبوونەوەی ململانێی ئایدیۆلۆژیای نێوانیان، ئەندامانی ڕێکخراوی (دەڤ گەنج) و پارتی کاری تورکی هەمیشە یەکترییان تۆمەتباردەکرد، لە ڕوانینی پارتی کاردا، ئەندامانی (دەڤ گەنج) تێکدەر و ئاژاوەچی بوون، لەبەرامبەردا بە ناشۆڕشگێڕ و بەکرێگیراوی سۆڤێت دەناسێنران، ئەمەش سەرەتایەك بوو بۆ توندوتیژی و شەڕی ناوخۆیی نێوانیان.

دەربارەی (ڕۆڵی دەڤ گەنج) لە خەباتی نەتەوایەتی کورد، لەسەرەتاوە ئەندامانی شۆڕشگێڕی چەپی کورد، ئەو خوێندکارە کوردانەی، کە لە زانکۆکانی (ئەنکەرە و ئیستەمبوڵ) بوون، بەشێوەی گروپ دەهاتنەوە کوردستان و لەخۆپیشاندانەکانی کوردستان بەشداریاندەکرد، هەریەك لە (داود حەسەن کرۆن، مستەفا چەمکران) نوێنەرانی (دەڤ گەنج) بوون بۆ سەرپەرشتیکردنی خۆپیشاندانەکانی کوردستان.

بەڵام هەر لەسەرەتاوە چەند هۆکارێك هەبوون بۆ جیابوونەوەی ئەندامانی کورد لە ڕێکخراوەکە، لەو هۆکارانە:

کاریگەری ئەو نوسینانەی (مارکس و لینین)، کە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی تورکی و پێداگرییان لەسەر مافی چارەی خۆنوسینی نەتەوە بندەستەکان، هەروەها کاریگەری ڕێکخستنە نەتەوەییەکانی کورد لە کوردستان و شۆڕشی ئەیلول.

بۆیە ئەو خوێندکارە چەپە کوردانە لە ڕێکخراوی (دەڤ گەنج) جیادەبوونەوە. ئەو ئەندامە چەپە کوردانە، ساڵی (1970) بەشێکییان (پارتی سۆسیالیستی خەڵکی تورکیا)یان دامەزراند، (مستەفا دوز گول)، سەرۆکی ئەو پارتە بوو، (داود حەسەن کرۆن)یش جێگری بوو. بەشێکی دیکەیان گروپی خوێندکاری کۆمەڵەی کولتوری شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵات (د.د.ك.-ۆ)یان دامەزراند، پاشماوەکانی (دەڤ گەنج) تەنیا چەپە توندڕەوەکانی تورك بوون، ئەوانیش بە پێی بڕیارێکی دادگای باڵای دەستوری، لە پاش کودەتاکەی ساڵی (1971) ڕێکخراوەکەیان قەدەغەکرا.

## پەراوێزەکانی بەشی دووەم:

1. ظاهره التعدد الحزبی فی ترکیا (1945 - 1980)، د.احمد نوری النعیمی، جامعه بغداد، سنه 1989، ص221.

2. تاریخ ترکیا المعاصر، مجموعه من الباحثین السوفییت، ترجمه، د.هاشم صالح التکریتی، مکتب الفکر والتوعیه، الاتحاد الوطنی الکردستانی، السلیمانیه، 2007، ص82.

3. ترکیا بین الصفوه البیروقراطیه و الحکم العسکری، نورهو فسبیان، مؤسسه الابحاث العربیه، بیروت، گ1، سنه/1985، ص195.

4. تاریخ ترکیا المعاصر، سەرچاوەی پێشوو، ص370.

5. * ترکیا بین الصفوه البیروقراطیه، سەرچاوەی پێشوو، ص200.

*تاریخ ترکیا المعاصر، سەرچاوەی پێشوو، بۆ زیاتر روونکردنەوە تەماشای لاپەرەکانی/127، 181، 292، 340، 370، بکە.

6. * السیاسیه الخارجیه الترکیه حیال الشرق الاوسط (1991 - 2006)، جلیل عمر علی، مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجیه، السلیمانیه، 2011، ص79.

*ترکیا فی قرن العشرین، د.احمد عبدالعزیز محمود، جامعه صلاح الدین، اربیل، گ2011/1، ص68.

7. *ظاهره التعدد الحزبی فی ترکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص263.

*ترکیا فی القرن العشرین، سەرچاوەی پێشوو، ص68.

8. ظاهره التعدد الحزبی فی ترکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص263.

9. *ظاهره التعدد الحزبی فی ترکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص221، ص231.

*تاریخ ترکیا المعاصر، سەرچاوەی پێشوو، ص50.

*سوپای سەوز: ئەم سوپایە بە دەستپێشخەری مستەفا کەمال دامەزراوە لە بەهاری (1920) و بەسەرکردایەتی صالح حاجی ئوغلۆ. لەو کەسانەی بەشدارییانکردووە لە دامەزراندنی (حەقی بەهیچ، نازم بەگ، محەمەد شوکری بەگ، لە ئەفسەرەکانیش(ئەدهەم). لە راستیدا ئەم سوپایە زیاتر بزووتنەوەیەکی سیاسی بووە، باڵی سەربازیشی هەبووە، لەناو ئەنجومەنی نیشتیمانی گەورە (پەرلەمان) گروپێکی گەورەی پشتگیری هەبووە لە ژێر ناوی (خلق زومرسی) کە لە (58) ئەندام پێکهاتبوون.

له دروشم و ئامانجەکانی ئەم سوپایە:

-1 خەبات دژی دەرەبەگایەتی و ئیستعمار.

-2 بنەماکانی ئیسلام و بنەماکانی کۆمۆنیستی وەك یەکن.

-3 باشترین هاوپەیمان بۆ تورکیا سوپای سوری سۆڤییەتە.

-4 دامەزراندنی حکومەتێکی میللی لەسەر بنەمای هەڵبژاردن.

له کاتی پێکهێنانی ئەم سوپایە-دیپلوماسی روسی-ماناتوڤ رۆڵێکی گەورەی هەبووە، دواتریش بووە بە نوێنەری پەیوەندی لە نێوان سوپای سەوز و دەوڵەتی سۆڤییەتی.

ئەم سوپایە لەسەر بریاری مستەفا کەمال هەڵوەشاوەتەوە.

10. ترکیا المعاصر، د.ابراهیم خلیل و اخرون، جامعه الموصل، 1988، ص94.

11. ترکیا فی القرن العشرین، سەرچاوەی پێشوو، ص142.

12. موسوعه السیاسه، عبدالوهاب الکیالی و اخرون، ج2، گ4، 2001، بیروت، ص367.

13. برنامج الحزب الشیوعی الترکی الموحد، منشورات الحزب الشیوعی السوری، دمشق/1989.

14. ظاهره التعدد الحزبی قی ترکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص278.

15. *ترکیا قی القرن العشرین، سەرچاوەی پێشوو، ص94

*برنامج الحزب الشیوعی الترکی الموحد، سەرچاوەی پێشوو.

16. ترکیا قی القرن العشرین، سەرچاوەی پێشوو، ص94.

17. برنامج الحزب الشیوعی الترکی الموحد، سەرچاوەی پێشوو.

18. *ترکیا قی القرن العشرین، سەرچاوەی پێشوو، لا101.

*تاریخ ترکیا المعاصر، سەرچاوەی پێشوو، لا409.

19. ظاهره التعدد الحزبی قی ترکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص271.

20. بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی، کریس کۆچێرا، وەرگێڕانی حەسەن رەسگار، چاپی2013/1 هەولێر، ص378.

*ئەو روناکبیرو کەسایەتیانەی دامەزرێنەر و ئەندامانی باڵای پارتی کار بوون بریتیبوون لە: تاریق زیا ئاکینجی، ناجی کوتلای، جانێت یلدرم، نیازی هوستا، کورد رەشید، کەمال بورقای، تەحسین ئاڤنجی، محەمەد ئەمین ئەرسەلان، عەبدولرحمان کەیهان، سەرچاوە، رێکخستنە سیاسیەکانی باکوری کوردستان.ماجد خلیل، هەولێر/2012، لا128.

21. ظاهره التعدد الحزبى فى تركيا، سەرچاوەی پێشوو، ص270.

22. الصراع السياسى فى تركيا، فلاديمير ايفانوفيتش دانيلوف، ترجمه يوسف ابراهيم، گ1، 1991، سوريا، ص154.

23. الصراع السياسى فى تركيا، سەرچاوەی پێشوو، ص150

24. *ظاهره التعدد الحزبى قى تركيا، سەرچاوەی پێشوو، ص274

*تركيا بين الصفوه البيروقراطيه و....سەرچاوەی پێشوو، ص164

25. القضيه الكرديه قى تركيا، د.حامر محمد عيسى، مكتبه مدبولى، القاهره، گ1، 2002، ص293.

26. *ظاهره التعدد الحزبى فى تركيا، سەرچاوەی پێشوو، ص280

*الصراع سياسى فى تركيا، سەرچاوەی پێشوو، ص150

27. تركيا و حلف شمال الاطلسى، د.احمد نورى النعيمى، بغداد/1981، ص260

28. تركيا بين الصفوه البيروقراطيه، سەرچاوەی پێشوو، ص211

29. تركيا بين العلمانيه و الاسلام فى القرن العشرين، د.وليد رضوان، شركه المطبوعات للتوزيع و النشر، بيروت، گ2006/1، ص179

30. تاريخ تركيا المعاصر، سەرچاوەی پێشوو، ص311

31. ظاهره التعدد الحزبى فى تركيا، سەرچاوەی پێشوو، ص230

32. ظاهره التعدد الحزبى فى تركيا، سەرچاوەی پێشوو، ص230

33. ظاهره التعدد الحزبى فى تركيا، سەرچاوەی پێشوو، ص250

34. تاريخ تركيا المعاصر، سەرچاوەی پێشوو، ص311

35. تاريخ تركيا المعاصر، سەرچاوەی پێشوو، ص307

36. الصراع السياسى فى تركيا، سەرچاوەی پێشوو، ص321، 323

37. *الصراع السياسى فى تركيا، سەرچاوەی پێشوو، ص321

*رێکخستنە سیاسیەکانی باکوری کوردستان، ماجید خەلیل فەتاح، هەولێر ح2012/1 لا153.

38. الصراع السياسى فى تركيا، سەرچاوەی پێشوو، ص318

39. ظاهره التعدد الحزبى فى تركيا، سەرچاوەی پێشوو، ص252

40. الصراع السياسى فى تركيا، سەرچاوەی پێشوو، ص321

41. الصراع السیاسی فی ترکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص316

42. *ترکیا بین العلمانیە و الاسلام، سەرچاوەی پێشوو، ص185

*الصراع السیاسی فی ترکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص373، 374

43. ترکیا بین الصفوە و البیروقراطیە، سەرچاوەی پێشوو، ص153

44. صناعە القرار فی ترکیا، د.جلال عبدالله معوض، مرکز دراسات الوحدە العربیە، بیروت ط1/1988 ص150

45. گۆڤاری کولتور، ژمارە(11)لە تشرینی یەکەمی/2013، سلیمانی ئەکادیمیای پێگەیاندنی کادران(ی.ن.ك)، ڕێکەوت ئیسماعیل، ل91.

46. *ڕێکخستنە سیاسیەکانی باکوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا265

*فەرهەنگی مێژووی کورد، مایکەل گەنتەر، وەرگێڕانی مامکال، دەزگای ئاراس، هەولێر، چاپی1، 2007، لا243.

47. *الجمهوریە الترکیە، الجارە الشمالیە، مدیریە الامن العامە، بغداد، 1981، ص99.

*ترکیا فی القرن العشرین، سەرچاوەی پێشوو، ص98

48. الصراع السیاسی فی ترکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص325

49. ڕێکخستنە سیاسیەکانی باکوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا150

50. الجمهوریە الترکیە، مدیریە الامن العامە، سەرچاوەی پێشوو، ص99

51. ڕێکخستنە سیاسیەکانی باکوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا150

52. *الجمهوریە الترکیە، مدیریە الامن العامە، سەرچاوەی پێشوو، ص99

*ترکیا بین العلمانیە و الاسلام، سەرچاوەی پێشوو، ص185

*ترکیا فی القرن العشرین، سەرچاوەی پێشوو، ص96

53. گۆڤاری، الاسبوع العربی، العدد(1090)، ایلول، 1980، بیروت.

54. ترکیا فی القرن العشرین، سەرچاوەی پێشوو، لا100

55. اکراد ترکیا، د.ابراهیم الداقوقی، دار ئاراس، هەولیر، گ2، 2008، ص190

56. ڕێکخستنە سیاسیەکانی باکوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا311.

57. ڕێکخستنە سیاسیەکانی باکوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا139.

# بەشی سێیەم
# ئیسلامی سیاسی لە تورکیا

## شیکردنەوەیەکی گشتی

دوای دارمانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە کۆتاییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی (1914-1918)، مستەفا کەمال لە هەوڵەکانی سەرکەوتوبوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کۆماری عەلمانی و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی عوسمانیەکان.

عوسمانیەکان کە حوکمڕانیان نزیکەی (600) ساڵا درێژەیکێشا، مانەوە و سەرکەوتنیان پشتی بەدوو هۆکار بەستبوو، یەکەم: رۆڵ و پێگەی ئاینی ئیسلام و بەکارهێنانی بۆ سەپاندنی حوکمڕانی خۆیان، دووەمیان: دەسەڵات و تواناکانی خودی سوڵتانەکان بوو، کە بەشێوەیەکی رەها بەکاریاندەهێنا.

لەو ماوە دوروودرێژەدا، زۆربەی هەوڵەکان بۆ چاکسازی و نوێکردنەوەی دەوڵەت، بەرەوڕووی نوشست بوونەوە. هەرچەندە ئەو هەوڵانە بوون بە هۆی خوڵقاندنی جۆرێك لە هۆشیاری و هەست بە دواکەوتن.

ئەگەرچی، بەدرێژایی مێژووی دەوڵەتی عوسمانی، ئاینی ئیسلام پێگە و رۆڵی کۆمەڵایەتی و(1)سیاسی گرنگی هەبووە، حوکمڕانیش بە گشتی مۆرکی ئەو ئاینەی هەڵگرتووە، بەڵام مستەفا کەمال توانی ڕێبازی دیموکراسی و سکولارێزم و یاسای مەدەنی وەك کۆڵەکە بۆ دەوڵەتە کۆمارییەکەی خۆی دیاریبکات. هەر لەم چوارچێوەیەشدا ئەتاتورك پارتی گەلی کۆماری دامەزراند بە مەبەستی بەهێزکردنی ڕێبازە سیاسییەکەی و پاڵپشتیکردنی بۆ سەپاندنی بیروباوەڕەکانی.

لە کۆماری تورکیای نوێ، گۆڕانکارییەکان قوڵ و کاریگەربوون، تا کار گەیشتە ئەوەی ساڵی (1928)، بڕیاری گۆڕینی دەقی (ئیسلام ئاینی فەرمی دەوڵەت)ە، لابدرێت لە دەستوری وڵاتدا و دەقێکی دیکە جێگەی بگرێتەوە، کە بەمشێوەیە بێت (دەوڵەتی تورك: کۆماری، میللی، دەوڵەتی، عەلمانی، چاکسازییە).

دیارە کارێکی ئاسایی بوو، کە ئەو گۆڕانکاریانە بە ئاسانی قبوڵنەکرێن، ناڕەزایی و دژایەتییان بۆ دروستببێت، بە تایبەتی لای پیاوانی ئاینی و هەندێك ناوەندی کۆمەڵایەتی، ئەم ناڕەزایی و قبوڵنەکردنەش سەرەتا بە شێوەیەکی ڕێکخراو و بەهێز نەبوو، لە بارێکی کپ و نەرێنیدا خۆی دەنواند، بەڵام دوای جەنگی دووەمی جیهانی و لەگەڵ گۆڕانکارییەکان لە تورکیا، دیاردەی بزوتنەوەی ئاینیش رووی لە گەشەکردن کردبوو.

بزوتنەوە ئیسلامیەکان، دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە وڵاتی تورکیا گەشەیان بە خۆیانەوە بینیوە، ئەو دیاردەیەش چەند هۆکارێکی هەبووە، گرنگترینیان پێگەیشتنی هزرە دیموکراسییەکان و درووستبوونی سیستمی حزبی لە وڵاتدا، بە هۆی گۆڕانکارییە جیهانییەکانی دوای جەنگ.

بە درێژایی زیاتر لە سی ساڵا، (1920-1950) لە وڵاتی تورکیا چەند کۆمەڵە و ڕێکخراوێکی(2) کۆمەڵایەتی ئاینی دەرکەوتوون، وەك: کۆمەڵەی ئیسلام، کۆمەڵەی پاککردنەوە، لەگەڵ چەندین گۆڤار و رۆژنامەی ئاڕاستە ئاینی، وەك: ڕێگای ئامۆژگاری، سەلامەت، ئادەمی ئازاد.

ئەو بڵاوکراوانە پێشتر قەدەغەکرابوون، سەرەڕای چەندین بزوتنەوەی سیاسیش، کە هەمویان پشتگوێخرابوون، یان دەرگای بارەگاکانیان داخران بە هۆی هەڵوێستییان دژی عەلمانیەت.

بەشێك لە لایەنگرانی ئیسلامی سیاسی، درێژەیان بە چالاکیەکانیان دەدا بە شێوەیەکی نهێنی، هەندێکیشیان چالاکیەکانیان لەژێر سێبەری رێکخراوە کۆنەپارێزەکان بەڕێوەدەبرد.

ئەگەر بۆ ماوەکانی پێشوتریش بگەڕێینەوە، دەبینین بزوتنەوە ئیسلامییەکان لە تورکیا، کاریگەرییان زیاتر وەك ئایدیۆلۆژیایەکی ئیسلامی دەردەکەوێت لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە، لەو سەردەمەدا ئامانجیان گەڕانەوە بوو بۆ بنچینەکانی ئیسلام و دامەزراندنی سیستمی ئیسلامی، هەرچەندە ئەو رێکخراوانە پارتی سیاسی ئیسلامی نەبوون بەشێوەیەکی دروست، بزوتنەوەی ئیسلامی، یان ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی پشتگیری ئەو رێکخراوانەی کردووە. ئەو دیاردەیە زیاتر دوای سەردەمی حزبی لە تورکیا خۆی دەنواند، ئەمەو لەگەڵ جیاوازی لە تێڕوانین و ئاڕاستەی هزری نێوان ئەو پارت و رێکخراوانە.

لەم بوارەدا دەکرێت ناوی چەند پارتێك بهێنین، وەك: پارتی پارێزگاری ئیسلامی، کە لە (18ی تەموزی 1946) دامەزراوە، پارتی پارێزگارانی تورك، کە لە (8ی تەموزی1947) دامەزراوە، لەگەڵ پارتی نەتەوە، کە لە ساڵی (1948) دامەزراوە.

لەنێوان ساڵانی (1950-1960) هزری ئیسلامی سیاسی گەشەکردنی بەخۆوە بینیوە، ئەویش بە هۆی بەرنامەکەی پارتی دیموکرات، کاتێك دەسەڵاتی گرتە دەست و سودی لە بیروباوەری ئاینی وەرگرت بۆ گەیشتن بە دەسەڵات.

پارتی دیموکرات چەندین کاری بۆ بەرژەوەندی ئیسلامیەکان جێبەجێکردووە، بزوتنەوەی ئیسلامیش لە تورکیا بەپێی هەلومەرجی سیاسی هەنگاویدەنا، هەوڵیدەدا سود لە هەموو ئامرازەکان وەربگرێت، لەم بارەوە شێواز و

ڕێبازی بزوتنەوەی ئیسلامی، سەرەتا دوای جەنگی جیهانی دووەم لە هەوڵی دروستکردنی کۆمەڵەو پارتی سیاسی بووە، چەند ئەزمونێکیشی هەیە لەم بارەوە، بەڵام بـەرەوڕووی بەرەنگاری دەسەڵات بۆتەوە سەرکەوتو نەبووە. دواتر هەوڵیداوە لە ڕێگەی پارتە کۆنەپارێزەکان کارو بەرنامەی خۆی بگەیێنێتە جەماوەر، ئەم قۆناغەش تا کودەتا سەربازییەکەی ساڵی (1960)، درێژەیکێشا، دوای ئەو کودەتایە سەرکردەو چالاکوانی بەتوانا کارییانکرد، وەك (نەجمەدین ئەربەکان)، کە هەنگاوی گەورەی بڕی بۆ پێگەیاندنی بیروباوەڕەکانی ئیسلامی سیاسی و نزیکبوونەوە لە دەسەڵات.

بێگومان (ئەربەکان) گرنگترین رابەری ئیسلامی سیاسی بوو لە تورکیا، تا ئەو کاتەی ئەستێرەی (ڕەجەب تەیب ئەردۆگان) بەرزبۆوە.

لایەنە ئیسلامییەکان لەو هەلومەرجەدا، سەرکەوتنەکانیان پەیوەست بوو بە دۆخە سیاسییەکە و رازیبوونیان بە بنەماکانی (گەمە سیاسییەکە)، کە پشت بە چەمك و بنەماکانی کەمالیزم دەبەستێت لە سیستمی سیاسیدا، هەروەك لە دەستوری تورکیاش چەسپاوە، سەرەڕای ئامادەبوونیان بە وازهێنان لە بەشێك لە داواکارییەکانیان، هەروەها ئایدیۆلۆژیا نەخرێتە سەرووی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی وڵات.

**یەکەم: ڕێباز و بزوتنەوە ئیسلامیە نەریتگەرییەکان:(3)**

لە ساڵانی شەستەکانەوە، ئەو ڕێبازانە لە نهێنیەوە بەرەو ئاشکرابوون سەریانهەڵدەدا، بوونە بەشێك لە بزوتنەوەی ئیسلامی تورکیا، بەڵکو بوونە بەشێکیش لە بزوتنەوەی سیاسی، سیاسەتمەدار و حزبەکان پشتیانپێدەبەستن بۆ وەرگرتنی دەنگەکانیان لە کاتی هەڵبژاردنەکان.

ئەو ڕێبازە سۆفیگەرییانە، خاوەن بونیادێکی ڕێکخراوەیی پتەوبوون، پەیوەندییە ڕۆحیەکانی نێوان شێخ و موریدەکان، جۆرێك لە ملکەچی و پابەندبوونی تێدا هەبوو و پشتیپێدەبەستن لەکار و چالاکیەکانیاندا.

لەدوای ساڵانی شەستەکانەوە ژمارەیان ڕووی لەزۆربوون کردووە، بە پێی ڕاپۆرتێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی لە تورکیا، ژمارەی بنکەکانی ڕێبازە ئایینیەکان لەناو شاری ئیستەمبوڵ لە ساڵی (1991) بەرزبۆتەوە بۆ (307) بنکە، لە شاری ئەنکەرەش گەیشتۆتە (130) بنکە.

**1- بزوتنەوەی نەورەسی:**

بزوتنەوەی نەورەسی (نورچی) -NUR-GIUK-یـان خاوەن (پەیامەکان) ی نور لە(4) تورکیا، بزوتنەوەیەکی ئایینیە، مۆرکێکی سیاسی هەڵگرتووە. ئەم بزوتنەوەیە لە سەرەتای سەدەی بیستەم دەرکەوتووە و لە بیستەکانیش نەشونمای کردووە. دواتر بڵاوبۆتەوە و بووە خاوەن مرید و لایەنگری زۆر لە دەرەوە و ناوەوەی تورکیا.

دامەزرێنەرەکەی (بەدیعولزەمان) سەعید نەورەسییە (1873-1960)، ناوبراو کوردێکی باکوری کوردستانە.

لەسەرەتای ژیانییەوە ڕووی لە زانست کردووە، هەروەها پەیوەندی بە کاری سیاسییەوە هەبووە، ئەو لایەنەش لە ڕەخنەکانی بۆ حکومەتی عەلمانی تورکی دەردەکەوێت.

ناوبراو ساڵی (1892) زیندانیکراوە، دژی هەڵوێستی سوڵتان عەبدولحەمید وەستا بۆ پێکهێنانی (جامیعەی ئیسلامی). داوای گێڕانەوەی دەستوری کرد لە ساڵی (1908)، باوەڕیشی وابوو، کە ئازادی راستەقینە لە جەوهەری ئیسلامدایە.

دوای ساڵانی جەنگی جیهانی یەکەم و دامەزراندنی کۆماری تورکیا، نەورەسی لە سیاسەت دوورکەوتەوە، دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی، کە بە پەیامەکانی (نور) ناوبانگیان دەرکرد و ژمارەیان گەیشتە (130) پەیام، تا ساڵی (1950) لە بڵاوکردنەوەیان بەردەوامبوو. ئەو پەیامانە هەوڵێك بوون بۆ راڤەکردنێکی نوێی قورئان و سەلماندنی راستییەکانی باوەڕ. ئەم بزوتنەوەیە پشتی بە چەند بنەمایەکی هزری بەستبوو، وەك: گەڕانەوە بۆ ئیسلام بەجۆرە رەسەنەکەی، باوەڕهێنان بە خودای تاك و تەنیا و سەلماندنی بوونی، هەروەها ئیجتیهاد و جیهاد لە پێناو ئایندا.(5)

لەراستیدا، بزوتنەوەی نەورەسی رازینەبووە بە بنچینەکانی کولتوری شارستانی رۆژئاوا، رێبازی نەورەسی رێگربووە لەبەردەم سیستمی دیموکراسی، جەختی لە سیستمی تیۆکراسی دەکردەوە، تێدەکۆشا لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی جیهانی. رێبازی نورچیەکان دژایەتی هەمو ئاڕاستەکانی رەوتی نەتەوایەتی بوو، هەروەها هەوڵیدەدا ئیسلام و ناسیونالیزمی تورکی بکاتە یەك شت.

**پوختەی بیروباوەڕەکانی رەوتی نەورەسی:**

1. ئیسلام رزگارکەری مرۆڤایەتییە لەم سەردەمە و لەسەر ئاستی جیهانی(6)
2. قورئان تەنها سەرچاوەی زانینە، کە دەکرێت پشتی پێ ببەسترێت لە دەرهێنانی بیروباوەڕ و زانستەکان لەپێناو چاکسازی تاك و کۆمەڵا.
3. باوەڕ و زانست بەیەکەوە بەستراونەتەوە، هیچیان دژی یەکتر نین.
4. ئازادی راستەقینە لە باوەڕەوە هەڵدەقوڵێت.

5. گۆڕین لە تاك و کۆمەڵدا، کات و سەردەم بەهەند وەردەگرێت.

6. ڕێزگرتن لەسیستمی کۆماری چاك، کە پشت بە ئیسلام دەبەستێت.

7. جەختکردن لەسەر ئینتیما بۆ نەتەوەی ئیسلام و هۆشیارکردنەوە دەربارەی یەکگرتن و گردبوونەوەی ئیسلام.

8. دوورکەوتنەوە لە سیاسەت و تێکەڵنەبوونی بێنە و بەرەکانی.

9. ڕاستیەکانی ئیسلام بەوە دەناسرێن، کە ئامادەبوونی تەواوی تێدایە، بۆ پێشکەوتنی مەعنەوی و مادی.

10. ئایندە بۆ ئیسلام وەك ئایین و شارستانییەت، بە دەنگەوەهاتنە بۆ خۆرسکی مرۆڤایەتی.

11. قبوڵنەکردنی ئـەو عەلمانیەتەی، کە ئایین بە تـەواوی لە ژیان دووردەخاتەوە.

12. شارستانیەتەکان کاریان پێدەکرێت لەنێوان سەرکەوتن و ڕووخاندن.

13. دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی هێز لەگۆڕانکاریدا.

14. ئاگایی لە شارستانیەتی ڕۆژئاوا و پێشکەوتنە ساختەکارییەکەی.

15. قبوڵنەکردنی زۆرداری سیاسی.

16. قبوڵنەکردنی سیستمی سەرمایەداری و سیستمی سۆسیالیستی بەیەکەوە.

دوای مردنی نەورەسی، بزوتنەوەکە زۆر پەرەیسەند، ژمارەی لایەنگرانی لە(7) ملیۆن کەس تێپەڕ دەبوو، بەڵام بزوتنەوەکە توشی جیابوونەوە و پچڕ پچڕی هات چەندین بەشی جیاوازی لێ پەیدابوو، لەوانە:

کۆمەڵێك هاوکاری پارتی دادی دەکرد لەساڵی (1961)، کۆمەڵێکی دیکە لەژێر ناوی (سلێمانی) دەرکەوت، داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامیان دەکرد، کۆمەڵێکی دیکە پاڵپشتی پارتی - ئەلتەحریر- یان دەکرد، کە بارەگای لە وڵاتی ئەردەن بوو.

نوسەرێکی دیکە ناوی چوار کۆمەڵا دێنێت، کە لەم ڕەوتە جیابوونەتەوە،

ئەوانەش: کۆمەڵەی کۆپیکەرانی پەیامەکانی نەورەسی، کۆمەڵی ئاسیای نوێ، کۆمەڵی شورا، کۆمەڵی فەتحوللا گولەن. رابەری ئێستای بزوتنەوەکە (عەلی عوسمان)ە.

**2- ئەلسولەیمانیە:(8)**

رەوتێکی سۆفیگەری ئاینییە، تێکەڵا بە سیاسەت بووە، لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابردو سەریهەڵداوە. دامەزرێنەرەکەی (سولەیمان حلمی تونهان)ە، ناوبراو بیروباوەڕەکانی سەعیدی نەورەسی کاریگەری لەسەر هەبووە.

ئەم رێبازە شێوازی توندوتیژی پیادە دەکرد بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی، بۆچوونی وا بوو، کە بەرپرسانی حکومەتی تورکیا کافرن و پێویستە دژایەتییان بکرێت.

ئەم بزوتنەوەیە سەرەتای سەرهەڵدانی لە پارێزگاکانی باشوری تورکیاوە دەستی پێکردووە، بە تایبەتی پارێزگای ئەدەنە، هەروەها لە شاری ئیستەمبوڵ لایەنگری هەیە، کە زۆربەیان لە بازرگانە گەورەکانن.

ساڵی(1957) بڕیاری دەستگیرکردنی دامەزرێنەری بزوتنەوەکە و نزیکەی (100)کەس لە لایەنگرانی دەرچوو، بەڵام دەستگیرییان نەکردن.

بزوتنەوەی (ئەلسولیمانیە) ماوەیەك پشتگیری لە پارتی داد دەکرد دوای کودەتا سەربازییەکەی (1960)، پاشتر پاڵپشتی لە پارتی نیشتیمانی دایك دەکرد.

ساڵی (1959) دامەزرێنەری بزوتنەوەکە کۆچی دواییکرد، بۆیە زاواکەی (کومال کاجار) جێگەی گرتەوە.

لە سەرکردایەتییەکانی ئەم بزوتنەوەیە: حلمی تورکان، سەیفەدین ئەلکان، حەسەن ئاریکان، نیهاد تورهان.

**3- ئەلتیحانیە:(9)**

بزوتنەوەیەکی ئاینیە، دامەزرێنەرەکەی (ئەبولعەباس ئەلتیحانی)یە (1737 - 1815)ز، خەڵکی جەزائیرە، ئەو بزوتنەوەیە لە جەزائیرەوە گەیشتۆتە تورکیا دوای جەنگی جیهانی یەکەم و زیاتریش دوای جەنگی جیهانی دووەم بڵاوبۆتەوە.

سەرکردەی ئەم بزوتنەوەیە لە تورکیا بازرگانێکە بە ناوی (کەمال بیلاف ئوغلو). لە مانگی ئایاری (1951)، ئەم بزوتنەوەیە بەرنامەی سیاسی خۆی بڵاوکردۆتەوە، هەر بەو بۆنەیەوە داوایکردووە دەستورێکی نوێ بۆ تورکیا دابنرێت لەسەر بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام. رەخنەی توندیشی لە مستەفا کەمال گرتووە.

ئەندامانی ئەم گروپە ئاینییە بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانیان، رێگەی بۆنەی ئاینی و رێبازی توندوتیژیان پەیڕەوکردووە، دەگوترێت پەلاماری پەیکەرەکانی ئەتاتورکیان داوە و ژمارەیەکی زۆرییان شکاندووە. ساڵی (1951) لە شاری کیر پەیکەرێکی ئەتاتورکیان روخاندووە و بە کوفر و بێباوەڕی تاوانباریانکردووە، بۆیە حکومەتی تورکیا ناچاربوو هەندێك یاسا و رێوشوێن دابنێت بۆ پاریزگاریکردن لە پەیکەر و ناوبانگی ئەتاتورك، بەوەی کە دامەزرێنەری کۆماری تورکیایە.

بەڵام ئەندامانی بزوتنەوەکە بەردەوامبوون لە کارە توندوتیژییەکانیان، هەروەك ئەو دیاردەیەی لە مزگەوتی گەورەی تورکیا لە حوزەیرانی (1951) روویدا، ئەو رووداوە بوو بە هۆی زیندانیکردنی زیاتر لە هەزار کەس، بە پێی ئەو زانیاریانەی کە دەستی حکومەتی تورکیا کەوتبوو، جۆرێك لە پەیوەندی لەنێوان بزوتنەوەی (ئەلیتحانی) و (کۆمەڵەی ئیخوان موسلیمین)ی میسر هەیە.

هەروەها بە پێی زانیارییەکان، ژمارەی ئەندامانی ئەم بزوتنەوەیە نزیکەی (300) هەزار ئەندام دەبن.

**4- نەقشبەندی:**

ئەم رێبازە سۆفیگەرییە لە شاری -بوخارا- دامەزراوە لەسەر دەستی (شێخ بەهادین(10) نەقشبەندی) و شێخ ئەحمەدی سەرهەندییەوە لە دەوڵەتی عوسمانی و لە وڵاتی روسیادا بڵاوبۆتەوە، بەڵام دامەزرێنەری رێبازەکە لە وڵاتی تورکیا و بەتایبەتی ناوچەکانی کوردستان شێخ مەولانا خالید بووە.

مەولانا خالید، ساڵی (1808) بەرەو وڵاتی هندستان چووە، لەوێ چاوی بە شێخ عەبدوڵڵای دەهلەوی (رابەری رێبازی نەقشبەندی) دەکەوێت، دوای ساڵێك دەگەڕێتەوە و ئاڵای رێبازی نەقشبەندی لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت، ساڵی (1811) دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و دواتر دەچێتە شاری بەغداد و ماوەی پێنج مانگ دەمێنێتەوە، ژمارەیەك لە زانایانی ئایینی و خەڵکی شارەکە پەیوەندی پێوە دەکەن و دەبنە مریدی و بیرو باوەڕی نەقشبەندی هەڵدەگرن.

لەنێوان (1811-1820) لە کوردستانی باکور ژمارەیەکی زۆری خەڵك دەبنە هەڵگری بیروباوەڕی نەقشبەندی.

شێوازی کاری رێکخراوەیی لەناو رێبازی نەقشبەندی بەهێزتر و باشتر بووە تا دەگاتە رێبازەکانی دیکە. مەرجەکانی وەرگرتن و پلەبەرزکردنەوە بە ئاسانی بۆ هەمو مریدێك بەدینەهاتووە، مەرجەکانی گەیشتن بە پلەی -خەلیفە- زۆر توندبووە، تەنیا بە رەزامەندی مەولانا خالید دەهاتەدی.

رێبازی نەقشبەندی لەسەرەتای دەسەڵاتی (عەدنان مەندەرس) لە تورکیا گەشەیکردووە، بەڵام دوای ساڵی (1954)، ناکۆکی کەوتە نێوانیان، بۆیە دەسەڵات هەڵمەتێکی دەستگیرکردنی دژ بە مریدەکانی دەستپێکردوە، لەو هەڵمەتەدا (17) لە سەرکردەکانی نەقشبەندی لە شاری ماردین خرانە زیندانەوە.

ئەم رێبازە پشتگیری لە پارتی نیشتیمانی دایك کردووە پێش گۆڕانکارییەکانی(11) ساڵی (1980)، دواتر ئەم رێبازە پاڵپشتی پارتی (رەفاە) ی کردووە لە ساڵی (1986)، لەناو ئەم رێبازە سۆفیگەرییە، گروپی (یەحیالی)

گروپێکی دیارە و تایبەتمەندی خۆی هەیە لە(12) شاری (قەیسەری). ناوی ئەم گروپە لە حاجی حەسەن ئەفەندی یەحیالییەوە هاتووە. ئەم کۆمەڵە هەڵگری بیری (میللی گویروش)ن، بە مانای (دیدگای نەتەوەیی)، زۆربەی ئەندامەکانیان دەنگدەری پارتی داد و گەشەپێدانن.

کەسایەتی دیاری ڕێبازەکە لە تورکیا (محەمەد ئەسعد کوشان)ە.

**لقەکانی ڕێبازی نەقشبەندی لە تورکیا:**

1. کۆمەڵی ئەسکەندەر پاشا، دامەزرێنەرەکەی شێخ محەمەد زاهید لە شاری ئیستەمبوڵ.
2. کۆمەڵی ئەدی مان (ADIY MAN)، شێخیان محەمەد ڕەشید ئەفەندییە.
3. کۆمەڵەی یاهی عەلی (YAHY ALI) سەرۆکەکەیان عەلی ڕەمەزان ئەفەندییە.
4. کۆمەڵی ئیسماعیل ئاغا، بنکەکەیان (تشار شمبا فاتح) لە شاری ئیستەمبوڵا، شێخەکەشیان مەحمود ئەفەندییە.
5. کۆمەڵی تۆپ بشلەر: سەرۆکەکەیان (عوسمان نوری تۆپ باشی پاشا)یە.
6. کۆمەڵی ئوشك جیلار: یان(ڕووناکیەکان)دامەزرێنەرەکەی(حوسین حیلمی ئوشك)ە.

**5- ڕەوتی فەتحولا گولەن:**

ناوی تەواوی (محەمەد فەتحوللا گولەن)ە لە دایکبووی ساڵی (1941) لە بنەماڵەیەکی(13) ئاینی توندڕەو پەروەردە بووە، ماڵەکەی باوکی جێگای کۆبوونەوەی زانایان و سۆفییەکانی ناوچەکە بووە. خوێندنی سەرەتایی لە تەکیەی سۆفییەکان دەستپێکردووە.

ئەم بزوتنەوەیە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوتی نەورەسی، ئەندامانی هەمیشە خۆیان بەدوورگرتووە لە سیاسیەت و تەنها لەبواری کاری خێرخوازی ئاینی ماونەتەوە.

بزوتنەوەکە هەر لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم و لەسەرتاسەری تورکیا، تەکییە و نزرگایان دروستکردووە، کە هۆکارێکی گرنگ بوون بۆ سەرگەرمکردنی خەڵکی بە خوا پەرستی.

**لە گرنگترین بیروباوەڕەکانی گولەن:(14)**

1. ئاین، هێزەکەی لەبوارە رۆحیەکەی شاردراوەتەوە، نەك لە زاڵبوونی گوتەکانی خەلیفە و میرەکانی مێژوو.

2. ئەزموون و شارەزایی سۆفیگەری و رۆحی، دڵی شارەزایی و ئەزموونی ئاینی پێکدێنێت هەروەها کرۆکی شارەزایی مرۆییە.

3. گولەن بەوە ناسراوە، کە نێوان رەهەندی رۆحی و رەهەندی واقیعی لێکنزیك دەکاتەوە، بەڵکو دەکرێت بگوترێت، دوانەیی (رۆحی و سەردەمیانە) دوو رەهەندی ئاشکرای گوتاری گولەن پێکدەهێنن.

4. گولەن باوەڕیوایە کە ئیسلامی تورکیا (ئیسلامی ئەنادۆڵ) تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەو تایبەتمەندییەش ئیسلامی تورکیا لە ئیسلامی عەرەب و ئیسلامی دیکە جیادەکاتەوە، ئەو باوەڕیوایە، کە ئیسلامی تورکەکان تێکەڵەیەکە لەنێوان ئیسلام و نەتەوەی تورك، بنچینەش لە ئیسلامدا کارکردن نییە بە رێوشوێنە ئاینییەکان، بە رادەی رەفتار و هەڵسوکەوتی رۆژانە لە ژیان، بە پێی ئەو بنەما و بەهایانەی، کە ئیسلام پێشکەشی مرۆڤایەتی کردووە.

5. ئەو باوەڕیوایە، کە جلوبەرگی پۆشتە بۆ ژنان، (تەنها دیاردەیەکی بچوکە)، لە مێژووی ئیسلامدا، ئەو دیاردەیە ناکرێت ببێتە پێوەر بۆ پێشکەوتنی ژنان.

6. بیروباوەڕەکانی دەربارەی فێربوون، ئەو باوەڕیوایە ئەو فێربوونەی پێویستە، کە دەوڵەتانی ئیسلام پەیڕەوی بکەن، ئەو فێربوونەیە، کە یارمەتی تێکەڵبوونی مرۆڤ دەدات لەگەڵ جیهانی هاوچەرخدا، فێربوونی تەکنەلۆژیا و زانستە نوێیەکانە.

7. گولەن باوەڕی بە بوونی رۆڵێکی بەهێزی موسڵمانان دەکات لە سیستمی

ئابووری جیهانی، هەروەها بەشداریکردنی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا.

8. گولەن دژی تێکەڵکردنی ئاینە لە کاروباری دەوڵەت (یان بە سیاسیکردنی ئاین)، ئەویش بۆ پاراستنی هەردولا.

**دامەزراوەکانی فەتحولا گولەن:**

بزوتنەوەکەی فەتحوڵا گولەن، تۆڕێکی زەبەلاحی بەدەوری جیهاندا هەیە، ئەو تۆڕە پێکهاتووە لەنزیکەی (300) قوتابخانە لەناو تورکیا، هەروەها نزیکەی (100) قوتابخانەی دیکە لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان، کە زۆرترینیان لەو وڵاتانەن لە یەکێتی سۆڤێت جیابوونەتەوە و بە رەگەز تورکن.

**ژمارەی پەیڕەوکارانی فەتحوڵلا لەنێوان (200) هەزار تا چوار ملیۆن کەس دەبێت.**

لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت سایتەکانی بە (12) زمانی جیهانی کار دەکەن، لەناویاندا: تورکی، ئـازەری، عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی، پۆڵەندی، ئیسپانی. هەروەها تۆڕێکی راگەیاندنی گەورەی هەیە لە تورکیا، سەرەڕای بوونی دامەزراوەیەکی رۆژنامە و نوسین، کە لە ساڵی (1994) دامەزراوە. ئەمەو سـەرەڕای چەندین دامـەزراوەی خزمەتگوزاری و تەندروستی و فێربوون.

گولەن بە بەشداری (16) کەس، لە ناوییاندا (تانسۆ چیلەر)، (بانکی ئاسیا فایننناس)ی دامەزراندووە، کە سەرمایەکەی نزیکەی (125) ملیۆن دۆلارە.

ساڵی (1999) چۆتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دوای ئەوەی کاسێتێکی بە (دەنگ و رەنگ)ی خۆی بڵاوکرایەوە و تێیدا داوای لە لایەنگرانی کردبوو، کە بە ئارامی و بێدەنگ کاربکەن و خۆیان بخزێننە ناو دامەزراوەکانی دەوڵەت تا بتوانن دەست بەسەر وڵاتدا بگرن. بۆیە بەو هۆیەوە دادگایەکی

توركی بۆ ماوەی دە ساڵا بڕیاری زیندانیکردنی بۆ دەرکرد، بەڵام ئەو بڕیارە لە ساڵی (2008) هەڵوەشایەوە و ناوبراویش تا ئێستا لە ئەمەریکا دەژیت.

**6- کۆمەڵەی شێخەکانی تیلۆ و نۆرشین(15):**

کۆمەڵە، دوو باڵی قوتابخانەیەکی ئاینی کوردیین، تیلۆکان، لایەنگریان بەلای ئەردۆگان و پارتی داد و گەشەپێدانە، بەو پێیەی هاوسەری ئەردۆگان خەڵکی سیرتە ئەوان ناوبراو بە زاوای خۆیان دەزانن.

نۆرشینەکانیش، سەردەمانێك لایەنگری پارتی (فاس پارتی) نوعمان کورتولوش بوون، بەو پێیەی ناوبراو ئێستا یەکێك لە لێپرسراوانی پلەبەرزی پارتی داد و گەشەپێدانە، چاوەڕێ دەکرێت لە هەڵبژاردندا دەنگ بەو پارتە بدەن.

**7- کۆمەڵی ئێشکچیەکان:(16)**

ئەم کۆمەڵەیە لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم دەرکەوتن. ناوەکەیان لە حوسین حلمی ئێشکچیەوە هاتووە، خاوەن و دامەزرێنەری رۆژنامەی (تورکیە) و (ئیخلاس هوڵدینگ)ن، ئەنوەر ئۆیرەن کە کۆچی دوایی‌کرد لە (2013) شاگردی ئێشکچی و رابەرێکی دیاری کۆمەڵەیە.

ئێشکچیەکان لە رابردودا لایەنگری تورگوت ئۆزال بوون، بەڵام ئێستا پشتگیری لە پارتی داد و گەشەپێدان دەکەن.

کۆمەڵە لە راستیدا بە باڵێکی نەقشبەندی دادەنرێت، ئەمانە زیاتر بە(17) کۆمەڵەی (حەبەشی)یەکانی لوبنان دەچن، دژایەتی بیری بزوێنەر کاری دەکەن، ئەوان لە دەرەوەی بۆچوون و باوەڕی خۆیانن، بە خەڵکانێکیان دەناسن هەڵگری بیری پڕوپوچ و چەواشەکاری بن.

کۆمەڵە بایەخ بە کاری بازرگانی دەدات، لایەنگری خاوەن کۆمپانیا و کەناڵی تەلەفزیۆنی و گۆڤار و رۆژنامەن.

**8- کۆمەڵەی ئەسکەندەر پاشا:(18)**

ئەم کۆمەڵە لایەنگری ئەربەکان و ئۆزال بوون، کادرە پێشکەوتووەکانی پارتی داد و گەشەپێدان لەناو ئەم کۆمەڵەیە پێگەیشتوون، بۆیە لە هەڵبژاردنەکان دەنگیان بۆ ئەو پارتە دەروات.

**9- کۆمەڵی قادر موحەمەدییە:**

بەشێکە لە ڕێبازی قادری لە تورکیا، چالاکیان زیاتر لە شارەکانی ئیستەمبوڵ و ئەنکەرە و دوزجە، دەردەکەوێت کە لایەنگری پارتی داد و گەشەپێدانن.

**10- سەربازانی قودس:(19)**

دەسەڵاتدارانی ئەمنی لە تورکیا، جەخت لەسەر بوونی (7) ڕێکخراو دەکەن، کە لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی ئێرانەوە دامەزراون، بۆ ئەوەی بە هۆی ئەو ڕێکخراوانە بیروباوەڕ و شێوازی حوکمڕانی ئێران ڕەوانەی تورکیا بکەن.

میدیای فەرمی تورکیا لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە لایەنە پەیوەندیدارەکانی تورکیا لە لێکۆڵینەوەکانیاندا لە دوو ڕووداوی تیرۆرکردنی نوسەر و ڕۆژنامەنوسی دیار (ئوغور مومجو)، لەگەڵ وەزیری ڕۆشنبیری پێشو (ئەحمەد کشللی) ساڵی (1999)، بوونی ڕێکخراوێك بە ناوی (سەربازانی قودس)یان بۆ ئاشکرا بووە، ئەو ڕێکخراوە بەرپرسە لە هەڵمەتێکی توندوتیژ بەناوی (جەنگی نهێنی) لەناو خاکی تورکیادا و بڕیارەکانیشی ڕاستەخۆ لە ئێرانەوە وەردەگرێت.

ئەمەو چەندین کەس لە خەڵکی تورکیا، لە لایەن ئێرانەوە ڕاهێنانی سەربازی و هزرییان پێکراوە و ڕەوانـەی تورکیا کراونەتەوە، بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی، کە پێیان دەسپێردرێت.

## دووەم: پارت و ڕێکخراوەکانی ئیسلامی سیاسی

# پارتی یەکگرتنی تورکیا

سالّی (1966) دامەزراوە، جەخت لە نوێنەرایەتیکردنی شیعەکانی تورکیا دەکاتەوە(20)، سەرەتا ناوی پارتی یەکگرتن بوو، سالّی (1971) ناوی گۆڕا و بوو بە پارتی یەکگرتنی تورکیا (TURK BRILIK PARTISI).

لە هەڵبژاردنی گشتی سالّی (1973) تەنها ڕێژەی (4%)ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە لە خاڵە گرنگەکانی بەرنامەی ئەم پارتە:(21)

1. دابینکردنی ئازادییە دیموکراسییەکان و دادپەروەری و یەکسانی لەنێوان هەمو هاوڵاتیان.
2. ئازادی کارکردن بە ڕێوشوێنە ئاینیەکان لەچوارچێوەی یاسادا.

لەبەر ئـەوەی زۆریـنـەی (عـەلـەویـەکـان) لە تورکیا کـوردن، بۆیە دامەزراندنی ئەم پارتە وەك هەوڵێك تەماشا دەکرا، کە هەندێك مافی نیشتیمانی بۆ کورد دەستەبەربکات لە ژیانی سیاسیدا.

ئەم پارتە چەند دروشمێکی چەپڕەوانەی بەرزکردۆتەوە، دەربارەی کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ چەند ناوەندێکی سۆسیالیستی لە تورکیا پەیداکردووە.

دوای رووداوەکانی شۆڕشی ئێران لە ساڵی (1979)، لە ناو پارتی یەکگرتنی تورکیا(22) دیالۆگی گەرم روویدا، زیاتر لەناو کۆمەڵە گەنجێکی خوێندکاری زانکۆ، سەر بە رێبازی عەلەوی، ئەو گفتوگۆیانە بوون بە هۆی جیابوونەوەی باڵێك لە پارتی یەکگرتنی تورکیا بەو بیانووەی، کە ئەم پارتە تواناى ئەوەی نییە هاوشانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی و بزوتنەوەی شیعەکانی جیهان چالاکی بنوێنن. بۆیە ئەوانە پارتێکی سیاسی نهێنیان پێکهێنا بە ناوی پارتی -ئەرتال- کە -سەیفی موراد ئولولو-سەرکردایەتی کردووە.

وشەی (ئەرتال)یش کورتکراوەی ناوی پارتە عەلەوییەکەیە بە زمانەکانی عەرەبی و تورکی و کوردی.

ئامانجی ئەم پارتە، کۆکردنەوەی شیعەکانی تورکیایە لە عەرەب و کورد و تورك، لەگەڵ داکۆکیکردن لەسەر لایەنە عەلەوییەکە لە بزوتنەوەکەیان. بەڵام بواری چالاکییەکانی زۆر تەسك بوو، ژمارەی ئەندام و لایەنگرانی بە رادەیەکی زۆر کەم بوو.

سەرچاوەی دارایـی پارتەکەش، چەند خوێندکارێکی هەبووی شیعە بوون، کە دانیشتوی شارەکانی ئەسکەندەرونە ئەنتاکیا بوون.

لە ساڵانی دواییدا، دەزگا ئەمنییەکان لە تورکیا، ژمارەیەکی ئەندامانی ئەم پارتەی دەستگیرکردووە، دەرکەوتووە کە پەیوەندییان بە حکومەتی سوریا هەبووە.

## پارتی دیموکراتی ئیسلامی

ئەم پارتە لە (27ی ئابی 1951) دامەزراوە لە لایەن (شەفیق رفعەت تیلهان)(23)، بەڵام (هەندێك سەرچاوە ناوی جەواد رفعەت) دێنن. شەفیق رفعەت نوسەرێکی دیاربوو، سەرەتا پارتی پارێزگارانی دامەزراند لە ساڵی (1947)، پاشان لە شاری ئیستەمبوڵا پارتی دیموکراتی ئیسلامی دامەزراند.

(زوهتو بیلمەر)ی پزیشك و یەك لە دامەزرێنەرانی (پارتی زەویوزار و ئابوری سەربەست) ساڵی (1949) پەیوەندی بەم پارتەوە کردووە.

بە پێی راگەیاندنەکانی ئەم پارتە، (200) ئەندامی هەیە و (150) لق لە (10) پارێزگای جیاوازی تورکیا.

پارتی دیموکراتی ئیسلامی، رێزی لە کەلەپور و دابونەریتی کۆمەڵگە گرتووە، باوەڕی بە بنەماکانی ئاینی ئیسلام هەبووە، بەتوندی دژایەتی هزری کۆمۆنیستی دەکرد.

ساڵی (1952) بە هۆی پەیوەندی بە کێشە و ئاژاوە کۆمەڵایەتییەکان، کە لە تورکیا سەریانهەڵدا، سەرکردەکانی ئەم پارتە درانە دادگا و کۆتایی بە چالاکیەکانی هات.

# ڕێکخراوی شەرڤانانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلام
# I B D A

1.ساڵی (1975) دامـەزراوە، سەرکردەکەی (سالح میرزا ئۆغلو)ە(24) بانگەشەی بۆ شۆڕشێکی ئیسلامی سەرتاسەری دەکرد. شێوازی توندوتیژی شۆڕشگێڕانە پەیڕەودەکات بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی. بیروباوەڕەکانی سیاسەتمەداری ئیسلامی -نەجیب ساڵح- کاریگەری بەسەریدا هەبووە.

ئەندامانی زیاتر لە گەنج پێکدێن و ژمارەیان نزیکەی (2000) کەس دەبێت. بە زۆری کتێبەکانی (سەید قوتب) و نەورەسی دەخوێننەوە، گۆڤارێکیان دەردەکرد بە ناوی: AK DOGUS:IS LAMCI MILLTER DERGI.

ساڵی (2001) لە لایەن دادگاکانی تورکیا بڕیاری لە سێدارەدانی (ساڵح میرزا ئوغلو) دەرچووە(25).

لەو کارانەی کە ئەم ڕێکخراوە پێیهەستاوە: پەلاماردانی بانك و دامەزراوەکانی حکومەت لە ڕێگەی تەقاندنەوەی بۆمبی دەستی، هەروەها هێرشکردنە سەریانە کۆمەڵایەتییەکان و مەیخانەکان، سەرەڕای ڕاپەڕاندنی خۆپیشاندان و پشتگیریکردنی بزوتنەوە ئیسلامییەکان لە وڵاتانی جەزائیر و تونس و بۆسنە.

بیروبۆچوونی ئەم ڕێکخراوە بەرامبەر بە شیعە و بە ڕێبازی وەهابیەت ئەوەیە، کە قبوڵیاننا‌کات و بە کافر تەماشایاندەکەن.

ڕێکخراوی شەڕڤانانی ڕۆژهەڵاتی مەزنی ئیسلامی، بەم وشانە ئاماژەی بۆ دەکرێت (IBDA)، بەڵام ڕێکخراوی شەڕڤانانی ڕۆژهەڵاتی مەزنی ئیسلامی، چەکداری بەم وشانە ئاماژەی بۆ دەکرێت (I B D A-C).

یەکەمیان بە کاری چەکداری هەڵناسێت و دووەمیان پێیهەڵدەستێت.

2. هەر لەچوارچێوەی ئەم ڕێکخراوانە، کە ڕێبازی شۆڕشگێڕییان پیادەکردووە(26) و لەبیروباوەڕەکانیان زۆر لە یەکتر نزیکن، کۆمەڵی زیندوبوونەوە (درلیش) DIRILIS، ئەم ڕێکخراوە لە لایەن (سزائی قراقوج) دامەزراوە ساڵی (1960) مەبەستیش لەو زیندوبوونەوەیە، بە ئاگاهاتنەوەی (جیهانی ئیسلامی)یە لە خەوتن و لە بێدەنگی، ئەم ڕێکخراوە لە سەرەتای (1960)وە بانگەشە بۆ بیرۆکەی یەکگرتنی نێوان دەوڵەتە ئیسلامییەکان دەکات و لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامی جیهانین، بە بۆچوونی سزائی: بوونی دەوڵەتێکی ئیسلامی جیهانی تەنها ڕێگایە بۆ پاراستنی جیهانی ئیسلامی لە داگیرکردن و ڕاماڵینی ئەم جیهانە لە لایەن ڕۆژئـاواوە. سزائی دەزگایەکی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە دامەزراند و نزیکەی (55) کتێبی لەم بارەوە بڵاوکردۆتەوە.

**یەکێتی کۆمەڵە ئیسلامیەکان**

ئەم رێکخراوە بە توندترین رێکخراوی ئیسلامی دادەنـرێـت لەناو بزوتنەوە(27) ئیسلامییە تورکەکان، لە لایەن (شێخ جەمالەدین قەبلان) سەرکردایەتی کراوە، ناوبراو لە دایکبووی ساڵی (1926) و لە (1995) کۆچی دواییکردووە.

خوێندنی لە زانکۆی ئەنکەرە تـەواوکـردووە، چەندین پلەی وەزیفی لەبواری ئاینییەوە بە دەستەوە گرتووە، لەدوایدا وازی لە کاری حکومی هێناوە، روویکردۆتە ئەوروپا و لەوێ نیشتەجێبووە، پشتگیری لە رێکخراوی -تێرۆرانینی نیشتیمانی- کـردووە، کە بەشێك بوو لە پارتی (ئەلسەلامەی نیشتیمانی) بەسەرکردایەتی نەجمەدین ئەربەکان.

جەمالەدین قەبلان ساڵی (1984) سەردانی ئێرانی کردووە و چاوی بە ئیمام خومەینی (رابەری شۆڕشی ئێران 1979) کەوتووە، شێخ جەمالەدین ناوبانگی (دەنگی رەشی) لێنرا، ساڵی (1978) لەناوچەی ئەنادۆڵا، دەوڵەتی ئیسلامی راگەیاند و خۆی بە خەلیفە دانا. باڵوێزخانەی ئیسلامی لە وڵاتی ئەڵمانیا دامەزراند.

قەبلان داوای نەهێشتنی سیستمی عەلمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی کرد، هەمو سەرکردە تورکەکانی بە کافر زانیوە، بە نەجمەدین ئەربەکانیشەوە، هەروەها ئیمام خومەینی بە تورك داناوە.

ناوبراو بە شێوەیەکی گۆشەگیر لە ئەڵمانیا دەژیا، ساڵی (1995) کۆچی دوایی کردووە و کوڕەکەی -مەتین ئۆغلو- جێگای گرتۆتەوە.

# پارتی نیزامی نیشتمانی
# M N P

کۆمەڵێك کە کاری بازرگانی و پیشەسازی بچوك و مام(28) ناوەندییان دەکـرد، هەستیانکرد دامەزراندنی پارتێکی سیاسی، کارێکی پێویستە بۆ رووبەڕووبونەوەی خاوەن پیشەسازی و داراییە گەورەکان.

بۆیە گەیشتنە رێککەوتن لەسەر پێکهێنانی پارتێك بەناوی (پارتی نیزامی نیشتیمانی) لە (26ی کانونی دووەمی 1970)، بە سەرکردایەتی (نەجمەدین ئەربەکان) و ئەمینداری گشتی (سلیمان عارف).

لە هەبژاردنی گشتی ساڵی (1969) نەجمەدین ئەربەکان وەك کەسێکی سەربەخۆ(29)، بۆ ئەندامێتی پەرلەمان لەسەر شاری قونیە خۆی کاندیدکرد. دیارە ئەم بڕیارە دوای ئەوە هات کە رێگەی پێنەدرا لەناو پارتی-داد- خۆی هەڵبژێرێت.

لەو هەڵبژاردنە ئەربەكان لەگەڵ (26) كەسی تر سەركەوتنیان بەدەستهێنا و بوون بە ئەندام پەرلەمان.

دیارە دامەزراندنی ئەم پارتە كاردانەوەیەك بوو بەرامبەر هەڵوێستەكانی پارتی-داد- لە پشتگیریكردنی خاوەن پیشەسازی و بازرگانە گەورەكان لە شارەكانی توركیادا، هەروەها بۆ چینی بۆرژوازییەتی گەورەی كشتوكاڵ لە لادێ و گوندەكان.

بارودۆخی ئابوری و پەرەسەندن و گۆڕانكارییەكان لە سیستمی سەرمایەداری توركیا، كاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر بازرگانە وردەكان و گوندنشینە خاوەن زەوییە بچوكەكان، ئەو دیاردانە بوون بە هۆی تێكچوونی دۆخی ئابوری و لەدەستدانیان بۆ پێگە و رۆڵیان لەناو كۆمەڵگە.

**تایبەتمەندییەكانی ئەم پارتە:**

بە یەكەم پارتی سیاسی رێكوپێك دادەنرێت، كە لە لایەن رەوتی ئیسلامی ئۆپۆزسیۆنەوە پێكهاتووە، دوای دامەزراندنی كۆماری توركیا و هەنگاونان بەرەو نوێكردنەوە و بە عەلمانیكردنی ئەو وڵاتە.

پارتی نیزامی نیشتیمانی كرۆكی پـرۆژەیـەكـی ئیسلامیانە بـوو، بۆ جێبەجێكردنی(30) ئامانجەكان و بە شێوازێكی سیاسییانە. هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە، مۆرك و نیشانەی ئاڕاستە ئیسلامییەكەی هەڵگرتووە، بۆ نموونە (پەنجەی شایەتمانی دەستی راستی) كردۆتە دروشمی خۆی.

ئەم پارتە بۆ مـاوەی یەك ساڵی تەمەنی، توانی (60) ناوەند و (300) لق بۆخۆی(31) دابمەزرێنێت لە شار و شارۆچكەكانی توركیا. هەروەها پشتگیری كۆمەڵی (نورچی)و (یەكێتی نیشتیمانی قوتابیانی تورك-MTTB-) بەدەستبێنێت. دوای ساڵێكیش لە دامەزراندنی یەكەم كۆنگرەی خۆی بەست لە كانونی دووەمی (1971).

ئەم پارتە سەرچاوە مێژووییەکانی، لە وتاری دامەزراندنیدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت، هەروەك لەم دەقانەی خوارەوە ڕووندەبێتەوە:

(ئەمڕۆ....ڕێڕەوی نەتەوەی مەزنمان، کە درێژەپێدەری ئەوانەیە سوپای خاچپەرستانیان تێکشکاند بەر لە هەزار ساڵ و شاری ئیستەمبوڵیان داگیرکرد بەر لە (500) ساڵ و ئەوانەی گەیشتنە دەرگای (ڤییەنا) پێش (100) ساڵ... ئەوانەی جەنگی سەربەخۆییان ئەنجامدا بەر لە (50) ساڵ.

ئەم نەتەوە دێرینە ئەمڕۆ هەوڵدەدات لەو کەوتنە هەڵسێتەوە و سەردەمی هێزی خۆی نوێبکاتەوە و پارتی نیزانی نیشتیمانی دامەزرێنێت.

پارتی نیزامی نیشتیمانی، مەزنی و باڵای بۆ ئەو نەتەوەیە دەگەڕێتەوە، کە پاشماوەیەکی گەورەی هەیە لە ڕەفتار و ڕەوشتی بەرز و چاکەی زگماکی. ئەم پارتە دەستدەکات بە بڵاوکردنەوە و جێگرتنەوەی خۆشگوزەرانی و ئاشتی لە هەموو ناوچەکانی ئەم وڵاتە، ئەویش بە شێوازی یاسایی و شەرعییەوە).

لە بەرنامەی پارتەکەدا ئاماژە بۆ ئەم ئامانجانە کراوە:

1. کاراکردنی ڕەوشت و ڕەفتارە بەرز و باڵاکان، ئەوانەی لە ناخی نەتەوە چەسپاون.

2. بەدیهێنانی سیستم و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئاشتی بۆ هاوڵاتیان.

3. پشتگیریکردنی ئازادی و ویژدان، ئەو ئازادییەی پێداویستی هاوڵاتییان دێنێتەدی، لە باوەڕی ئایینی و خوداپەرستی.

4. دژایەتیکردنی ئەو عەلمانیەتەی هێرشدەکاتە سەر ئایین و ڕێز لەئایینداران ناگرێت، (پێوەری ئەم پارتە بۆ عەلمانیەت ئەوەیە کە دژایەتی ئاین نەکات).

5. بوونی سیاسەتێکی پەروەردەیی و فێربوونی ئاینی، بە شێوەیەك کە ڕێگرنەبێت لەبەردەم پێداویستی و هەستە ئاینییەکان.

لە بواری ئابوریدا، سەرۆکی پارت (ئەربەکان) ئەم بابەتەی خستەڕوو:

أ. گەشەپێدانی کەرتی تایبەت لەجیاتی سنورداری و پاشکۆیەتی بۆ دەوڵەت.

ب. پلاندانان، نا ناوەندی بێت.

ت. ڕێگرتن لە دەستبڵاوی لەبواری خەرجییەکان.

پ. نەهێشتنی (ریبا) قازانجی باج.

ج. گۆڕینی سیستمی باج لە وڵاتدا.

ح. دانانی سیستمێکی نوێی دارایی.

خ. دانانی بەرنامەیەکی بنچینەیی نوێی بۆ سود وەرگرتن لە زەوی.

د. زیندوکردنەوەی گیانی کارکردن و کۆششکردن بە پێی چەمکی خوداپەرستی.

ژ. بایەخدان بە گەشت و گوزار لە وڵاتدا.

ئەم پارتە لە (20ی ئایاری 1971) بە بڕیاری دادگای دەستوری لە تورکیا، ڕێگەی کارکردنی لێگیرا.لە بەر ئەو هۆیانەی خوارەوە:(32)

1) مادەی (63) دەستوری کۆماری، ڕێگە لە هەر چالاکییەك دەگرێت، کە پشت بە ئایین ببەستێت.

2) داوا دەکات بابەتی ئایین لە قوتابخانەکان بە زۆر بخوێندرێت.

3) داواکردنی (گەڕانەوەی سیستمی خەلیفایەتی عوسمانی).

4) ئەم پارتە داوا دەکات ئاین لە دەوڵەت جیانەکرێتەوە.

5) ئەم پارتە دژی گۆڕانکارییە عەلمانییەکان وەستاوە.

## پارتی ئەلسەلامەی نیشتیمانی
## M S P

پارتێکی ئیسلامییە لە وڵاتی تورکیا، کاردەکات(33) بۆ دووبارە بونیادنانەوەی ژیان و داڕشتنەوەی لەسەر بنەمای ئیسلام. ئەو پارتە ڕێبازی سیاسەتی هەڵبژاردووە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. هەموو تواناکانی خۆی بەکارهێناوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەوتی عەلمانییەت لە تورکیادا.

لە (7ی تشرینی یەکەمی 1972) دامەزراوە بە سەرپەرشتی و ئاڕاستەکردنی (نەجمەدین ئەربەکان)، ژمارەی ئەندامانی دامەزرێنەری (19) کەس بوون، لەوانە: سلیمان عارف، حەسەن ئەقسای.

لە ڕۆژی(21ی کانونی دووەمی 1973) یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست، لە (42) پارێزگا و (300) شاری تورکیا لق و بارەگای هەبووە.

چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری هەبووە، وەك (میللی گازیت) ئۆرگانی ناوەندی پارتەکە، سەرەڕای چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی دیکە وەك: وڵات، بەڵگە، ڕێباز، تەنها ڕێگا.

**لەناو ئەو پارتە چەند رەوت و رێبازێکی سۆفیگەری هەیە، وەك:**

أ. گروپی (ئەسکەندەر پاشا)، کە لقێکی رێبازی نەقشبەندییە، ئەربەکان رابەرایەتی دەکات.

ب. گروپی نورییەکان.

ت. رەوتی خوێندارە تورکەکان، ئەوانەی ژیانیان زیاتر لە ئەوروپا بەسەربردووە.

**ئامانجەکانی ئەم پارتە:**

1. کارکردن لەپێناو رابوونێکی مادی و مەعنەوی لە گیانی نەتەوە و گەیشتن بە خۆشگوزەرانی و ئاشتی.

2. خوڵقاندنی بزوتنەوەیەك، باوەڕی بە پێشکەوتن هەبێت و درك بە کەسایەتی نیشتیمانی بکات و دووربکەوێتەوە لە لاساییکردنەوە و پەیوەست بێت بە پەیڕەو و مێژوو، رابردو.

3. دژی بەشداریکردنی تورکیایە لە بازاڕی هاوبەشی ئەوروپی، هەوڵدەدات بۆ خوڵقاندنی هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامی و پێکهێنانی بازاڕێکی ئیسلامی.

4. کارکردن بۆ ئەوەی بەشە تورکەکەی قوبرس ببێتە بەشێك لە خاکی تورکیا.

**بنەما هزری و سیاسیەکانی پارتی ئەلسەلامە:(34)**

1. دامەزراندن و پێکهێنانەوەی ئەو دامەزراوانەی بایەخ بە رێباز و باوەڕی ئیسلامی دەدەن.

2. کارکردن بۆ گێڕانەوەی خەڵك بۆ بنەماکانی باوەڕهێنان بە خودا.

3. دەسەڵات ئامرازێکە بۆ رازیکردنی خودا و خزمەتکردنی خەڵك.

4. چاکسازی لەبواری پەروەردە، بۆ ئەوەی ببێتە ئامرازێك بۆ رەوشتی چاك.

5. دامەزراندن و زۆرکردنی پیشەسازی و کارگەکان و کار دۆزینەوە بۆ لاوان، نەك کۆچکردنییان بۆ ئەوروپا و ئاینییان لە دەستبدەن.

6. دەزگای ڕاگەیاندن لە خزمەتی نەتەوە بێت.

7. کردنەوەی ژمارەیەکی گەورەی قوتابخانەی ئاینی و خوێندنی بابەتی ڕەوشت بەرز.

8. ڕێگاپێدان بە حەجکردن بە ڕێگای وشکانی.

9. نەهێشتنی (ریبا) بە هەموو شێوەکانی.

10. خوێندن بە پیتی عەرەبی و نەهێشتنی پیتی لاتینی.

11. گۆڕینی دەستوری سەردەمی کەمالیزم.

**چالاکیەکانی پارتی (ئەلسەلامە) لە بواری کاری جەماوەری و ڕێکخراوەیی(35):**

أ. ڕێکخستنی چەندین لیژنە و ئەنجومەنی کرێکاری و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی سەندیکای کرێکاران لەژێر ناوی (یەکێتی کاری ماف).

ب. هەوڵدان بۆ ڕێکخستن و پەیوەندیکردن بە چەندین ڕێکخراو و یەکێتی، وەك: یەکێتییەکانی نوسەران، مامۆستایان، پیشەیی و ئابورینا‌سەکان.

**ئەزموونی پارتی -ئەلسەلامە-لە حوکمڕانیدا:(36)**

لە هەڵبژاردنی گشتی (14ی تشرینی یەکەمی 1973)، پارتی ئەلسەلامەی نیشتیمانی 18%ی دەنگەکانی بەدەستهێنا. بۆ پێکهێنانی حکومەت ململانێ و کێشەی زۆر پەیدابوو. ماوەی چەند مانگێك پێکهێنانی حکومەت دواکەوت، لە کۆتاییدا، پارتی گەلی کۆماری هاوپەیمانیەتیەکی لەگەڵ پارتی-ئەلسەلامە-بەست، بەیەکەوە حکومەتیان پێکهێنا بە سەرۆکایەتی بوڵەند ئەجاوید، دیارە ئەمەش یەکەم بەشداریکردنی پارتێکی ئیسلامیە لە حکومەتێکی عەلمانی لە تورکیا، بەڵام ئەو هاوپەیمانێتییە زۆر درێژەینەکێشا، دووبارە کێشە و ململانێ کەوتە بەردەم کارەکانی حکومەت. لەناو هەردوو پارتەکە دوو جۆر بیروڕا دروستبوو، کە ناڕەزایەتی پەیدابوو.

بۆیە سەرۆکی حکومەت بڕیاری پێشخستنی هەڵبژاردنی گشتی دەرکرد، کە لە ساڵی (1977) ئەنجامدرا و پارتی-ئەلسەلامە-تێیدا توشی شکستهات و (8%) دەنگەکانی بەدەستهێنا، بەمەش بووە پارتێکی ئۆپۆزسیۆن.

**هۆکارەکانی شکستی پارتەکە لە هەڵبژاردن:**

هەر لەگەڵ دەسپێکی هەڵبژاردن و پێشتریش ململانێی توند کەوتە ناو ریزەکانی ئەم پارتە، هەردوو باڵە سەرەکییەکەی: نەقشبەندی و نەورەسییەکان، ململانێی توند هەبوو لەنێوانیاندا دەربارەی بەشداریکردن لە حکومەت و هاوپەیمانییەتی لەگەڵ پارتی گەلی کۆماری.

لە کاتێکدا نەقشبەندییەکان و ئەربەکان پشتگیری ئەو هاوپەیمانێتییەیان دەکرد، ئەوا نەورەسیەکان دژی بوون. بۆیە لەکۆتاییدا ژمارەیەك لە ئەندامانی پارتەکە بڕیاریاندا پەیوەندیان بپسێنن.

لە (15ی تشرینی یەکەمی 1978)، ئەم پارتە چوارەم کۆنگرەی خۆی بەست، دیوارەکانی هۆلی کۆنگرە پڕکرابوون بە نوسینی دروشمی توند، وەك: دەوڵەتی ئیسلامی دادەمەزرێنین، ئیسلام شەریعەتمانە، یان ئیسلام یاخود مردن، شەریعەت هەر دێتەدی و سیستمی دڕندایەتی کۆتایی دێت..... هەروەها ئەربەکان لە وتارێکیدا لەمیانەی کۆنگرە، رەخنەی لە هەموو پارتە عەلمانیەکان گرت بە دژایەتی ئیسلام ناوی هێنان، ئەم هەڵوێستانە جێگای رەخنەی باڵی نەورەسییەکان بوو.

لە (6ی ئەیلولی 1980)، کۆنگرەیەکی دیکەی بەست، لەژێر دروشمی (رزگارکردنی قودس و بەیەکگەیشتنی لاوەکان). هەر لە میانەی کۆنگرەکەدا خۆپیشاندانێکی گەورە سازکراو دژایەتی بۆ سیستمی عەلمانی راگەیەندرا.

دوای کۆنگرە بە یەك هەفتە، لە رۆژی (12ی ئەیلولی 1980) لە تورکیا کودەتایەکی سەربازی روویدا، بڕیاری قەدەغەکردنی هەموو پارتە سیاسییەکان دەرچوو، کە پارتی-ئەلسەلامە-ی نیشتیمانی یەك لەوان بوو.

# پارتی-ڕەفاە-ی ئیسلامی
# R P

لە (19ی تەمووزی 1983) دامەزراوە، لە لایەن کۆمەڵێك، کە لە (33) کەس پێکهاتبوو، هەمویان پێشتر ئەندامی (پارتی ئەلسەلامە)ی نیشتیمانی بوون، ئەم پارتە ماوەیەك لەلایەن دەستەیەکی نادیارەوە بەڕێوەدەچوو، تا ساڵی (1987) کاتێك بڕیاری قەدەغەی کاری سیاسی لەسەر سیاسیەتمەداران هەڵگیرا، دواى ئەوە (نەجمەدین ئەربەکان) وەك سەرکردەی پارتەکە دیاریکرا.

دەکرێت بوترێت کە پارتی -ڕەفـاە- میراتگری پارتی- ئەلسەلامە- ی نیشتیمانییە(37).

**شێوازی کاری ڕێکخراوەیی لەناو پارتی- ڕەفاە-: (38)**

أ- کاری ڕێکخراوەیی جیاوازبوو لە (پارتی ئەلسەلامە)ی نیشتیمانی لە چەندین رووەوە. تواناکانی خۆی لەبواری دامەزراوەیی و ڕێکخراوەییەوە

پەرەپێداوە، سەرەڕای کاری پێگەیاندن و هۆشیاری و بەڕێوەبردنی کاری سیاسی، ئەگەر لەناو ئۆپزسیۆن بوو بێت یان لە دەرەوەی دەسەڵات.

دەربارەی شێواز و بنەمای وەرگرتنی ئەندام، وەرگرتنی ئەندام کراوە بووە و ڕێگە لە کەس نەگیراوە. بە زۆریش ئەندامانی لە چین و توێژە جیاوازەکان بوون، وەك: بازرگانانی گوندەکان، ئەندامانی ڕێبازە ئایینەکان، ئەوانەی بواری کاری ئاشکرایان لێگیراوە، بازرگانە بچوکەکانی ناو شار، فەرمانبەران، خوێندکاران، پیشەسازان وخاوەن کاروباری بازرگانی، ئەوانەی رەگوڕیشەیان بۆ لادێ و گوندەکان دەگەڕێتەوە.

ب- پەیکەری ڕێکخراوەیی: مادەی (8)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەم پارتە، پەیکەری ڕێکخراوەیی پارتەکەی بەمجۆرە دیاریکردووە،

-1 ئەنجوومەنە ناوەندییەکان پێکدێن لە:

أ. کۆنگرەی گشتی: دوو ساڵ جارێك دەبەسترێت پێکدێت لە سەرۆك، ئەندامی پەرلەمان، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، ئەنجومەنی دیسپلینی حزب، وەزیرەکانی حزب، نوێنەری ڕێکخراوەکان.

ب. سەرۆکی پارت: ڕاستەوخۆ لە لایەن کۆنگرەی گشتییەوە هەڵدەبژێردرێت.

ج. کۆمیتەی ناوەندی: ژمارەیان (25) ئەندامن. لە لایەن کۆنگرەی گشتییەوە هەڵدەبژێدرێت.

د. ئەنجومەنی دیسپیلی ناوەندی: ژمارەیان (7) ئەندامە. لە لایەن کۆنگرەی گشتییەوە هەڵدەبژێردرێن.

2- ئەنجومەنەکانی پارێزگا و قەزاکان.

3- گروپی پەرلەمانی پارت.

4- گروپەکانی ئەنجومەنی گشتی پارێزگا.

5- گروپەکانی ئەنجومەنی شارەوانییەکان.

**(هێلکاری) پەیکەری ڕێکخراوەیی**

**سەرۆکی پارت**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **ئەنجومەنی جێبەجێکردنی پارت پێکهاتووە لە(13) ئەندام هەموویان جێگری سەرۆکن**<br>**-بەشی یاسایی**<br>**-بەشی سیاسی**<br>**-بەشی ڕاگەیاندن**<br>**-سکرتێری گشتی**<br>**-کارگێری -ئەنجومنی شارەوانیەکان**<br>**-دوو چاودێری دارایی و ژمێریاری گەنجینە** | **ئەنجومەنی شورا پێکهاتووە لە(40)ئەندامی تەواو و(40) ئەندامی جێگر**<br><br>**ئەندامانی ئەنجومەنی جێبەجێکردن هەڵدەبژێرن.** | **کۆنگرەی گشتی پێکدێت لە (900) ئەندامی هەڵبژێردراو.** | **سەرۆکی شارەکان (81)شاری گەورە لیژنەکانی جێبەجێکردنی شارەکان پێکدێت لە (600)ئەندام.** | **سەرۆکی ناوەندەکان لیژنەی جێبەجێکردن بۆ ناوەندەکان.**<br>**کۆنگرەی گشتی لە گوند و گەرەك و شارۆچکەکان.**<br>**پێکدێت لە(400)ئەندام.** |

**تێبینی: ژمارەی ئەندامانی پارتی (ڕەفاە) نزیکەی (چوار)ملیۆن بوو، دەنگدەرانی پارتی ڕەفاە لە هەڵبژاردنی (1995)، نزیکەی (شەش) ملیۆن دەنگدەر دەبوو.**

## پێگەو ڕۆڵی ژنان لە کاری ڕێکخراوەیدا:(39)

پارتی - ڕەفاە- بە پێچەوانەی پارتە ئیسلامیەکانی پێشوتر، گرنگی تایبەتی بە ڕۆڵی ژن داوە. هەوڵی بۆ کاراکردنی ڕۆڵی ژنان داوە لەناو ڕێکخستنەکاندا، بەو هەندەی ژن کۆڵەکەی بنچینەییە لە سیستمی پەروەردەیی و ڕەوشتی ناو کۆمەڵا و خێزاندا.

دوای گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر ئاستی سەرکردایەتی ئەم پارتە، بڕیاردراوە

ئەنجومەنی تایبەت بۆ ژنان پێکبهێنرێت لەژێر ناوی (ئەنجومەنی ژنان) و لەژێر چاودێری بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی پارتەکە. ئەو ئەنجومەنانە ئەرکی زۆری کۆمەڵایەتی و هزری و هونەری پێسپێردراوە.

**شێوازی ڕێکخستنی ئەنجومەنی ژنان:**

پێکهێنانی لیژنەی (خانمان) لەسەر هەموو ئاستەکان و بە شێوەیەکی ستونی، بەستنەوەشی بە شێوەیەکی ئاسۆیی بە ئۆرگانە سەرەکییەکانی پارتەکە.

لە شاری ئەنکەرە نوسینگەی سەرەکی لیژنەی خانمان دەبێتە ناوەندی ڕێکخستنەکان و لەژێر چاودێری نوسینگەی سەرۆکی پارت دەبێت، دواتر لیژنەی خانمان دێت لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و لەژێر چاودێری سەرپەرشتکاری ڕێکخستنی هەرێمەکە. بەمشێوەیە لیژنەی ناوچەکان و کارگێڕی و خۆجێییەکان تا دەگاتە گەڕەك و بازنەی هەڵبژاردن و سندوقی دەنگدان. ژمارەی ئەندامانی ئەو لیژنانە جیاواز دەبن بە پێی ئاست و پێگەی لیژنەکە، بۆ نموونە لە شارە گەورەکانی وەك ئیستەمبول و ئەنکەرە، ژمارەیان (50) کەس دەبێت.

**ئاڕاستە هزری و سیاسییە جیاوازەکانی ناو پارت:**

لەناو ئەم پارتەدا دوو ئاڕاستەی هزری جیاواز هەبووە، ئەوانەش:

1. کۆنەپارێزان، کە خودی (نەجمەدین ئەربەکان) ڕابەرایەتیدەکرد.
2. ریفۆرمخوازان، کە (ڕەجەب تەیب ئەردۆگان) ڕابەرایەتیدەکرد.

ئەربەکان، وەك کەسێکی کۆنەپارێز، بۆچوونە سیاسییەکانی لەناوەڕۆکدا ئەوەندە جیاواز نەبووە لە بۆچوونەکانی ڕەوتی (ڕاسترەوی ناوەڕاست)، بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئەربەکان هەڵسوکەوتی ڕادیکاڵی بووە لە ڕووبەڕووبوونەوەکاندا، دیارە ئەم دیاردەیەش بووە بە هۆی پەیدابوونی گرژی لەناو ریزەکانی پارتەکە.

بەڵام ڕەجەب تەیب ئەردۆگان و عەبدوڵا گول، ڕێبازێکی سیاسی میانڕەو و پراگماتیکییان پیادەکردووە، زیاتریش کراوە بوون لە ئاست ڕووداو و گۆڕانکاریەکان.

**خاڵە گرنگەکانی بەرنامەی پارتی-رەفاه-:(40)**

ئەو بابەتانەی لەم بەرنامەیەدا ئاماژەیان بۆ کراوە، هەمان ئەو بابەتانەن کە پێشتر لە پرۆگرامی پارتی -ئەلسەلامە- تۆمارکرابوون:

1. رەخنەگرتن لە دەوڵەتی عەلمانی تورکیا و لەو سیاسەتەی پەیڕەویدەکات لە لاساییکردنەوەی رۆژئاوا.

2. دژایەتی بەشداریکردنی تورکیا لە بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا.

3. کارکردن بۆ هاوکاری نێوان دەوڵەتە ئیسلامیەکان و پێکهێنانی بازاڕی هاوبەشی ئیسلامی.

4. پەرەپێدان بە جومگەکانی دەسەڵات لە رێگای بەشداریکردنی فراوان لە کاری سیاسی و پەرلەمانی.

5. داڕشتنی بەرنامەیەك بۆ زۆرکردنی بەرهەم.

6. چاکسازی فراوان بۆ دەزگا کارگێڕی و ئابوریەکان.

7. پەرەپێدانی پیشەسازی.

8. گۆڕینی سیستمی ئابوری وڵات، لە ئابوری سەرمایەدارییەوە بۆ ئابوری ئیسلامی.

9. دووبارە داڕشتنەوەی باجەکان.

**پارتی -رەفاه-و پرۆسەی بەشداری لە دەسەڵات:(41)**

پارتی-رەفاه- نەیتوانی بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمان بکات لە ساڵی (1983)، بەهۆی ئەو هەلومەرجانەی باڵیان بەسەر وڵاتدا کێشابوو دوای کودەتا سەربازیەکەی ساڵی (1980)، بەڵام دواتر بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی و خۆجێی کردووە و ساڵا بە ساڵا پێگەی خۆی بەهێزکردووە.

1. لە هەڵبژاردنی خۆجێی (25ی ئازاری 1984)، رێژەی(4، 4%) دەنگەکانی بە دەستهێنا، هەروەها سەرۆکایەتی شارەوانییەکانی (ئورفە) و (دان)ی بە دەستهێناوە.

2. لە هەڵبژاردنی گشتی ساڵی (1987) رێـــژەی(36.31%) دەنگەکانی بە دەستهێناوە.

3. له هه‌ڵبژاردنی خۆجێی ساڵی (1989) رێــژه‌ی(9.4%) ده‌نگه‌كانی به‌ ده‌ستهێناوه‌. واته‌ به‌ زیادبوونی (100%)ی ده‌نگه‌كان، به‌ بــه‌راورد له‌گه‌ڵ هه‌ڵبژاردنی ساڵی (1984). هه‌روه‌ها به‌ده‌ستهێنانی سه‌رۆكایه‌تی پارێزگاكانی: قونییه‌، سیواس، شازلی ئورفه‌، قاره‌مان مرش، له‌گه‌ڵ (15) شاره‌وانی.

4. له‌ هه‌ڵبژاردنی گشتی ساڵی (1991)، به‌ لیستێك له‌گه‌ڵ هه‌ردوو پارتی كاری نه‌ته‌وه‌یی و چاكسازی نه‌ته‌وه‌یی به‌شداریكردووه‌، رێژه‌ی (16.78%) ده‌نگه‌كانی به‌ده‌ستهێناوه‌.

5. له‌ هه‌ڵبژاردنی خۆجێی، ئازاری (1994)، رێژه‌ی (19.7%)ی ده‌نگه‌كانی به‌ده‌ستهێناوه‌.

**هۆكاره‌كانی به‌هێزبوونی پێگه‌ی پارتی-ره‌فاه-:(42)**

1. سودوه‌رگرتن له‌ كۆچی ناوخۆیی دانیشتوان، هــه‌روه‌ك ده‌ركــه‌وت ژماره‌یه‌كی زۆری هه‌ژارانی باكوری رۆژهه‌ڵات كۆچیانكردووه‌ بۆ ناوچه‌كانی باكوری رۆژئاوا به‌ مه‌به‌ستی كارو ژیان. پارتی -ره‌فاه- سه‌ركه‌وتوو بوو له‌ به‌كارهێنانی ئه‌و كۆمه‌ڵانه‌ بۆ به‌رژه‌وه‌ندی خۆی.

2. لاوازی به‌ره‌ی چه‌پ و پچڕپچڕ بوونی، به‌ تایبه‌تی دوای كوده‌تاكه‌ی ساڵی(1980).

3. گه‌شه‌كردنی ره‌وتی ئیسلامی سیاسی و فراوانبوونی چالاكییه‌كان.

4. به‌ هۆی سه‌ركه‌وتنیان له‌هه‌ڵبژاردنی شاره‌وانییه‌كان، توانییان خزمه‌تگوزاری بگه‌یێنه‌ دانیشتوان، سه‌ره‌ڕای دژایه‌تیكردنی گه‌نده‌ڵێ ناو دامه‌زراوه‌كان.

دابه‌شبوونی به‌ره‌ی راستڕه‌وی توركیا، به‌ تایبه‌تی پارتی داد بۆ دووبه‌ش:

1. ده‌نگده‌رانی ئه‌ندامانی كۆمه‌ڵه‌ و رێبازه‌ ئاینییه‌كانی نه‌قشه‌به‌ندی و سلێمانی و نه‌وره‌سی.

2. به‌شێك له‌ ئه‌ندامانی كۆمه‌ڵه‌ی پیشه‌سازی و كاروباری دارایی (تیوساید)، كه‌ سه‌ر به‌ پارته‌ علمانیه‌كان بوون، پشتگیرییان له‌ كۆمه‌ڵه‌ی (موسیاد)ی سه‌ر به‌ پارتی ره‌فاه‌ كرد له‌ هاڵبژاردنه‌كان.

**هەڵوێستی ڕێکخراو و لایەنە ئیسلامییەکان بەرامبەر پارتی-ڕەفاه-:(43)**

زۆرترین حاڵەتی ڕکابەری بۆ پارتی- ڕەفاه-ی ئیسلامی لەلایەن کۆمەڵی-نور-ەوە بووە، ئەوانەی پەیڕەوکاری بیرمەندی ئیسلامی (سەعید نەورەسی) بوون. ئەوانەش بەسەر چەند گروپێك دابەشببوون، گرنگترینیان، گروپی -یەنی ئاسیا- بە ڕابەرایەتی (محەمەد قوتولار) لەگەڵ گروپی (فەتحولا گولەن).

ئاڕاستەی گشتی لای ئیسلامیەکان، ئەوانی پەیوەندییان بە پارتی-ڕەفاه-ەوە نەبووە، لە ڕووی سیاسییەوە لایەنگری ئەو پارتە عەلمانیە ڕاستڕەوەیان دەکرد، کە لە هەڵبژاردنەکاندا زۆرترین دەنگیان بە دەستهێناوە و دەسەڵاتییان بە دەستەوە دەگرت. دیارە مەبەستیش لەو ڕەفتار و پشتگیرییەش سود وەرگرتنە لە دەستکەوتەکانی گەیشتن بە دەسەڵات، لەگەڵ ئەوەشدا چەند لایەن و گروپێکی ئیسلامی دیکە هەوڵی هاوکاری و هاوپەیمانیانداوە لەگەڵ پارتەکانی ناو دەسەڵات بە مەبەستی بەرەنگاریکردنی پارتی -ڕەفاه- هەروەك بە ئاشکرا لە سەردەمی -تانسو چیلەر- دەردەکەوێت لە نێوان ساڵانی (1993-1996)، بەڵام بە سەرکەوتنی پارتی-ڕەفاه- لە هەڵبژاردنی گشتی (1995) و دواتر بوونی ئەربەکان بە سەرۆك وەزیران لە (1996)، هەموو ئەو نەخشەو ئاڕاستانە گۆڕانی بەسەرداهات و گەیشتە ڕادەی ئەوەی، کە هێزە ئیسلامییەکان ڕیزەکانی خۆیان ڕێکبخەن و هەموو لەگەڵ پارتی -ڕەفاه-ی دەسەڵاتدار، لە یەکریز بوەستن.

بە گشتی هێزە ئیسلامییەکان لە بەردەم دوو ئەگەر بوون، یەکێکیان بەرهەڵستیکردنی ئەو ڕێوشوێنانەی، کە سیستم لە تورکیادا پیادەیدەکات دژ بە ئیسلامییەکان، وەك پرۆژەی فێربوونی بەزۆر بۆ ماوەی هەشت ساڵا، کە ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی دواخستنی قۆناغی ناوەندی لە پەیمانگاکانی (ئیمام - خەتیب).

یان کردنەوەی ئاسۆی نوێ لەبەردەم ئەو هێزە ئیسلامیانە، کە دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی چەند پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ دەسەڵات.

هەندێ لە سەرکردەکانی ئەو رێکخراوە ئیسلامییانە، وەك (کۆمەڵەی فەتحوڵڵا گولەن) وا هەستدەکەن، کە ئەو دەستکەوتانەی هەوڵیان بۆیداوە لەماوەی بیست ساڵ زیاترە بەرەوڕووی هەڕەشە و پاشەکشە دەبنەوە، ئەوەش زیاتر لەسەر یەك ئاست، وەك بواری ئابوری، پەروەردە، راگەیاندن.

گولەن هەر لەسەرەتاوە لەو پەیوەندییەی، کە لەنێوان دەسەڵات و پارتی-رەفاه- دروستبووە، تێگەیشتنی تایبەتی بۆی هەبووە، بۆیە ئەو لایەنگری سوپای دەکرد لە هەڵوێستەکانی لە کاتێك، کە قەیرانەکان لە لوتکەدا بوون، بەڵام (محەمەد قوتلولار) ئەو ئەربەکان بەوە دانانێت، کە هاوکار بووبێت لە پێشخستنی هەلومەرجی بزوتنەوەی ئیسلامی، بەڵکو بە بەرپرسیاری دەزانێت لەبەرامبەر چەندین هەڵەی جەوهەری.

پێیوایە، کە پەرلەمان بە سیستمی ئیسلامی ناکۆك نییە، هەروەها بەرگری لە سلیمان دیمیرێل دەکات و بەوە ناوی دەبات کە زەمینەی لەباری خوڵقاند بۆ دەرکەوتنی ئیسلامییەکان.

**کۆتاییهێنان بە رۆڵی پارتی-رەفاه-:**

لە (28ی شوباتی 1997)، سەرۆك کۆماری تورکیا، نامەیەکی هەڕەشە ئامێزی ئاڕاستەی نەجمەدین ئەربەکان (سەرۆك وەزیرانی تورکیا)کرد، کە لە حوزەیرانی 1996وە ئەو پۆستەی بە دەستەوە بوو.

لە نامەکەدا کۆمەڵێك داواکاری لە سەرۆك وەزیران کرابوو، کە پێویستە جێبەجێبکرێت، بەڵام سەرۆك وەزیران پشتی لەو داواکارییانە کردووە، وەڵامەکەشی ئەوە بوو، کە حکومەتەکەی بەرپرسە لە بەردەم پەرلەمان نەك لەبەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، بۆیە فشار لەسەری زیادیکرد تا ناچاربوو لە (18ی حوزەیرانی 1997) دەستلەکاربکێشێتەوە، بەڵام کارەکە بەوەندە کۆتایینەهات، ئەربەکان رەوانەی دادگا کرا، بە بڕیاری دادگا، بۆ ماوەی (5) ساڵ لە چالاکی سیاسی دوورخرایەوە. هەروەها پارتی (رەفاه) بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بۆ دەرچوو.

## حزبوڵلا

چەندین ڕێکخراو درووستبوون و ناوی (حزبوڵلا)یان هەڵگرتووە، لەو ڕێکخراوانە: بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی ئیسلامی، بەرەی گەلی ئەنادۆل، مستەکۆڵەی(44) ئیسلامی، بەرەی گەورەی جەنگاوەران لە باشوری ڕۆژهەڵات (I B D A-C)، هەموو ئەو ڕێکخراوانە ناونیشانی (حزبوڵلا) کۆیاندەکاتەوە.

سەرەڕای ئەو ڕێکخراوانە، کە ئاماژەیان بۆ کرا، پێنج پارتی دیکە دامەزراون، کە هەموویان ناوی (حزبوڵلا)یان هەڵگرتووە، ئەوانەش:

1. بزوتنەوەی ئیسلامی (A-K-A)، لقی حزبوڵلایە لە شاری ئیستەمبوڵ، لە سەرکردەکانی ئەو پارتە (عیرفان جاغریجی).

2. حزبوڵڵای هاوپەیمانی پارتی کرێکارانی کوردستان، کە لە ناوچەی -بیقاع-ی لوبنانی دامەزراوە، لەژێر ناوی (یەکێتی مەلایانی نیشتمان)

3. حزبوڵڵا لەشاری باتمان دامەزراوە، ئەم ڕێکخراوە بە چەندین کاری توندوتیژی هەستاوە دژ بە پارتی کرێکارانی کوردستان. دابەشبووە بەسەر دوو باڵ، باڵی (مەنزل) و باڵی (زانست).

4. حزبوڵڵا لە شاری ماردین دامــەزراوە، دژایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان دەکات.

5. حزبوڵڵای سەر بە ئێران لە ناوچەی -بەنگول-.

ئەو ڕێکخراوانەی بەناوی (حزبوڵا)وە کار دەکەن، بە گشتی زۆربەی ئەندامانییان کـوردن و دژایەتی هـزری مارکسی و پارتی کرێکارانی کوردستان دەکەن.

چالاکترین ئەو ڕێکخراوانە حزبوڵڵای تورکیایە، کە لە شاری باتمان دروستببوو، لە ساڵی (1978). بە پێی چەند سەرچاوەیەك دامەزرێنەرانی ئەم حزبە زۆربەیان ئەندام بوون لە ڕێکخراوی قوتابیان بە ناوی (یەکێتی نەتەوەیی بۆ قوتابیە تورکەکان)، کە سەر بە پارتی -ئەلسەلامەی-نیشتیمانی بوو. لە ئەندامە دیارەکانی: فیدان گونگور، مەنسور گوزیل، عوبەیدوڵڵا والا، حوسین وەلی ئۆغلو، زوریشیان کوردن. هەر لە کۆتایی ساڵی (1978)وە دوو بەرەکییەك لەناو ئەم حزبە ڕوویدا، بە هۆیەوە دوو باڵا پەیدا بوون (مەنزەل) و (زانست)، هەردوو لاشیان ناوی حزبوڵڵایان هەڵگرتبوو.

## بەسەر هات و ڕووداوەکان:

لە سەرەتای مانگی کانونی دووەمــی (2000)، دەزگـا ئەمنیەکانی

تورکیا هەڵمەتێکی فراوانیان دەستپێکرد دژ بە چالاکییەکانی حزبوڵڵا. بەپێی راپۆرتێکی میدیای ئەنادۆڵا لە (25ی کانونی دووەمی 2000)، عەبدولحەمید ناس، سەرۆکی شارەوانی شاری-ئەروە- کە دەکەوێتە باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا و ئەندامی پارتی-فەزیلە-یەو پەیوەندی نهێنی بە حزبوڵڵای تورکی هەبووە، بۆیە دەستگیرکرا. پۆلیسی تورکیا دوای چاودێری و پشکنینی زۆر توانی تەرمی (33) ئەندامی حزبوڵڵا بدۆزێتەوە، بە پێی ناوەرۆکی هەواڵەکە تەرمی-حوسین وەلی ئۆغلو-ی تێدابووە، کە سەرۆکی رێکخراوەکە بوو، هەروەها نزیکەی (700) کەس دەستگیرکراون بە تاوانی پەیوەندیکردن بەو حزبەوە.

هەر بە پێی نووسینی (محەمەد نورەدین)، حزبوڵڵا لە سەرەتای ساڵی (2000) (45) جێگەی بایەخپێدانی راگەیاندن و رایگشتی و بەرپرسان بووە لە تورکیا، دوای پێکدادانێك لەنێوان پۆلیس و چەند ئەندامێکی ئەو حزبە لەشاری ئیستەمبوڵ و دۆزینەوەی بنکەی خۆشاردنەوەیان، پۆلیس (15-20) تەرمی دۆزیوەتەوە، کە پێش چەند ساڵێك لەژێر گڵدا شاردرابوونەوە.

هەروەها دەوترێت حکومەتی تورکیا سودی لە چالاکییەکانی ئەم حزبە وەرگرتووە، کە بەرامبەر پارتی کرێکارانی کوردستان ئەنجامیداوە. هەندێکجاریش باس لەوە دەکرێت، کە ئەو حزبە دروستکراوی تورکیایە بۆ دژایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان، کە لە بەشێکی ئەندامە پیاوکوژ و تاوانبارەکانی پارتی کاری نەتەوەیی (NAP) پێکهاتوون.

سەرەڕای ئەو دیاردە و رووداوانە، ئەو گروپ و رێکخراوانە هەندێکجار لەنێوان یەکدا پێکدادانیان هەبووە لە ئەنجامدا زیانی زۆریان بەیەك گەیاندووە.

## پارتی – ئەلفەزیلە -
## F P

دادگـای دەستوری تورکیا لەمانگی کانونی دووەمـی (1998) بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی(46) پارتی رەفاهی دەرکرد، کە (نەجمەدین ئەربەکان) سەرکردایەتی دەکرد. سەرکردایەتی ئەم پارتە وەك دەسپێشخەرییەك، بڕیاریدابوو پارتێکی دیکە دابمەزرێنێت لەو ئەندامانەی، کە بڕیاری قەدەغەکردنی دادگا لە کاری سیاسی نایانگرێتەوە.

بۆیە لە (17ی کانونی یەکەمی 1997) بڕیاری دامـەزرانـدنـی پارتی -ئەلفەزیلە-یان دەرکرد. بە سەرکردایەتی (عیسا ئەلب تەکین)، بەڵام هەر زوو لە (14ی ئایاری 1998) ناوبراو بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەی خۆی راگەیاند و رێگەی بۆ هاوڕێکەی (رەجائی کوتان) خۆشکرد، کە ببێتە سەرۆکی پارتەکە، ئەوەش لەمیانەی کۆنگرەی گشتی پارتەکە، هەر لەو کۆنگرەیەدا بڕیاردرا، کە دیموکراسییەت وەك ئامڕاز و ئامانج کاری پێبکرێت.

پارتی -ئەلفەزیلە- لەسەر هەمان ڕێبازی پارتی -رەفاە- کاری دەکرد و لەسەر هەموو ئەو هەڵوێست و کێشانەی دەخرانەڕوو، هەمان بڕیار و هەڵوێستی پارتی-رەفاە-ی هەبوو. سەرەڕای بەربەرەکانی توندی لەگەڵ دامـەزراوەی سەربازی و پارتەکانی ئاڕاستە عەلمانی و شۆڤێنیەکان، توانیویەتی لە هەڵبژاردنی (18ی نیسانی 1999) ڕێژەی (15.3%) دەنگەکان بە دەستبێنێت و (112) ئەندامی بگاتە پەرلەمان، سەرەڕای ئەوەی سەرۆکایەتی شارەوانی هەردو شاری گەورەی تورکیا: ئیستەمبوڵ، ئەزمیر، بە دەستەوەبگرێت.

**ململانێی -فەزیلە- لەگەڵ دامەزراوە فەرمییەکان:(47)**

لە لایەن دامەزراوەی سەربازی تورکیا دژایەتیەکی توند دەکرا، داواکاری گشتی لەو وڵاتە بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دابووە بەڵگەکان لەسەری کۆبکاتەوە بە مەبەستی ڕێگرتن لێی لە کاری فەرمی و گەیشتنی بە دەسەڵات، لێرەدا زنجیرەیەك لەو هەوڵانە دەخەینەڕوو:

1. لە (24ی ئەیلولی 1998) سەرۆك شارەوانی (ئیستەمبوڵ)رەجەب تەیب ئەردۆگان، کە ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەم پارتە بوو، تاوانبارکرا بەوەی کە لە کانونی یەکەمی (1997) لەشاری (سعرەت) وتارێکی خوێندۆتەوە و تێیدا وتویەتی: مزگەوتەکان سەربازگەمانن، بڵندگۆکان رمەکانی دەستمانن، گومەزەکان کڵاوە ئاسنینەکانمانن، بـاوەڕداران سەربازەکانمانن، بە هۆی ئەو وتارە، ئەردۆگان بۆ ماوەی (10) مانگ زیندانیکرا.

2. لە (10ی کانوونی دووەمی 1999)، سەرکردە سەربازییەکانی تورکیا، لەراپۆرتێکییان سەرکردەکانی پارتی فەزیلەیان بە کۆنەپەرست و دژایەتی دیموکراسییەت تاوانبار کرد.

3. لە (19ی ئازاری 1999)، سەرۆك ئەرکانی سوپای تورکیا (جەنەراڵ حوسین کیورك) مەترسی هەوڵەکانی ئەندامانی پەرلەمانی سەربە پارتی فەزیلەیان

خستەڕوو دەربارەی هەمواركردنی یاساكان بۆ بەرژەوەندی كاری سیاسی.

4. لە (4ی شوباتی 1999) سەرۆك وەزیرانی توركیا -بوڵەند ئەجاوید- ڕێنماییەكانی دەركرد بۆ پارێزگا و بەرپرسانی ئاسایش لەهەموو توركیا، بە مەبەستی چاودێریكردنی ئەو كۆنەپەرستانەی دەیانەوێت سود لە ئایین وەربگرن بۆ كاری سیاسی.

5. لە (11ی شوباتی 2000)، (300) مامۆستا لە كار دەركـران، بە هۆی سەرپۆش لەسەركردن، كە یاسا قەدەغەیكردووە.

6. لە (21ی ئەیلولی 1999)، ئەندام پەرلەمانی پارتی-فەزیلە-خاتو (مروە قاوەتچی) ڕەگەزنامەی توركی لێوەرگیرایەوە بە هۆی دژایەتیكردنی بۆ یاساكانی عەلمانیەت و سەرپۆشكردن لە كاتی هاتنە ناو پەرلەمان.

7. لە (6ی تەمووزی 2000)، دادگای دەستوری توركیا بڕیاری دوورخستنەوەی (نەجمەدین ئەربەكان)ی دەركرد لە ژیانی سیاسی، بە درێژایی ژیانی.

هەڵوەشاندنەوەی پارتی-ئەلفەزیلە-:

لە (22ی حوزەیرانی 2001)، دادگای دەستوری توركیا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پارتی-ئەلفەزیلە-ی دەركرد، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

أ. پارتی -ئەلفەزیلە- پاشماوەی پارتی -ڕەفاە-ە.

ب. پارتی -ئەلفەزیلە-بووە بە هێلانەی چالاكی دژ بە عەلمانیەت و بنەما هزری و سیاسییەكانی دامەزرێنەری كۆماری توركیا -مستەفا كەمال-.

**لاواز بوونی پێگەی پارتی-ئەلفەزیلە-:(48)**

لە هەڵبژاردنی گشتی ساڵی (1999)، دەنگەكانی پارتی -ئەلفەزیلە- ڕووی لە كەمی كرد و لە پلەی سێیەمدا هات، دەكرێت هۆیەكانی ئەم ئەنجامە، بۆ ئەم خاڵانە بگەڕێنینەوە:

1. دەنگدەر لە توركیا هاتبووە سەر ئەو باوەڕەی، كە ئەگەر پارتی –ئەلفەزیلە-

دەنگی بەرزیش بە دەستبێنێت، ئەوا رێگەی پێنادرێت بگاتە دەسەڵات، دیارە لەمبارەوە ئەزموونی پارتی-رەفاە- لە بەرچاو بووە.

2. پارتی - ئەلفەزیلە - لە لایەن دادگاکانەوە بە کێشە و بێنەوبەرەی زۆر ماندوکرابوو، وەك رێگرتن لە ئەندامانی بۆ خۆ کاندید کردن.

3. دامـەزراوەی سەربازی لە تورکیا پێش پرۆسەی هەڵبژاردن، بە چەند کردارێك دژ بەو پارتە هەستاوە، وەك رێگرتن لە خوێندکاران بەسەر پۆش لە زانکۆکان دەوامبکەن، یان هەندێك رێوشوێن بەرامبەر قوتابخانە ئایینیەکان.

4. پارتی-ئەلفەزیلە- کە بەشداری لە هەڵبژاردن کـرد، ژمارەیەك لە سەرکردەکانی دوورخرابوونەوە لە کاری سیاسی، وەك -نەجمەدین ئەربەکان، رەجەب تەیب ئەردوگان، شەوکەت قازان.

5. ئەرك بەجێگەیاندنی پارتی -ئەلفەزیلە- لەڕووی سیاسییەوە، جێگەی رەزامەندی لایەنگرو دەنگدەرانی نەبووە، ئەوەندەی لەبواری شارەوانییەکانی خزمەتگوزاری باشیان جێبەجێکردووە.

## پارتی- ئەلسەعادە-
## S P

دوای بڕیاری دەستوری تورکیا لە (22ی حوزەیرانی 2001)، بە داخستنی پارتی(49)
-ئەلفەزیلە- ئەندامانی سەرکردایەتی و نوێنەرانی پارتەکە لەناو پەرلەمان، بوونە دوو بەش: بەشێکییان کە نەجمەدین ئەربەکان پشتگیریدەرکردن، بڕیارياندا بە دامەزراندنی پارتێکی دیکە لەژێرناوی - پارتی ئەلسەعادە- ئەم پارتە بە پشتگیری (48) ئەندام پەرلەمان و بەسەرکردایەتی -محەمەد رەجائی- لە (20ی تەمووزی 2001) دامەزرا. (محەمەد رەجائی)، کە پێشتر سەرۆکی پارتی -ئەلفەزیلە- بوو، لە سێیەم کۆنگرەی پارتی -ئەلسەعادە- دەستیلەکارکێشایەوە و پرۆفیسۆر(نوعمان کورلونوش) بووە سەرۆکی پارتەکە.
پارتی -ئەلسەعادە- بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ لە لایـەن (نەجمەدین ئەربەکان)ەوە ئاڕاستە دەکرا، لەسەر بنەمای بزوتنەوەی گوروش (گردبوونەوەی نیشتیمانی) بەرێوەدەچوو، کە بارەگاکەی لە وڵاتی ئەڵمانیا بوو.

بەشەکەی دیکەی پارتی -ئەلفەزیلە- کە ناویان لەخۆیان نابوو (نوێکردنەوە) و زۆربەیان بە تەمەن گەنج بوون، لە پارتی -ئەلفەزیلە- جیابوونەوە و پارتی -دادو گەشەپێدان-یان دامەزراند بە سەرۆکایەتی رەجەب تەیب ئەردۆگان.

**ئامانجەکانی پارتی ئەلسەعادە:**

1. دژایەتیکردنی پاشکۆیەتی تورکیا بۆ رۆژئاوا و پەیمانی ناتۆ.
2. دۆستایەتی و نزیکبوونەوە لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی.
3. پشتگیریکردنی کێشەی فەلەستین.
4. رازینەبوون بە سیاسەتی تورکیا لەبواری پەیمان و رێکەوتنە سەربازییەکان.
5. کارکردن بۆ دامەزراندنی بازاری ئابوری ئیسلامی.
6. بەرهەڵستیکردنی سیاسەتی بانکی دراوی نێودەوڵەتی.
7. قبوڵنەکردنی رێوشوێنە عەلمانیەکان، وەك رێگرتن لە سەرپۆشی ژنان و فێربوونی ئاینی.

**توانا جەماوەری و رێکخراوەییەکانی پارتی -ئەلسەعادە-:**

هەرچەندە لە هەڵبژاردنی گشتی ساڵی (2002)، پارتی -ئەلسەعادە- نەیتوانی رێژەی (10%) تێپەڕبکات و ئەندامانی بگەنە ناو پەرلەمان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، خاوەن جەماوەرێکی زۆر بوو، لە ناوەوە و دەرەوەی تورکیا.

جەماوەری ئەم پارتە: زیاتر پێکدێن لە کۆچبەرانی تورك بۆ وڵاتانی ئەوروپا لەگەڵ چینی بازرگان و کارمەندان، هەروەها ئەو ئافرەتانەی جلوبەرگی باڵاپۆش لەبەردەکەن لە شار و گوندەکان. هێزی رێکخراوەیی ئەم پارتە زیاتر لە پارێزگاکانی: قۆنیا، ئیستەمبوڵ، ئاق سەرای، ئەرزڕوم، قوچال، ئەزمیت، بورسا، مرعش و مەلاتیا کۆبونەتەوە.

رکابەری ئەم پارتە بە زۆری، پارتی داد و گەشەپێدان بوو، کە بوو بە هۆی لاوازی پارتی -ئەلسەعادە-.

ئەم پارتە چەندین رۆژنامە و گۆڤاری جۆراوجۆر و ئێزگەی خۆی هەبووە.

## پارتی داد و گەشەپێدان
## A K P

لە ڕۆژی (14ی ئابی 2001) دامەزراوە، لە لایەن کۆمەڵە سیاسەتمەدارێکی(50) تورك لە هەردوو ڕەوتی کۆنەپارێز و مامناوەندی پێکهاتوون. وەك: ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، عەبدوڵڵا گول، عەبدوللەتیف شنە، محەمەد عەلی شاهین، عیرفان جوندوز و ساڵح قابو ساز. ئەوانە ئەندامی پێشوی هەردوو پارتی (ڕەفاه) و پارتی (ئەلفەزیلە) بوون، سەرەڕای چەند کەسانێکی جیابۆوە لە هەردو پارتی نیشتیمانی دایك و پارتی ڕێگای ڕاست، وەك جەمیل شیشیك، عەلی جوشکن، عەبدولقادر ئاق سو، قورشاد توزمن، قوقسال توبتان.

لەناو ئەم پارتە سێ ئاڕاستەی سەرەکی پێکهاتووە:

گروپی عەبدولا گول-ڕەوتی میللی گروشی نێوخواز-

گروپی عەبدولا ئاق سوو- باڵی کۆنە پاریز لەپارتی نیشتیمانی دایك-

گروپی کوکال توبتان- باڵی کۆنەپارێز لەپارتی ڕێگای ڕاست.

کورتکراوەی ناوی پارتی دادو گەشەپێدان، پێکدێت لە: A-K-PARTISI، بەواتای(51) پارتی سپی، یان پاکوخاوێن دێت.ناوی تەواوی ئەم پارتە بەپیتی لاتینی:

ADALET VE KAIKINMA PARTISI

ژمارەی ئەندامانی دامەزرێنەر (71) کەس بوون، سەرەڕای (53) ئەندام پەرلەمان، کە پێشتر لە لیستی پارتی )ئەلفەزیلە) بوون و هاتنە ناو پارتەکە، بەمە ژمارەی ئەندامانی دامەزرێنەر گەیشتنە (124) ئەندام. ئەم ئەنجومەنە ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری پارتەکەی لەئەستۆگرت تا بەستنی یەکەم کۆنگرە.

پارتی دادو گەشەپێدان لە (70) پارێزگای کۆماری تورکیا لە کۆی (81) پارێزگا، ئۆرگان و رێکخستنی هەیە، گرنگترین ئەو پارێزگایانە کە بنکەی جەماوەری بە هێزن بۆ پارتەکە بریتین:

قەیسەری، ئیستەمبوڵ، ئەنکەرە، ئاق سەرای، سیواس، ئەرزروم، بورسە، قوجالی، ئەزمیت، بولو، کوتاهی، ئەزنا، تشوروم، شانکیری، توقات، مانیا.

دروشمی پارتی داد و گەشەپێدان گڵۆپێکە.

**بەرنامەی سیاسی ئەم پارتە(52):**

1. بڵاوکردنەوەی ئەو بیروباوەڕانەی پشتی پێدەبەسترێت بۆ تێگەیشتن لە مافە نێودەوڵەتیەکان و ئازادی بۆ هەموو ناوچەکان.

2. کۆتاییهێنان بە ئاستەنگ و بەرەنگارییەکانی توشی تورکیا هاتوون.

3. سازدان و کاراکردنی تواناکانی مرۆڤ، کە چەندین ساڵە پشتگوێخراون، هەروەها تورکیا بکرێتە دەوڵەتێکی بەرهەمهێن و گەشە بە بەرهەمی ناوخۆیی بدرێت.

4. بەشداریکردنی هاوڵاتییان و رێکخراوە ناحکومییەکان لە بەڕێوەبردنی گشتی و خولْقاندنی هاوکاری بەردەوام لەناو توێژەکانی کۆمەڵگە.

5. هەوڵدان بۆ چەسپاندنی چەمکی شەفافییەت و بەرپرسیاریەتی لەناو هەمو دامودەزگا گشتییەکانی ژیان.

6. ئامادەکردنی هۆکارەکانی بەشارستانی بوون و مۆدێرنیتە و ئەقڵانیەتکردنی هەڵسوڕاندنی کۆمەڵگە، هەروەها بوونی واقیعیەت و بە ئەنجامگەیاندنی چارەسەرییەکان لە ناوچەکانی وڵات، وەك دانانی چارەسەری بۆ کێشەکانی ئابوری، رۆشنبیری، هونەری، فێربوون، تەندروستی، کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵداری.

**سیاسەتی ناوخۆی پارتی داد و گەشەپێدان:**

**هەروەك ئەردۆگان لەوتارەكانی روونیكردۆتەوە:**

سیاسەتی ناوخۆی پارتی داد و گەشەپێدان، لەسەر ئەم بنەمایانە بونیادنراوە:

1. دیموكراسیەت و سیكۆلاریزم و دەسەڵاتی یاسا، لە بنەما بنچینەییەكانی كـۆمـارن، باوەڕمانوایە كە توركیا دەبوژێتەوە و هاوڵاتییان بە ژیانی خۆشتردەگەێنێت. ئەگەر هەوڵماندا ئەو بنەمایانە پیادەبكرێت، كرانەوە و شەفافییەت لە بنەما زیندو و گرنگەكانی حكومەتن.

2. بۆ چارەسەركردنی ئاڵوزییەكان، چەندین گۆڕانكاری ریشەییمان ئەنجامداوە، لە دەستور و سیستمی دادوەری، بە مەبەستی پتەوكردنی دیموكراسییەت و بەرزكردنەوەی ئاستەكەی و پەرەپێدانی شەفافییەت بە كەمترین كات.

3. هەر هاوڵاتییەك لەكۆماری توركیا، ئازادە لە دەربڕینی بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیای خۆی، هەروەها ئەو مافەیان هەیە، كە پەیوەندییەكان رێكبخەن و لەچوارچێوەی كولتوری خۆیان بژین.

4. باوەڕمانوایە كە پێویست بەبوونی حزبی سیاسی ناكات، كە لەسەر بنچینەی بیرۆكەی ئاین دابمەزرێت، هەروەها لەسەر بنچینەی نەتەوایەتی، چونكە دەبنە هۆی كۆتوبەندكردنی بەهاكانی كۆمەڵگە، ئاین بەهایەكی هاوبەشە لەسەرووی هەموو كارە سیاسیەكانەوە، ناكرێت بەكاربهێنرێت لە لایەن پارتە سیاسییەكانەوە، ئەو كارە دەبێتە هۆی پەیدابوونی دووبەرەكی لەناو كۆمەڵگە.

5. ئامانجمان بە لای كـەم، گەیاندنی توركیایە بۆ ئاستی دەوڵەتە پێشكەوتووەكان، لە پێناو گەیشتن بەو ئامانجە دەبێت چاكسازی ئەنجامبدرێت لە ژێرخانی گشتی و لە بواری ئابوریشدا، پێویستدەكات لەسەر بنچینەی بازاری ئازاد كار بكەین.

6. تورکیا لە ساڵی (2001) بەرەو کێشەی توند بۆتەوە، بەو هۆیەوە داڕمانی ئابوری توند روویـداوە، هەروەها دیاردەی گەندەڵی دارایی بە شێوەیەکی ترسناك، بۆیە بەرنامەمان هەیە بۆ چاکسازی و سەقامگیری ئابوری.

**سیاسەتی دەرەکی پارتی داد و گەشەپێدان:**

هەروەك ئەردۆغان لەوتارەکانی روونیکردۆتەوە: ئێمە لە سەردەمێکی نوێی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەژین، دەکرێت ناوی لێبنرێت سەردەمی گەشەکردنی پەیوەندییە هەرێمایەتیەکان -بە پێی بیروباوەڕەکانی پارتی داد و گەشەپێدان پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، دەبێت لەسەر ئەم بنەمایانە بونیادبنرێت:

1. باوەڕمانوایە ئەو دەوڵەتانەی پەیڕەوی ئەو بنەمایانە ناکەن، ئەوا بەرەورووی کێشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی دەبنەوە.

2. بـارودۆخــی نێودەوڵەتی و میکانیزمی بونیادنان، هانماندەدات پەیوەندییەکانمان لەسەر بنەمای لێکتێگەیشتن و ئەقڵانییەت دابمەزرێنین، لەگەڵ لایەنەکانی سەر رووی زەوی بەو جۆرە دەتوانین بگەینە بنەمایەکی نوێ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

3. نەبوونی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەمان بە شێوەیەکی راستەوخۆ، کاریگەری دەبێت لەسەر کۆمەڵگاکەمان، بۆیە دەبێت تورکیا چالاکانە هەوڵبدات، سەقامگیری لەناوچەکە بەدیبێنێت.

4. تازەگەریێتی لە تورکیا پرۆژەیەکی درێژخایەنە، ئەوەش بۆتە بەشێکی گرنگ لە سیاسەتێکی چالاکی دەوڵەت و بەشێکی گرنگ لە پێکهاتەی دامەزراوەکانی دەوڵەت هەر لەئەنجامە سروشتییەکانی تازەگەریێتی، وەرگرتنی تورکیایە لەیەکێتی ئەوروپا، لەم بارەوە(75%) کۆمەڵگەی تورکیا لایەنگری چوونە ناو یەکێتی تورکیا دەکەن.

حکومەتی تورکیا دەستیکرد بە گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان، ڕێککەوتنێك سازدرا، بەڵام هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە، کۆسپ و ڕێگری زۆری لەبەردەمە و ئاسۆکەشی روون نییە.

**پارت و ڕێکخراوەکانی ئیسلامی سیاسی میانرەو لە تورکیا یان ئەوانەی بەناوی نەجمەدین ئەربەکان دەناسرێن.(54)**

| ژ | ناوی پارت | دامەزراندن | قەدەغەکردن | سەرکردایەتی | دۆخی سیاسی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پارتی نیزامی نیشتیمانی | کانونی دووەم 1970 | ئازاری 1971 | نەجمەدین ئەربەکان | بەشداری چەند حکومەتێکی هاوپەیمانی کردووە. |
| 2 | پارتی سەلامەی نیشتیمانی | تشرینی یەکەمی 1972 | ئازاری 1980 | نەجمەدین ئەربەکان | بەشداری چەند حکومەتێکی هاوپەیمانی کردووە. |
| 3 | پارتی رەفاه | تەموزی 1983 | کانونی دووەمی 1998 | نەجمەدین ئەربەکان | بەشداری لە چەند حکومەت کردووە سەرۆکی حکومەت بووە. |
| 4 | پارتی ئەلفەزیلە | کانونی یەکەمی 1997 | حوزەیرانی 2001 | رەجائی کوتان | هێزی سێیەم بوو لە پەرلەمانی نیسانی 1999. |
| 5 | پارتی ئەلسەعادە | تەموز 2001 | | رەجائی کوتان | نوێنەری نیە لە پەرلەمان. |
| 6 | پارتی داد و گەشەپێدان | ئابی 2001 | | رەجەب تەیب ئەردوگان | زۆرینەی پەرلەمان سەرۆك حکومەت-سەرۆك کۆمار. |

## بزوتنەوە ئیسلامیە رادیکاڵییەکان لە تورکیا(55)

| ژ | رێکخراو | دامەزراندن | سەرکردایەتی | هەڵوێستی سیاسی | کاری سیاسی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | شەرڤانانی رۆژهەلاتی مەزنی ئیسلامی | لە رێکخراوی شەرڤانانی ئیسلام جیابۆتەوە | سالح میرزا ئۆغلو | بانگەشە بۆ شۆڕشی ئیسلامی | کاری چەکداری بە شێوەیەکی نهێنی |
| 2 | حزبوللا گروپی-مەنزەل- | بە کاریگەری شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی دامەزراوە | ڤیدان گونگور | دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی | کاری چەکداری بە شێوەیەکی نهێنی |
| 3 | حزبوللا گروپی زانست | بە کاریگەری هەوالگری تورکیا دامەزراوە | حوسین وەلی ئۆغلو | دژایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان | چەکداری و تیرۆر کردن |
| 4 | رێکخراوی بزووتنەوەی ئیسلامی | | عیرڤان تشاغرچی | دژ بە رەوتە چەپەکانە | کاری چەکداری بە نهێنی. |
| 5 | حزبی ئیسلامی | لە ناوچەی کوردستان دامەزراوە | | دژی رەوتی چەپ | کاری چەکداری بە نهێنی. |
| 6 | پارتی تەحریری ئیسلامی | رێکخراوێکی ئیسلامی کۆنە | | دژی چەپ بانگەشە بۆ سیستمی خەلیفایەتی. | کاری چەکداری. |
| 7 | یەکێتی کۆمەڵە ئیسلامیەکان | لە پارتی ئەلسەلامە جیابۆتەوە. | جەمالدین قەبلان | بانگەشە بۆ دەوڵەتی ئیسلامی خەلیفایەت. | بانگەشە بۆ رێکخستنی سیاسی ئیسلامی. |

**پەراوێزەکانی بەشی سێیەم:**


1. الحركات الاسلاميه فی تركيا المعاصره، طارق عبدالجليل السيد، جواد الشرق للنشرو التوزيع –القاهره، سايت ويكيبيديا، 2014.

2. العرب و تركيا، مجموعه مؤلفين، تقديم محمد نورالدين، المركز العربی للابعاث و دراسه السياسات، ط1، 2012، بيروت، ص857

3. الدين و الدوله فی تركيا المعاصره، د.كمال سعيد حبيب، ط1، 2012، مكتبه جزيره الورد، القاهره، ص28

4. *الحركه النورسيه قی تركيا المعاصره، بحپ ابراهيم خليل العلاف، جامعه الموصل، 1989.

*موسوعه الحركات الاسلاميه فی الوطن العربی و تركيا و ايران، مجموعه مؤلفين، المركز العربی للابحاث و دراسه السياسات، گ1، 2012، ص305

5. النظام فی الآناضول الشرقيه، اسماعيل بيشكجی، دار ئاراس، اربيل، ترجمه شكور مصطفی، الجزو الاولی، ط1، 2001، ص54

6. الدين الدوله فی تركيا المعاصره، سەرچاوەی پێشوو، ص68

7. الحركات الاسلاميه فی تركيا المعاصره، سەرچاوەی پێشوو.

8. *موسوعه الحركات الاسلاميه فی الوطن العربی، سەرچاوەی پێشوو، ص316

*الحركات الاسلاميه قی تركيا المعاصره، سەرچاوەی پێشوو.

9. *خارطه الحركات الاسلاميه قی تركيا المعاصره، ابراهيم خليل العلاف، سايت ويكيبيديا، 2006/1/9.

*موسوعه الحركات الاسلاميه قی الوطن العربی، سەرچاوەی پێشوو، ص195.

10. موقف التيار الاسلامی و التيار العلمانی فی تركيا من القضيه الكرديه، د.وليد رضوان، دار النبع، سوريا، ط1، 2008، ص157

11. موسوعه الحركات الاسلاميه فی الوطن العربی، سەرچاوەی پێشوو، ص405

12. هەفتەنامەی باس، ژمارە(182)لە (18/ئازاری/2014)، هەولێر.

13. گۆڤاری کولتور، ژمارە(13)، ئابی/2014 ئەکادیمیای پێگەیاندنی کادران و هۆشیاری(ی.ن.ك) سلێمانی، ڕێکەوت ئیسماعیل.

14. عوده العثمانيين الاسلاميه التركيه، مجموعه باحثين، مركز المسبار للدراسات و البحوث، الامارات العربيه المتحده، گ4، 2012، ص195

15. هەفته نامەی باس، ژماره (182)، سەرچاوەی پێشوو.

16. هەفتەنامەی باس، ژماره(182)، سەرچاوەی پێشوو.

17. الحركات و الاحزاب الدينيه قى تركيا، موقع السكينه، 6/حوزيران/2011.

18. هەفته نامەی باس، ژماره(182)، سەرچاوەی پێشوو.

19. الحركات و الاحزاب الدينيه فى تركيا، سەرچاوەی پێشوو.

20. *موسوعه الحركات الاسلاميه فى الون العربى، سەرچاوەی پێشوو، ص225

*الصراع السياسى فى تركيا، فلاديمير ايفا نوقيتيش دانيلوف، ترجمه يوسف ابراهيم، ط، 1991، سوريا، ص473

21. النظام السياسى فى تركيا، د.احمد نورى النعيمى، دار زهران للنشر – عمان، الاردن، ط1، 2012، ص155.

22. تركيا فى القرن العشرين، د.احمد عبدالعزيز محمود، جامعه صلاح الدين، اربيل گ1، 2001، ص90

23. موسوعه الحركات الاسلاميه فى الوطن العربى، سەرچاوەی پێشوو، ص270

24. موسوعه الحركات الاسلاميه فى الوطن العربى، سەرچاوەی پێشوو، ص394

25. الدين و الدوله فى تركيا المعاصره، سەرچاوەی پێشوو، ص103

26. الدين و الدوله فى تركيا المعاصره، سەرچاوەی پێشوو، ص102

27. موسوعه الحركات الاسلاميه فى الوطن العربى، سەرچاوەی پێشوو، ص125

28. الحركات الاسلاميه فى تركيا المعاصره، سەرچاوەی پێشوو، تەماشای (عوده العثمانيين الاسلاميه التركيه) بكه ص66

29. الدين و الدوله فى تركيا المعاصره، سەرچاوەی پێشوو، ص199.

30. تجربه الاسلاميون فى تركيا، القسم الثانى، مركز الكاشف للمتابعه فى الدراسات الاستراتيجيه، ALKA SHLF.ORG، كانون اول، 2010.

31. الدين و الدوله فى تركيا المعاصره، سەرچاوەی پێشوو، ص199

32. موسوعه الحركات الاسلاميه فى الوطن العربى، سەرچاوەی پێشوو، ص266.

33. حزب السلامه الوطنی، اعداد الندوه العالمیه للشباب الاسلامی، SAAID NET.
34. خارطه الحرکات الاسلامیه فی ترکیا المعاصره، سەرچاوەی پێشوو.
35. تجربه الاسلامیون فی ترکیا، القسم الثانی، سەرچاوەی پێشوو.
36. موسوعه الحرکات الاسلامیه فی الوطن العربی، سەرچاوەی پێشوو، ص265.
37. *عوده العثمانیین الاسلامیه فی ترکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص74-75.
*النظام السیاسی فی ترکیا، د.احمد نوری النعیمی، دار زهران للنشر، عمان الاردن، گ1، 2012، ص316.
38. الاسلام و الدیمقراطیه اللیبرالیه فی ترکیا، بسیم ارات، ترجمه منی محسن الصاوی، الشبکه العربیه للابحاث و النشر، بیروت، ط 1، 2013، ص79
39. خارطه الحرکات الاسلامیه فی ترکیا المعاصره، سەرچاوەی پێشوو.
40. الحرکات الاسلامیه فی ترکیا المعاصره، سەرچاوەی پێشوو.
41. تجربه الاسلامیون فی ترکیا، القسم الثانی، سەرچاوەی پێشوو.
42. ترکیا، الجمهوریه الحائره، محمد نورالدین، مرکز الدراسات الاسلامیه، بیروت، گ1، 1999، ص138
43. *الاکراد و مستقبل ترکیا، میخائیل م.جونتر، ترجمه: د.سعاد محمد ابراهیم خضر، مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجیه، السلیمانیه، 2007، ص105.
*خارطه الحرکات الاسلامیه فی ترکیا المعاصره، سەرچاوەی پێشوو.
*حجاب و حراب، الکمالیه و ازمات الهویه فی ترکیا، محمد نورالدین، ریاض الریس للکتب، بیروت، 2001، ص249.
44. * الحرکات و الاحزاب الدینیه فی ترکیا، موقع السکینه، سەرچاوەی پێشوو.
*ترکیا من الخلافه الی الحداثه، منصور عبدالکریم، گ1، 2013، القاهره، ص141
45. ترکیا، الجمهوریه الحائره، سەرچاوەی پێشوو، ص139
46. *ترکیا بین العلمانیه و الاسلام فی القرن العشرین، د.ولید رضوان، شرکه مطبوعات للتوزیع و النشر، بیروت، گ1، 2006، ص330
*خارطه الحرکات الاسلامیه فی ترکیا المعاصره، سەرچاوەی پێشوو.
47. النظام السیاسی فی ترکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص383.

48. *التيارات و الاحزاب السياسيه التركيه، سايتیIKWAN WIKI

*تركيا و البحث عن الزات – ممدوح عبدالمنعم، مركز الاهدام للنشر و الترجمه و التوزيع القاهره، گ1، 2012، ص36

*رجب طيب اردوغان، حسين بسلی، عمر اوزبائی، الدار العربيه للعلام – ناشرون، بيروت، ط1، 2011، ص318.

49. رجب طيب اردوغان، سەرچاوەی پێشوو، ص

50. اليسارات الاحزاب السياسيه التركيه، سەرچاوەی پێشوو، ص320

51. دور الاحزاب السياسيه فی العمليه الديمقراطيه، حزب العداله و التنميه فی تركيا، د.مراد مرجان، سايتی ويكيبيديا، 12/حزيران/2004.

52. تركيا من الخلافه الی الحداثه، سەرچاوەی پێشوو، ص184. هەروەها الحركات والاحزاب الدينيه فی تركيا – موقع السكينه.

53. پارتی داد و گەشەپێدان و چارەسەری پرسی کورد لە تورکیا، نووسین و ئامادەکردنی د.عوسمان عەلی، وەرگێڕانی، عەبدولستار ئەحمەد، چ1، -2014 2015 بڵاوکردنەوەی گۆڤاری تورك ناسی، هەولێر، لا-172 173.

54. جدليات المجتمع و الدوله فی تركيا، عقيل سعيد محفوچ، مركز الامارات للدراسات و البحوث الاستراتيجيه، ابوضبی، گ1، 2008، ص182.

55. جدليات المجتمع و الدوله فی تركيا، سەرچاوەی پێشوو، ص183.

# بەشی چوارەم
# پارت و رێکخراوە کوردستانیەکان

## شیكردنەوەی گشتی

لە كۆتاییەكانی سـەدەی نـۆزدەدا، پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی، شاری ئیستەمبوڵ، ببووە مەڵبەندێك بۆ ئاڵوگۆڕكردنی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕی و نیشتیمانی. بە تایبەتی دوای ئـەوەی ژمارەیەكی گـەورەی رۆشنبیران و نیشتیمانپەروەران لەو شارە كۆببوونەوە، لە رەوت و ئاڕاستەی نیشتیمانی نەتەوایەتی و ئیسلامی و هزری جیاوازدا، لە كەسانی رۆشنبیر، نوسەر، شاعیر، خوێندكار، ئەفسەرانی ناو سوپا، كەسایەتییە نیشتیمانپەروەر و ئاینیەكان، ئەوانەی لەناوچە و وڵاتە جیاوازەكانی ئەو دەوڵەتە، شاری ئیستەمبوڵ كۆیكردبونەوە.

دیارە هیواو ئاواتی جیاواز لەبیری ئەو خەڵكەدا هەبووە، یەك لە ئامانجە دیارەكانی بەشێك لەو خەڵكە، رزگاركردنی دەوڵەتی عوسمانی بوو، لەو بارودۆخە پڕ ئاژاوە و دواكەوتن و لاوازییەی، كە دەوڵەت پێیدا تێپەڕ دەبوو، بەڵكو بەرەو لەناوبردنیش دەچو، چەندین ئاڕاستەی سیاسی و هزری جیاواز دەركەوتن، لەنێوانیشیاندا ململانێی توند بەدیدەكرا.

لەو هەلومەرجەدا رەوتـی نەتەوەخوازی تـورك، لەناو نـەوەی نوێدا لە پەرەسەندندا بوو، شانبەشانی ئاڕاستە نەتەوایەتییەكانی دیكەش، كە لەژێر چنگی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون، دیارە كارتێكردنی دەرەكیشیان بەسەردا هەبووە.

یەكەم رێكخستنی سیاسی لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی پێكهێنانی كۆمەڵەی (ئیتیحاد و تەرەقی) بوو لە ساڵی (1889)ز. دامەزرێنەرانی ئەم رێكخراوە سیاسییە پێكهاتبوون لە كەسانی بە رەگەز تورك و كورد و نەتەوەی دیكە. دروشمیان (یەكێتی عوسمانی) بوو، ئامانجە سیاسیەكانیشیان لەژێر كاریگەری بنەماكانی شۆڕشی فەرەنسا (1789) سەریهەڵدابوو (یەكسانی، ئازادی، برایەتی)(1).

کۆمەڵەی (ئیتیحاد و تەرەقی) تا ساڵی (1909) بانگەشەی بۆ ناسیونالیستی تورکی نەکردوە، بەڵکو گوتاری میللەتی عوسمانی هەڵگرتبوو، لەگەڵ داوای دەستور و مەرکەزییەت، ئازادیش بۆ هەموو گەلانی ناو دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام بیری-تورانیزم-دوای (1900) و کودەتای تورکە لاوەکان لە (1908) و پیادەکردنی سیاسەتێکی نوێی توانەوە بەرامبەر نەتەوەکانی دیکە، هەموو ئەوانە هۆکاری وەچەرخان بوون لە لایەن نەتەوەکانی وەك کورد و بولگار و عەرەب، بەرامبەر بەو سیاسەتە و جیابوونەوە و رێکخستنە سیاسییەکانی ئەو نەتەوانە، ئەمە و سەرەڕای هۆکارەکانی دیکەی هۆشیاری سیاسی.

بۆیە نیشتیمانپەرەورانی کورد، رێکخستنی سەربەخۆیان دەستپێکرد، وەك قۆناغێکی نوێ لەخەباتی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد، بەتایبەتیش کاتێك (مستەفا کەمال) دەسەڵاتی گرتە دەست و پشتیکرد لە هەموو بەڵێنەکانی بەرامبەر بەکورد، هەروەها زۆر ستەمکارانە وەڵامی داوا رەواکانی گەلی کوردی دایەوە.

رێکخستنی سیاسی کورد، هەر لە سەرەتای ساڵانی (1900)وە دەستپێکردووە، سەرەتا وەك کۆمەڵە رێکخراوی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیش، تا پەرەیسەندووە بەرەو رێکخراوی سیاسی خاوەن بەرنامە و ئامانج.

### ا- قۆناغی کۆمەڵە و رێکخراوەکان:

لێرەدا دەکرێت وەك قۆناغێکی سەرەتایی ئاماژە بۆ ژمارەیەکی گەورەی رێکخراو و کۆمەڵەی رۆشنبیری و سیاسی بکەین، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە دامەزراون، تا کۆتاییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و کۆتاییهاتن بە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و راگەیاندنی کۆماری تورکیا لە (1923).(2)

ئەو کۆمەڵ و رێکخراوانە لە سەردەستی کۆمەڵێك تێکۆشەر و روناکبیری کورد دروستبوون، بەشی زۆریان لە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی (ئیستەمبوڵ)بوون،

هەندێکیان بە ناچاری سەرکردایەتی خەبات و شۆڕشی چەکدارییان کردووە، هەروەك لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و شۆڕشی ئارارات دەردەکەوێت.

**لێرەدا بە کورتی ئاماژە بۆ ناوی بەشێك لەو کۆمەڵە و رێکخراوانە دەکەین:(3)**

| ز | نـــــاوی کۆمەڵـە | ساڵی دامەزراندن | شـوێن | ســــەرکـردە |
|---|---|---|---|---|
| 1. | جەمعییەتی اتفاقی کورد | 1880 | | شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری |
| 2. | کۆمەڵەی عزمی قەومی کوردستان | 1900 | ئیستەمبوڵ | فیکرەت ئەفەندی دیاربەکری |
| 3. | کۆمەڵەی کورد تعاون ترقی | 1908 | | شێخ عەبدولقادر شێخ عەبدوڵلا |
| 4. | کۆمەڵەی هێڤی | 1911 | | ئەکرەم جەمیل |
| 5. | کۆمەڵەی رزگاری کوردستان | 1912 | | شێخ عەبدولقادر شێخ عەبدوڵلا |
| 6. | حزبی موحیبانی کوردستان | 1912 | | مەلا خدری دەرسیمی |
| 7. | یەکێتی تەلەبەی کورد | 1910 | خەربوت | محەمەدی نوری |
| 8. | یانەی کوردستان تیالی سیمپتی | 1912 | | شوکری محەمەد سەگبان، نوری دەرسیمی |
| 9. | کورد تشریك مساعب جمعیتی | 1912 | ئیستەمبوڵ | عەبدوڵلا سادین |
| 10 | کۆمەڵەی جیهانزانی | 1913 | خۆی | عەبدولرەزاق بەدرخان |
| 11 | کۆمەڵەی تعالی کوردستان | 1917 | | عەبدولقادر نەهرەی |
| 12 | کۆمەڵەی ئیستقلالی کورد | 1917 | ئیستەمبوڵ | عەبدولرەزاق شەمزینی |
| 13 | کۆمەڵەی ئیستقلالی کوردستان | 1917 | قاهیرە | سورەیا بەدرخان |
| 14 | کۆمەڵەی پێشکەوتنی ئافرەتانی کوردستان | 1919 | | ئەنجوم یامولکی |
| 15 | پارتی دیموکراتی کورد | 1919 | ئیستەمبوڵ | کەمال فەوزی، نەجمەدین حوسین |
| 16 | کۆمەڵەی تەشکیلاتی کۆمەڵایەتی کورد | 1920 | | ئەمین عالی بەدرخان |
| 17 | کۆمەڵەی ئازادی کورد | 1921 | ئەرزروم | خالید بەگ |

# کۆمەڵەی خۆیبوون(4)

خۆیبوون چڤاتی وڵاتی کوردان، ئەم رێکخراوە دوای هەڵمەتێکی زۆری تێکۆشەرانی کورد دامەزراوە، دوای تێکشکانی شۆڕشی چەکداری شێخ سەعیدی پیران.

(مەمدوح سەلیم) وەك یەکەم کەس لەپێناو دامەزراندنی ئەو رێکخراوە هەوڵیداوە، زنجیرەیەك پەیوەندی کردووە، لەگەڵ محەمەد شوکری سەگبان، ئیحسان نوری پاشا، عەلی رەزا کوڕی شێخ سەعید و مستەفا شاهین سەرۆکی هۆزی برازی، هەروەها شەریف پاشا، کە ئەو کاتە لەشاری پاریس بووە، لەگەڵ جەلادەت بەدرخان کە لە وڵاتی میسر بووە و چەندین کەسانی دیکەش.

لە هەمانکاتدا و لە لایەکی دیکەوە (سەید عەلی رەزا) بە هۆی مەلا ئەحمەدی شوزی و بەهاوکاری فەقێ عەبدوڵلای جزیری، پەیوەندیکردووە بە پەناهەندەکانی عێراق و سوریا و ئێرانەوە.

هەر بە هۆی ئەو کەسایەتییەوە لە دهۆك و زاخۆ پەیوەندی بە سەرکردەکانی کوردەوە کراوە، عەلی ڕەزا پەیوەندی بە شێخ عەبدولڕەحمانی گارسی و عەلی شرنخی و جەعفەر ئاغای ئەرمی و گورگین ئاغای بەرواری و حازم بەگی زاخۆیی کردووە.

ئەو کەسایەتیانە هەموویان بەڵێنی هاوکاری و پاڵپشتی عەلی ڕەزایان دوپاتکردۆتەوە، هەر بۆ ئەم مەبەستە عەلی ڕەزا نوێنەری خۆی ناردووە بۆ سوریا و حاجی ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی (هەڤیرکان) و ئەمین ئەحمەد سەرۆکی هۆزی (رمان) و بەدرەدین ئاغای سەرۆکی خێڵی (هەیسبان) و عەشیرەتەکانی بۆتان و بادینانی بۆ کۆنگرەیەك بانگهێشتکردوون.

ئەنجامی هەوڵەکانی هەموو لایەك دوای چەندین کۆبوونەوە و چاوپێکەوتن لە ناوچەکانی کوردستان و پاریس، بە ئاگاداری یەکتر، هەموو لایەك بریاریاندا لە مانگی تشرینی یەکەمی (1927) لە ماڵی (پاپا زیانی ئەرمەنی) لە وڵاتی سوریا کۆببنەوە، کۆبوونەوەکەیان پێنج ڕۆژی خایاند، بەشداربووانی کۆبوونەوەکە لەم کەسانە پێکهاتبوون:

1. د.شوکری محەمەد سەگبان، ناوبراو یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان، سەرۆکی کۆبوونەوەکەشی کرد.
2. جەلادەت ئەمین عالی بەدرخان.
3. حاجۆ ئاغا سەرۆکی خێڵی هەڤیرکێ.
4. بوزان شاهین بەگ سەرۆکی خێڵی برازان.
5. مستەفا شاهین بەگ.
6. ئەمین ئەحمەد سەرۆکی خێڵی رمان.
7. بەدرەدین ئاغا، سەرۆکی خێڵی هیسبان.
8. مەمدوح سەلیم، لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان.
9. فەهمی لیجی، نووسەری شێخ سەعیدی پیران.
10. کەریم (ئەفسەری سوپای عوسمانی) کوردستانی باشور.

11. کامل (ئەفسەری سوپای عوسمانی) کوردستانی باشور.
12. مەلا ئەحمەدی شوزی.
13. فەقێ عەبدوڵڵای جزیری.

دوای پێنج ڕۆژ گفتوگۆ، ئامادەبوان ڕێککەوتن لەسەر گواستنەوەی کۆبوونەوەکانیان بۆ شاری (بەحەمدون) لە لوبنان. لە (21ی تشرینی یەکەمی 1927) درێژەیان بە کۆبوونەوەکانیان دا، لەو کۆبوونەوانەدا لەسەر چەند بابەتێك گفتوگۆ کراو گەیشتنە ئەم ئەنجامانە:

أ) هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵ و ڕێکخراوە کوردییەکان، بە مەبەستی دامەزراندنی کۆمەڵێکی گەورە، کە هەموو ئەندامانی ئەو کۆمەڵانە کۆبکاتەوە، کۆمەڵەکانیش کەنوێنەریان ئامادەبوون، بریتیبوون لە:

أ. کۆمەڵی تەعالی کوردستان.
ب. کۆمەڵەی تەشکیلاتی کورد.
ت. کۆمەڵەی کورد میللەت فیرقەسی.
پ. کۆمەڵی سەربەخۆی کورد.

2) کارکردنی بەردەوام لەخەبات و شۆڕشدا دژی تورك.
3) ڕەچاوکردنی ئەم لایانانە، پیش هەڵگیرساندنی شۆڕشی چەکداری.
أ) دانانی سەرکردەیەك بۆ هەموو هێزە نیشتمانیە کوردیەکان.
ب) ڕێکخستنی هەموو هێزەکان لە شێوەی سەربازی.
ت) دامەزراندنی مەڵبەندێك بۆ شۆڕش و سەرکردایەتی باڵای هێزەکان.
پ) دروستکردنی پەیوەندی برایەتی هاوکاری بەردەوام لەگەڵ حکومەت و گەلی ئێران.
ج) دروستکردنی پەیوەندی باش لەگەڵ هەردوو حکومەتی عێراق و سوریا.

کۆمەڵە گۆڤارێکی دەرکرد لەژێر ناوی -هاوار- لەمانگی ئایاری (1932)، ئەو گۆڤارە بۆ ماوەی پێنج ساڵ دەردەچو لە شاری پاریس بەهەردوو زمانی کوردی و فەرەنسی، مانگی دووجار.

**ئامانجە گشتیەکانی خۆیبوون:**

-1 کۆکردنەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بێ هیچ جیاوازییەکی ئاینی یان زمانەوانی یاخود چینایەتی، بەرەو تێکۆشان.

-2 بایەخدان بە پڕوپاگەندەی سیاسی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان، لەگەڵ لایەنە دەرەکییە نێودەوڵەتییەکان، وەك روسیا و بەریتانیا فەرەنسا و ئیتاڵیا، هەروەها لەگەڵ هێزە ئەرمەنیەکان.

-3 بایەخدان بەگوتارێك، کە لەگەڵ هەلومەرجی عەشایری کۆمەڵگەی کوردیدا بگونجێت.

-4 ئامانج رزگارکردنی کوردستانە لەچنگی داگیرکارو دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆ.

کۆمەڵەی خۆیبون و کاری رێکخراوەیی:

ئەم رێکخراوە خاوەن پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ و لە ساڵی (1938)وە، ئەو بەرنامەیە دوو بەش بووە، (نڤام عومی) کە لە(31) مادە پێکهاتووە، لەگەڵ (پیمان میللی)، کە لە (32) مادە پێکهاتووە، بەڵام بەشی بابەتەکانی شێواون و ناخوێندرێتەوە.

لە بابەتە گرنگەکانی بەرنامەی کاری رێکخراوەیی کۆمەڵەی خۆیبوون:

1- مەرجەکانی وەرگرتنی ئەندام و ئەرکەکانی.

2- سوێندخواردن لە کاتی وەرگرتنی ئەندام.

3- کارکردنی ئەندام بە شێوەیەکی نهێنی.

4- بوونی رێکخستنی هەرەمی بۆ رێکخراوەکە.

دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبوون هەنگاوێکی پێشکەوتوتر بووە لە کۆمەڵە و رێکخراوەکان، بەرەو دامەزراندنی پارتی سیاسی سەردەمییانە، لەڕووی بەرنامەی سیاسی و تەواو بوونی پەیکەری رێکخراوەیی و لێکدانەوەی هزری بۆ

باری راهاتوی کۆمەڵگەی کوردی، هەروەها ئەم ڕێکخراوە سنوری چالاکییەکانی فراوانتر بووە و زۆربەی بەشەکانی کوردستانی گرتۆتەوە.

لە کۆتاییدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، کە شۆڕشی ئارارات لەنێوان (1927-1930) لە لایەن کۆمەڵەی خۆیبوون نەخشەی بۆ کێشرابوو، دیارە شۆڕشەکە ئەرکی سەرکردایەتی سەربازی بە (ئیحسان نوری پاشا) سپێردرابوو.

ناوی ئەندامانی لقەکانی خۆیبوون(5):

1- کۆمیتەی ناوەندی لە بەیروت: کامەران عالی بەدرخان، واهان پاپا زیان، نەجمەدین دەروێش کیار، تار لەبە بەگ، خالید بەگ.

2- لقی دیمەشق: جەلادەت عالی بەدرخان، یوسف ئاغا، عوسمان عروسی، ئیبراهم شەمدین.

3- لقی حەلەب: قەدری جەمیل پاشا، هیرات پاپا زیان، مستەفا شاهین، بوزان بەگ شاهین، هەمزە ئەفەندی، مەمدوح سەلیم.

4- لقی حەسیچە: قەدری بەگ جەمیل پاشا، محەمەد بەگ جەمیل پاشا، حاجۆ ئاغا، هەمزەی کوری بەکر کوردی، ئەلیاس ئەفەندی، کادور بەگ، ئاگۆپ سیمون، ڕەسول ئاغا.

5- لقی ماردین: ئەیوب میللی زادە، سەعدون ئاغا، جەلال بەگ میللی زادە، زەحیا بەگ، محمود کارۆ.

6- لقی دیاربەکر: مەمدوح بەگ جەمیل پاشا، فکری بەگ جەمیل پاشا، ئەحمەد بەگ جەمیل پاشا، زیا بەگ جەمیل پاشا، برنجی زادە، شەوقی ئەفەندی.

7- لقی سلیوان: عەلی ئاغا، ئیبراهیم بەگ، خەتیب بەگ سفی الدین، شێخ فکری، شێخ فەوزی.

8- لقی سەحوور: نەجمەدین بەگ، مەمدڵلا بەگ، محەمەد بەگ، حەمدی بەگ، شێخ فەتحوڵلا.

9- لقی سیریت: سەید محەمەد، شێخ جەلال شێخ نەسرەت، شێخ محیدین زوکریت، شێخ ئازارات.

10- لقی بەغداد: د.شوکری محەمەد، شێخ ئەحمەد، کریکور ئەفەندی، خورشیدی عەبدولکەریم بەگ، کەریم مەحمود (کەریم شالوم).

11- لقی کەرکوك: محمود جەودەت، رەشید بەگ، رووف بەگ، عەبدولکریم بەگ.

12-لقی سلێمانی: تەوفیق وەهبی بەگ.

13- لقی زاخۆ: حازم بەگ، موراد خان، محەمەد حەسەن، لیڤون پاشا.

14- لقی رەواندوز: شێخی بارزان، ئیسماعیل بەگ، حوسین حوزنی، عەبدوڵلا بەگ.

15- لقی پاریس: شەریف پاشا، د.سورەیا بەدرخان، ناجی بەگ، جەمال بەگ.

16-لەندەن: رەووف بەگ، عەدنان بەگ، میبرام خانوم.

ب- قۆناغی پارتە سیاسییەکان:

بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە کوردستانی باکور، ساڵانی پێش و دوای جەنگی جیهانی دووەم، سنورێکی فراوانی نەبووە، یان روونتر چالاکییەکی کارای بەرچاو نەخستۆتەڕوو، بەڵکو لەبارێکی لاواز و لەسنورێکی تەسکدا کاریکردووە و قەتیس ماوە.

دیاردەکانی دوای جەنگ و دابەشبوونی جیهان بەسەر دوو جەمسەردا و ململانێی نێوانیان، هەروەها توندڕەوی دەسەڵاتی حکومەتی تورکیا و ستەمکاری ئیداری لە ناوچەکانی کوردستانی باکور و دواکەوتنی باری ئابوری و کۆمەڵایەتی، هەموو ئەو دیاردانە، هۆکاربوون بۆ گۆشەگیرکردنی کورد و دابڕانی لە رووداو و گۆڕانکارییەکان، بە تایبەتی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان.

دوای لاوازبوون و هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی (خۆیبوون)، تاکە ڕێکخراوی سیاسی کوردستانی ناوی هاتبێت، کۆمەڵەی (ژ بۆ ئازادی کوردستان) بووە، کە کۆمەڵێك ڕۆشنبیر و نیشتیمانپەروەری کورد پێیهەستاون، وەك: فایەق بوجاك، ڕەمزی بوجاك، یوسف عەزیز ئۆغلو، موسا عەنتەر). هەمویان خوێندکاری زانکۆ بوون و بواری چالاکی و تواناکانیان سنوردار بووە، هەر زوو ڕێکخراوەکەیان پەکی کەوت، کە درێژە بە چالاکیەکانییان بدەن.

هەر لەو سەردەمەدا، ژمارەیەك لە کوردپەروەرانی باکور پەیوەندییان بە ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە هەبووە، لە ڕۆژهەلات لەگەڵ کۆمەڵەی (ژ.ك) و لە باشور لەگەڵ حزبی هیوادا، بەڵام لەگەڵ کۆتاییەکانی جەنگی جیهانی دووەم و گۆڕینی سیستمی حزبایەتی لە تورکیا، لە سیستمی تاکحزبیەوە بۆ سیستمی فرەحزبی لەتورکیا، ئەوا لە کوردستانیشدا، گۆڕانێك بەسەر چالاکی سیاسی کوردا هاتووە، هەر بە هۆی سیستمی فرەحزبی لەتورکیا، پێگەی هەندێك کەسایەتی وەك شێخ و ئاغا و سەرۆك هۆزەکان، نوێنەری چین و توێژی کورد، رووی لە بەهێزبووندا بووە، دیارە ئەوەش چەند هۆکارێکی هەبووە:(6)

1- سیستمی هەڵبژاردنی نوێ لە تورکیا، گرنگی دەنگدەری بەرزکردۆتەوە، بەو شێوەیە پێگەی دەنگەدەری کوردیش بەرزبۆتەوە، ئـەوەش بە هۆی پاشکۆیەتییان بۆ دەرەبـەگ و شێخ و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و بە کاریگەری گۆڕانگارییە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان.

2- کەسایەتییەکان لە سیاسەتمەدار و دەستەبژێری نـاو دەسـەڵات، پەیوەندییەکانیان بەهێزتر کردووە لەگەڵ شێخ و دەرەبەگ و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستانی باکور، بە مەبەستی بەدەستهێنانی دەنگەکانییان.

# پارتی دیموکراتی کوردستان-تورکیا
# P D K_T

دیـاره هەلومەرجی دروستبوونی رێکخراوێکی سیاسی نەتەوایەتی لە کوردستانی باکور(7)، لەسەر هەردوو ئاستی بابەتی و ناوخۆیی لەباربووە، بۆیە نیشتیمانپەروەرانی کورد بۆ ئەم مەبەستە ماوەیەك بوو لە کۆبوونەوە و گفتوگۆ و بیروڕا ئاڵوگۆڕکردن دابوون.

ئەوانەی بەو ئەرکە هەستان بریتیبوون لە: سەعید ئالچی، دەورناس، دەروێش ئاکگول، عومەر تورهان، شاکر ئیۆزدەمیر، شەرەفەدین ئیلچی، دەروێش سەعدۆ. بە راوێژکردن لەگەڵ چەند نیشتمانپەروەر و رۆشنبیرێکی دیکەی کورد، وەك: فەهمی بیلال و موسا عەنتەر.

ئەو پێنج کەسە لە کۆبوونەوەیەك لە شاری دیاربەکر و بە ئامادەبوونی کەسایەتی رۆشنبیر (فایەق بوجاك) لە رۆژی (11ی تەموزی 1965) بڕیاری دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان-تورکیا، دەدەن، دواتر لە کۆنگرەی

دامەزراندن لە ڕۆژی (21ی ئابی 1965)، ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵدەبژێرن و بڕیار لەسەر بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ دەدەن.

دەستەی سەرکردایەتی بریتیبوون لە:(8)

1- فایەق بوجاك- سەرۆك (لە ساڵی 1966 یان 1967 لە پلانێکی هەواڵگری تورکیا شەهید دەکرێت).

2- سەعید ئالچی- سکرتێر.

3- ئەندامان: دەروێش ئاکگول (سەعدۆ)، عومەر تورهان، شاکر ئیۆزدەمیر.

بەرنامەی پارت:

لە (51) مادە پێکهاتبوو، لە پێشەکی بەرنامەکەیدا هاتبوو:

کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیە و پێویستە وەك نەتەوەکانی جیهان، ئازاد و سەربەخۆ بێت، بە گشتی بەرنامەکە ئەم خاڵانەی گرتبووە خۆی:(9)

أ. چوارچێوەی سنوری کوردستان دیاری بکرێن.

ب. زمانی کوردی لەناوچەی کوردستان ببێتە زمانی فەرمی.

ت. هەموو کارمەندان دەبێت کورد بن.

پ. کورد پێویستە لە پەرلەمان و حکومەتی ناوەند، بەپێی ڕێژەی خۆی نوێنەری هەبێت.

ج. بەرنامەی ئاوەدانی و پیشەسازی بۆ پڕۆژەکان دابنرێت.

ح. لە ناوچەی کوردستان رادیۆ و تەلەفزیۆن بە زمانی کوردی بێت.

خ. ناوەکانی ناوچە کوردییەکان دەبێت بە فەرمی بناسرێت.

د. دابەشکردنی زەویوزار بەسەر جوتیاران.

ژ. دروستکردنی پاڵاوگەیەك لە کوردستان.

ر. تووتن ببێتە هی خەڵك، توتنی بەرهەمهێنراو بە هۆی گوندنشینەکان، پێویستە لە بازاڕ بە ئازادی بفرۆشرێت.

**پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوەیی پارتی(10):**

پێکهاتەی چینایەتی ئەم پارتە بریتیبوو لە کەسانی ناو عەشیرەت و هۆزەکان، لە پیاوانی ئاینی و بازرگان و خاوەن موڵك. لەبەر ئەوە جەماوەرەکەی و ئەندامانی زۆرتر لەناو دێهاتەکان بوون، هەروەها تارادەیەك خاوەن پیشە بچوکەکان و کرێکار و جوتیاریشی لەخۆگرتبوو، بەڵام پێکهاتەی سەرکردایەتی پارتەکە، بریتیبوو لە کەسانی بۆرژواو لیبراڵ، لەناو کادرە باڵاکانیدا پیشەوەر، ڕۆشنبیر، خوێندەوار و پیاوماقوڵا دەبینران، هاوکات پێکهاتەی سەرکردایەتییەکەی مۆرکی ناوچەیی پێوە دیار نەبوو.

ڕێکخستنەکانی پارتی دابەشببوون بەسەر (5) کۆمیتە، لە لایەن (15) ئەندامی سەرکردایەتی بەڕێوە دەچوون.

لە سکرتێرەکانی پارتی: سەعید ئاڵچی، شەرەفەدین ئاڵچی (1971)، دەروێش سەعدۆ، سیراج بیلگین (1974) (11).

لە هاوینی (1970)، یەکەمین کۆنگرەی بەست، لەو کۆنگرەیە بڕیار لەسەر مافی چارەی خۆنووسین درا. ساڵی (1975) سێیەم کۆنفرانسی بەستووە، لەو کۆنفرانسەدا بیروباوەڕی شۆڕشگێڕی و پێشکەوتوانە سەریانهەڵداوە، گۆڕانیش لە بەرنامەی پارتەکە کراوە. ساڵی (1977) کۆنگرەی سێیەم بەسترا، لەو کۆنگرەیە باڵی چەپ دەستی بەسەر حزبدا گرت و بڕیار لەسەر سۆسیالیزم وەك ئامانجێك درا. لە کۆبوونەوەی هەشتەمی کۆمیتەی ناوەندی ساڵی (1974)، لەبەرنامەی پارتیدا، ئامانجی بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کورد وەك مادەیەك چەسپا، ئەوەش لە ڕێگەی شۆڕشی نیشتیمانی و خەباتی دیموکراسی گەلی کورد.

هەر بەپێی مادەی (2) بەرنامەکە، زمانی کوردی بە زمانی فەرمی کوردستانی باکور دانرا و بڕیاری دامەزراندنی هێزی چەکداریش درا.

لە مادەی (7)دا، جەخت لە دیاریکردنی سنوری کوردستانی باکور دەکرێتەوە، بە پێی ڕەگەز، جوگرافیا، ئابوری و مێژوو.

**خەبات و چالاکیە سیاسییەکانی پارتی:(12)**

پارتی لە تەواوی کوردستانی باکوردا، وەك رێکخستنێکی کوردی دەنگدانەوەی هەبوو، بە تایبەتی لەناو گوندەکان و ناوچە سنوریەکان. رێکخستنەکانی پارتی هەڵدەستان بە بڵاوکردنەوەی چاپەمەنیەکان بە هەردو زمانی کوردی و عەرەبی.

لەبواری چالاکیدا، پارتی بڕوای بە خەباتی چەکداری نەبووە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، بەڵکو خواستی ئەوەی هەبوو بەشێوەیەکی سیاسی کار لەسەر وشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك بکات. فایەق بوچاك بە هۆی توانای رۆشنبیریەوە، رێکخستنەکانی پارتی لەسەر دەستی ئەو زۆر بەخێرایی پەرەیاندەسەند، بەڵام لە پلانێکی گوماناوی، کە رەنگە دەستی میتی تورکی تێدابێت، ساڵی (1966) شەهید دەکرێت.

لەو سەردەمە پەیوەندییەکانی نێوان (پ.د.ك.ت) و (پارتی کاری تورکی) بە پێی بەرنامەیەك رێکخرابوو.

ساڵانی (1966 و 1967) لەتەواوی کوردستانی باکور، زنجیرە خۆپیشاندانێکی جەماوەری سەریهەڵدا، کە پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کاری تورکی بەیەکەوە رابەرایەتیاندەکرد.

وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر بەو چالاکییانە، دەسەڵات لە تورکیا هەڵمەتێکی دەستگیرکردن و راونانی دەستپێکرد، بە هۆیەوە زیاتر لە (50) ئەندام و کادرانی پارتی دەستگیرکران، لە ناویاندا سکرتێری پارت سەعید ئاڵچی. ساڵی (1971) دوای کودەتا سەربازییەکەی تورکیا، رژێم جارێکی دیکە هەڵمەتی گرتن و دادگاییکردنی دەستپێکردەوە، ناچار خەڵکێکی زۆر هەڵاتن بەرەو ناوچە شاخاوییەکان. ساڵی (1970) پارتی توانی لقەکانی (د.د.ك.ۆ) بۆ نوێنەرایەتی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد بەکاربهێنێت.

**ململانێ و دابەشبوونی پارتی:(13)**

لە ساڵی (1965)، د.شـوان (سەعید قرمزی تۆپراك)، کاتێك خوێندکاری پزیشکی دەبێت، پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکات، بە هۆی زانینی زمانی فەرەنسی، زانیاری لەسەر بزوتنەوەکانی رزگاریخوازی جیهانی سێیەم (بەتایبەتی لە ئەمەریکای لاتین و تێکۆشانی گیڤارا) پەیدادەکات و زۆر کاریگەر دەبێت بەو رەوتە چەپە شۆڕشگێڕە، کە لەو سەردەمە گەشەیکردبوو.

لە کۆتایی ساڵی (1968) و سەرەتای ساڵی (1969) لەسەر بڕیاری خودی سەعید ئاڵچی، د.شوان و سێ کەسی دیکە لە هەڤاڵانی روو لە کوردستانی باشور (عێراق) دەکەن. لەو ناوچەیەی کە لەژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کورد دەبێت، بنکەیەکی راهێنان و مەشق دەکەنەوە بۆ کاری پێشمەرگایەتی (شوێنەکەی ناوچەی زاخۆ و نزیك سنور دەبێت)، ئەوەش بە هاوکاری سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق.

لەو ماوەیەدا ژمارەی لایەنگرانی زیاد دەکات، هەروەها پەیوەندی بە کۆمەڵەی ئازادی کوردستان (KAK) دەکات، لەگەڵ چەند ئەندامێکی رێکخراوی (د.د.ك.ۆ) هەوڵیشدەدات بە پشتیوانی سەرکردایەتی شۆڕش (مستەفا بارزانی)، پارتێکی پێشکەوتنخواز دامەزرێنێت، بەڵام پێدەچێت بارزانی رازی نەبووبێت.

بۆیە لە (27ی حوزەیرانی 1970)، دەگەڕێتەوە تورکیا و لە شاری (ئەنکەرە) بە ئامادەبوونی (17) کەس، پارتەکە دادەمەزرێنێت و خۆشی دەبێت بە سکرتێری ئەو پارتە، دواتر بەرەو کوردستانی باشور دەگەڕێتەوە.

لە بەرامبەر ئەم دۆخە لەناو پارتی دوو بیروڕای جیاواز دروستدەبێت:

1. رایەك، بابەتیانە تەماشای دیاریدەکە دەکات، پێیوایە ئاساییە بوونی دوو پارت. (هەڵوێستی ئیوزدەمیر و شەرەفەدین ئاڵچی).

2. رایەکی دیکە، ئەو دیاردەیە بە هەڕەشە دەزانێت (هەڵوێستی سەعید ئاڵچی).

بۆیە پاشان سەعید ئاڵچی روو لە کوردستانی باشور دەکات بۆ چاوپێکەوتنی د.شوان و بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکە، بەڵام وەك دەردەکەوێت لە (1ی حوزەیرانی 1971) سەعید ئاڵچی و هاوڕێیەکی بەناوی محەمەد بەگ دەکوژرێن. کاتێك ئەو دەنگۆیانە بڵاودەبنەوە، سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، لێکۆڵینەوە لەگەڵ د.شوان و چەند هاوڕێیەکی دەکات، دوای لێکۆڵینەوە، بڕیاری کوشتنی هەر یەك لە )د.شـوان، چەکۆ، بروسك) دەدرێت و لەسەریان جێبەجێدەکرێت.

ئەو ململانێیەی دروستبوو لەنێوان هــەردوو باڵی ئەو پارتە، بەپێی لێکۆڵینەوەی چەند توێژەرێك، دەکرێت ئاماژە بۆ هۆکارە ئاشکراکانی بکەین:

1. دەرکەوتنی جیاوازی هزری لەنێوان سەرکردە و کادرانی پارتەکە، هەروەها دەرکەوتنی دیاردەی چەپ بە توندی لەناو بزاڤی سیاسی کوردا.

2. ئامانج و شێوازەکانی پارتی، کلاسیکی و سنوردار بوون، تەنها بواری سیاسی دەگرتەوە، لەکاتێکدا چەپەکان بایەخیان بەبواری ئابوری و کۆمەڵایەتی دەدا. لەگەڵ شێوازی خەباتی چەکداری.

3. دەستێوەردانی دەرەکی و کاریگەرییان بەسەر هەردو باڵەکە، کە ڕەنگە دەسەڵات لە تورکیا بێت، یان سەرکردایەتی پارتی بێت لە کوردستانی باشور.

4. خواستەکانی د.شوان کە سەرکردایەتی پارتێکی چەپی شۆڕشگێڕ بکات، لەگەڵ کاریگەری بە ڕێبازی شۆڕشگێڕی ماوی و گیڤارەیی.

دوای ئەو رووداونە، سەرەڕای هەڵمەتی دەستگیرکردنی دەسەڵات لەتورکیا لە کۆتایی ساڵی (1971)، پاشماوەکانی پارتی لە شاری دیاربەکر، کۆنفرانسێك دەبەستن و (دەرویش سەعدۆ) وەك سکرتێر هەڵدەبژێرن. ئەم ڕەوشە تا ساڵی (1975) بەردەوامدەبێت، هەر لەو ماوەیەدا بارەگای سەرکردایەتی (پ.د.ك-ت) لەناوچەی زاخۆ دادەخرێت و ئەندامانیشی دەستگیر و دوردەخرێنەوە، بۆیە بەشێك لە سەرکردایەتییەکانی روویان لە رۆژئاوا کرد و خەباتییان بردە هەندەران.

# بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان
# پارتی دیموکراتی کوردستان(کوك)

هەروەك پێشتر باسکرا، لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان-تورکیا، دو ئاڕاستە سەریانهەڵدا، یەك:(14) سیاسی و دو: چەپڕەو، ململانێ لەنێوان ئەو دوو ئاڕاستەیە درێژەیکێشا تاساڵی (1977). کاتێك لە ناوچەی هەکاری کۆنگرەی پارتی بەسترا، لەو کۆنگرەیە باڵی چەپ بە زۆر توانی خۆی بسەپێنی و سکرتێری گشتی دیارییبکات، سەرەڕای دەستکاریکردنی بەرنامەی پارتەکە.

رێکخراوی لاوانی -پارتی- لەگەڵ باڵی گەنج، کە بە بزوتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەیی (کۆك) دەناسرا لە تورکیا، ئەم رێکخراوە خوێندکارییە پێناسەی سیاسی خۆی لە چوارچێوەی شۆڕشێکی دیموکراسیدا، لەڕێگەی خەباتی چەکدارییەوە بە دروست دەزانی، ئەمانە بە سەختی کاریگەربوون بە هزری (مارکسیزم-لینیزم) و رابەرەکەشیان مستەفا فیسلی بوو کاتێك پارتی چوارەم کۆنگرەی خۆی بەست، بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانی ناو رێکخستن، بە بۆچوونی هەندێك،

ئەم کۆنگرەیە بۆ پارتی یەکلاکەرەوە بوو، چونکە باڵی ناسراو بە (کۆك) لە پارتی جیابۆتەوە.

ئەوەی روویـدا لەناو کۆنگرە، ئەوەبوو، کە گەنجە چەپەکان لەدوبارە هەڵبژاردنەوەی (دەروێش ئاکگول) رازینەبوون، هەربۆیە وەك هەڵگەڕانەوەیەك بەرامبەر کۆنگرە و بەزۆر (مستەفا فیسلی)یان کرد بە سکرتێری پارتی، هەروەها بەخواستی خۆیانیش پەیڕەوێکی ناوخۆیان داڕشت.

لە بەرنامەکەشدا، ئامانجی سەربەخۆیی جێگای ئۆتۆنۆمی گرتەوە، خۆشیان بە پارتێکی (مارکسی - لینینی) ناساند، دروشمی خەباتی چەکدارییشیان وەك ستراتیژ بەرزکردۆتەوە.

ئەو رێکخراوە کە لەناو کوردا بە (کۆك) ناسرابوو، بەڵام پەیڕەوی ناوخۆی هەر بە ناوی (پ.د.ك-ت) مابووەوە. دوای کودەتا سەربازییەکەیساڵی (12ی ئەیلولی 1980) ئەندامەکانی کەوتنە بەر شاڵاوی پۆلیس، بۆیە بەشێکیان روویان لە ئەوروپا کرد و بەشێکی کەمی هێزەکانیان لە کوردستان مانەوە.

ساڵی (1981) کۆنفرانسێکیان بەست و بەفەرمی ناوی رێکخراوەکەیان کرد بە (بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان)، ئەندامانی سەرکردایەتیشیان بریتیبوون لە: عەبدولڕەحمان گوندی، نزار سەلیم عەزیزی عومەری سەر سپیا، حەمید ئیسماعیل ئاغا، سکرتێری گشتی ئەو بزوتنەوەیەش ناوی -دارا- بوو.

هەروەها بڕیاردرا بڵاوکراوەیەکی مانگانە بە ناوی -تێکۆشەر- بڵاوبکرێتەوە، دوای کۆنفرانس، هەر لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندی (کـۆك) لە سـاڵـی(1982)دا، باڵێکی(15) سۆسیالیستی سەریهەڵدا و دواتـر بەناوی (بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان-باڵی سۆسیالیستی) جیابوونەوە، ئەوانەش پێکهاتوون لە: عەبدولرەحمان گوندی، یاڵچن، سەیدو، مەلا)، کە لەژێر کاریگەری حزبی شیوعی عێراق، لقی هەرێمی کوردستان بوون و تێڕوانینی سۆڤێتیان هەبوو. ئەوانە داوای سەربەخۆیی کوردستانیان دەکرد و تا ساڵی

(1986) هێزی چەکداریان نەبووە، بەڵام بە هۆی ئەوەی سەرکردایەتییان لە ئەوروپا بوو، ئەوا هیچ کاریگەریان نەبووە، گۆڤارێکیان بەناوی -رێگەی شۆڕش- بڵاودەکردەوە.

لەسەرەتای ساڵی (1985) بڕیاردرا، کە دەبێت و پێویستە کادرانی بزوتنەوەکە بگەڕێنەوە گۆڕەپانی تێکۆشان لە کوردستان، بەم کارەش رێکخراوەکانی خۆیان لە(16) کوردستان زیندوکردەوە و هەنگاوی گەورەشیان هاویشت بۆچەسپاندنی رێکخستنەکانی خۆیان لەناو کۆمەڵانی خەڵك و بڕیاری بەستنی کۆنفرانسی دووەمیان دا، لەو کۆنفرانسەدا چەندین بڕیاری گرنگ درا. بزوتنەوە لەنێوان ساڵانی (1987-1989) چەندجارێك بەرەوڕووی شاڵاوی گرتن و راونانی ئەندامانی بۆتەوە، کە لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی تورکیاوە ئەنجامدراوە و ژمارەیەکیشیان لێگیراوە، کە لەناویاندا کادری سەرکردایەتی هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر سووربوون لەسەر خەبات. ساڵی (1992) بزوتنەوە، بە بەشداری پارتی پێشەنگی کرێکارانی کوردستان، بەرەیەکیان پێکهێنا بەناوی -یەکبوون-.

لەو ساڵانەدا، لەناو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، گۆڕانێکی ئایدیۆلۆژی بە زەقی هەستی پێدەکرا، ئەوەش بریتیبوو لە هەوڵێك بۆ درووستکردنی پارتی نەتەوەیی کوردستان، لەبەرئەوەی بیرو باوەڕی چینایەتی، هۆکارێکی ئایدیۆلۆژیای بوو بۆ ململانێ و پچڕ پچڕبوونی بزوتنەوەکە، کە لە ئاکامدا و لەهیچ قۆناغێك ناکرێت سەرکەوتن بە دەستبێنێت.

ئەندامانی بزوتنەوەکە باوەڕیانوابوو، کە لە رێی رێکخستنێکی دیموکراتی نەتەوەیی کوردستان، هەروەها دروستکردنی گیانی بەرهەڵستکاری جەماوەری، دەکرێت بەرەنگاری داگیرکەر ببنەوە.

ئەو باڵە نەتەوەییەی (کوك) کە بەناوی خۆیان مانەوە، بەرەو لاوازی چوون و دواتر گەڕانەوە ناو پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا(17).

# کۆمەڵەی فەرهەنگی دیموکراتی شۆڕشگێڕ
## د.د.ك-د

دوای ساڵی (1974) لە تورکیا زەمینەیەکی باش رەخسا بۆ ئەوەی رەوتە چەپە کوردییەکان چالاکی سیاسی بنوێنن، هەروەها نزیکببنەوە لە یەکتر. دوای(18) هەوڵێکی زۆر، رەوتە جوداکان کۆبوونەوە و رێکخراوێکی دیموکراسییان پێکهێنا بە ناوی: کۆمەڵەی فەرهەنگی دیموکراتی شۆڕشگێڕ (دیفرمجی دیموکراتیك کولتور در ینکلیری)(19).

دامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە، بریتیبوون لە: روشدی موتەلەوی زادە، ئیکرام دەلەم، فازیل کیرام، عەلی تەشەر، عیسمەت ئاتەش، ریفات ئیلهام، رەشید دەلەك، یالچین چەقژ، مستەفا ئەکساقال و ئیبراهیم گوچلو.

بەڵام کریس کۆچێرا، ئاماژە بۆ ناوی (عومەر سەتن) دەکات، کە کۆمەڵە لەسەر دەستی ئەو دامەزراوە و خۆی بە میراتگری د.شڤان دەزانێت. (20)

ئەنجومەنی سەرکردایەتی ئەم رێکخراوە لە (5) ئەندام پێکهاتبوون، سەرەتا لە لایەن عیسمەت ئاتەشەوە سەرکردایەتی دەکرا، دواتر عەلی تەشەر جێیگرتەوە، دوای ئەویش مستەفا ئەکساقال. چالاکییەکانی لە کوردستان زیاتر لە شارەکانی: دیاربەکر، قزل تەپە، دێریك، جەزیرە، هەکاری و وان....بە شێوەیەکی فراوان هەبووە(21).

کۆمەڵە دوو بڵاوکراوەی هەبووە، بە ناوەکانی (ژیانی نوێ) و (تیرك). ئەو ڕێکخراوە هەڵگری هزری (مارکسی-لینینی) بووە، باوەڕیانوابوو، کە نەتەوەی کورد یەك نەتەوەیە و بەشێوەی ناسروشتی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی دابەشبووە، تەنیا ئازادی و سەربەخۆیی هەر چوار پارچەی کوردستان دەبێتە دەستەبەری ڕێگای چارەسەری.

لە هەمانکاتدا لە هەر دوو شاری ئەنکەرە و ئیستەمبوڵ، خوێندکارانی زانکۆ بڕیاری دامەزراندنی کۆمەڵەی (د.د.ك.د)یان دا، لە کەسە دیارەکانی ئەو کۆمەڵانە: محەمەد زەکی ئەکچولو، مەحمود فورات، نورەدین حوسینی.

بەڵام هەندێك سەرچاوەی دیکە، ئاماژە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەکان لە زانکۆی هەرسێ شاری (ئەنکەرە، ئیستەمبوڵ، ئەزمیر)دەکەن، ئەو کۆمەڵانە بوونەتە هەوێنی(22) دروستبوونی کۆمەڵەکانی دیکە لە کوردستانی باکور دوای بەیەکگەیشتنیان.

## پەیوەندییەکانی کۆمەڵەی (د.د.ك.د) و لایەنە سیاسیەکان(23):

دەربارەی پەیوەندییەکانی ئەم ڕێکخراوە بیروڕای جیاواز هەیە، لە هەندێك سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە ئەم ڕێکخراوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ لایەنە چەپ و سیاسیەکان لاواز و لە سنورێکی تەسکدا بووە، بەڵام سەرچاوەی دیکەش پەیوەندیەکانی ئەم ڕێکخراوە بە پەیوەندی بەهێز دەناسێنێت، بە تایبەتی لەگەڵ (پارتی کاری تورکی) و (پارتی سۆسیالیستی کرێکارانی تورکیا) و (پارتی کۆمۆنیستی تورکیا)(24).

پەیوەندی کۆمەڵەی (د.د.ك.د) لەگەڵ هەندێك لە ڕێکخستنەکانی کورد ئاڵۆز بوو، لەگەڵ هەندێکی دیکەیان ستراتیژی و بەهێز بوو، بەڵام پەیوەندی لەگەڵ (پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا) سارد و گرژ بوو، دیارە ئەوەش بە هۆی ڕووداوەکانی د.شوان و سەعید ئاڵچی بووە.

ئەندامانی سەرکردایەتی ئەم ڕێکخراوە لەگەڵ (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، هاوکار و پشتیوانی یەکتر بوون، هۆیەکانیشی زۆرن، هەندێکی بۆ نزیکبوونەوەی ئایدیۆلۆژیای نێوانیان دەگەڕێتەوە، هەندێکی دیکەش بۆ ناکۆکی نێوان ئەم ڕێکخراوە و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق دەگەڕێتەوە.

## رێکخراوی(د-د-ك-د)
## پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا

رێکخراوی(د-د-ك-د) لە کوردستانی باکور و وەك ناوێك بۆ رێکخستنە شاراوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا بە کارهێنرا. لە سەرکردە چالاکەکانی ئەم رێکخراوە(25):

علی چەتین، ئەحمەد قەرلی، نەجمەدین بیوك قایا، عەلی شێر، عەبدولحافیز، موحتەرەم، سەعید محەمەد علی، زەروگ.

ئەندامانی ئەم رێکخراوە بریتیبوون لە پاشماوەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە تورکیا، باڵەکەی د.شوان، کە پێشتر لە ئەنکەرە دایمەزراندبوو. دوای کوژرانی د.شوان لە (21ی شوباتی 1972) ئەندامانی پارتەکەی روو لە

کوردستانی ڕۆژئاوا دەکەن، لەوێ دووبارە لە هەوڵی خۆ ڕێکخستنەوە دەبن، لەو کەسانەی دیارن (نەجمەدین بیوك کایا، عومەر چەتین) (26).

پاشان عومەر چەتین لە ئەیلولی (1972) دەچێتە وڵاتی سوید، لەو وڵاتە پەیوەندی بە ژمارەیەك کوردەوە دەکات. دواتر لە نیسانی (1974) لە شاری بەیروت لە لوبنان کۆدەبنەوە، ئەوانی لەو کۆبوونەوەیە ئامادەبوون: نەجمەدین بیوك کایا، عومەر چەتین، عومەر ئوز سوکمینلەر، سۆرۆ (نازمی باکتاش)، لەگەڵ چەند کەسانێکی دیکە. لەو کۆبوونەوەیە بەرنامەیەکی نوێ دەخرێتەڕوو.

پاش گۆڕانکارییەکان لە بارودۆخی سیاسی تورکیا، ڕەوشێکی لەبار دێتە پێشەوە، بۆ کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی، بۆیە بەشێکیان دەگەڕێنەوە کوردستان، دەست بە چالاکی سیاسی و ڕێکخراوەیی دەکەن لەژێر ناوی (د.د.ك.د). سەرکردایەتیکردنی ئەو چالاکیانەش لە لایەن سێ کەسەوە دەکرێت، ئەوانیش: ئەحمەد قارلی، عومەر چەتین، نەجمەدین بیوك کایا).

**بەرنامەی سیاسیان ئەم خاڵانە دەگرێتە خۆی:**

1. ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان.
2. پیادەکردنی ڕێبازی خەباتی چەکداری.
3. پێکهێنانی ئۆرگانێکی ناوەندی، بۆ پەیوەندیکردن بە بەشەکانی دیکەی کوردستان.
4. باوەرهێنان بە ڕێبازی سۆسیالیستی سۆڤێتی.

**کارو چالاکییەکانیان:**

أ- کردنەوەی ژمارەیەکی زۆری مەڵبەندی ڕۆشنبیری و سیاسی لە شار و

شارۆچکەکانی کوردستانی باکور، بە مەبەستی هاندان و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بەرامبەر بە کردەوەکانی دەوڵەتی تورك.

ب- دەرکەوتنی ژمارەیەکی زۆری بڵاوکراوەی وەك:

1. پێشەنگ بۆ شۆڕش، ئۆرگانی فەرمی رێکخراوەکە، بە هەردو زمانی کوردی و تورکی.

2. گۆڤاری لاوانی دیموکرات و شۆڕشگێڕ.

3. گۆڤاری (ژینا نو).

هەروەها بنکە و مەکۆکانی ئەو رێکخراوە لە شارەکان، بڵاوکراوەی تایبەتی خۆیان هەبووە.

ئەم رێکخراوە لە سەرەتا ئەگەر چی بە نەرمی و دور لە توندوتیژی کاریدەکرد، بەڵام لە ساڵی (1978)وە رووی لە کاری شۆڕشگێڕی و توندوتیژی کرد، بە چەند چالاکییەك هەستا لەناوچەکانی کوردستانی باکور، بۆیە پۆلیسی تورکیا بەتوندی چاودێریدەکرد.

ساڵی (1979) سێ لە ئەندامەکانی سەرکردایەتی رێکخراوەکە دەستگیردەکرێن، ئەوانیش هەریەك لە:مستەفا بوزان، مستەفا شوان، نەسروڵڵا ئۆزدەمیر جان. هەروەها بڵاوکراوەکانیش قەدەغە دەکریت.

ساڵی (1980) رێکخراوەکە بریاری خەباتی چەکداری دەدات، شانەی چەکداری پێکهێناوە و پەنایان بۆ ناوچە شاخاوییەکان بردووە.

# کۆمەڵەی کولتوری و شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵات
# د.د.ك.ۆ

خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئیستەمبوڵ و ئەنکەرە لە ڕێکخراوە چەپەکانی(27) تورك جیابوونەوە و یەکەم ڕێکخراوی سەربەخۆی کوردییان دامەزراند لە ساڵی (1969)، -هەندێك سەرچاوە ئاماژە بۆ ساڵی (1970) دەکەن-، بە ناوی کۆمەڵەی کولتوری(28) شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵات.

لە زۆربەی ناوچە و شارەکانی کوردستانی باکور لق و بارەگایان کردەوە، سەرەرای دو لقی گەورە لە هەردو زانکۆی ئەنکەرە و ئیستەمبوڵ.

ئەوانی زیاتر ڕۆڵیان هەبووە لە دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیە، لە زانکۆی ئەنکەرە، هەریەك لە: مومتاز کوتان، سەبری چاپیك، نەزیر شەمیکانلی، محەمەد ئەمین بوز ئەسڵان، موسا عەنتەر، تاریق زیا ئاکینجی، جانب یلدرم، فاروق ئاراس.

لە زانکۆی ئیستەمبوڵیش هەریەك لە: نەجمەدین بیوك کایا، ئەحمەد زەکیون کجول، مومتاز کوتان، عومەر چەتین.

ئەو خوێندکارانە، رازیبوون لەسەر ئەوەی (تاریق زیا ئاکینجی) لقێك لە کوردستان دابمەزرێنێت، ناوبراو توانی لە زۆربەی شارو شارۆچکەکان بارەگا بکاتەوە و ژمارەیەکی زۆر دڵسۆز و نیشتمانپەروەری کورد لە دەوری کۆببنەوە.

**لە یەکەم کۆبوونەوەی خوێندکاران چەند بڕیارێکییان دەرکردووە:(29)**

1. لە ناو یەکپارچەیی تورکیا کوردیش هەیە.
2. زمانی کوردی زمانێکە لە تورکیا قسەی پێدەکرێت.
3. ئەم هەبوونە یەکێتیەکی کولتوری تایبەت بە خۆی دروستکردووە.
4. کوردەکان لە رۆژهەڵات و باشوری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵا لەسەر ئابوری بازارێکی هاوبەش کۆبوونەتەوە.

ئامانجەکانی کۆمەڵە:(30)

ئەو خوێندکارانە چەندین بڵاوکراوەیان دەرکـردووە بە زمانی کوردی و ژمارەیەکی زۆریان لێ بڵاوکردۆتەوە، لە خوێندنەوەی ئەو بڵاوکراوانە دەکرێت ئاماژە بۆ ئەم ئامانجانە بکەین:

أ) دامەزراندنی رێکخستنێکی جەماوەری بۆ بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد.

ب) بە فەرمیکردنی زمانی کوردی و گرنگیدان بە کولتوری کوردی.

ج) پشگیریکردنی خەباتی نەتەوایەتی لە کوردستانی باشور.

د) دژایەتیکردنی فاشیزم و ئیمپریالیزم و سیاسەتی فەرمی تورکیا، سەبارەت بە کورد.

لە راستیدا ئەم رێکخراوە وەك رێکخستنێکی نەتەوەیی بوو بۆ هۆشیارکردنەوە و رێکخستنی جەماوەر و ئاڕاستەکردنیان، بە تایبەتی لە کوردستان، کە دەسەڵاتی رژێم زۆر توندبوو لە ئاست هەر چالاکییەکی سیاسی و رێکخراوەیی.

هەر بۆیە لە ئاست چالاکییەکانی، دەسەڵات چەند جارێك هەڵمەتی گرتن و راونانی دەستپێکردووە و بە دەیان ئەندام و لایەنگر و کادرانی ئەم رێکخراوە دەستگیرکراون و رەوانەی دادگاکان کراون.

سەرەرای ئەو فشار و تەنگپێهەڵچنینانەی رژێم، بەڵام ژمارەیەکی زۆری ئەندام لایەنگری هەبووە، بەپێی چەند سەرچاوەیەك ژمارەی ئەندامانی دەگەیشتە (20) هەزار ئەندام لە ساڵی (1970)(31)

لەخەباتی سیاسی و نەتەوایەتی لە باکوری کوردستان، توانیویەتی سود لەو کەلێن و بۆشاییانەی دەستوری تورکیا وەربگرێت و ببێتە بناغەی تەواو بۆ رێکخستنە سیاسیەکانی کورد لە هەفتاکانی سەدەی رابردوو.

خاڵا و لایەنە لاوازەکانی ئەم رێکخراوە:

1. کەمئەزموونی ئەندام و کادر و سەرکردەکانی رێکخراوەکە، لەبواری کاری سیاسی و رێکخراویی.

2. هەستان بە هەندێك کارو چالاکی تێکدەرانە لە زانکۆ و کۆلێژەکان، رەنگدانەوەی خراپی لێکەوتەوە.

3. خاوەن بەرنامەیەکی دارێژراوی گشتی نەبووە.

## رێکخراوی هاڤرا[32]

ساڵانی(1972-1973) دامەزراوە، هاڤرا کورتکراوەی ناوی (رێکخراوی کوردە تێکۆشەرەکانی تورکیا لە دەرەوەی وڵات)ە.

زۆربەی ئەندامانی خوێندکار و کرێکارانن، کە لە ئەوروپا نیشتەجێبوون، مەڵبەندی سەرەکی شاری -بەرلین- و -فرانکفورت-ە لە ئەڵمانیا. دەستەی کارگێڕی رێکخراوەکە لەو دوو شارەبوون، هەروەها چەندین لقی هەبووە لە شار و وڵاتانی دیکەی وەك: سوید، نەمسا، فەرەنسا، سویسرا.

دوو بڵاوکراوەی دەرکـردووە، یەکێکیان بەناوی -روناکی-، کە لە سویسرا چاپکراوە، ئەوەی دیکەیان بەناوی -روگووات- لە تورکیا چاپکراوە.

پەیوەندی توندی هەبووە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی-عێراق. خۆی بە رێبازی چەپ و یەکێتی سۆڤێت زانیوە.

**لە چالاکیەکانی ئەم ڕێکخراوە:**

1. بڵاوکردنەوەی چەندین کتێب و لێکۆڵینەوە بە زمانەکانی کوردی، تورکی، ئینگلیزی و ئەڵمانی.

2. چالاکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەنجامدەدات و جەژنی نەورۆز بەردەوام زیندودەکاتەوە.

3. دامەزرێنەرانی بوون بە دامەزرێنەری زۆر ڕێکخراوی سیاسی و رووناکبیری کوردی لە وڵاتانی ئەوروپا.

شایانی باسە، جگە لە ڕێکخراوی هاڤرا، چەندین ڕێکخراوی کرێکاری و خوێندکاری دیکە لە وڵاتانی ئەوروپا پێکهاتوون، لە لایەن رەوەندی کوردییەوە، وەك:

1. ڕێکخراوی کۆمەڵا تێکۆشەرێن کوردستان.
2. ڕێکخراوی شۆڕشگێڕە نەتەوەییەکانی کوردستان (بالی).
3. ڕێکخراوی کوردی بۆ رووناکبیری و هاوکاری.
4. یەکێتی کرێکارانی کورد(سوید).
5. ڕێکخراوی بروسك (بەلجیکا).

## پارتی رزگاری کوردستان[33]

دوای کودەتاکەی ساڵی (1970) لە تورکیا، ژمارەیەکی زۆری لایەنگر و ئەندامانی پارت و رێکخراوە سیاسییەکان دەستگیرکران و لەزیندانی دیاربەکر کۆکرابوونەوە، ئەو زیندانە وەك زانکۆیەکی لێهاتبوو، باسی کێشەی کوردی تێدا دەکرا، رۆشنبیران و خوێندکارانی زیندان، دابەشببوون بەسەر چەند رەوتێکی هزری، بەشێك لەوانە لەنێوان خۆیاندا کۆکبوون لەسەر پێکهێنانی رێکخراوێکی سیاسی.

هاوینی (1974) ئازادکراوە سیاسییە کوردەکان کۆبوونەوە بۆ دامەزراندنی پارتێکی سیاسی، لەو کەسانەی ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون: شەرەفەدین قایا، مەحمود قلیچ، مومتازکوتان، باتالابات، عەلی بایقلو، ئیبراهیم گوجلو، فیکرەت شاهین، نەزیر شامیقاملو، حوسین موسا، کازم بابا، ئیسماعیل بیشکچی.

لە دەرئەنجامی ئەو کۆبوونەوە و گفتوگۆیانە، ساڵی (1975) لەشاری (ئەنکەرە) دەزگای (کۆماڵ)یان دامەزراند بۆ بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی، ئەو دەزگایە بوو بەسەکۆ و بنکەی مامۆستا و خوێندکاری زانکۆ و رووناکبیرانی کورد، کە ژمارەیەکی زۆری کتێب و چاپەمەنی بڵاوکردەوە دەربارەی کێشەو مێژووی کوردو دۆخی سیاسی لە تورکیا.

لەم بارەوە نەوشیروان مستەفا ئەمین، نوسیویەتی: بنکەیەکی بڵاوکردنەوە بەناوی کۆماڵ دامەزرا، گۆڤاری (رزگاری) بەزمانی تورکی بڵاوکردەوە، ئەم گۆڤارەش هەندێك رۆشنبیر و لاوی لێکۆبویەوە و رێکخراوێکییان بەناوی - رزگاری-- دامەزراند، لە کادرە چالاکەکانیان (مومتاز قوتان، خەدیجە یەشار).

ئەو ساڵە چەند فاکتەرێك زەمینەی دامەزراندنی رێکخستنێکی نوێی خۆشکرد، لەوانە:

1- هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی (د.د.ك.د) لە هەردو شاری ئیستەمبوڵ و ئەنکەرە و پەرتبوونی ئەندامانی.

2- شکستهێنانی شۆڕشی ئەیلولی (1975) لە کوردستانی باشور و سەرهەڵدانی ململانێی سیاسی.

سەرەتای ساڵی (1976) لە شاری ئەنکەرە، کۆمەڵە کوردێکی نیشتمانپەروەر کە بە هۆی دەزگـای - کۆماڵ- گردببوونەوە، بڕیاری دامەزراندنی پارتی رزگاری کوردستانیان دا، هەر لەو کۆبوونەوەیە شەش کەس وەك ئەنجومەنی سەرکردایەتی دیاریکران، ئەوانیش:

ئیبراهیم گوجلو، مەمەند ئۆزۆن، خەدیجە یەشار، مومتاز کوتان، ئۆرهان کوتان، ئیکرام دەلەم.

دیارە (رزگاری) ناوی نهێنی رێکخستنەکان بوو، بەڵام بەشێوەیەکی یاسایی و ئاشکرا (کۆمەڵەی دیموکراتی و دژە موستەعمەرە)یان دامەزراندبوو، گۆڤارێکیشیان بڵاودەکردەوە بەناوی رزگاری.

**ئایدیۆلۆژیای پارتی رزگاری:**

دەکرێت ئاماژە بۆ ئەم خاڵانە بکەین وەك چوارچێوەیەك بۆ بنەما ئایدیۆلۆژییەکانی ئەو رێکخراوە:

1. رزگاری پارتێکی چەپی مارکسی بوو، لایەنگری سەربەخۆیی کوردستانی دەکرد.

2. کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیە و تەنها دەوڵەتێکی سەربەخۆ هۆکاری مانەوەیەتی.

3. لە ستراتیژی رزگاری، پڕۆژەی دروستکردنی پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی گەورە هەبوو.

4. پەسەندکردنی خەباتی چەکداری وەك ستراتیژ.

5. لایەنگری هیچ رژێمێکی سۆسیالیستی نەکردبوو.

**خەباتی سیاسی نهێنی پارتی رزگاری:**

بۆ ئەوەی لەبواری پراکتیکدا خەباتی سیاسی دەستپێبکات بڕیاریدا، کە رێکخستنەکانی بەسەر سێ هەرێمدا دابەشبکات:

أ) هەرێمی یەك: ناوچەکانی، مەلاتیە، دەرسیم، مەلازگورد، بنگول، دەگرێتەوە، ئەو هەرێمە بەسەرپەرشتی خەدیجە یەشار بەڕێوەدەچوو.

ب) هەرێمی دوو: ناوچەکانی دیاربەکر، مەرعەش، مێردین، سیرت، عەینتاب دەگرێتەوە، بەسەرپەرستی ئیبراهیم گوجلو بەڕێوەدەچوو.

ج) هەرێمی سێ: ناوچەکانی هەکاری، وان، ئاگری، دەگرێتەوە، لەلایەن ئیکرام دەلەم بەڕێوەدەچوو.

ساڵی (1983) گۆڤارێکی بەناوی (یەکێتی) دەرکرد، ئەو گۆڤارە (12) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

لەنێوان ساڵانی (1984-1986) دانوستاندن لەنێوان ئەو پارتە و پارتی (کوك) درێژەی هەبووە، بە مەبەستی یەکگرتنییان، بەڵام هەوڵەکان بێئەنجامبوون.

**هۆیەکانی لاوازبوونی پارتی رزگاری:**

1. هۆکاری ئایدیۆلۆژی: بوونی ململانێی هزری لەناو رێکخراوەکە، کە دوو رەوتی ئایدیۆلۆژی جیاوازی لەخۆدەگرت، ئەو دوو رەوتە جیاوازی هەبووە لەنێوانیان لە هەردوو بواری بەرنامە و ستراتیژدا، ئەو دوو رەوتەش: رەوتێکی تروتسکی دژ بە ئاڕاستەی سۆڤێتی، لە کاتێکدا رزگاری پارتێکی مارکسی کلاسیکی بوو.

2. وازهێنان لەنوسینی بیروبۆچوون و بابەتە هزرییەکان، کە زەمینەیەکی لەباری فیکری و دیالۆگی دەخوڵقاند، گروپێك پێیانوابوو خەبات بریتییە تەنها لە تێز نوسین.

بەڵام ئەوانی دیکە پێیانوابوو، کە دەبێت لەناو کوردستاندا چالاکی ئەنجامبدرێت.

3. هۆکاری دەرەکی: لەناو رزگاری دوو ئاڕاستە هەبوون، یەکێکیان لایەنگری (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) ئەوی دیکە، لایەنگری (پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق) بوون.

## ئـــــــالآی رزگـــاری [34]

لە تشرینی دووەمی (1978) پارتی رزگاری بەسەر دوو باڵدا دابەشدەبێت، ئەوانەش:

1- باڵێك بەناوی ئاڵای رزگاری، لەسەر کردەکانی ئەم باڵە: خەدیجە یەشار، ئیکرام دەلەم، ئیبراهیم گوجلو.

2- باڵێکی دیکە کە بەناوی پارتی رزگاری مایەوە، لەسەر کردەکانی: مومتاز کوتان، رەوشەن ئەسلان، ئەم باڵە کۆمیتەیەکی سەرکردایەتییان پێکهێنانە لە (13) ئەندام، لە کوردستان چالاکییان نەبوو، بەڵکو رابەرایەتییەکەیان لە شارەکانی ئەنکەرە، ئیستەمبوڵ بوون، بۆیە جەماوەریان لەگەڵ کۆ نەبۆتەوە، بەڵکو زیاتر لەگەڵ باڵەکەی ئاڵای رزگاری خەڵکی کۆببۆوە.

ئاڵای رزگاری بۆ ناساندنی بیروباوەڕەکانی، لە سەرەتای ساڵی (1979) وە گۆڤارێکی سیاسی نیو مانگیان دەردەکرد بەناوی (ئاڵای رزگاری) بەزمانی تورکی، سەرنوسەرەکەی (ئیکرام دەلم) بوو.

### پەیوەندییەکانی ئاڵای رزگاری:

پەیوەندییەکانی ئەم رێکخراوە لەگەڵ پارت و رێکخراوە کوردییەکان بە پێی بەرنامە و ستراتیژییان رێکدەخست، دەکرێت بەمشێوەی خوارەوە باسیبکەین:

أ) پەیوەندییان لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) زۆر گرژ و ئاڵۆز بوو، هۆیەکانیشی بۆ کارە توندڕەوەکانی (PKK) دەگەڕێتەوە، کە بەرامبەر ئەندامانی ئاڵای رزگاری ئەنجامیداوە.

ب) رەخنەیان لە پارتی سۆسیالیستی دەگرت، پێیانوابوو پارتێکە بایەخ بە هزری کوردایەتی نادات، بەتایبەتی رەخنەکانیان ئاڕاستەی خودی کەمال بورقای بوو.

ج) پەیوەندییان لەگەڵ پارت و رێکخراوەکانی کوردستانی رۆژهەڵات.

لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، تاڕادەیەك ئاڵۆز و ناجێگیر بوو، بە هۆی ناکۆکی ئایدیۆلۆژی لەنێوانیاندا، بەڵام لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەران، پەیوەندی توندو باشیان دروستکردبوو، هاوکاری یەکترییان دەکرد.

د) پەیوەندییەکانیان لەگەڵ پارتەکانی کوردستانی باشور:

پەیوەندییان لەگەڵ هەریەك لەحزبی شیوعی عێراقی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان گەرمبوو، هاوکاری یەکترییان دەکرد..

بەڵام پەیوەندییان لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، ساردو نەرینی بوو، ئاڵای رزگاری لەگەڵ کودەتا سەربازییەکەیساڵی (1980) لە تورکیا، خۆیان گەیاندە گوندەکانی سەر سنوری نێوان عێراق و ئێران، (ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان). هەربۆیە بارەگای سەرکردایەتییان و لایەنی سەربازییان بە هۆی کودەتاکەوە زیانی پێنەگەیشت، ئەوان لە ساڵی (1980) بڕیاری خەباتی چەکدارییان دابوو، پێشتر روویان لە کوردستانی ئێران کرد، ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پاشان گەڕانەوە کوردستانی عێراق (خڕی ناوزەنگ).

ئاڵای رزگاری، کۆمیتەیەکی سێ کەسییان پێکهێنابوو بۆبەڕێوەبردنی کاروباری رێکخراوەکە، ئەو سێ کەسەش بریتیبوون لە: خەدیجە یەشار، ئەکرەم دەلەم، ئیبراهیم گوجلو.

ئاڵای رزگاری بەپشتیوانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، هێزێکی تۆکمەیان ئامادەکردبوو بۆ خەباتی چەکداری، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێك نەیانتوانی درێژە بەخەباتیان بدەن و هەندێکیان روویان لەدەرەوەی وڵات کرد و لە گۆڕەپانی سیاسیدا پاشەکشەیانکرد.

# ڕێکخراوی کاوە

لە ئەیلولی (1976) لە گوندێکی ناوچەی (سپۆرك)ی کوردستانی باکور دامەزراوە لەلایەن دەستەیەکی بچوك لە خەباتگێڕانی ڕەوتی ماویزم، ئەوانەی لەڕێکخراوی (د. د. ك. د) جیابوونەوە، لەگەڵ ئەو کادرانەی کاریگەری (د.شوان) یان بەسەرەوە بوو، هەروەها لەگەڵ چەند لایەنگرێکی حزبی کۆمۆنیستی تورکیا. بۆچونێکی دیکە هەیە دەڵێت، ئەو ڕێکخراوە لە لایەن (5) خوێندکاری کورد لەشاری ئیستەمبۆل دامەزراوە، ئەوانەش هەریەك لە: زەکی ئۆکجولو، مەحمود فورات، نورەدین حوسینی، داود حەسەن کرۆن، لەگەڵ خوێندکارێکی شاری موش(35).

ناوی (کاوە)شیان لەناوی بنکەی چاپی ئیستەمبوڵییان وەرگرتووە، دواتر بەناوی (کاوە چییەکان) ناسراون.

ئامانجیان یەکگرتنی هەموو گەلی کورد بوو لەناو دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیدا(36)، کۆمیتەیەکی (5) کەسیان دروستکرد، بەڵام سەرۆکییان هەڵنەبژارد،

لەسەرەتاشەوە تەنیا لە ئەزمیر و ئیستەمبوڵ و ئەنکەرەدا هەبوون، دوای ئەوەی مستەفا ئاکسەکال لە زیندان ئازادکرا، بەرپرسیارییەتی رێکخراوەکە لەشاری ئەنکەرە خرایە ئەستۆی هەریەك لە: مستەفا ئاکسەکال و فەرید ئۆزۆن.

رێکخراوی کاوە، رێکخراوێکی نهێنی و بەگرێوگۆڵ بوو، هیچ کات ناوی رێبەرەکانی خۆی ئاشکرا نەدەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند ئەندامێکی لە حەفتاکانی سەدەی رابردو کوژراون و ناسراون، وەك (فەرید ئۆزۆن، حوسین ئەسلان، نەجلا مەکسەیی، محەمەد ئەمین موقلوو، رەمەزان شین).(37)

ئەم تێکۆشەرە کوردە چەپە توندڕەوانە، هەمویان رەخنە لە شێوازی سۆسیالیستی سۆڤێتی دەگرن، باوەڕییانوایە یەکێتی سۆڤێت لەبازنەی سۆسیالیزم و دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دەرچووە، هەروەها سەبارەت بە مەسەلەی کورد دەڵێن، یەکێتی سۆڤێت کاری نادروستی هەیە، کاتێك چەك و تەقەمەنی دەداتە عێراق و تورکیا، کە دژی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەکاردەهێنرێت.

حەمید بۆزئەرسەلان، نوسیویەتی:

ئەوەی پێویستە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکرێت، کە چالاکوانانی ئەم رێکخراوە لە بنەماڵەی ئەریستوکراتەکانەوە نەهاتبوون، بەڵکو زیاتر لە چینی لاوە گوندییەکانەوە یان لە نەوەی یەکەمی لاوە شارییەکانەوە هاتبوون.

دامەزرێنەرانی رێکخراوی کاوە دەستەیەکی نارێکبوون لەڕووی ئاراستەی هزری و سیاسییەوە، لەنێوان جیهانی سێیەم و لایەنگرانی ئەلبانیا، دابەشبوون. رەوتێکیان رەوتی جیهانی سێیەم پشتگیری لەوڵاتی چین دەکرد، بەڵام رەوتی لایەنگرانی ئەلبانیا رەخنەیان لە سیستمی چین دەگرت(38).

## چالاکییەکانی رێکخراوی کاوە:

لەسەرەتاوە، سەرکردایەتی رێکخراوی کاوە بڕیاریدا کەڕووبکەنە کوردستان و واز لە خوێندنی زانکۆ بهێنن، ئیتر بە پێی نەخشەیەکی نهێنی، ئەحمەد زەکی

لە ئیستەمبوڵ و مستەفا ئاکسەکال لە ئەنکەرە، کوردستانیان دابەشکردە سەر (3) هەرێمی ڕێکخستنەوە و بەرپرسیاریان بۆ هەرێم و ناچەو قەزاکان دانا.

هەروەها لەشارەکانی (ئەنکەرە و ئیستەمبوڵ)یش، خەباتی ئایدیۆلۆژیا و سیاسی درێژەپیێدرا، چەند گۆڤارێکیان بڵاوکردەوە، وەك (ڕێگای سور) لە ئەنکەرە، لە کوردستانیش چەندین کۆمەڵەی ئەدەبی و ڕووناکبیری، لە لایەن ڕێکخستنە نهێنییەکانی ئەم ڕێکخراوە دامەزراون.(39)

## ململانێ و دابەشبوونی ڕێکخستنەکانی کاوە:

ڕێکخستنەکانی کاوە باڵێکی بەهێزیان لێجیابۆتەوە لە ساڵی (1978) بەناوی - دەنگی کاوە - ئەو دابەشبوونەش بۆ زۆر هۆکار دەگەڕێتەوە، گرنگترییان:

1. ناکۆکی لەسەر شێوازی کاری سیاسی.
2. ناکۆکی لەسەر شێوازی چالاکی چەکداری.
3. ململانێی ئایدیۆلۆژیا.

## پەیوەندییەکانی ڕێکخراوی کاوە:

أ) پەیوەندی ڕێکخراوی کاوە لەگەڵ پارتەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان - کوك-) رزگاری، سۆسیالیست کوردستانی تورکیا، پەیوەندییەکی دۆستانە بوو.

ب) پەیوەندی ڕێکخراوی کاوە لەگەڵ هەریەك لە (د.د.ك.د) و (پ.ك.ك) گرفت و گرژی تێدابوو، هۆیەکانیش، زیاتر ململانێ بوو لەسەر دەستڕۆیشتن بەسەر ناوچەکاندا.

ج) دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانی (1979) ڕێکخراوی کاوە لە هەوڵی پەیداکردنی چەك بوو لە ڕێگای کوردستانی ڕۆژهەڵات و بە هاوکاری هێزە سیاسییەکانی ئەو بەشە، بەڵام بە هۆی چاودێری دەسەڵاتی تورکیا و هەڵمەتی دەستگیرکردن بەرامبەر ئەندامانیان، وازیان لەو هەوڵە هێناو ڕوویانکردە

کوردستانی باشور، بۆ ئەم مەبەستە وەفدێکیان رەوانەکرد بۆ لای مام جەلال – لەڕێگای قامیشلۆوە، بەڵام لەگەڕانەوەدا وەفدەکە لە لایەن هێزی ئەمنی تورکیا دەستگیردەکرێن، دواتر بە هۆی کودەتا سەربازییەکەی ساڵی (1980) لە تورکیا، هەڵمەتێکی گرتن بەرامبەر ئەندامانی رێکخراوەکە دەستپێدەکات و ژمارەیەکیان زیندانیدەکرێن و بەشێکی زۆریش لە کادرانیان روو لەئەوروپا و ناوچەکانی باشور و رۆژئاوای کوردستان دەکەن، بەمشێوەیە چالاکییەکانی رێکخراوەکە روو لە لاوازی و پەککەوتن دەکات.

بۆیە تاساڵی (1988)، ئەم رێکخراوە چالاکی خۆی راگرتبوو، یان هەر توانای(40) ئەنجامدانی چالاکی نەمابوو، ساڵی (1988) بـەدواوە چەند کادرێکی رێکخراوەکە لەزیندان ئازاددەبن و دەست بەکاری رێکخراوەیی دەکەن، لەهەمانکاتدا کادرەکانی ئەوروپاش دەستبەکاربوون و دواتر توانیان کۆنفراسێك سازبکەن.

داوای سەربەخۆیی کوردستانیان دەکرد، بڕوایان بە خەباتی چەکداری هەبوو، رۆژنامەیەکی ناوەندییان بڵاوکردەوە بەناوی (ئاڵای یەکێتی).

## ڕێکخراوی دەنگی کاوە[41]

لە سەرەتای ساڵی (1978)وە ڕێکخراوی دەنگی کاوە دروستبووە، بەهۆی جیابوونەوەی چەند کادرێکی سەرکردایەتی ڕێکخراوی کاوە، کە بریتیبوون لە: مستەفا ئاکسەکال، فەرید ئوزون، نورەدین حوسێنی.

ئەم ڕێکخراوە نوێیە زیاتر جەماوەری ناوچە عەشایری و گوندنشینەکانیان لەگەڵدا بوو، زۆرینەی لایەنگرانی لەشارەکانی (سیرت، فارقین، مێردین، ئورفە، دیاربەکر، هەکاری) بوون، بەڵام ئەندام و کادرە خوێندەوارەکان، زۆرتر لەگەڵ ریکخرای کاوە مابوونەوە بەئاشکرا کاریاندەکرد، بەڵام دژایەتی دەرەبەگ و شێخ و ئاغایان نەدەکرد، لەبەرئەوەی کادرەکانیان زۆرتر لەو چین و توێژانە بوون.

ئەنجومەنی سەرکردایەتی کاوە لە پێنج کەس پێکهاتبوو، لە (26ی کانونی یەکەمی 1978) گۆڤاری (دەنگی کاوە)یان بڵاوکردەوە، سەرنوسەرەکەی ڕەمزی ئۆرگیزر بوو، بەڕێوەبەری نوسینیش (عەباسی ڤایایا) بوو، بەهۆی

ناوەرۆکی بابەتە کوردییەکانی گۆڤارەکە ساڵی (1979) سەرنوسەری گۆڤارەکە دەستگیرکراو دواتر گۆڤارەکەش داخرا.

لەبەر چەند هۆیەك، ئەم ڕێکخراوە چالاکییەکانی ڕووی لە لاوازی کرد، وەك:

1. ناجێگیری و ململانێی ئایدیۆلۆژیای ناوخۆیی.

2. رکابەری پارتی کرێکارانی کوردستان لەگەڵ ڕێکخراوەکە، لەماوەی ساڵانی (1980-1978).

3. تیرۆرکردنی سەرکردەکانیان.

ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی (1980)وە هەست بە بوونی و بە چالاکیەکانی نەدەکرا.

## پارتی دیموکراتی شۆڕشگێڕی کوردستان[42]

لەنێوان ساڵانی (1967-1968) ئەم پارتە لەسەردەستی (مستەفا تۆران) دامەزراوە، ناوبراو یەك لە سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان تورکیا بوو، پێش ئەوەی بەسەر دوو باڵدا دابەشببێت.

لەنێوان ساڵانی (1970-1971) گەشەکردنێکی باشی بەخۆیەوە دیوە لە ناوچەی دیاربەکر، کاتێك برای مستەفا تۆران وەك نوێنەری شاری دیاربەکر گەیشتە پەرلەمانی تورکیا.

لەڕووی سیاسییەوە، جەختی لە سەربەخۆیی ڕەوتە سیاسییەکەی خۆی دەکردەوە، کە نەلایەنگری بەرەی چین یان بەرەی سوڤێت بێت، (ئەوەش نە لەکاری سیاسی یان لەکاری سەربازیدا)، دیارە ئەم هەڵوێستەش لەهۆکارەکانی گەشەسەندنی بووە.

ساڵی (1972) مستەفا تۆران لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی تورکیادا، لە بارودۆخێکی

تەمومژاویدا کۆچی دوایی دەکات، لەگەڵ کۆچکردنی ناوبراو، پارتەکەشی ڕوو لە لاوازی دەکات.

# پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا
# PSKT

کەمال بورقای پاش دەرچوونی لێبوردنی گشتی لەتورکیا، لـەدەرەوەی وڵات گـەڕایـەوە،(43) کەوتەکار بۆ دامەزراندنی پارتێك بەناوی پارتی سۆسیالستی کوردستانی تورکیا.

دامەزرێنەرەکەی بیری سەربەخۆیی کوردستانی بەهەند وەرگرتبوو، بەڵام بۆ ئەو قۆناغە بەراست نەدەزانرا، بورقای بڕواشی بە میتۆدی ناتوندوتیژی هەبوو لەخەباتدا.

کاتێك دامەزرا لە حەفتاکانی سەدەی رابردو، لەناو گروپە فەرمی و یاساییەکانی کورد شوێنی خۆی کردبۆوە، هەروەها زۆرینەی ئەندامە پێشووەکانی ناو پارتی کاری تورکی، لەناو ئەم پارتە درێژەیان بەخەبات دەدا.

ئەم پارتە لە کۆتایی ساڵی (1974)، واتە لە (31ی کانونی یەکەم) دامەزراوە، بەشێوەیەکی نهێنی و لەشاری ئەنکەرە، لە کۆبوونەوەی دامەزراندنی (7) کەس ئامادەبوون: کەمال بورقای، ئیحسان ئاکسۆی، فاروق ئاراس، یەڵماز شامیلبل، نەزیفی جەلیلی، مەهدی زانا، زیا ئاکار، ئەو حەوت کەسە وەك کۆمیتەی ناوەند کاریياندەکرد و کەمال بورقای بە سکرتێری گشتی دیاریکرا، دوای چەند مانگێك ژمارەیان گەیشتە (12) کەس و مەکتەبی سیاسیان هەڵبژارد.

ئەم ڕێکخستنە تا ساڵی (1980) خۆی ئاشکرا نەکرد، ئەندامەکانیشیان زیاتر بریتیبوون لە چین و توێژەخوێندەوار و چالاکەکانی ناوجەماوەری کوردستان(44).

ئەم پارتە زۆر نزیکبووە لە ڕەوتی سۆسیال دیموکرات لە تورکیا بە گشتی، هەروەها بەهێزێکی سەرەکی دەژمێردرا.

بەرنامەو ئامانجەکانی ئەم پارتە(45):

بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی ڕێبازی ئاشتیانە دەگرێتەبەر، لەتێکۆشانی دیموکراسیانەیدا ناسنامەی سیاسی خۆی شانبەشانی چەپی تورکی دەبینێتەوە.

لەمێژووی تورکیادا، یەکەم پارتی کوردستانییە، کە بەشێوەیەکی ئاشکرا خۆی وەك پارتێکی سۆسیالیست رادەگەیەنێت و تێزی داگیرکردنی کوردستانی خستبووە کارنامەی خۆی.

**لەئامانجە سیاسیەکانی:**

1. کۆتاییهێنان بەداگیرکاری کوردستان و دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکرات لەتورکیا.

2. پێویستە سوپای نەتەوەیی لەکورد و تورك دروستبکرێت، کورد ئەنجومەنی نەتەوەیی تایبەت بەخۆی هەبێت.

3. بۆ چارەسەری کێشەی مێژینەی کورد، دوو ڕێگە دیاریکرابوون:

ا) چارەسەری فیدراڵی.

ب) دەوڵەتی سەربەخۆ.

4. دەربارەی سۆسیالیزم، کەماڵ بورقای دەڵێت: سۆسیالیزم سیستمێکی سەربەخۆیە وەك سەرمایەداری.

5. دروشمی کوردستانی گەورە لەبەرنامەی ئەو پارتە پرسێکی خەیاڵاوییە.

6. داوای چاکسازی دەکرد لەبواری ئابوری نەتەوەیی و چاکسازی لەکشتوکاڵ و زمان و کولتور و فەرهەنگی کوردی.

7. بڕوابوون بە ئازادی بیروباوەڕ و ئاین و ئازادی ئافرەت و ڕۆژنامەگەری.

ئەم پارتە لەسێیەمین کۆنگرەی خۆی لەمانگی تشرینی دووەمی (1992) چەند گۆڕانێکی گرنگی لەبەرنامەکەی ئەنجامداوە(46):

1. پیتی -ت- لەسەر ناوەکەی لاداوە، کە ئاماژەیە بۆ وشەی تورکیا، واتە بۆتە پارتی سۆسیالیستی کوردستان.

2. ئەم پارتە چین و توێژەکانی وەك کرێکار، جوتیار، روناکبیر، مامۆستا، بازرگانی بچووك، خاوەن پیشەکان و دەرەبەگە نیشتمانپەروەرەکان دەگرێتە خۆی.

3. بەباوەڕی ئەم پارتە، گەیشتن بەسۆسیالیزم لەئاکامی تێپەڕبوونی کات و سەرکەوتنی شۆڕشی نیشتمانی دیموکراسی دێتەدی.

4. سۆسیالیزم لەکوردستان، قۆناغێکی خێراو دەستبەجێ نییە، لەکاتی نەبوونی دڵنیایی و پشتیوانی، خەڵك دەسـەڵات جێدەهێڵێت و لەریزی ئۆپۆزسیۆندا کاردەکات.

5. لەبەرنامەکەیدا هاتووە، ئێمە پێمانخۆشە مەسەلەی کورد بەڕێگای ئاشتی و یاساییەوە چارەسەربکرێت.

**چالاکی و شێوازی خەبات لای پارتی سۆسیالیستی کوردستان(47):**

1. لەبەرئەوەی پارتێکی نایاسایی بوو، بۆیە بۆ پاراستنی ئەندام و رێکخستنەکانی پەنای بردۆتە بەر پێکهێنانی رێکخراو و سەندیکای فەرمی، تا لەو رێگەیەوە کاری رێکخراوەیی خۆی ئەنجامبدات، بۆ ئەم مەبەستە زیاتر لە (20) رێکخراو و کۆمەڵەی پێکهێناوە، لەوانە: ژنان، لاوان، کرێکاران، رۆشنبیری، هەروەها ئەنجومەنی کولتوری دیموکرات و شۆڕشگێڕ (لەزۆربەی شارەکانی کوردستان) ئەم پارتە بە هۆی ئەو رێکخراوانە توانیویەتی گەشە بەبیرو باوەڕو رێکخستنەکانی خۆی بدات.

2. لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان بەشداریکردووە و چەند ئەندامێکی سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، وەك مەهدی زانا بۆ شارەوانی دیاربەکر لە ساڵی (1977)، ئۆرهان ئالپەستن بۆ شارەوانی ئاگری.

3. بایەخی زۆری بە راگەیاندن داوە، گۆڤاری –رێگای ئازادی– ئۆرگانی ناوەندی بووە، مانگانە بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی دەرچووە.

نەوشیروان مستەفا ئەمین، نوسیویەتی: گۆڤاری -رێگای ئازادی- ئۆزگویرلك یولو- لە لایەن هەندێك رۆشنبیر و لاوی شارەکان بڵاودەکرایەوە، پاشان رێکخراوێکیان(48) پێکهێنا بەناوی -پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا- لەسەر رێبازی یەکێتی سۆڤێت بوو، رابەرەکەیان کەمال بورقای بوو.

رێکخستنە نهێنیەکانی لە ساڵی (1977)، رۆژنامەی -زەوی پیران- یان دەرکردووە، هەروەها لەشاری ئاگری هەفتەنامەی -دیموکراسی- یان دەرکردووە، لەشاری ئەنکەرە بەفەرمی رۆژنامەی (رۆژا وڵات)یان دەرکردووە، لەشاری ئەزمیر ساڵی (1979) رۆژنامەی -رێیا ئازادی- بڵاوکراوەتەوە لە لایەن رێکخراوی کولتوری دیموکراتی شۆڕشگێڕ.

**پەیوەندییەکانی پارتی سۆسیالیستی کوردستان:**

أ) پەیوەندی لەگەڵ هەموو رێکخراوەکانی کوردستانی باکور هەبووە، تەنانەت هەوڵی نەهێشتنی گرژی نێوانیانیشی داوە، بەڵام پەیوەندی لەگەڵ (P.K.K) رووی لەگرژی کردووە.

ب) پەیوەندی توندی لەگەڵ بزوتنەوەی خوێندکاران و کرێکارانی کورد لەئەوروپا هەبووە، ئەو بزوتنەوانە لە ئەوروپا بە کاریگەری پارتی سۆسیالیستی کوردستان گەشەیانکردووە.

ت) ئەم پارتە هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە پەیوەندی لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان باش بووە، بەهەمانشێوە لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق کێشەیان لەنێواندا نەبووە، هەروەها لەگەڵ حزبی شیوعی عێراق هاوکاری یەکتریان کردووە.

پ) پەیوەندی پارتی سۆسیالیستی کوردستان، لەگەڵ رێکخراوە سیاسییەکان کوردستانی رۆژهەڵات لەسەر بنەمای نەتەوەیی بووە، پەیوەندی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران پتەو بووە، کە بۆ سەردەمی حەفتاکانی سەدەی رابردو دەگەڕێتەوە لەنێوان کەمال بورقای و عەبدولڕەحمان قاسملو.

# ڕێکخراوی تێکۆشین[49]

ساڵی (1977) گروپێکی گەورە لەکادرە پێشکەوتووەکانی (پارتی کرێکارانی کوردستان) -PKK- بڕیاری جیابوونەوەیاندا بە هۆی ناڕازیبوونیان لەسیاسەتەکانی سەرکردایەتی پارتەکە بەرامبەر کوردە عەلەوییەکان لەتورکیا.

له سەرکردەکانی ئەم ڕێکخراوە (قەمەر ئۆسقان) لەبزوتنەوەی چەپی تورکیا جیابۆتەوە و رابەرایەتی ڕێکخراوەکەی کرد، سەیفی جەنگیۆ، ئەحمەد باڵی.

**پێکهاتەی ئەم ڕێکخراوە، بریتی بوو لە:**

1. هەقی چییەکانی، لەگەڵ ئەو رەوتەی ناو (PKK) دانەبوون، کە پێداگرییان لەسەر مەسەلەی کوردایەتی دەکرد، زیاتر لە (لازو تورك) پێکهاتبوون، لەپاش کوشتنی – هەقی قەرار- هەموو کادرەکانی پەکەکە لەشاری عەنتاب، کە ژمارەیان (18) کادربوون چوونە ناو ئەم ڕێکخراوە.

2. زۆرینەی دامەزرێنەرانی لەرێکخراوی (سوپای رزگاری گەلی تورکیا) جیابوونەوە، لەوانە سەیفی جەنگیۆ، ئەحمەد باڵی، کە زۆربەیان کوردی ناو ئەو رێکخراوە بوون.

3. هەندێکیان پاشماوەکانی گروپی (پێنج ئەستێرە) بـوون، چونکە سەرکردەکەیان (عەلادین قەپان) بەدەستی بزوتنەوەکە کوژرا.

وەك رێکخراوێکی سیاسی لە (عەنتاب)دا خۆی راگەیاندو گۆڤاری -تێکۆشین-ی وەك ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی دەرکرد، بابەتەکانی ئەم گۆڤارە بیروڕاکانی کۆمەڵەو رەخنەگرتن لەچەپی تورك بوو.

لەڕاستیدا ناکۆکی ناو رێکخستنەکانی پەکەکەو نیازی رووبەڕووبوونەوەیان لەبەرامبەر گەورە دەرەبەگەکانی کورد، هاوکات راستکردنەوەی چەندین بەرەی جەنگ دژ بە خۆیان، بوو بە هۆی پەراوێزخستنی ناوچەی عەنتاب، بۆیە تێکۆشین توانی لەسەر حسابی پەکەکە گەشەبکات.

بەڵام سەرانی (پەکەکە) هەر زوو هەستیان بە مەترسی تێکۆشین کرد، هەروەها بە کارێکی تێکدەرانەیان دەزانی، بۆیە هەمان ساڵ بەچەك رووبەڕووی -تێکۆشین- بوونەوە و زۆربەی سەرکردەکانیان کوشت، بەشێکیشییان ناچار گەڕانەوە ناو ریزەکانی پەکەکە، بەڵام گۆڤاری تێکۆشین تا ساڵی (1979) بە نهێنی دەردەچوو(*).

# پارتی کرێکارانی کوردستان
# P.K.K

لەڕووی پێکهاتەی خەباتی سیاسی و ئایدیۆلۆژیا، پشتی بەچەند بنەمایەك بەستووە، ئەوانەش: کوردایەتی لەبەر رۆشنایی هزری سۆسیالیزمی زانستی، لەگەڵ(50) پشتبەستن بە ئەزموونی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلانی جیهانی سێیەم، ناوەکەشی ئاماژەیەکە بۆ گرێدانی خەباتی چینایەتی بە خەباتی نەتەوایەتی.

**سەرەتاکانی دروستبوونی:(51)**

ئەگەر لەسەرەتاکانی دامەزراندنی ئەم پارتە بکۆڵینەوە، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی چالاکی دامەزرێنەکەی (عەبدوڵڵا ئۆجەلان)

لەسەرەتای ساڵی (1970)ەوە عەبدوڵڵا ئۆجەلان، لەشاری ئیستەمبوڵ پەیوەندی بە ڕێکخراوی (د.د.ك.د)ەوە دەکات، ناوبراو لەو سەردەمەو پێشتریش زۆر کاریگەری ئاینی بەسەردا زاڵبووە، بەڵام لەناو ئەو ڕێکخراوە و بە هۆی چالاکییە ڕۆشنبیری و هزرییەکانیەوە، وردە وردە کارگیگەری چالاکی چەپی تورکی بەسەردا دروستدەبێت، بە تایبەتی دوای خوێندنی کتێبی (ئەلف و بێی کۆمۆنیستی) لێرەوە دەروازەی کۆمۆنیزم و فەلسەفەی چەپی لەبەردەم واڵادەبێت.

لەو سەردەمە دوو کادری چەپی تورکی (دەنیز گەزمیش و ئیبراهیم کاپ قاپا) کاریگەری زۆریان بەسەرەوە دەبێت، ئۆجەلان دوای (1971)ەوە، دەبێتە ئەندامی (کۆمەڵەی خوێندنی باڵای دیموکراسی) لەشاری ئەنکەرە، ئەم ڕێکخراوە سەربە پارتی کرێکارانی سۆسیالیستی تورکیا (TSIP) دەبێت، لەناو ئەو کۆمەڵەش عەبدوڵڵا هەوڵیداوە ڕێکخستنێکی هزری و شاراوە دروستبکات، بۆیە بە هاوکاری چەند هاوڕێیەکی وەك: (کەمال پیر، حەقی قەرار) ئەو ئامانجە جێبەجێدەکات و بەشێوەیەکی فەرمی لە (1973) بە سەرۆکی کۆمەڵەکەش هەڵدەبژێردرێت.

لە نیسانی (1973)داو بە ئامادەبوونی گروپێکی (6) کەسی و بە سەرکردایەتی (ئـۆجـەلان) ریکخستنێکی ئایدیۆلۆژیای کوردستانی دروستدەبێت، ئەندامانی ئەو ڕێکخستنە زیاتر بریتیبوون لەو خوێندکارە شۆڕشگێڕانەی کورد، کە پێشتر لەناو (دەڤ گەنج) دابوون، بەڵام گروپەکە وردە وردە تایبەتمەندبوو بە بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ئەوەش هۆکاری درز تێخستنیان بوو لەگەڵ چەپەکانی تورکدا، ئەو گروپە لە سەرەتای (1974) بڕیاریاندا پەیوەندی خۆیان لەگەڵ چەپەکانی تورك بپچڕێنن، هاوکات لەو کۆبوونەوەیەدا ناوی خۆیان نا (سوپای رزگاری نەتەوەیی).

لە سەرەتای ساڵی (1975) (*) کۆمەڵەی خوێندنی باڵای دیموکراسی لەشاری ئەنکەرە(52) داخرا، لە ساڵی (1976) داو لە شاری ئەنکەرە، یەکەم کۆبوونەوەی گروپەکە لە گەڕەکی (دیکمان) دەبەسترێت، لەو کۆبوونەوەیە بڕیاری گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی کوردستان دەدرێت، لەگەڵ دەستکردن بەتێکۆشانی ئایدیۆلۆژیای سیاسی و رێکخراوەیی، هەروەها دواتر کۆمیتەیەکی ناوەندییان پێکهێنا، لەم کەسانە (عەبدوڵڵا ئۆجەلان، حەقی قەرار، قەمەرتوسقان)، بەڵام هاتنیان بۆ کوردستان بەرەورِووی کێشەو گرفتی زۆری کردنەوە، بە تایبەتی لەگەڵ هێزێکی سیاسی کوردستانی لەناوچەکە.

خەباتیان لەم قۆناغەدا خەباتێکی ئایدیۆلۆژیا بوو، ئەندامانی گروپەکە دەستیان(53) بە گەڕان کرد بەسەر شارەکانی کوردستان، بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانیان، لەو قۆناغەدا جوڵانەوەی گروپەکە زیاتر تایبەتمەندی خوێندکارانەی هەڵدەگرت، لەبەر ئەوەی چالاکییەکانیان تەنها بواری ئایدیۆلۆژیای گرتبۆوە، بۆیە زیاتر لەناو چین و توێژی خوێندکاران پێیاندەوترا (ئاپۆچی)، بەڵام لەناو خۆیاندا بە شۆڕشگێڕانی کوردستان دەناسران.

لە پایزی (1977)، ئۆجەلان یەکەم رەشنووسی پرۆگرامی پارتێکی سیاسی نوسی(54) و لە زستان و بەهاری (1978)، بەسەر کادرانی بزوتنەوەی دابەشکرد بۆ خوێندنەوە و رادەربڕین لەسەری.

**دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان(55):**

لە (27ی تشرینی دووەمـی 1978) یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی (PKK) بەسترا، بە ئامادەبوونی (22-23) ئەندام لە کادرە باڵاکان، لەوانە (2-3) ئافرەتیان تێدابوو، کۆنگرە لە گوندی (فیس)ی نیزیك شاری (ئامەد)

سازدرا، لەکۆنگرەکەدا (7) ئەندام بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران، ئەوانەش (عەبدوڵڵا ئۆجەلان، شاهین دونمەز، جەمیل بایك، محمد قەرە سنگور، محمەد خەیری دوورموش، مەزلوم دوغان، کەسیرە یلدرم)، دەستەی کارگێڕی پێکهاتبوو لە (عەبدوڵڵا ئۆجەلان، جەمیل بایك، شاهین دونمەز)، دوای کۆنگرەی پێنجەمی پارتەکە ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بوون بە (30) کەس.

**پارتی کرێکارانی کوردستان لەسێیەم کۆنگرەی خۆی بڕیاری لەسەر دامەزراندنی چەند نوسینگەیەك داوە، ئەوانەش:**

1. نوسینگەی رێکخستن: ئەندامانی بریتین لە: شاهین دونمەز، جەمیل بایك، باقی قەرار.

2. نوسینگەی سەربازی: پێکهات لە: محمەد قەرە سونگور، عەباس، دوران کانکان.

3. نوسینگەی هزرو ئایدیۆلۆژیا: پێکهات لە کەسیرە یلدرم، مەزلوم دوغان.

ناوی پارتی کرێکارانی کوردستان، لەهەمان کۆنگرە بڕیاری لەسەر دراوە، هەروەها ئارمی پارتەکە، بریتیبوو لە: چەکوش و داس.

پەیکەری رێکخراوەیی ( P.K.K) لەگەڵ درێژەپێدانی خەبات و بەستنی کۆنگرەو کۆنفرانسەکان، گۆڕانکاری زۆر بەسەر پێکهاتەو ئۆرگانەکانیدا هاتووە، پەیکەری رێکخراوەیی ئەم پارتە بەمشێوەی خوارەوە چەسپاوە(56).

أ- سکرتێری گشتی ب-مەکتەبی سیاسی -3 کۆمیتەی ناوەندی ج-نوسینگەکان

ئۆرگان و دەزگا جۆراو جۆرەکانی:

1- بەرەی نیشتمانی بۆ رزگاری کوردستان ERNK

2- سوپای رزگاری میللی کوردستان ARGN

3- دەزگای هەواڵگری TEV-SAL

4- یەکێتی لاوانی نیشتمانی YXWK

5- یەکێتی ئافرەتانی دیموکراسی نیشتمانی KJWK

6- یەکێتی نیشتمانی بۆ هونەرمەندانی کورد YKWK

7- یەکێتی نیشتمانی بۆ پیاوانی ئایینی DWK

8- میدیای ( MED - TV (P.K.K

**بەرەی نیشتمانی بۆ رزگاری کوردستان:(57)**

ئەم دامەزراوەیە لەئایاری (1985) پێکهاتووە، وەك بەرەیەکی میللی و دەزگایەکی پروپاگەندە، (مەزلوم گوگماز) یەکەم سەرکردەی ئەو بەرەیە بوو، کە بە هۆی کردەوەیەکی سەربازییەوە کۆچی دوایی کرد، بەڵام دوای پەرەسەندنی سوپای رزگاری میللی، بەرە لەکاری سەربازی دورکەوتەوە، ئەرکی پەیوەندییە گشتیەکانی لە ئەستۆدابوو.

**سوپای رزگاری گەلی کوردستان:**

ساڵی (1986) دامەزراوە، دوای کۆنگرەی سێیەمی ( P.K.K)

**پەرلەمانی هەندەران - P.K.D.W-**

پارتی کرێکارانی کوردستان، هەوڵیداوە دوای ئازاری (1997)، کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ببەسترێت، بۆ ئەوەی زۆربەی پارتە کوردستانییە نایاساییەکان لەخۆبگرێت، بەڵام جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە نەهاتەدی بۆیە دوای کۆنگرەی پێنجەم (1995) بڕیاری دامەزراندنی پەرلەمان درا

لەهەندەران، ئەم پەرلەمانە یەکەم دانشتنی خۆی لەوڵاتی هۆڵەندا لە (12-16ی ئەیلولی 1995) سازدا، بە پێی سیستمی ناوخۆی پەرلەمان لە (65) ئەندام پێکدێت.

## بەرنامەو پەیرەوی ناوخۆی ( P.K.K):

بەیاننامەی ئەم پارتە بەناوی (رێگەی شۆڕشی کوردستان) فەلسەفەو بەرنامەی سیاسی پارتەکە دەخاتەڕوو، لەبەر رۆشنایی ئەو بەرنامەیە دەکرێت بنەما سیاسی و ئایدیۆلۆژیەکانی ( P.K.K) بخەینەڕوو:

1- ئەم پارتە لەرووی ئایدیۆلۆژییەوە، پارتێکی مارکسی - لینینە، ئامانجی رزگارکردنی کوردستانی باکور و ستراتیژیشی سەربەخۆیی کوردستانی گەورەیە.

2- لەڕووی سەربازییەوە، خەباتی چەکداری پیادەدەکات.

3- لەناوبردنی هێزی ئابوری دەرەبەگ و موڵکداران، دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاران.

4- گەشەپێدان بەتایبەتمەندییەکانی نەتەوەیی کورد و زمانی کوردی و رەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ.

## جێگیربوونی بارەگای سەرکردایەتی لەشام:

ساڵی (1979) وەك تەگبیرێك، ئۆجەلان کوردستانی باکور بەجێدەهێڵێت و روو لە کوردستانی رۆژئاوا دەکات و لەوێ بەنهێنی دەمێنێتەوە، هەر لەهەمانساڵدا لەشاری دیمەشق پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوە فەلەستینییەکان دەبەستێت و بە هاوکاری ئەوان دەگاتە لوبنان و لەوێ بنکە بۆ پارتەکەی دادەمەزرێنێت بەمەبەستی پێگەیاندن و راهێنانی کادر و گەریلاکان.

لە (15ی تەموزی 1981)، یەکەمین کۆنفرانسی ( P.K.K) لە لوبنان دەبەسترێت، تێیدا بڕیار لەسەر گەڕانەوەی هێزەکان بۆ وڵات دەدرێت، بەمەبەستی بەخەباتی چەکداری.

**کۆنگرە گشتیەکانی ( 58):(P.K.K)**

1- کۆنگرەی یەکەم لە (27ی تشرینی دووەمی 1978) گوندی فیس، شاری ئامەد.

2- کۆنگرەی دووەم، ئابی (1982)، وڵاتی لوبنان.

3- کۆنگرەی سێیەم، تشرینی یەکەمی (1986)، دۆڵی بیقاع، لوبنان.

4-کۆنگرەی چوارەم، پایزی (1990)، کوردستانی باشور.

5- کۆنگرەی پێنجەم، شوباتی (1995)، کوردستانی باشور

6- کۆنگرەی شەشەم، شوباتی (1999)، کوردستانی باشور

7- کۆنگرەی حەوتەم، زستانی (2000)، کوردستانی باشور

8-کۆنگرەی هەشتەم (2002)، لەم کۆنگرەیە ناوی ( P.K.K) دەگۆڕدرێت و دەبێتە کۆنگرەی ئازادی و دیموکراسی کوردستان (K.A.D.E.K) دیارە ئەمەش بە یەکەم کۆنگرەی (K.A.D.E.K) دادەنرێت.

-9 لەکۆتایی (2002) دووەم کۆنگرەی (K.A.D.E.K) دەبەسترێت، لەو کۆنگرەیە بڕیار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی (K.A.D.E.K) دەدرێت و کۆنگرەی گەلی کوردستان دادەمەزرێت (KONGRA GEL)، لەهەمانکاتدا ئەو کۆنگرەیە دەبێتە یەکەم کۆنگرەی گەلی کوردستان.

ئەوەی پێویستە لەبیر نەکرێت، کە لە (15ی شوباتی 1999) عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان بە پێی نەخشە و پیلانێکی نێودەوڵەتی، لە وڵاتی کینیا دەستگیردەکرێت و دەدرێتە دەستی پۆلیسی حکومەتی تورکیا پاشان ڕەوانەی دادگا دەکرێت لە زیندان دەمینێتەوە بەبڕیاری هەتا هەتایی.

## پارتی ئیسلامی کوردستان (پاك):[59]

پارتی ئیسلامی کوردستان لە (21ی تشرینی یەکەمی1980) لە لایەن (محمەد سالح گابۆری) و پێنج کەسی دیکە لە وڵاتی سعودیە لە کاتی بەجێگەیاندنی ڕێوڕەسمی حەج دامەزراوە.

بەرنامە و ئامانجەکانی ئەم پارتە، چارەسەرکردنی کێشەی کورد بووە، لەبەر ڕۆشنایی هزری ئیسلامی، بە بۆچوونی ئەم پارتە، گەلی کوردی موسڵمان، بەشێکە لە گەلانی موسڵمان و پێویستە قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ و لەگەڵ حکومەتە ئیسلامیەکاندا پەیوەندی دۆستانەی هەبێت، هەروەها زمانی کوردی زمانی فەرمی بێت و نەتەوەو ڕێبازە ئایینیە جیاوازەکان لەکوردستاندا یەکسان تەماشا بکرێن، ئەم پارتە بەشداریدەکات لە هەموو هەوڵێك بۆ پێکهێنانی (بەرەی کوردستانی باکور)، بۆ گەیشتنیش بەو ئامانجە ڕێگەی دیالوگ بە هەند دەزانێت.

سەرکردایەتی ئەم پارتە بڕیاریدا بە نهێنی باڵێکی سەربازی بەناوی (سوپای رزگاری کوردستان) دابمەزرێنێت، هەروەها رۆژنامەی (دەنگی نیشتمان)ی وەك ئۆرگان دەردەکرد، سەرەڕای دوو گۆڤار بەناوی (جودی) و (کوردستانی تێکۆشەر).

(پاك)، لە لایەن رژێمی تورکیاوە وەك پارتێکی تیرۆریستی و نایاسایی تەماشا دەکرا، ئەندامانی لە لایەن هێزەکانی ئاسایشی تورکیاوە دوچاری گرتن و دادگایکردن بوونەتەوە، لە هەڵمەتێکدا لە شاری (مەلاتیا) رابەری پارتەکە (حسامەدین هۆ جاکۆك) دەستگیرکرا.

بەهەمانشێوە کۆمەڵە و هێزە ئیسلامیە تورکەکانیش دژیان بوون، بە تایبەتی (پارتی رەفاە)، لەبەر ئەوەی (پاك) گرنگی بەپرسی کورد دەدات لەتورکیا.

ئەم پارتە لەماوەیەکی کەمدا، بیروباوەڕ و دەنگ و باسی رێکخستنەکانی لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستانی باکور بڵاوبۆتەوە، هەروەها لەدەرەوەی تورکیاش، لەوڵاتی ئەڵمانیا راگەیاندن بایەخی پێداوە.

ئەم پارتە نەیاری رێکخراوە چەپەکانی کورد بووە، بە تایبەتی (پارتی کرێکارانی کوردستان)، کە ناکۆکی و ململانێی توند لەنێوانیاندا سەریهەڵداوە.

لەبەر رۆشنایی ئەو هەلومەرجانە، پارتی ئیسلامی کوردستان نەیتوانی درێژە بە چالاکییەکانی خۆی بدات، بۆیە ناچار کادرەکانی تورکیایان بەجێهێشت و روویان لە ئەوروپا کرد.

## تەڤگەری سۆسیالیستی کوردستان(60)

بزوتنەوەیەکی سیاسی چەکداری بوو، لە دوو باڵ پێکهاتبوو، هەڵگری بیروباوەڕی (مارکسی - لینینی) بوون، داوای سەربەخۆیی کوردستانیان دەکرد، بڕوایان بەخەباتی چەکداری هەبوو.

سکرتێری گشتیان (زەکی ئادسز) بووە، ناوبراو لە بەهاری (1990) کۆچی دوایی کردووە، لێپرسراوی سەربازیان ناوی (ئۆرفان ئاکپاسلان) بوو، بەسەردارو رەئیس دەناسرا، لەبەرئەوەی ماوەیەك سەرۆك شارەوانی شاری ئاگری بوو، لە ساڵی (1988) شەهیدکرا.

ئەم بزوتنەوەیە لەسەرەتای دامەزراندنی زۆر دۆست و نزیکی (پارتی کرێکارانی کوردستان) (P.K.K) بوو، بەڵام لەدوایدا پەیوەندییەکانیان تێکچو،

تەڤگەر پەیوەندی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق باش و ئەرێنی بوو.

هێزێکی چەکداریان پێکهێنابوو لەژێر ناوی (لەشکری رزگاری کوردستان)، بەڵام لەڕووی سەربازییەوە لاوازبوون، هەندێك کادریان لە وڵاتی لوبنان مەشق و راهێنانیان پێدەکرا، رۆژنامەیەکیان بە ناوی -دەنگی وڵات- دەردەچوو.

# بەرەی تەڤگەرا رزگاریا کوردستان(61)

لە (22ی حوزەیرانی 1988) پێکهاتووە، ئەم هێز و لایەنە سیاسیانەی خوارەوەی گرتۆتە خۆی:

1- پارتی پێشەنگی کارگەری کوردستان.

2- پارتی سۆسیالیستی کوردستان.

3- ئاڵای رزگاری

4- پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێکخستنی نەتەوەیی.

5- پارتیا هێزین کوردستان.

6- شۆڕشگیرین کوردستان.

7- کوکسا، واتە باڵی سۆسیالیست - لەکۆك

8- یەکێتی سۆسیالیستی کوردستان.

رۆژنامەیەکی بەناوی (تەڤگەر)ەوە دەردەکرد، کە داوای یەکگرتنی سەرجەم لایەنە کوردییەکانی دەکرد لەپێناو سەربەخۆیی کوردستاندا.

له یەکەم بەیاننامەی تەڤگەردا هاتووە (ئامانجمان رزگارکردنی وڵاتەکەمانە، کە سەدان ساڵە لەژێر دەستی داگیرکەراندایە، تێدەکۆشین زنجیرو تەوقی ستەمکارانەی دوژمن لە ئەستۆی گەلەکەمان بشکێنین، دەوڵەتێکی دیموکراتی لەکوردستان دامەزرێنین و کۆمەڵگەی کوردەواری بەرەو پێشکەوتن و ژیانی بەختیاری و مۆدێرن بەرین.

تا ساڵی (1991) توانی هەندێك چالاکی سیاسی و راگەیاندن لە ریزی رێکخراوەکاندا ئەنجامبدات، بەڵام بە هۆی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر باری کوردستان (بەتایبەتی کوردستانی باکور)دا هاتن و ئەو شکست و تێکچونەی بەسەر وڵاتانی سۆسیالیستی و هێزە چەپەکاندا هات، بووە هۆی ئەوەی ناو و دەنگی تەڤگەر لەگۆڕەپانی سیاسیدا کزبێت و هەندێکیان وازیانهێنا و رێکخراو و کۆمەڵەی بچوکیان لە دەرەوەی وڵات پێکهێنایەوە.

## پارتی کرێکارانی کوردستان ـ ڤەژین ـ

دوای بەستنی کۆنگرەی چوارەمی پارتی کرێکارانی کوردستان(62) (P.K.K) لەکانونی یەکەمی (1990)، کاتێك ژمارەیەك لە ئەندامانی جیابوونەوە ساڵی (1991)، ئەم پارتەیان دامەزراند، ئەو ئەندامانەی جیاببوونەوە، پێکهاتبوون لەهەندێك ئەندامی سەکردایەتی و کادر، لەناوەوەی کوردستان و ئەوروپادا، وەك: (جەنگیز هزر، عەبدولرەحمان کایکچی، دکتور باران، موسلوم دورگون، محەمەد شەنەر، فایق باتمان)، دیارترین ئەندامەکانیش ئەرجان و حوسین یەڵدرم بوون.

لە پایزی ئەوساڵەدا، کۆنفرانسێکیان بۆ رێکخستنی پارتەکە بەست و جیابوونەوەی خۆیان راگەیاند، جیابوونەوەی ئەو کۆمەڵە سەرکردە و کادرانەش لەوەوە هاتبوو، کە داوای چاکسازی بنەڕەتی و گۆڕینی بەرنامەی پارتی کرێکارانی کوردستانیان دەکرد، داوای کارکردنیان دەکرد لەسەر بنەمای دیموکراسی.

بەڵام جەمیل بایك لەمیانەی باسکردنی رووداوەکانی ناو کۆنگرەی چوارەمی (63) (P.K.K) لەساڵی (1990)، ناوی هەریەك لە محەمەد شەنەر و بۆتان و ئەبوبەکر و شەمدین دێنێت، ئاماژەش بۆ هەندێك حاڵەتی لە دیسپلین

دەرچوون و دیاردەی چەتەگەرێتی دەکات کەروویداوە و کۆنگرەش لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی پێکهێناوە بۆ ئەوەی بگاتە ئەنجام، دواتر لەلایەن کۆنگرەوە داوا لە محەمەد شەنەر دەکرێت، کە رەخنە لەخۆی بگرێت.

جەمیل بایك لە چەندین جێگادا باسی محەمەد شەنەر و بۆتان و ئەبوبەکر دەکات و تاوانباریان دەکات بە پەیوەندی لەگەڵ هەواڵگری حکومەتی تورکیاو حکومەتی سوریا.

**ڕێبازی سیاسی ئەم پارتە(64)**

1. کارکردن بۆ رزگارکردنی کوردستان.
2. باوەڕبوون بەخەباتی سیاسی و سەربازی.
3. پارێزگاریکردن لەهەرێمی کوردستانی باشور.
4. بەڕێوەبردنی کاروبارەکان بەشێوەی نهێنی.

سەرکردەکانی ئەم پارتە رایانگەیاندبوو کە ناچنەوە ناو پارتی کرێکارانی کوردستان تاوەکو عەبدوڵلا ئۆجەلان سەرۆکی بێت.

ئەندامانی ئەم پارتە و هەندێك کەس، ئۆجەلان تۆمەتبار دەکەن بەکوشتنی ژمارەیەك لە ئەندامانی پارتی -ڤەژین- لەوانەش محەمەد شەنەر لەقامیشلۆی سوریا و دکتۆر بارانی فەرماندەی پێشوی پارتی کرێکارانی کوردستان، بەڵام پارتی کرێکارانی کوردستان (P.K.K) لەڕاپۆرتێکیدا بڵاویکردەوە، کە دکتۆر باران خۆی کوشتووە.

ئەم پارتە کۆمەڵێك بڵاوکراوەیان دژ بە ئۆجەلان دەرکرد، لەو بڵاوکراوانە: لەژێر ناونیشانی (کوردستانی باشور و ئەو ئەرکانەی لەئەستۆماندایە)، هەروەها بڵاوکراوەیەکی دیکەشیان بەناوی (تیشکێك بۆ سەر دیاردەی لەسێدارەدانی باشوریەکان) دەرکردووە.

بەرپرسی یەکەمی ئەم پارتە، دکتۆر باران بوو، تەنها بارەگەیان لەشاری دهوك هەبوو، بەڵام نەیانتوانی رێکخستنە سیاسی و سەربازییەکانیان فراوان بکەن، بۆیە وردە وردە بەرەو پووکانەوە چوون.

# قۆناغێکی نوێی خەبات
# بۆ پارتە کوردستانییەکان[65]

لە ساڵانی (1990) بەدواوە، قۆناغێکی نوێی حزبایەتی دەستیپێکرد لەخەباتی حزبە کوردییەکانی کوردستانی باکور، چەند پارتێك دامەزرا، رێگای کارکردنی یاساییان پێدراوە، بەشداریان لەهەڵبژاردنە گشتییەکانی پەرلەمان و هەڵبژاردنی شارەوانییەکان کردووە، نوێنەریان گەیشتە پەرلەمان و بەشداربوون لەکاری سیاسی و رکابەری حزبایەتی ناو پەرلەمان و لەبەڕێوەبردنی کاروباری وڵات، لەگەڵ بەدەستگرتنی بەرپرسیاریەتی ژمارەیەکی زۆری ئەنجومەنی شارەوانی و کارگێڕی لەشارو شارۆچکەکانی کوردستانی باکور.

**1- پارتی کاری گەل (HEP) HALKIN EMEK PARTISI**

دوای بەشداریکردنی (7) ئەندام پەرلەمانی تورکیا، سەر بەپارتی گەلی سۆسیال دیموکرات (SHP)ی تورکیا، کە ئەردالٚ ئینۆنۆ سەرکردایەتی دەکرد، لەکۆنگرەی پاریسی سالٚی (1989)، تایبەت بە کێشەی کورد، سەرکردایەتی ئەم پارتە لەئاست هەلٚوێستی ئەو ئەندام پەرلەمانانە و لەژێر فشاری تورکە توندڕەوەکان و راگەیاندنی تورکیا، بڕیاری دەرکردنی ئەو پەرلەمانتارانەی دا لە ریزەکانی خۆی لەتشرینی دووەمی (1989).

ئەو ئەندام پەرلەمانە کوردانە، بە پشتیوانی چوار پەرلەمانتاری دیکە لە (7ی حوزەیرانی 1990)، بڕیاری دامەزراندنی پارتی کاری گەلیان دا (HEP)، ژمارەی ئەندامانی دامەزرێنەری ئەو پارتە گەیشتە (77) کەس، لەناویاندا سکرتێری یەکێتی سەندیکای کرێکارانی ( DISK ) فەهمی ئیشیکلار، کەبووە سەرۆکی پارتەکە، دوای فەهمی لەسالٚی (1992)، فەرەیدون یازار دەبێتە سەرۆکی پارت.

ئەم پارتە لەهەلٚبژاردنە گشتیەکانی تورکیا لە (1991)، (22) ئەندامی گەیشتە پەرلەمان، ئەوەش بەڕێککەوتن لەگەلٚ پارتی سۆسیال دیموکرات لەیەك لیستی هەلٚبژاردندا، هەر بەو هۆیەوە، حکومەتی تورکیا ناچاربوو رێگە بەم پارتە بدات رۆژنامەی -نیشتمانی نوێ- دەربکات، بەزمانی تورکی، بەلاٚم لەکاتی سوێندخواردنی پەرلەمان، دوو ئەندام پەرلەمانی ئەم لیستە ئەوانیش هەریەك لە (لەیلا زانا) و (خەتیب دیجلە) هەرایەکی گەورەیان نایەوە، لەیلا زانا بەڕەنگی سور و زەردو سەوزەوە، کە بەڕەنگی نەتەوەیی لە لایەن پارتی کرێکارانی کوردستان ناودەبرێت، قژی خۆی بەستبوو، خەتیب دیجلەش دەسڕێکی بەهەمان رەنگەوە بەدەستەوە گرتبوو، هەردووکیان رایانگەیاند کە دژی ناوەرۆکی رەگەزپەرستی دەقی ئەو سوێندەن، کە بریتیە لە (من سوێند دەخۆم بەرامبەر بەتورکیای مەزن، بەو یەکێتیەی جیانابێتەوە لە نیشتمان)، ئەوان رایانگەیاند بەناچاری و تەنها لەپێناو برایەتی هەردو گەلی کوردو تورکدا ئەو سوێندە دەخۆن.

ئەم هەڵوێستەش لە لایەن تورکەکانەوە بە سوکایەتی لە قەڵەمدراو هەر دوو ئەندام پەرلەمانیش لەسەر لیستی پارتی گەلی سۆسیال دیموکرات دەرکران و ئەو رێککەوتنانەی هەردوو پارت کە پێشتر بۆ هەڵبژاردن مۆریانکردبوو هەڵوەشایەوە.

رۆژنامە تورکەکان زۆر تورەبوون لە ئاست ئەو رووداوە، سەرۆك کۆمار (تورکوت ئۆزال) رایگەیاند، هەردوو ئەندام پەرلەمان (لەیلا زانا و خەتیب دیجلە) بەم کارەیان یارمەتی پرسی هاوڵاتیەکانیان نەدا لە باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا، بەڵام سەرۆك وەزیرانی تورکیا (سلیمان دیمیرێل) رایگەیاند، هیچ هۆیەك نیە بۆ ئەوەی ترس و لەرز بڵاوبێتەوە، پارتی (HEP) لە کانونی یەکەمی (1991)، کۆنگرەیەکی لە شاری ئیستەمبۆڵ بەست و تێیدا بانگهێشتی دایکی (عبدوڵڵا ئۆجەلان)یان کردووە و وەك پاڵەوان پێشوازیان لێکردووە، هەروەها بە دەنگی بەرز هاواریانکردووە (بژی پارتی کرێکارانی کوردستان و سەرۆکەکەی).

ئەم پارتە لە لایەن دەسەڵاتەوە لە تەموزی (1993)، بە هۆی ئەو هەڵوێستانەوە، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی درا.

**2- پارتی دیموکرات: (DEMOKRASI PARTISI (66)(DEP**

ئەندامانی ئەو پارتە (کاری گەل) لەناو پەرلەمانی تورکیا، کە ژمارەیان (16) نوێنەری کورد بوون، لە کۆبوونەوەیەکدا لە (27ی حوزەیرانی 1993)، بڕیاری دامەزراندنی پارتی دیموکراسیان دا، بەر لەچەند رۆژێك لەدەرچوونی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پارتی (HEP) لە (14ی تەموزی 1993).

ئەو ئەندام پەرلەمانانەش بریتیبوون لە: ئەحمەد تورك، رەمزی کارتال، مەحمود قیلیش، نیزامەدین توگوتشن، فایق گومیتش، زوبیر ئایدین، سری ساکیك، ئەمین سیفیر، سەلیم ساداق، ئورخان دوغان، مەحمود ئویانیق، لەیلازانا، خەتیب دیجلە، مەحمود سنجار، عەلی یغیت، سادات یورت تاش.

هەروەها دوو ئەندام پەرلەمانی سەربەخۆش هاتنە پاڵیان بەناوی (موزەفەر دیمیر، مەحمود عەلیناك)، بە مە ژمارەیان بوون بە (18) ئەندام پەرلەمان، سەرۆكایەتی پارتەكەش خرایە ئەستۆی (یەشار قایا).

ئەم پارتە، وەك پارتی (HEP)ی پێشو، یەك لەرووەكانی ململانێی نێوان دەوڵەت و ئەو كوردانە بوو كەداوای مافی كولتوری و سیاسییان دەكرد، بەم بۆچوونە، چالاكی سیاسی ئەم پارتە تەواوكەری چالاكی سەربازی پارتی كرێكارانی كوردستانە (P.K.K) لەبواری بەرگریكردن لە كێشە و داواكارییەكانی كورد لە توركیا.

سەرۆكی پارتی (DEP) رۆژنامەی (ئوغوز گوندەم)ی بەزمانی توركی دەردەكرد، ئەم رۆژنامەیە، بەرۆژنامەی سەرەكی كوردەكان دەژمێردرێت لەناو توركیا، كەچەندینجار مەترسی قەدەغەكردنی لەسەر بووە بە هۆی نوسینەكانی و بەرگریكردنی لە (پ.ك.ك) و دژایەتی هەڵوێستەكانی دەسەڵات.

بەڵام دوو رووداوی گرنگ روویاندا، بوون بە هۆی داخستنی ئەم پارتە لە ئازاری (1994) ئەو دوو رووداوەش بریتیبوون لە:

أ) تیرۆركردنی ئەندام پەرلەمان (مەحمود سنجار) و بریندارکردنی (نیزامەدین توغوش)، هەروەها كوشتنی كادرێكی سەركردایەتی پارتەكە لەشاری باتمان بەناوی (مەتین ئوزدەمیر) لە (4ی ئەیلولی 1993).

ب) دەستگیركردنی سەرۆكی پارتەكە (یەشار قایا) لە (17ی ئەیلولی 1993) و زیندانیكردنی بەتاوانی بڵاوكردنەوەی بیروباوەڕی جوداخوازی، دیارە ئەو قسانەش لەمیانەی وتارێكی (یەشار قایا) هاتبوو لە كاتی بەستنی كۆنگرەی (11) پارتی دیموكراتی كوردستانی عێراق لە ئابی (1993).

هەر لەچوارچێوەی هەوڵەكانی حكومەت بۆ رێگرتن لەكار و چالاكییەكانی ئەو پارتە و بە تاوانی پشتگیریكردنی لە (P.K.K) و دژایەتیكردنی حكومەتی توركیا، لەسەرەتای ئایاری (1994) پەرلەمانی توركیا بڕیاری هەڵگرتنی (حەسانە) ی لەسەر شەش پەرلەمانتاری كورد دەركرد، كە ئەندامی پارتی دیموكرات بوون، ئەوانەش:(67)

خەتیب دیجلە، ئەحمەد تورك، لەیلا زانا، سەری ساکیك، ئورهان دوجان، سەلیم ساداق.

ئەوانە درانە دادگا و بە پێی مادەی (125) یاسای کەتنی تورکیا، سزایان بەسەردا سەپێنرا بۆ ماوەی جیاواز، کە دوو کەسیان گەیشتە (25) ساڵ زیندانی.

**3- پارتی گەلی دیموکرات:(68) HADEP**

دوای هەڵوەشاندنەوەی پارتی دیموکراسی، ئەندامانی هەردوو پارت (HEP) و (DEP) کۆبوونەوە و بڕیاریاندا بەدامەزراندنی پارتی گەلی دیموکرات (HADEP). ساڵی (1994) دامەزرا، لە هەڵبژاردنی ساڵی 1995 بەشداریکرد، بەڵام نەیتوانی رێژەی پێویست بەدەستبێنێت و بگاتە پەرلەمان، ئەو رێژەی (4.17%) دەنگەکانی بەدەستهێنا.

ساڵی (1999) بەشداری هەڵبژاردنی گشتی کرد، بەڵام دیسان نەیتوانی رێژەی (10%) تێپەڕبکات و بگاتە پەرلەمان، تەنها رێژەی (4.75%) بەدەستهێنا، لەگەڵ سەرکەوتنی زیاتر لە (30) ئەنجومەنی شارەوانی لە باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا، پارتی (HADEP) لەگەڵ دوو پارتی بچوکی چەپڕە و پەیمانی بەست، بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی گشتی (2002) بگاتە پەرلەمان و رێگە لە حکومەت بگرێت بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی نەدات، ئەو هاوپەیمانیەتییە توانی (6.22%) دەنگەکان بەدەستبهێنێت. لە لایەکی دیکەوە دەسەڵات، سەرکردەکانی ئەو پارتەی هەراسانکردبوو، ماوە ماوە ئەندامانی دەستگیردەکران، موراد بوزلاك یەکێك لەسەرکردەکانی ئەم پارتە بوو بە هۆی چالاکی سیاسی بۆ ماوەی سێ ساڵ زیندانیکرا، لە ئازاری (2003) دادگای دەستوری تورکیا بڕیاری قەدەغەکردنی ئەم پارتەشی دەرکرد.

لە جێی پارتی گەلی دیموکرات (HADEP)، پارتی دیموکراسی گەل (DE HEP) دامەزراو هەموو رێکخستنەکانی پارتی گەلی دیموکراتی گرتە خۆی.

پەراوێزەکانی بەشی چوارەم:

1. الموسوعە السیاسیە، أشراف د. عبدالوهاب الکیالی، کامل زهیر، المؤسسە العربیە، الدراسات والنشر بیروت، گ1، 1974، ص181

2. الموسوعە السیاسیە، سەرچاوەی پێشو، ص151

3. تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

* الجمعیات والمنظمات والاحزاب الکردیە (فی نصف قرن)، عبدالستار طاهر شریف، گ2، 2007، السلیمانیە، ص35

* الحیاە السیاسیە فی کردستان (1908-1927) علی تتر توفیق، ترجمە تحسین ابراهیم الدوسکی، 2007، دهوك ص147، 194

* ڕۆڵی کورد لەدامەزراندنی کۆماری تورکیا، دیدار عوسمان، چاپی 1، 2013، هەولێر.

* بیری نەتەوەیی کورد لە پەیڕەو و ئامانجەکانی جەممعیەت و حزبە کوردییەکان. (1919-1945)، عبدالخالید سابیر کەریم، چاپی 1، 2013، سلێمانی.

* الحرکە الکردیە الترکیە فی المنفی، جودی غورغاس، ترجمە جورج البطل، دار ئاراس، اربیل، گ 1، 2013، ص18.

4. الحرکە الکردیە فی المنفی، سەرچاوەی پێشوو، ص143.

خۆیبون-هیوا- ژ.ك، هیوا عەزیز سەعید، مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)، 2006، سلێمانی، ل11

5. کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکان (1918-1933) لەبەڵگەنامەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و فەرەنسا، بەرگی یەکەم، ، وەرگێڕانی، د. نەجاتی عەبدوڵڵا، بنکەی ژین، سلێمانی، 2007، ل223.

6. الحرکە الکردیە فی العصر الحدیث، جلیلی جلیل، ترجمە د. عبدی حاجی، مؤسسە موکریان للبحوث والنشر، ط2، 2012 دهوك، ص256.

7. بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی، کریس کۆجیرا، وەرگێڕانی حەسەن ڕەستگار، چاپی 1، 2013 ل375.

8. دۆزی کورد لەتورکیا لەساڵانی (1980-1999)، هاوکار محیدین جەلیل، هەولێر، چاپی1، 2012، ل56.

* لەرۆما کەوتە بەرچاوم، ستران عەبدوڵڵا، چاپی1، 2013، سلێمانی ل90.

9. رێکخستنە سیاسیەکان باکوری کوردستان (1960-1980)، ماجد خەلیل فەتاح، چاپی1، 2012، هەولێر ل161.

* القضيه الكرديه فى تركيا، د. حامد محمود عيسى، مكتبه مدبول، گ1، 2002، القاهره، ص299.

10. القضيه الكرديه فى تركيا، سەرچاوەی پێشوو، ص299.

* گۆڤاری کادر، ژمارە (28) حوزەیرانی 1992، پارتی دیموکراتی کوردستان، بابەتی فەرەنسو هەریری.

11. دۆزی کورد لەتورکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص56.

* مێژوویێك لەئاگر، حەسەن جودی، چاپی3، سلێمانی، 2014، ل154

12. گۆڤاری کادر، سەرچاوەی پێشو، ل11

13. رێکخستنە سیاسییەکانی باکوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ص162

14. رێکخستنە سیاسیەکانی باکوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ص193.

15. دۆزی کورد لەتورکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص147.

16. کادر، ژمارە 28، سەرچاوەی پێشوو، ص14.

17. دۆزی کورد لەتورکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص148.

18. رێکخستنە سیاسیەکانی باکوری کوردستان، سەرچاوەی پێشو، ل207.

19. القضيه الكرديه فى تركيا، سەرچاوەی پێشوو، ص302

20. بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ص399.

21. دۆزی کورد لەتورکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص59.

22. بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ص400.

23. بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ص400.

* دۆزی کورد لەتورکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص59.

24. رێکخستنە سیاسیەکانی باکوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ص207.

25. لەکەناری دانوبەوە بۆ خری ناو زەنگ، نەوشیروان مستەفا ئەمین، ج2، 1997، ل68.

26. رێکخستنە سیاسیەکانی باکوری باکوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ص210

* القضيه الكرديه فى تركيا، سەرچاوەی پێشوو، ص298.

* تركيا فى القرن العشرين، د. احمد عبدالعزيز محمود، گ1، 2011، اربيل، ص86

27. ڕێکخستنە سیاسیەکانی باکوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ص141

28. گۆڤاری دۆسێی تورکیا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی، ژمارە(4)، تشرینی دووەمی 2006، بابەتی حەمید بوز ئەرسەلان.

29. گۆڤاری دۆسێی تورکیا، سەرچاوەی پیشو، ل89.

30. ڕێکخستنە سیاسیەکانی باکوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ص142.

31. دۆزی کورد لەتورکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص58.

32. الجمهوريه العراقيه، الجاره الشماليه، مديريه الامن العامه، بغداد/198، ص88.

* ڕێکخستنە سیاسیەکانی باکوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ص248.

* دۆزی کورد لەتورکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص59.

33. گۆڤاری کادر، ژمارە (28)، سەرچاوەی پێشوو، ص19.

* ڕێکخستنە سیاسیەکانی باکوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ص231

* القضيه الكرديه فى تركيا، سەرچاوەی پێشوو، ص297.

* تركيا فى القرن العشرين، سەرچاوەی پێشوو، ص88

* بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ص397.

* لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، سەرچاوەی پێشوو، ص68.

34. هەمان سەرچاوەکانی خاڵی (33).

35. بزوتنەوەی نەتەوەی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ص401.

36. دۆزی کورد لەتورکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص63.

37. ڕێکخستنە سیاسیەکانی باکوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ص236.

* گۆڤاری دۆسێی تورکیا، بابەتی حەمید بوز ئەرسەلان، سەرچاوەی پێشوو، ص91

38. بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ص401.

39. ڕێکخستنە سیاسیەکانی باکوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ص242.

40. گۆڤاری کادر، ژ28 ، سەرچاوەی پێشوو، ل19.

41. ڕێکخستنە سیاسیەکانی باکوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ص245.

42. الجمهوريه التركيه، مديريه الامن العامه، سەرچاوەی پێشوو، ص84،85

43. ڕێکخستنە سیاسیەکانی باکوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ص250،262

* مێژووی پەکەکە، ئەلیزا مارکورس، وەرگێڕانی ماجد خەلیل، ج 1، 2014، سلێمانی، ل53.

44. کادر، ژمارە 28، سەرچاوەی پێشوو، ل16.

45. بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ص454

46. رێکخستنە سیاسیەکان باکوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ص262

47. دۆزی کورد لەتورکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص60.

48. لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناو زەنگ، سەرچاوەی پێشوو، ص68.

49. رێکخستنە سیاسیەکانی باکوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ص284

* الجمهوریه الترکیه الجاره الشمالیه، سەرچاوەی پێشوو، ص99.

* ئەم سەرچاوەیە ئاماژە بۆ دوو بڵاوکراوەی رێکخراوەکە دەکات، ئەوانیش یەکێتی تێکۆشین و یەکێتی کرێکاران.

50. مێژوویەك لەئاگر، سەرچاوەی پێشوو، ص36.

51. رێکخستنە سیاسیەکانی باکوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ص263.

* کۆمەڵەی خوێندکارانی باڵای دیموکراسی، یەك لەرێکخراوەکانی پارتی کرێکارانی سۆسیالیستی تورکیا بوو، کە لە ناو زانکۆکانی تورکیا پێکیانهێنابوو بۆ کاری رێکخراوەیی لەدوای کودەتاکەی ساڵی (1971).

52. مێژوویەك لەئاگر، سەرچاوەی پێشوو، ص40

* رێکخستنە سیاسیەکانی باکوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ص264

53. رێکخستنە سیاسیەکانی باکوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ص270

54. مێژوویەك لەئاگر، سەرچاوەی پێشوو، ص736.

* گۆڤاری کۆمین ژمارە (7)، PKK، تشرینی دووەمی 2008، ل34-43

55. رێکخستنەسیاسیەکانی باکوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل275.

56. الاکراد ومستقبل ترکیا، میخائیل م. جونتر، ترجمه د. سعاد محمد ابراهیم، مرکز کوردستان للدراسات الاستراتیجیه، سلیمانیه، 2007، ص52.

57. رێکخستنە سیاسیەکانی باکوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ص280

58. مێژوویەك لەئاگر، سەرچاوەی پێشوو، ص740،752

59. رێکخستنە سیاسیەکانی باکوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ص332.

* فی سبیل تحریر الکرد وتوحید کوردستان، محمد صالح طابوری، مطبعه قەشەنگ السلیمانیه،

2000، ص138-141.

60. کادر، ژماره28، سەرچاوەی پێشوو، ص17

61. دۆزی کورد لەتورکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص150

* کادر، ژماره (28)، سەرچاوەی پێشوو، ص21

62. دۆزی کورد لەتورکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص153.

* نشره تأریخیه عن الاحزاب الکردیه فی کوردستان الشمالیه، مکتب العلاقات، الفرع الاول للحزب الدیمقراگی الکوردستانی، مایس 1996، ص8

63. مێژوویەك لەئاگر، سەرچاوەی پێشوو، ص405-416

64. دۆزی کورد لەتورکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص154.

65. دۆزی کورد لەتورکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص152،151

66. ترکیا فی الزمن المتحول، محمد نورالدین، ریاض الریس للکتب والنشر، بیروت، گ1، 1997، ص118

67. الاکراد ومستقبل ترکیا، سەرچاوەی پێشوو، ص26.

68. فەرهەنگی مێژووی کورد، مایکل گەنتەر، وەرگێڕانی مامکاك، دەزگای ئاراس، هەولێر، چاپی1، 2007، ل292.

* لەرۆما کەوتە بەرچاوم، سەرچاوەی پێشوو، ص192.

# کـۆتـایـی و
# دەرئـەنجـامەکـان

ئەو وڵاتەی ئێستای تورکیا، بۆ ماوەی زیاتر لەشەش سەدە (1299ـ1923) مەڵبەندی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و دەسەڵاتداری سەرەکی جیهانی ئیسلامی بووە.(1)

ئەو ئیمپراتۆرییەتە لەگەڵ کۆتاییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی، رووی لەدارِمان کـردووە، دەستەبژێرێکی سەربازی و سیاسی ناو دەسـەڵات، بە تایبەتی لە گەنجان و هەڵگرانی بیروباوەڕی ناسیۆنالیستی، توانیان دەست بەسەر کاروباری ئیمپراتۆرییەتەکەدا بگرن و بە یەکجاری کۆتایی بە سیستمی خەلیفایەتی بهێنن، ساڵی (1924) بە رابەرایەتی مستەفا کەمال، کۆماری تورکیای نوێ دابمەزرێنن.

سیستم لەکۆماری تورکیا چەند جیاوازییەکی بنەڕەتی هەبووە لەگەڵ سیستمی سەردەمی پێشوی خەلیفایەتی و بەم خەسڵەتانە ناسراوە:

1- دەوڵەتێکی کۆماری عەلمانی، لەجیاتی سیستمێکی خەلیفایەتی میراتی ئیسلامی.

2- گۆڕانکاری لەهەموو بنەما کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و سیاسییەکاندا، رووکردن لە لاساییکردنەوەی سیستمەکانی رۆژئاوا.

3- دامـــەزراوەی سـەربـازی ئەگەرچی لە دەســەڵات و بەڕێوەبردنی دوورکەوتەوە، بەڵام وەك پارێزەر و چاودێر بووە بە سەریەوە.

4- دەسەڵاتێکی رەهای تاکحزبی لە ماوەی سی ساڵی یەکەمی حوکمڕانیدا.

5- تواندنەوەی (یان کونترۆڵکردنی) هەمو کولتور و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان لەچوار چێوەی بەرژەوەندی باڵای ناسیۆنالیستی تورکدا.

شێوەی یاسایی بۆ سیستمی حوکمڕانی و دامەزراوەکانی کۆماری تورکیا، واپۆڵێنکراوە، کە سیستمێکی پەرلەمانییە، لەبەر ئەوەی سەرۆکی کۆمار لە لایەن پەرلەمانەوە دیاریدەکرێت، هەروەها ئەو پارتەی زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی بەدەستهێنابێت، ئەنجومەنی وەزیران پێکدێنێت.

بۆیە، هەروەك دەردەکەوێت، کە حزبە سیاسییەکان بناغەی کاری سیاسی لە تورکیا پێکدێنن، لێرەدا دوای ئەو لێکۆڵینەوە و خستنەڕووی ژیانی حزبایەتی لە تورکیا لە نێوان ساڵانی (1923-2003)، هەوڵدەدەین پوختەی دەرئەنجامە سەرەکی و هاوبەشەکانی بخەینەڕوو:

### یەکەم/

### ئاراستە و روخسارە گشتییەکانی پارتە سیاسییەکان:

رەگوریشەی پارتە سیاسییەکان لە تورکیا بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا، ئـەوەش لەگەڵ دەرکەوتنی کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی و پارتی ئازادی و دواتر کۆمەڵەو رێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکانی دیکە، هەر لەگەڵ ئەو دیاردەیەش، ئەوا دەسەڵاتی ناوەندی لەو وڵاتە پان و بەرینە رووی لە لاوازی کرد، هەروەها هەستی نەتەوایەتی رووی لەگەشەکردن دەکرد، سەرەڕای کاریگەری کولتور و گۆڕانە سیاسی و هزرییەکان لە رۆژئاوا بەسەر چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی.

ئەگەر بەراوردێك بکرێت لە ژیانی پارتایەتی لەناو وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، دەکرێت بوترێت، کە ئەزموونی حزبایەتی لە وڵاتی تورکیا لە هەمو ئەزمونەکانی دیکە کۆنتر و بەردەوامتر بووە.

لە مێژووی سیاسی نوێی تورکیا، ژمارەیەکی زۆری پارت و رێکخراویی سیاسی دامەزراون، رەنگە ژمارەیان لە (200) پارت و رێکخراو زیاتربووبێت، کە لەقۆناغی جیاوازدا دامەزراون و هەندێکیان هەر زوو هەڵوەشانەتەوە، یان درێژەیان هەبووە لە ژێرناوی دیکە، یاخود درێژەیان بەتێکۆشانیان داوە و چەند باڵی جیایان لێجیابۆتەوە و لەگەڵ رێکخراوی دیکە یەکییانگرتووە، لەم بارەوە دەکرێت ئاماژە بە پارتی گەلی کۆماری بکەین، وەك کۆنترین پارت کە لەسەر دەستی مستەفا کەمال دامەزراوە لە ساڵی (1923)دا.

بۆ پۆلێنکردنی ئەو پارت و رێکخراوە سیاسیانە، دەکرێت ئاماژە بۆ چەند رەوتێکی سیاسی جیاواز بکەین، وەك:(2)

1- رەوتی کۆنە پارێزی دیموکرات: نموونەی پارتی دادوگەشەپێدان A.K.P

2- رەوتی چەپی ناوەڕاستی عەلەمانی ئەتاتورکی: نموونەی پارتی گەلی کۆماری C.H.P

-3 ڕەوتی توندڕەوی نەتەوەیی تورکی: نموونەی بزوتنەوەی نەتەوەیی M.H.P

-4 ڕەوتی ڕاستڕەوی ناوەڕاست: نمونەی پارتی ڕێگەی ڕاست D.Y.P لەگەڵ پارتی نیشتمانی دایك ANAP

-5 ڕەوتی پارتە کوردییە یاساییەکان: نموونەی پارتی کاری گەل H.E.P لەگەڵ پارتی دیموکراتی گەل D.E.P

-6 ڕەوتی پارت و ڕێکخراوە چەپە ڕادیکاڵەکان: نموونەی پارتی کۆمۆنیستی تورکیا T.K.P لەگەڵ پارتی کاری تورکی T.I.P.

-7 ڕەوتی پارت و ڕێکخراوە ڕادیکاڵە ئیسلامییەکان: نموونەی حزبوڵڵا، پارتی شەرڤانانی ڕۆژهەڵاتی گەورەی ئیسلام.

-8 ڕەوتی پارتە ئیسلامیە میانڕەوەکان: نموونەی پارتی – ئەلسەلامە-ی نیشتمانی و پارتی – ڕەفاه-.

-9 ڕەوتی پارت و ڕێکخراوە کوردییە ڕادیکاڵەکان: نموونەی پارتی کرێکارانی کوردستان P.K.K.

-10 سەرەڕای ئەو پارتانە بەدەیان پارت و ڕێکخراوی سیاسی بچووك لەڕووی قەبارەوە بێت، یان تەمەن، دامەزراون، کەرۆڵیان لەگۆڕەپانی سیاسیدا سنوردار بووە. نمونەی: پارتی گۆڕانی گەورە، پارتی ڕاپەڕین، پارتی یەکگرتنی سۆسیالیستی، پارتی سەوز، پارتی لاوانی کۆماری دیموکراسی، پارتی نوێ، پارتی ئەنادۆڵی مەزن، پارتی تورکیای مەزن، پارتی ئەرکە گرنگەکان، پارتی گەل، پارتی تورکیای سۆسیالیستی، پارتی ژیانەوە، پارتی بەرگری ئیسلام، پارتی ئازادی و دیموکراسی، پارتی لیبراڵی دیموکراسی، پارتی تورکیای سەربەخۆ، پارتی دادوەری کۆمەڵایەتی، پارتی نیشتمانی، پارتی کشتیارو جوتیاران، پارتی موڵکدارو چالاکی تایبەت...هتد.

**دووەم/**

**رۆڵی سوپا لەژیانی سیاسی تورکیادا:**

یەکەم: دەستێوەردانی دامـەزراوەی سەربازی لەژیانی سیاسی تورکیادا، دیاردەیەکی نویٚ نیە لەو وڵاتە، بەڵکو ئەو دۆخە بۆ قوڵایی خودی ئەو دەوڵەتە دەگەڕێتەوە، لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانیدا، هەروەك لەرێڕەوی رووداوەکانی مێژوودا دەردەکەوێت.

زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بوترێت، کە سوپای تورکیا بنچینەکانی ژیانی سیاسی تورکیای رێکخستووە هەر لەسەردەمی دامەزراندنی ئیپمراتۆرییەتی عوسمانیەوە، تا قۆناغی دامەزراندنی کۆماری نوێی تورکیا.

کاتێك مستەفا کەمالیش بووە فەرماندەی سوپاو دەوڵەتی کۆماری تورکیای دامەزراند، ستراتیژی ئەو لە مامەڵەکردن لەگەڵ سوپادا، ئەوا دوو لایەنی سەرەکی گرتۆتە خۆی:

1- دڵنیابوون لەگەڕانەوەی سوپا بۆ ناو سەربازگەکانی دوای جەنگی سەربەخۆیی و دوورکەوتنەوەی لەکاری سیاسیدا.

2- سوپا وەك سیمبولێك بێت بۆ نوێگەری و پارێزەری سیستمی کۆماری و عەلمانیەت لەتورکیا.

زنجیرە کودەتا سەربازییەکان کە لەتورکیا رویانداوە لە ساڵانی (1960 – 1971 – 1980) ئاماژەن بۆ چەند بابەتێکی گرنگ، دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوە کورتییان بکەینەوە:

أ) بوونی رۆڵێکی ئاشکراو هەستپێکراوی دامـەزراوەی سوپا، ئەو رۆڵەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە سوپا پارێزەری هەر شەش بنەماکەی سیستمی کەمالیزمە لە تورکیادا، (کۆماری، نەتەوەیی، میللی، دەوڵەتگەری، عەلمانیەت، شۆڕشگێڕی)

ب) دامـەزراوەی سوپا ماوە ماوە لەژێر پەردەی پارێزگاریکردنی بەهاو

کەلەپوری ئەتاتورکی، هەوڵیداوە بوونی خۆی بسەلمێنێت لەژیانی سیاسیدا، ئەو دیاردەیەش ئاماژەیەکە بۆ بوونی حاڵەتێك لە ململانێی نهێنی لەنێوان سوپا و سیاسەتمەداران، هەمان ئەو حاڵەتانەش لە وڵاتانی جیهانی سێیەم روویانداوە و روودەدەن، بەڵام شێواز و تایبەتمەندی خۆیان هەیە.

ج) گەڕانەوەی سوپا ماوە ماوە بۆ ژیانی سیاسی، ئەوە دەسەلمێنێت، کە ئەو دامەزراوەیە، بە رۆڵی گروپەکانی فشار هەڵدەستێت، لەکاتێکدا ئەو بۆتە بەشێك لە سیستمی سیاسی و لە ئاستی دامەزراوە دەستورییەکان، بە پێی دەستوری ساڵی (1982)ی تورکیا.

**سێیەم/**

**ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی:(3)**

دوای کودەتا سەربازییەکەی ساڵی (1960) دامەزراوە، کاتێك سوپای تورکیا دەستی بەسەر کاروباری وڵاتدا گرت، هەر بە مەبەستی دەستڕۆیشتن و زاڵبوون بەسەر کاروباری وڵاتدا، ئەو ئەنجومەنە زیاتر لەچوار دەیەی بەردەوام، دەستی لەکاروباری سیاسی و قەدەغەکردنی پارتە سیاسییەکاندا هەبووە، شێوەی پێکهاتنیشی لە ساڵی (1960) زۆربەی ئەندامانی لە دامەزراوەی سوپا و ئەمنی وڵاتدا بوون.

بەڵام ساڵی (2003) پەرلەمانی تورکیا، بڕیاری لەسەر چەند گۆڕانکارییەکی دەستوری دا، کە پەیوەندی بە پێکهاتەو دەسەڵاتەکانی ئەو ئەنجومەنەوە هەبووە، ئەو بڕیارە دەستوریانە دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی والێکرد، وەك دەزگایەکی راوێژکاری کاربکات، هەروەها زۆرترین ئەندامانی لە مەدەنیەکان پێکهاتبوون، ئەرکەکانیشی زیاتر راسپاردە و راوێژپێکردن بووە، دیارە ئەو گۆڕانکاریەش لەکارەکانی ئەنجومەن بۆ رۆڵی پارتی دەسەڵاتدار، پارتی دادو گەشەپێدان دەگەڕێتەوە، ئەو ئەنجومەنە پێکهاتەکەی بریتیی بوو لە: سەرۆك

کۆمار، سەرۆك وەزیران، وەزیری بەرگری، وەزیری دەرەوە، وەزیری ناوخۆ، سەرۆك ئەركانی سوپا، فەرماندەی هێزەكانی: وشكانی، ئاسمانی دەریایی، دەرەكی، بەڵام سەرەڕای ئەو دەسكاریانە لەپێكهاتە و دەسەڵاتەكانی ئەنجومەن، ئەوا سیاسەتی گشتی وڵات هەر لەلای ئەوەوە دادەڕێژرێت و بڕیاری لەسەر دەدرێت.

**چوارەم/**

**لە خەسڵەتە گشتیەكانی ژیانی پارتایەتی لەتوركیا:**

1- دینامیكیەتی سیستەمی حزبایەتی لەو وڵاتـە، چەند خەسڵەت و تایبەتمەندییەكی گۆڕانكارییەكانی ئەو سیستەمە دەردەخـات، هەروەك لەو دیاردانەی خوارەوە دەردەكەوێت:

• زۆربوونی رادەی جەمسەرگەری لەناو پارتەكان، لەم بارەوە دەبینین دوركەوتنەوە لە ناوەندی پارت روودەدات، چ بەلای راست بێت یان بەلای چەپدا، ئەوكارە بەجۆرێكی توند روودەدات، رەنگە ئەوەش ئەنجامێك بێت بۆ هەڵبژاردنەكان، ئەگەر سەرنجی ئەو ئەنجامانە بدەین هەروەك لەخشتەكان دەردەكەون.

• روودانی پاشەكشەكردن، لەو بۆچوونەی كە پاڵپشتی دەكرد لەدەستێوەردانی سوپا لەژیانی پارتەكان.

• ئەگەرچی دیاردەی ئیسلامی سیاسی لە ساڵانی حەفتاكانی سەدەی رابردو بەدواوە، رووی لەپەرەسەندن كردووە، بەڵام رەهەندی عەلمانیەت لەتوركیا توانیویەتی ئەو دیاردەیە سنوردار بكات و تاڕادەیەكیش بیپوكێنێتەوە.

• پارتە سیاسییەكان لـەڕووی رێكخراوەییەوە بـەزۆری خـاوەن بنكەی جەماوەری و پاڵیشتی بەهێزنین، ئەو پارتانە زیاتر دەستەبژێرێكی سیاسین لەچوارچێوەی گەمە سیاسیە بۆرژوازییەتەكە دەجوڵێنەوە، ئەم حاڵەتەش

زۆربەی پارتە عەلمانیە لیبراڵەکان دەگرێتەوە، ئەگەر پارتەکانی گەلی کۆماری و دادوگەشەپێدانی لێدەربکەین.

2- پێکهاتەی تایفی لەتورکیا کاریگەری بەسەر پارتە سیاسییەکانەوە هەیە، هەروەك دەبینرێت زۆربەی کۆمەڵگەی تورکیا سوننەن، بەڵام کەمایەتیەکیشی شیعەن، ئەو شیعانەش زیاتر لایەنگری پارتێکییان کردووە (پارتی یەکگرتن)، ئەمە جگە لە کاریگەری رێباز و گرووپە ئاینیەکانی دیکە.

3- پشتگیریکردن لە پارتە سیاسییەکان بەستراوەتەوە بەجۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان گروپ و کۆمەڵەکانی بەرژەوەندی، ئەگەر ئەو پەیوەندییانە راستەوخۆش نەبووبن، هەندێکجار ئەو پشتگیرییە سنوردار بووە بە کاریگەری پەیوەندییە ئابورییەکان، بۆ نمونە پارتی گەلی کۆماری بە جۆرێکی بنچینەیی پەیوەندییەکانی خۆی بە بیروکراسییەتەوە پاراستووە، لە کاتێکدا پارتە دیموکراسییەکان و دواتر پارتی داد (کەبووە یەکێك لە پارتە سەرەکییەکان بە خێرایی)، لایەنگری چین و توێژ و ئەو گروپانەی بەدەستهێنا کە لە راپەڕیندا بـوون، یان خەباتیان دەکـرد لەپێناو هەستانەوە و رابووندا لە دەرەوەی کەرتی گشتیدا، بۆیە پارتە سەرەکی و بچوکەکان بەزۆری تۆڕی بەرژەوەندییە ساسییەکان بوونە، هەر لەگەڵ پەرەسەندنی رکابەری لەنێوانیاندا، ئەوا پلەو پاداشتەکان لەنێوان لایەنگرانیان پاوان دەکرا.

4- پارتە سیاسییەکان لە تورکیا رۆڵێکی گەورەیان هەیە لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و بەشداریکردن لە پرس و کاروباری وڵاتدا، ئەگەر ئەو پارتانە بەشداربن لە حوکمڕانیدا لەناو پەرلەمان یان لەحکومەت بە هۆی وەزیرەکانیانەوە، یاخود لەو پارتانە بن، کە لە پێگەی ئۆپۆزسیۆندان رەخنە لە بڕیارەکان دەگرن و پێشنیازی دیکە دەخەنەڕوو، کاریگەرییان لەسەر رای گشتی دەبێت.

5- ژیانی پارتایەتی لە تورکیا بەفرەییەکی یەکجار زۆر دەناسرێت، ئەگەر

لەسەر ئاستی سیستمی حزبایەتی بێت، بە گشتی یان لەناو رەوتێك و ئاڕاستەی سیاسیدا بن.

6- هەر لە خەسڵەتەکانی ژیانی پارتایەتی لە تورکیا، گۆڕانکارییە خێراکان لە ژیان و دروستبوونی پارتەکان، پارت و رێکخراوی زۆر درووستدەبن و لە ماوەیەکی کورتدا هەڵدەوەشێنەوە یان دادەخرێن، یاخود دابەش و پارچەپارچە دەبن و زاوزێدەکەن و دوبارە هەندێکیان یەکدەگرنەوە و پارت و رێکخراوی سیاسی دیکەیان لێپێکدێت، لەژێر ناوی دیکەدا، یا چەند جارێك لەژێر ناوێك چەندین پارت دروستدەبن.

رەنگە هۆکاری ئەو دیاردەیەش بە زۆری بۆ دوو هۆی سەرەکی بگەڕێتەوە، جیاوازی لە ئاستی رۆشنبیری سەرکردە و کادرەکانیان، یان دەستێوەردانی دەزگاکانی هەواڵگری و ئەمنی تورکیا بێت، ئەم حاڵەتەش زۆرتر بەرامبەر پارت و هێزە چەپە رادیکاڵەکان بەکاردێت و دەردەکەوێت.

7- جیاوازی و بەرزی و نزمی لە ئاستی ئەرك بەجێگەیاندنی سیاسی پارتەکان، هەروەها دەربارەی ئەنجامەکانیان، کە بە دەستیدەهێنن لە هەڵبژاردنە گشتی و شارەوانییەکان.

ئەو دیاردەیەش زۆرتر لە پارتەکانی دەسەڵات بەدیدەکرێت، دیارە ئەوەش بێتوانایان دەردەخـات لە ئاست چارەسەکردنی کێشە ناوخۆییەکانی وەك: هەڵاوسانی ئابوری، بێکاری و جیاوازی چینایەتی...هتد.

8- پارتە عەلمانیە لیبراڵەکان، بە زۆری دەکرێت لە خانەی پارتی بەرژەوەندی دوور لە ئایدیۆلۆژیای سیاسی پۆلێن بکرێن، زیاتر بایەخ بە دەستکەوت دەدەن لە رەفتاری سیاسی ناوخۆیان، دیارە ئەوەش هۆکارێك بووە بۆ دروستبوونی پەیوەندییە دەرەکییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتانی بیانی.

9- لە خەسڵەتە دیارەکانی سیستمی سیاسی و پارتایەتی لە تورکیا، دیاردەی توندوتیژییە، ئەو دیاردەیە لەناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی رابردو

بەشێوەیەکی تایبەت پەرەیسەند.

ئەو دیاردەیە رەگوڕیشەی لە قوڵایی کۆمەڵگەی تورکی داکوتابوو، دیارە هۆکارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و مێژووییە، هەروەها ئەو شێوازە تایبەتییە لە حوکمڕانی، کە لە راستیدا بووە هۆکاری ئەو قەیرانانەی بەرەوڕووی کۆمەڵگەی تورکیا بۆتەوە، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی سیستمی کۆمارییەوە، سەرەڕای ئەو سیاسەتە ئابوری و کۆمەڵایەتییانەی پەیڕەوکراون تا ساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابردو، (بە تایبەت) و دواتریش تاڕادەیەك.

ئەو بارودۆخەش هۆکاربوو بۆ کۆتاییهاتن بە سیستمی تاکحزبی و پیادەکردنی شێوازی فرەحزبی، کە لە تایبەتمەندییەکانیدا، بوونی ململانێی حزبایەتی و سیاسی توند، داڕمان و هەڵاوسانی ئابووری وڵات، کودەتا سەربازییەکان، ناکۆکی و ململانێی نەتەوایەتی و پاشکۆیەتی تورکیا بۆ سیستمی سەرمایەداری جیهانی.

هەروەها دەکرێت بوترێت، کە ئەو گۆڕانکارییە لە ژیانی حزبایەتی، واتە گۆڕان لە سیسمی تاکحزبییەوە بۆ سیستمی فرەحزبی، گۆڕانێکی سروشتی نەبووە، لە ئەنجامی پەرەسەندنی هێزە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی وڵاتدا نەهاتۆتەدی، ئەوەندەی گۆڕانێك بووە لەسەرەوە سەپێنراوە و رۆڵ و کاریگەری دەستەبژێری ناو کۆمەڵگەی تێدابووە.

لەکۆتاییدا دەردەکەوێت، کە درووستبوونی پارتە سیاسییەکان لە تورکیا، رەنگدانەوەی دۆخێکی سروشتی پەرەسەندن و گەشەکردنی هێزە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان نەبووە، وەك چین و توێژی خـاوەن ئـەرك، کە تواناکانی گەشەکردنییان بۆ رەخسابێت لە سێبەری ئەو سیاسەتانەی کە لە وڵاتدا پەیڕەوکراون لە سەرەتای دامەزراندنی سیستمی کۆمارییەوە.

بەڵکو ئەو شێوازە لە ژیانی حزبایەتی بۆ بەرژەوەندی چەند گروپێکی کۆمەڵایەتی و ئاڕاستەیەکی ئایدیۆلۆژی دەگەڕێتەوە.

**پێنجەم/**

**دەربارەی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان.**

ڕووبەری کوردستانی باکور (تورکیا) بە (94) هەزار کم2 مەزەندە دەکرێت، ڕێژەی(4) دانیشتوانی کوردیش لە تورکیا بە (15-20%)ی کۆی دانیشتوان دادەنرێت، کە بە ژمارە (15) ملیۆن کەس دەبێت، بەسەر (11) هەرێمدا (زیاتریش) دابەشبوون.

کورد لە کورستانی باکور ئاستێکی گەورەی چالاکی سیاسی نواندووە لەپێناو داکۆکیکردن لە پێناسەی نەتەوایەتی و بەدیهێنانی مافەڕەواکانی، بزوتنەوەی کوردایەتی کاریگەری گەورەی هەبووە بەسەر ڕێڕەوی سیاسەت لەو وڵاتەدا، بەتێڕوانینی دەوڵەتی تورك، کورد بەردەوام سەرچاوەی هەڕەشە بووە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوایەتی ئەو وڵاتە.

سیاسەتی حکومەتی تورکیا، هیچ کاتێك لە ئاست کێشەی کورد سەرکەوتو نەبووە، بەڵکو کێشەکە هەمیشە برینێکی خوێناوی بــووە، دەبینین لە کوردستانی باکور نزیکەی (250) هەزار سەربازی تورك جێگیر کراون، ناوچەکە لەبارێکی ئابوری کۆمەڵایەتی دواکەوتو ماوەتەوە، لەژێر باری سیاسەتی نائاسایدا ژیاوە، ململانێ و توندوتیژی بۆ ماوەی دوورودرێژ بەگەرمی سێبەری ناوچەکەی داپۆشیوە، ئاکامی ئەو ئەزموونەش بۆ هەموو لایەکی سەلماندووە چ دەسەڵاتدارانی تورك بن یان هێزە سیاسیەکانی کورد، کە ڕێگەی چارەسەر پێویستی بەشێوازی دیکە هەیە.

کورد لەتورکیا ژمارەیەکی گەورەی پارت و ڕێکخراوی سیاسی پێکهێناوە، ئەو پارت و ڕێکخراوانەش شێوازی کارکردنی جیاوازییان گرتۆتەبەر، سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و خەباتی چەکداری، هەوڵیانداوە لەگەڵ قۆناغەکانی تێکۆشان خۆیان بگونجێنن.

لێرەدا ئاماژە بەگرنگترین خەسڵەت و تایبەتمەندیی ئەو پارت و ڕێکخراوانە دەکەین:

1. له توركيا، دامەزراندنی هەر پارت و رێكخراوێكی سیاسی بەناوی كورد، رێگە پێنەدراوە، بەو پێیەش زۆربەی پارت و ریكخراوە سیاسیە كوردییەكان بەشێوەیەكی نهێنی كاریانكردووە. ئەو پارتانەی رێگەشییان پێدراوە، ناوی كوردو كوردستانیان هەڵنەگرتووە، سەرەڕای ئەوەش بەردەوام بەتۆمەتی لایەنگری یان پاڵشتی سیاسەتی پارتی كرێكارانی كوردستان، هەڕەشەو مەترسی داخستنی بارەگاكانیان لەسەر هەبووە و چەند جارێكیش روویداوە.

2. پاش تێكشكاندنی شۆڕشەكانی دەرسیم و ئاگری داغ، بۆماوەی زیاتر له (30) ساڵ كورد چالاكیە سیاسیەكانی كپبۆتەوە، بەتایبەتی لەدوای كۆمەڵەی خۆیبوون، هیچ چالاكیەكی سیاسی رێكخراوەیی هەستپێناكرێت، تا له ناوەڕاستی شەستەكان پارتی دیموكراتی كوردستانی - توركيا دامەزرا، ئەگەرچی ئەو پارتەش وەك پێویست نەیتوانی یەكگرتویی ریزەكانی خۆی بپارێزێت و رابەرایەتی كاری سیاسی بگرێتە ئەستۆ.

3. پارت و رێكخراوە سیاسییە كوردییەكان، ئایدیۆلۆژیای جیاوازیان پەیڕەوكردووە، ناسیۆنالیستی، سۆسیالیستی، كۆمۆنیستی، دیموكراسی، بەڵام بیرۆكەی جەوهەری و ئامانجی سەرەكیان كوردایەتی بووە.

4. ئەزموونی حزبایەتی له كوردستانی باكور، لەماوەی سەدەی رابردودا بەچەند ئاڕاستە و چەند قۆناغێكدا تێپەڕبووە، دەكرێت ژیانی سیاسی پارتایەتی لەو ماوەیەدا بەمجۆرەی خوارەوە پۆلێنبكەین:

• پارت و كۆمەڵە كوردستانییەكان، لەسەرووبەندی كەوتنی دەسەڵاتی عوسمانی، كە خەسڵەت و تایبەتمەندی جیاوازییان هەبووە، لەڕووی ئایدیۆلۆژیا و كاری سیاسی.

• پارت و كۆمەڵە كوردستانییەكان، له دەرەوەی توركيا و بەنهێنی دامەزراون، وەك كۆمەڵەی خۆیبوون.

• پارت و ڕێکخراو، کە خەباتی سیاسی چەکدارییان پیادەکردووە، دیارترینیان (PKK).

• ئەزموونی کاری حزبایەتی بۆ تێکۆشەرانی کورد لەناو پارت و ڕێکخراوە چەپ و شۆڕشگێڕەکانی تورکیا، کە بەنهێنی کاریاندەکرد، وەك پارتی کرێکارانی تورکیاو کۆمەڵەی (د.د.ك.د).

• ئەزموونی حزبایەتی کەسایەتی و دەستەبژێرەکانی کورد لەناو پارت و ڕێکخراوە تورکیەکان، عەلمانی و ئایینی، بەتایبەتی دوای قۆناغی فرەحزبی لەو وڵاتەدا.

• ئەزموونی پارتی کوردی ئاشکرا کە یاسا ڕێگەی پێدابێت، وەك پارتی دیموکراتی گەل.

5. ئەگەرچی ڕەخنەی زۆر ئاڕاستەی پارت و ڕێکخراوە سیاسییە چەپەکانی تورکیا دەکرێت، لە ئاست بێهەڵوێستییان دەربارەی کێشەی کورد، بەڵام ئەو پارت و ڕێکخراوە چەپانە بوونە دەرفەتێکی سەرەکی لەبەردەم بەشێك لەتێکۆشەرانی کورد، تا بەشەداری لە پرۆسەی سیاسیدا بکەن، کە دواجار کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی هەڵوێستی ئەو پارتانەش هەبووە بەرامبەر بەداخوازییەکانی کورد.

6. پارت و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان لەزۆربەی قۆناغەکانی خەباتدا، ململانێی توند لەنێوانیاندا پەیدابووە، سەرەڕای ململانێی ناوخۆیی، هۆکارەکانی ئەو دیاردەیەش ڕەنگە ئایدیۆلۆژیا و سیاسی بووبێت، یان پێگەو دەسەڵات پاوانکردن بێت.

7. پارت و ڕێکخراوە کوردستانیەکان بەشێوەیەکی گشتی لەبونیاد و کاری ڕێکخراوەییان، کاریگەربوونە بەپارتە کۆمۆنیستەکان، زاراوە و شێوازی ئەوانیان بەکارهێناوە.

**شەشەم/**

**پارت و ڕێکخراوە چەپە رادیکاڵەکان:**

1- بیروباوەڕی چەپ و سۆسیالیزم، لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لەناو تورکیادا بڵاوبۆتەوە و پەرەیسەندووە، ئەگەر لەرێگەی رۆشنبیران و تێکۆشەرانی چەپخوازانەوە بوو بێت، بە هۆی پەیوەندییەکانیان بەوڵاتانی ئەوروپا، یان بە هۆی کاریگەری شۆڕشی ئۆکتۆبەری (1917) روسیا بوو بێت.

لەم بوارەدا تێکۆشەرو رۆشنبیرانی ئەرمەن و بولگار و کەمە نەتەوایەتیەکانی دیکەی ناو تورکیا رۆڵی کاریگەرییان هەبووە.

2- هەر لەسەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە، هزری سۆسیالیزمی بەرەوڕووی رکابەرییەکی بەرنامەڕێژی توندی دەسەڵات بۆتەوە، بە مەبەستی تێکدان و لاوازکردنی بە هەموو جۆرێك، تا کار گەیشتە رادەی دەستێوەردانی دەزگاکانی ئاسایشی دەوڵەت.

3- کۆنترین پارتی چەپی رادیکاڵ لە تورکیا، پارتی کۆمۆنیستی تورکی بووە، ئەو پارتە ئەگەرچی رێگەی کاری یاسایی پێنەدراوە، بەڵام ژمارەیەك دڵسۆزو تێکۆشەری هەبووە، بە هۆی بارودۆخەکەوە وەك پێویست گەشەینەکردووە، بەڵکو رووی لە لاوازی کردووە و کاریگەریشی لەناو کۆمەڵگەی تورکیدا لەسنورێکی تەسکدا بووە.

ئەو هەلومەرجەی پارتی کۆمۆنیستی تورکیا تێیدا ژیاوە دەکرێت هۆیەکانی زیاتر بۆ پاشکۆیەتی بۆ سیاسەتەکانی مۆسکۆ بگەڕێتەوە، سەرەڕای جەختکردنەوە لە ئایدیۆلۆژیای پرۆلیتاریای پیشەسازی، کە رووی لە گەشەکردن بوو، بەڵام پێگەو هێزی کۆمەڵایەتی و ئابوری لاوازبوو لەناو کۆمەڵگەی تورکیادا.

لەم بارەوە پارتی کرێکاری تورکیا، زیاتر دەرفەرتی گەشەکردنی هەبووە و بزوێنەری بنچینەی هێزی چەپ بووە لەو وڵاتە، ئەو پارتە لەساڵانی شەستەکانی

سەدەی رابردو بەدواوە، رێگای کاری یاسایی پێدراوە و توانیوێتی پاڵپشتی بەشێك لە سەندیکای کرێکاران بەدەستبێنێت و کاریگەریشی لەناو رۆشنبیران هەبێت.

4- شاری ئیستەمبوڵ لەکۆتاییەکانی دەوڵەتی عوسمانی و لەسەروبەندی دامەزراندنی دەوڵەتی کۆماری، پێگەو سەرچاوەی ئەزموونێکی زۆر بووە بۆ رۆشنبیران و لایەنگرانی چەپ، بە هۆی بڵاوبوونەوەی رۆژنامەو کتێب و شەپۆلێك لە وەرگێڕانی کتێبەکانی (مارکس، لینین، تروتسکی)، شانبەشانی کاری رێکخراوەیی رۆشنبیرانی زۆر لایەنی سیاسی.

5- بزوتنەوەی چەپ، دوای کودەتا سەربازیەکەی ساڵی (1960) لە تورکیا و رێگەپێدان بە ئازادی حزبایەتی، بەرەوڕووی حاڵەتێکی زۆروبۆری جەماوەری هات، ئەوەش دیاردەی نەرێنی زۆری لێپەیدابوو.

لەسەرەتای شەشتەکانی سەدەی رابــردوو، بە هۆی فراوانبوونی سنوری ئازادییە دیموکراسییەکان، رەوتی رۆشنبیری لەو وڵاتە دەرگایەکی کارای بۆ کرایەوە، تارۆڵی خۆی ببینێت لە رۆشنبیرکردن و هۆشیارکردنەوە و ئاڕاستەکردنی جەماوەر، لەڕووی تیۆرییەوە، بەڵام لەڕووی رێکخراوەییەوە، تواناکانی خۆرێکخستنی جەماوەر، زۆرکەم و کورتی تێیدا بەدیدەکرا، کەململانێ و ناکۆکییە ناوخۆییەکان بەسەریدا زاڵبوو.

لەم قۆناغەدا زۆربەی رەوتە چەپەکان، چەمکێکی تەواو راستیان لانەبووە دەربارەی سۆسیالیزم و هەڵسەنگاندنی قۆناغە مێژووییەکەی کۆمەڵگە، زۆرێك لەو چەپانە وا لە سۆسیالیزم تێگەیشتبوون کە خەباتکردن بێت لەپێناو ئەو مافانەی بورژایەتی بچووك هەوڵی بۆ دەدات.

6- لە ساڵانی حەفتاکانی ســەدەی رابــردو بــەدواوە، بەشێك لەو چەپە رادیکاڵانەی، کە بەکاری رێکخراوەیی شۆڕشگێڕی و دیموکراسی هەڵدەستان، گەیشتنە ئەو بــاوەڕەی، کە کاری سیاسی ئاشتیانەی جەماوەر بەس نییە و

ئامانجەکانیان جێبەجێناکات، بەڵکو پێویست دەکات شێوازی خەباتی دیکە پیادەبکرێت، بۆچوونیان وابوو، کە شێوازی خەباتی چەکداری و ڕێگای شۆڕش، ڕێگایەکی لەبارەو لە ئامانجەکانیان نزیکدەبنەوە.

ئەم بڕیارە چەندین دەرئەنجامی نەرێنی لێپەیدابوو، وەك پەیدابوون و دروستبوونی ژمارەیەکی زۆری ڕێکخراو و گروپی سیاسی چەکداری، کاریگەر بە تەوژمی هزری ماوی و شۆڕشەکانی ئەمەریکای باشورو ڕێبازی جیڤارا، ئەو گروپ و ڕێکخراوانە سەرەڕای ناکۆکی و ململانێیە ناوخۆییەکانیان، بەرەوڕووی دژایەتی ڕێکخراوی گورگە بۆرەکان بوونەوە (بزوتنەوەی نەتەوەیی) بە پاڵپشتی لایەنی دیکەی کۆنەپارێز.

هەردوولا، ئەم دوو ئاڕاستە سیاسییە دژە، هەوڵیانداوە دەست بەسەرشەقام و ناو زانکۆکاندا بگرن، دیارە لەو ململانێ و تێهەڵچونانە ژمارەیەکی زۆر کوژران و زیانیان پێگەیشت، هەرچەندە دۆخەکە هاوتایی تێدا نەبوو، بە هۆی دەستڕۆیشتوویی بزوتنەوەی نەتەوەیی بە پاڵپشتی دەسەڵات.

ئەو بارودۆخە درێژەیکێشا تا بەرپابوونی کودەتا سەربازییەکەی (12ی ئەیلولی 1980)، کە کۆتایی بە ژیانی حزبایەتی هێناو دەستی بەسەر کاروباری وڵاتدا گرت و ژمارەیەکی یەکجار زۆری سیاسەتمەدار و تێکۆشەرانی زیندانیکرد.

7- بەشێوەیەکی گشتی بیروبۆچوونی چەپی رادیکاڵ دەربارەی کێشەی کورد و مافە نەتەوایەتی و دیموکراسییەکان، هەمان ئەزموونی زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەمی دوبارەکردۆتەوە، ئەو هێزە سیاسییانە، لایەنە چینایەتیەکەیان لاگرنگ و لە پێشتر بووە، تا مافی نەتەوایەتی بەڵام پاشان بە هۆی رووداوەکان و وەك حاڵەتێکی ناچار (دیفاکتۆ) لەبەرنامەکانیان باسی کورد و کێشەکەی بکەین و بڕیار لەسەرمافە نەتەوایەتیەکانی بدەن.

**حەوتەم /**

**ئیسلامی سیاسی و پارتە ئیسلامییەکان.**

1- ئەو بیروباوەڕ و هزرە ئیسلامیانەی لە هەردو جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بڵاودەبنەوە، بەتایبەتیش ئەوانی لە وڵاتانی ئێران و پاکستان و میسرەوە سەرهەڵدەدەن، لەناو کۆمەڵگەی تورکی بەشێوەیەکی فراوان پێشوازیان لێدەکرێت، بەڵام ئەو پێشوازی لێکردنەش جیاوازی تێدا بەدیدەکرێت بە پێی جیاوازییەکان لەنێوان ئاست و بیرو بۆچوونی رۆشنبیران و رادەی نزیکبوونەوەیان لە تێگەیشتنیان بۆ ئیسلام.

ئەوەی جێگەی سەرنجەو وەك دیاردەیەکی ئاسایی دەبینرێت، لەناو کۆمەڵگەی تورکی تێگەیشتنی بەرز هەیە بۆ ئەو هزر و بیرو بۆچوونانەی، کە زیاتر مۆرکی سازدان و لێکنیزیکبوونەوە و میانڕەویان هەڵگرتووە (لەناو دەستەبژێرانی کۆمەڵگە) لەگەڵ هەوڵدان بۆ سازان لەنێوان ئیسلام و بیری نەتەوایەتی، لەنێوان ئیسلام و عەلمانیەت، لەنێوان ئیسلام و دیموکراسییەت.

دیارە ئەو حاڵەتەی کە بەدیدەکرێت لە تورکیا، گەڕانە بەدوای خاڵی هاوبەش و لەبار، لەپێناو گەیشتن بەچارەسەرییەکی مامناوەندی بۆ هەموو کێشەکانی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوری دەبێت ئەوەش بزانین، کە رەوتی ئیسلامی سیاسی لە تورکیای ئەمڕۆ، درێژەپێدان نییە بۆ میراتی عوسمانی و دامەزراوەی خەلیفایەتی (ئەگەرچی کاریگەری هزری ئەو سەردەمی هەر بەسەرەوەیە)، هەڵگرانی بیری ئیسلامی لە تورکیا وەك هەمو هێزە ئیسلامییەکانی دیکە، خەڵکێکن زیاتر ئینتیمایان بۆ توێژی ئەنتلجنسیای نوێ هەیە، خوێندنیان لە پەیمانگا و زانکۆ نوێیەکان تەواوکردووە، پەرۆشی ئایندەی تورکیاشن.

2- رەوتی ئیسلامی سیاسی لە تورکیا، بە چەند قۆناغێکدا تێپەربووە:

دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا لە ساڵی (1923) تا ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو، ئەم رەوتە بریتیبوو زیاتر لەو رێباز و هزرە سۆفیگەرییانەی بە وڵاتدا بڵاوببونەوە، لەناو تەکیە و نزرگەکانیاندا چالاکییان هەبووە، بەڕێوشوێنی ئایینی

تایبەت هەستاون، ئامۆژگاری پەیڕەوکارانیان کردووە، بەڵام جیاوازی و ناکۆکیش لەنێوانیاندا هەبووە، بێئەوەی بەشدارییەکی ئاشکرایان لەسیاسەتدا هەبێت، ڕەنگە بەشێکیان ببونە پاشکۆی دەسەڵات، لەم بارەوە هەندێك کەسایەتی و سیاسەتمەداری سەرەتاکانی سەردەمی کۆماری، هەوڵی دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوی سیاسییان داوە، کە پەیڕەوی هزری ئیسلامی بکات، بەڵام ئەو هەوڵانە زۆر لاوازبـوون و نوشوستییان هێنا بە هۆی پێنەگەیشتنی هەلومەرجی بابەتی و ناوخۆیی.

لەگەڵ سەرەتای پەنجاکان (سـەدەی بیستەم) کە دەرفەتی فرەحزبی سەریهەڵدا، ئاڕاستەکانی ئیسلامی سیاسی چالاکیەکانیان بەدەرکەوت، چەند ڕێکخراو و پارتێکی سیاسییان پێکهێنا، بەڵام هەر زو هەڵوەشاونەتەوە و ڕێگرییان لێکراوە، دواتر لە حەفتاکانی سەدەی رابردو بەدواوە ئەو ڕەوتە گەیشتە لوتکەی ڕێکخستن بە دەرکەوتنی نەجمەدین ئەربەکان.

**بەگشتی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لەتورکیا، دەکرێت پۆلێنبکرێتە سەر سێ بەش:**

أ) ڕێبازو گروپە سۆفیگەرییەکان، وەك نەقشبەندی، تینجانی، سلێمانی.

ب) گروپە ڕێکخراوە ئیسلامیە رادیکاڵەکان، وەك شەرڤانانی ڕۆژهەڵاتی گەورە، حزبوڵڵا.

ج) پارتە ئیسلامیە سیاسییەکانی دوای ساڵانی حەفتا، کەرێبازێکی میانرەوانەیان پیادەکردووە، وەك: پارتی نیزامی نیشتمانی، سەلامەی نیشتمانی، پارتی ڕەفاە.

3- ئیسلامی سیاسی لەتورکیادا، لەساڵانی حەفتاکان بەدواوە، هەوڵیداوە خۆی بە شێوەیەکی مۆدێرن ڕێکبخات، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین پارتی ئیسلامییان پێکهێنا.

بزوێنەر و بیرمەندی دامەزرێنەری ئەو پارتانە (نەجمەدین ئەربەکان) بووە،

کەوەك باوکێکی روحی بووە بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی، تا دامەزراندنی پارتی دادو گەشەپێدان، ئیتر کۆتایی بەرۆڵی ئەربەکان هات.

4- پارتە ئیسلامیە سیاسیەکان، لەڕووی کاری رێکخراوەییەوە، بەم خەسڵەت و تایبەتمەندییانە دەناسرێن.

أ) بوونی پەیکەری رێکخراوەیی لەخوارەوە تا سەرەوە (بەهەمانشێوازی پارتە چەپە رادیکاڵەکان، بەڵام جیاواز لەناو و زاراوەکان) لەسەر بنەمای پلەبەندی و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و دیاریکردنی مافەکان.

ب) بایەخدان بەڕێکخستنی ژنان و گەنجان بەشێوەیەکی تایبەت.

ج) دروستکردنی چەندین ئۆرگان و رێکخراوی کۆمەڵایەتی و پیشەیی و رۆشنبیری.

5- خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی پارتی دادو گەشەپێدان:

لە ساڵی (2002)وە دەسەڵاتی لە تورکیا بەدەستەوە گرتووە، لەزۆر بوار سەرکەوتنی باشی بەدەستهێناوە، هێزی جەماوەری لە لوتکەدایە، ئەم پارتە دەکرێت وا تەماشابکرێت، وەك تێکەڵەیەکی ئایدیۆلۆژیای تەبا، لەنێوان ئیسلامی رۆحی و عەلمانیەتی سیاسی.

(عەبدوڵڵا گول)ی سەرکۆمار، کە یەکێکە لە سەرکردەکانی ئەم پارتە، وتویەتی: پارتی دادو گەشەپێدان وەك پارتە مەسیحیە دیموکراتەکانی ئەوروپایە.

ئەم پارتە لەمیانەی ئەزموونی سیاسیدا چەند خەسڵەتێکی خستۆتەڕوو:

أ) لەرووی گوتاری سیاسییەوە:

گوتاری ئەم پارتە بەوە دەناسرێت، کە لەزمانی ئایدیۆلۆژیا و دروشم و بیروباوەڕە داخراوەکان (کە پێشتر ئامادەدەکرێن)، دەچێتە دەرەوە بۆ زمانی زانین و زانیاری و توێژینەوە و داتاکان، هەموو ئەو بوارانەی لە بەیاننامەی هەڵبژاردنی پارتەکە و لە کۆنگرەی گشتی ساڵی (2002) خستۆتەڕوو.

ب) لەرووی سەرکردایەتیەوە:

سەرکردەکانی ئەم پارتە کۆمەڵە کەسانێکی بەتەمەن گەنج و شارەزا، تواناو

زانیاری باشیان هەیە، خوێندنەوە و تێگەیشتنیان بۆ گۆڕانکارییەکانی دەوروبەر هەیە، تواناو لێهاتوویی بڕیاری ئازایانەیان هەیە.

ج) تێگەیشتن و ئاسۆی سیاسییان بۆ ڕووداوەکان، خوێندنەوەیان بۆ گۆڕانکاری و هاوکێشە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان تارادەیەکی زۆر سەرکەوتووانە بووە.

**هەشتەم/**

**ئامارو زانیارییەکان، دەربارەی پێگەی پارتەکان، لەهەڵبژاردنە گشتی و شارەوانیەکانی تورکیا، لەنێوان ساڵانی (1950 – 1997).**

**خشتەی ژمارە (1)**

**ڕێژەی ئەو دەنگانەی بەدەستهێنراون لەهەڵبژاردنە گشتیەکان، بە پێی ساڵەکان(5)**

| ز | ساڵی هەڵبژاردن | پارتە گەورەکان (سەرەکیەکان) | پارتە بچووکەکان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| .1 | 1950 | 92.6 | 7.4 | ڕێژەکان سەدییە (٪) |
| .2 | 1954 | 91.4 | 8.5 | |
| .3 | 1957 | 87.9 | 12.1 | |
| .4 | 1961 | 73 | 27 | |
| .5 | 1965 | 81.6 | 18.4 | |
| .6 | 1969 | 73.9 | 26.1 | |
| .7 | 1973 | 75 | 25 | |
| .8 | 1977 | 80.1 | 19.9 | |
| .9 | 1983 | 98.3 | 1.1 | |
| .10 | 1987 | 88.7 | 11.3 | |
| .11 | 1991 | 83 | 17 | |

تێبینی: لە پارتە گەورەکانی نێوان ساڵانی (1950 – 1991)، ئەوانەی لە هەڵبژاردنەکان دەنگی زۆریان هێناوە، پارتی دیموکراسی، پارتی گەلی کۆماری، پارتی داد، پارتی ئەلسەلامەی نیشتمانی، پارتی ڕێگەی ڕاست، پارتی نیشتمانی

دایك، بەڵام پارتەکانی دیکە دەنگی کەمیان هێناوە، وەك: پارتی نەتەوە، پارتی جوتیارانی کۆماری، پارتی کرێکارنی تورکی، پارتی تورکیا نوێ، پارتی یەکگرتنی تورکیا، پارتی متمانەی کۆماری.

**خشتەی ژمارە (2)**

**دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمان**

**أ) دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمان لەنێوان (1991 - 1995)(6).**

| زنجیرە | ناوی پارتەکان | دوای هەڵبژاردنی 1991 | | لە 1993 - 1995 | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارەی کورسییەکان | رێژەی سەدی | ژمارەی کورسییەکان | رێژەی سەدی |
| .1 | پارتی رێگای راست DYP | 178 | 39.56 | 183 | 40.67 |
| .2 | پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی میللی SHP | 88 | 19.56 | 53 | 11.78 |
| .3 | پارتی نیشتمانی دایك ANAP | 115 | 25.56 | 98 | 21.78 |
| .4 | پارتی چەپی دیموکراتDSP | 7 | 1.56 | 3 | 0.67 |
| .5 | پارتی رەفاه RP | 62 | 13.78 | 40 | 8.89 |
| .6 | بزووتنەوەی نەتەوەییMHP | — | — | 13 | 2.89 |
| .7 | پارتی دیموکراتی چاکسازی IDP | — | — | — | — |
| .8 | پارتی گەلی کۆماری CHP | — | — | 20 | 4.44 |
| .9 | پارتی دیموکرات DEP | — | — | 17 | 3.78 |
| .10 | پارتی نەتەوە MP | — | — | 2 | 0.44 |
| .11 | پارتی یەکگرتن گەورەBBP | — | — | 7 | 1.56 |
| .12 | پارتی نوێ YP | — | — | 3 | 0.67 |
| .13 | سەربەخۆکان | — | — | 4 | 0.89 |
| .14 | کورسی بەتاڵ | — | — | 7 | 1.56 |
| .15 | کۆی گشتی | 450 | | 450 | |

**خشتەی ژمارە (3)**

**ب) دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمانی تورکیا لە هەڵبژاردنی (24ی کانونی یەکەمی 1995) تا (12ی تەموزی 1997)(7)**

| ز | نـــــاوی پـــارتـــەکان | کورسیەکانی پەرلەمان | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | 12/ 1995 | 11/ 1996 | 6/ 1997 | 7/1/ 1997 | 7/12/ 1997 |
| 1. | پارتی رەفاه | 58 | 160 | 155 | 154 | 154 |
| 2. | پارتی رێگای راست | 135 | 119 | 116 | 104 | 98 |
| 3. | پارتی نیشتمانی دایك | 132 | 128 | 129 | 132 | 132 |
| 4. | پارتی چەپی دیموکرات | 76 | 73 | 67 | 67 | 67 |
| 5. | پارتی گەلی کۆماری | 49 | 49 | 49 | 49 | 49 |
| 6. | پارتی یەکگرتنی گەورە | ــــ | 7 | 7 | 7 | 7 |
| 7. | پارتی تورکیای دیموکرات | ــــ | ــــ | 7 | 15 | 15 |
| 8. | پارتی تورکیای گەورە | ــــ | 1 | 1 | 1 | 1 |
| 9. | پارتی نەتەوە | ــــ | ــــ | 1 | 2 | 2 |
| 10 | سەربەخۆکان | ــــ | ــــ | 2 | 2 | 2 |
| 11 | کورسی بەتاڵ | ــــ | ــــ | 2 | 2 | 2 |
| | کۆی گشتی | 550 | 550 | 550 | 550 | 550 |

تێبینی:

ئەو گۆڕانانە لەژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی تورکیا، ئەندامانی چەند پارتێك لەنێوان ساڵێك بۆ ساڵێکی دیکە، بە هۆی وازهێنان یان دەستلەکارکێشانەوە، یاخود جێگۆڕکێ لە پارتێکەوە بۆ پارتێکی دیکە روویداوە.

**خشتەی ژمارە (٤)**

**ڕێژەی سەدەی دەنگەکانی پێنج پارتە یەکەمەکە**

لەنێوان (١٩٨٩ - ١٩٩٥)




**خشتەی ژمارە (٥)**

**گۆڕان لەدەنگی پارتەکانی ڕاست و چەپ و ڕەفاه (٩)**

لەنێوان (١٩٨٧ - ١٩٩٥)



**خشتەی ژمارە (٦)**

**ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی شارەوانییە لاوەکییەکان (٪) (١٠)**

**٢/حوزەیرانی/ ١٩٩٦**



# پاشکۆی کەسایەتیەکان

**مستەفا کەمال (11)**

کوڕی فەرمانبەرێکی بچووکی حکومەت بوو، ساڵی (1881) لەناوچەی سالونیکا لەدایکبووە، خوێندنی لەقوتابخانەکانی سەرەتایی و ئامادەیی سەربازی تەواوکردووەو ساڵی (1904) لە کۆلێژی سەربازی دەرچووە، پەیوەندی بەکۆمەڵەی (ئیتحادو تەرەقی) کردووە کاتێ لەناوچەی (مەکدۆنیا) دامەزراوە ساڵی (1907)، ئەندامی لیژنەی ئەفسەرانی (ئیتحادی)ەکان بووە، رۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە لەسوپای -کار- ساڵی (1909).

هـەروەك دەریشدەکەوێت سەر بەگروپەکەی جەمال پاشا بووە لەناو لیژنەکەی کۆمەڵەی (ئیتحادو تەرەقی).

ساڵی (1911) گواستراوەتەوە لیبیا، بەشداری جەنگی بەلکانی کردووە لەنێوان (1912 - 1913)و لەشەڕی (ئەنافرتا)ش ناوبانگیدەرکردووە، پلەی سەربازی بۆ (عەمید) بەرزکراوەتەوە ساڵی (1916) و نازناوی پاشای پێدراوە.

لەکۆتاییەکانی جەنگی جیهانی یەکەم بووە بەفەرماندەی بەرەی سوریا لەناو سوپا، پاشان گەڕاوەتەوە پایتەخت و بەکاری سیاسەتەوە خەریك بووە، بەڵام بێئەوەی هیچ سەرکەوتنێك بەدەستبێنێ.

کاتێك مستەفا کەمال وەك پشکنەر بۆ سوپای سێ دیاریکرا، سەرکردایەتی بزوتنەوەی بەگری نیشتمانی کرد لەناوچەی ئەنادۆڵ، لەکۆنگرەی هەرێمایەتی ناوچەی ئەرزڕۆم و لە کۆنگرەی نیشتمانی سیواس لەئەیلولی (1919) دا، بەسەرۆکی لیژنەی نوێنەرایەتی رێکخراوی بەرگریکردن لەمافەکان هەڵبژێردرا.

لە نیسانی (1920) بووە بەسەرۆکی پەرلەمانی نیشتمانی لەئەنکەرە، لەو ماوەیەدا رێکخراوە هەریمایەتیەکانی بەرگریکردنی یەکخست لەیەك رێکخراوی نیشتمانی.

مستەفا کەمال لەنێوان (1920 - 1922) رابەرایەتی جەنگی سەربەخۆیی دژ بە دەوڵەتەکانی یونان، ئیتالیا، فەرەنسا، بەریتانیا کردووە.

لەنێوان ساڵانی (1923 - 1925) پارتی گەلی کۆماری دامەزراندو دەسەڵاتی پاوانکرد، ساڵی (1923) بڕیاری دامەزراندنی کۆماری تورکیا دەرچوو، مستەفا کەمالیش بوو بەسەرۆك کۆمار، تا ساڵی (1938) کۆچی دوایی کرد.

### عیسمەت ئینۆنۆ(12)

عیسمەت ئینۆنۆ (مستەفا عیسمەت بیە) لەساڵی (1884) لەشاری ئەزمیر لەدایکبووە، دەرچـوی کۆلێژی سەربازییە لە ساڵی (1906)، پەیوەندی

بەکۆمەڵەی (ئیتحادو تەرەقی) کردووە لەنێوان (1907 - 1908)، لەسەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا لەژێر فەرماندەی مستەفا کەمال لە ساڵی (1916) کاریکردووە.

لەنێوان ساڵانی (1919 - 1920)، بە شێوەیەکی نهێنی، پەیوەندی بە بزوتنەوەی نیشتمانی کردووە، ساڵی (1921) فەرماندەی بەرەی رۆژئاوای سوپا بووە، سەرۆکی لیژنەی تورکیا بووە لە گفتوگۆ کاتی پەیمانی لۆزان، لەنێوان ساڵانی (1923-1924) یەکەم سەرۆك کۆمار بووە، لەنێوان (1925-1937) سەرۆکی حکومەتی تورکیا بووە، دوای مردنی مستەفا کەمال (1938) بەدواوە، سەرۆکی کۆماری تورکیا بووە تاساڵی (1950).

دانەری یەکەم بەرنامەی ئابوری بووە بۆ تورکیا لەسییەکانی سەدەی بیستەم، فرەحزبی خستە ژیانی سیاسی تورکیا لە (1945)، لەنێوان ساڵانی (1950-1960) وەك سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری لەبەرەی ئۆپۆزسیون کاریکردووە، لەنێوان (1961-1965) سەرۆك وەزیران بووە، لەساڵانی (1965-1971) رابەرایەتی بەرەی ئۆپۆزسیونی کردووە دژ بەپارتی (داد)، ساڵی (1972) لەسەرکردایەتی پارتی گەلی کۆماری وازیهێنا، ساڵی (1973) کۆچی دوایی کرد.

**عەدنان مەندریس(13)**

کوڕی موڵکدارێکی گەورەی زەویوزارە، ساڵی (1889) لەدایکبووە، لە جەنگی جیهانی یەکەم بەشداریکردووە، هەروەها لە شەڕی دژ بە یۆنان (1919)، ساڵی (1930) تێکەڵی کاری سیاسی بووە، سەرەتا بەرپرسی ناوچەیەك بووە لەپارتی ئازادی کۆماری، دواتر پەیوەندی بەپارتی گەلی کۆماری دەکات، ساڵی (1931) وە بۆماوەی (15) ساڵ ئەندام پەرمانی تورکیا بووە، لەهەمانکاتدا لەکۆلێژی ماف خوێندویەتی.

بیروبۆچوونەکانی لەگەڵ گۆڕانکاریدا بووە، ساڵی (1945) بەشداریکردووە لە دامەزراندنی پارتی دیموکراسی، لەنێوان (1950-1960) بووە بەسەرۆك

وەزیرانی تورکیا، دەستی بەسەر کاروباری پارتی دیموکراسی گرتبوو، دوای کودەتا سەربازییەکەی ساڵی (1960) دەستگیردەکرێت و ڕەوانەی دادگا دەکرێت، لە (17ی ئەیلولی 1961) بڕیاری لەسێدارەدانی لەسەر جێبەجێدەکرێت.

## جەلال بایار(14)

جەلال عەبدوڵڵا، ساڵی (1884) لەگوندی (ئوموربەی) سەر بەپارێزگای بورسە لەدایکبووە، باوك و دایکی لەبورلگاریاوە کۆچیانکردووە بۆ تورکیا، خوێندنی ئامادەیی تەواوکردووە، بەفەرمانبەر لە بانکی کشتوکاڵی دامەزراوە، ساڵی (1907) پەیوەندی بە کۆمەڵەی (ئیتحادی تەرەقی)کردووە بەرپرسی لیژنەی شاری ئەزمیر بووە، ساڵی (1919) پەیوەندی بەسوپاوە کردووە، بووە بەفەرماندەی هێزە نیشتمانیەکان لە شاری بورسە، لەسەردەمی مستەفا کەمال بەوەزیری ئابوری دانراوە لە (1921) جێگری مستەفا کەمال بووە لەرابەراتیکردنی پارتی گەلی کۆماری، لەنێوان (1937-1939) سەرۆك وەزیرانی تورکیا بووە، ساڵی (1946) لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە بەشداریکردووە لەدامەزراندنی پارتی دیموکراسی، لەنێوان ساڵانی (1950-1960) سەرۆك کۆماری تورکیا بووە، ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە لەبەستنی پەیمانی بەغداد (سنتو) لەساڵی (1955).

دوای کودەتا سەربازییەکەی (1960) زیندانیدەکرێت، لەلایەن دادگاوە بڕیاری زیندانیکردنی هەتاهەتای بۆ دەردەچێت، لەساڵی (1963) ئازاد دەکرێت، لەنێوان ساڵانی (1963-1964) ماوەیەکی دیکەش زیندانیدەکرێت، لەساڵی (1987) کۆچی دوایی دەکات.

## کازم قەرەبەکر(15)

کازم قەرەبەکر کوڕی (محەمەد ئەمین پاشا)یە، دوای تەواوکردنی خوێندنی لە قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی سەربازی، کۆلێژی سەربازیش لەساڵی (1905) تەواودەکات.

چەندین پلەی سەربازی بڕیوە، تا پلەکەی گەیشتۆتە (عەمید) لەساڵی (1918) لەساڵی (1907) پەیوەندی بەکۆمەڵەی (ئیتحادو تەرەقی) کردووە، پشتگیری تـەواوی مستەفا کەمالی کـردووە، ساڵی (1924) بەئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی (پەرلەمان) دادەنرێت.

دواتر بە هۆی تاکڕەوی مستەفا کەمال، پەیوەندی لەگەڵی تێکدەچێت و لە ساڵی (1924) بڕیاری دامەرزاندنی پارتی (تەرەقی کۆماری) دەدات، تاوانبار دەکرێت بە بەشداریکردنی لە پیلانی کوشتنی مستەفا کەمال. دەدرێتە دادگا، ساڵی (1926)، بەڵام دادگا بێتاوانی دەکات و ئازاد دەبێت.

ناوبراو ماوەیەك لەژیانی سیاسی دووردەکەوێتەوە، دوای مردنی مستەفا کەمال لەساڵی (1938)، کازم دەگەڕێتەوە ناو سیاسەت، لە ساڵی (1945) بەئەندام پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت و بەسەرۆکایەتی پەرلەمان دادەنرێت تامردنی لە (26ی تشرینی دووەمی 1948).

دوای مردنی، یاداشتەکانی دووجار چاپکراوە لە (1951) و (1960) لەتورکیا، دواتر بڵاوکردنەوەی قەدەغەدەکرێت.

**عەلی فەتحی ئوکیار(16)**

ساڵی (1880) لەناوچەی پیپۆل لەدایکبووە، کوڕی ئیساعیل بەگە، لەساڵی (1903) کۆلێژی سەربازی تەواوکردووە، لەساڵی (1907) پەیوەندی بەکۆمەڵەی (ئیتحادو تەرەقی) کـردووەو بووە بەئەندامی بازنەی ناوخۆ و ئەمینداری گشتی کۆمەڵەکە لەساڵی (1911)، بەهۆی ململانێ لەگەڵ ئەنوەر پاشا، سوپای بەجێهشتووە، لەنێوان، ساڵانی (1912-1914) بووە بەئەندامی پەرلەمان، پاشان باڵیۆزی تورکیا لەشاری سوفیاو ساڵی (1917) بووە بەوەزیر، ساڵی (1918) پارتی گەلی لیبراڵی عوسمانی دامەزراندووە، لەدورگەی مالتا بەدیل دەگیرێت لەلایەن هێزێکی بەریتانی و ساڵی (1922) ئازاددەکرێت و پەیوەندی بەسوپای

تورکەوە دەکات، نوێنەری مستەفا کەمال بووەو بە سەرۆکی لیژنەی گفتوگۆ لەگەڵ رۆماو پاریس و لەندەن، دانراوە.

بە هۆی هەڵوێستی بەرامبەر کێشەی کورد، بەرەو رووی رەخنە دەبێتەوە لە لایەن تورکە توندڕەوەکان، بۆیە ساڵی (1925) لەسەرۆکایەتی حکومەت دەستلەکاردەکێشێتەوە، پاشان بەئەندام پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت، ساڵی (1930) بۆ ماوەیەك سەرۆکی پارتی ئازادی کۆماری بووە، لەدۆستە نزیکەکانی مستەفا کەمال بوو، لە (7ی ئایاری 1943) کۆچی دوایی دەکات.

**فەوزی چاقماق(17)**

لەساڵی (1876) لەشاری ئیستەمبوڵ لەدایکبووە، دەرچووی ئەکادیمیای سەربازییە، لەساڵی (1898)، لەسوپای عوسمانی خزمەتیکردووە لەکۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی، پلەی جەنڕاڵی پێدراوە، وەزیری جەنگ بووە لەهەردوو حکومەتی (عەلی رەزا پاشا) و (ساڵح پاشا) ناوبراو پشتگیری بزوتنەوەی نیشتمانی کردووە، ساڵی (1920) وازی لەفەرماندەی کۆلێژی سەربازی هێناوە و پەیوەندی بە هێزی نیشتمانی کردووە بۆ بەرگریکردن لە تورکیا.

لەنێوان (1920-1924) ئەندامی ئەنجومەنی گەورەی وڵات (پەرلەمان) بووە، هەر لە حکومەتی ئەو سەردەمە بووە، بە وەزیری جەنگ و دواتر سەرۆك ئەرکانی سوپا، تا لە ساڵی (1944) خانەنشینکراوە.

لەژیانی سەربازی بیروباوەڕی کۆنەپارێزی هەڵگرتووە، گۆڕانکاری لەکارو ژیانی سەربازی پێ باش نەبووە، ساڵی (1946) پەیوەندی بە پارتی دیموکراسی کردووە، لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار، رکابەری عیسمەت ئینونۆ بووە.

پاشان لە پارتی دیموکراسی دوور کەوتۆتەوە، ساڵی (1948) پەیوەندی بەپارتی نەتەوەیی کردووەو بووە بە سەرۆکی فەخری پارتەکە، لەساڵی (1950) کۆچی دوایی کردووە.

**راغب کەموش بالا(18)**

لەدایکبووی ساڵی (1867)ز یە، لە جەنگی جیهانی یەکەم سەربازبووە لە سوپای عوسمانی، ساڵی (1918) لە لایەن سوپای بەریتانیاوە بەدیلگیراوە، دوای ئازادبوونی، پەیوەندی بەهێزی نیشتمانی کردووە لەناوچەی ئەنادۆڵ بە مەبەستی بەرگریکردن لە وڵات.

ناوبراو رۆڵێکی باڵای گێڕاوە لە دژایەتیکردنی کورد و کپکردنەوەی شۆڕشەکەی ساڵی (1925) لە کوردستانی باکور.

ماوەیەك سەرۆکی دەزگای هەواڵگری سەربازی بووە، ساڵی (1948) پلەی جەنراڵی پێدراوە و ساڵی (1960) بووە بەفەرماندەی سوپای سێی تورکیا، لەهەمان ساڵ بە سەرۆکی ئەرکانی سوپا دانراوە.

دوای خانەنشینکردنی، لەساڵی (1961) پارتی -داد-ی دامەزراندووە، وەك سەرۆکی پارتەکە ماوەتەوە تاساڵی (1965)، رۆڵێکی باشی بینیوە لەپەیوەندییەکانی نێوان پارتی دادو سوپای تورکیا.

**موحسین یازجی(19)**

لەدایکبووی ساڵی (1945)ە، لەناوچەی سیواس رۆژهەڵاتی تورکیا، دەرچوی کۆلێژی (پزیشکی ئاژەڵداری)یە، لەشاری ئەنکەرە، لەساڵی (1968) پەیوەندی بەریزەکانی بزوتنەوەی لاوانی نەتەوەیی کردووە، ساڵی (1978) بووە بە ئەمینداری گشتی ئەو بزوتنەوەیە.

کاری سیاسی لەریزەکانی بزوتنەوەی نەتەوەیی (MHP) دەستپێکردووە، کە لە لایەن (ئەڵپ ئەرسەلان تورکیش) دروستکراوە، لەناو ریزەکانی ئەم بزوتنەوەیە ماوەتەوە تاگەیشتۆتە پلەی یاریدەدەری ئەمینداری گشتی بزوتنەوەکە لەساڵی (1980).

لەدوای کودەتا سەربازییەکەی ساڵی (1980) دەستگیردەکرێت و بۆ ماوەی (7)

ساڵ زیندانیدەکرێت، ساڵی (1991) بەئەندام پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت لەسەر لستی بزوتنەوەی نەتەوەیی، دوای دووساڵ لەبزوتنەوەکە دوردەکەوێتەوە، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی پارتی یەکگرتنی گەورە دادەمەزرێنی، ساڵی (1995) ز، بەهاوپەیمانیەتی لەگەڵ پارتی نیشتمانی دایك بەشداری هەڵبژاردنی گشتی دەکات و دەبێتە ئەندام پەرلەمان، دوای ماوەیەکی کورت دوردەکەوێتەوە.

**ئەکرەم عەلی جان(20)**

ئەندامی سەرکردایەتی پارتی تورکیای نوێ بوو، خاوەن ئەزموونێکی سیاسی گەورەیە لەسەر لیستی پارتی دیموکراسی، لەنێوان ساڵانی (1945-1955)، وەك نوێنەری شاری (کوکایلی) ئەندامی پەرلەمانی تورکیا بووە.

دواتر بە بڕیاری عەدنان مەندریس لە ریزی پارتی دیموکراسی دەرکراوە، لە حکومەتەکەی (لیژنەی یەکێتی نیشتمانی) بووە بە وەزیری ناوخۆ تا مانگی کانونی یەکەمی (1961)، پاشان ژیانی بۆ کاری سیاسی تەرخانکردووە.

**بوڵەند ئەجاوید(21)**

لەساڵی (1925) لەشاری ئیستەمبوڵ لەدایکبووە، خوێندنی لەشارەکانی ئیستەمبوڵ، لەندەن، هارفرد تەواوکردووە، لەبواری رۆژنامەگەری کاریکردووە.

لەنێوان ساڵانی (1957-1960) بووە بەئەندام پەرلەمان لەسەر لستی پارتی گەلی کۆماری، لەو ماوەیەی کەناوبراو سەرۆك وەزیران بووە لەساڵی (1974) بڕیاری داگیرکردنی بەشە تورکیەکەی دورگەی قوبرسی دەرکردووە.

لەنێوان (1973-1974) و ساڵانی (1978-1979) بوڵەند ئەجاوید سەرۆك وەزیران بووە، ساڵی (1980) کاری سیاسی لێ قەدەغەکراوە، هەوڵیداوە بۆ یەکگرتنی پارتە چەپە دیموکراتەکان، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە.

لەهەڵبژاردنی ساڵی (1999) پارتەکەی سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و بووە

بەسەرۆك وەزیرانی توركیا لە نێوان ساڵانی (1999-2002)، بەڵام لە هەڵبژاردنی ساڵی (2003) پارتەكەی تووشی شكستهات.

چەند كتێبێكی بڵاوكردۆتە، وەك: چەپی ناوەڕاست، لەساڵی (1966)، دەبێ ئەو رژێمە هەر برۆخێ، لەساڵی (1967) ئەتاتۆرك و شۆڕش لە ساڵی (1970)، لە (5ی تشرینی دووەمی 2006) كۆچی دوایی كردووە.

**توركورت ئۆزال(22)**

ساڵی (1927) لەشاری ئۆزال لەمەلاتیە لەدایكبووە، هەشتەمین سەرۆك كۆمارو یەكەمین سەرۆكە لەسەردەمی كۆماری لەدایكبووە، دەرچووی كۆلێژی ئەندازیارییە لەزانكۆی ئیستەمبوڵ ساڵی (1950) لەبواری پلاندانان و ئابوری كاری كردووە، هەروەها لەبانكی نێو دەوڵەتی لەحەفتاكانی سەدەی بیستەم، راوێژكاری حكومەتەكەی سلیمان دیمیرێل بووە، بەشداری لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی كردووە لەشاری ئەزمیرو لەسەر لیستی پارتی -ئەلسەلامە-ی نیشتمانی بەڵام سەرنەكەوت.

ساڵی (1977) بووە بەجێگری سەرۆك وەزیران، ساڵی (1983) پارتی نیشتمانی دایكی دامەزراند، لە (9ی تشرینی دووەمی 1989) بووە بە سەرۆك كۆماری توركیا.

هەوڵیداوە چارەسەری ئابوری توركیا بكات، زۆربەی پڕۆژەكانی بەرەو كەرتی تایبەت بردووە، هەوڵیداوە ڕێگا چارەیەك بۆ كێشەی كورد بدۆزێتەوە، پەیوەندییەكانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی باشكردووە، پشتگیری هێزە ئیسلامیەكانی بۆسنەی كردووە، دەسەڵاتی سوپاو هەواڵگری خستەژێر دەسەڵاتی حكومەت، لەنیسانی (1993) كۆچی دوایی كردووە، گومان دەكرێت كە ژەهرخواردوو كرابێت.

جەنگیزچاندار، لەكتێبەكەی (شەمەندوفێری میزۆپۆتامیا) نووسیویەتی:

لەناو بەرپرسانی دەوڵەتدا (تورکیا) زیاتر لەهەمووان تورگوت ئۆزال مێشکی خۆی بەچارەسەرکردنی کێشەی کورد سەرقاڵدەکرد، ئۆزال لەلوتکەی دەسەڵاتی دەوڵەتدا، دەوڵەتمەدارێکی تەنیابوو.

**سلێمان دیمیرێل(23)**

لەگوندێکی ناوچەی ئیسپارتە ساڵی (1925) لەدایکبووە، ئەندازیاری (هایدرۆلیك) زانستی ئاو بووە، بەرپرسی بەرنامەکانی دروستکردنی بەنداوەکان بوو لەسەردەمی عدنان مەندریس.

ساڵی (1960) لەبواری بازرگانی و کاروباری دارایی کاریکردووە، ساڵی (1964) بە سەرۆکی پارتی داد هەڵبژێردراوە، چەندین جار بووە بەسەرۆك حکومەتی تورکیا لەساڵانی (1965-1971) و (1974-1978) و (1979-1980) و (1991-1993).

دوای کودەتا سەربازییەکەی ئەیلولی (1980) ڕێگای کاری سیاسی لێ قەدەغەکراوە، ساڵانی (1984-1987) رابەرایەتی پارتی ڕێگای راستی دەکرد لەپشتی پەردەوە، لەنێوان ساڵانی (1993-2000) وەك نۆیەم سەرۆك کۆماری تورکیا هەڵبژێردرا، دوای ئەوەی وازهێنانی خۆی لەپارتەکەی راگەیاند.

**ئەردال ئینۆنۆ(24)**

کورە گەورەی سیاسەتمەداری بەناوبانگ عیسمەت ئینۆنۆیە، ساڵی (1926) لەدایکبووە، دەرچووی کۆلێژی فیزیایە لەزانکۆی ئەنکەرە ساڵی (1947)، پلەی دکتۆرای (PH.D) لەکالیفۆرنیا وەرگرتووە، لەزانکۆکانی: برنستۆن، ئوك ریدج، لەگەڵ (رۆژهەڵاتی تەکنیکی) لەئەنکەرە کاریکردووە، ساڵانی (1970-1971) سەرۆکی زانکۆی رۆژهەڵاتی تەکنیکی (MET) بووە، زانایەکی دیارە لەتورکیا.

ساڵی (1983) پارتی دیموکراتی کۆمەڵایەتی دامەزراندووە، ساڵی (1991)

جێگری سەرۆك وەزیرانی تورکیا بووە، لە (12ی ئەیلولی 1993) بڕیاری وازهێنانی لە سەرۆکایەتی ئەو پارتە داوە لەجێگای ئەو موراد قەرە یالتشین هەڵبژێردرا.

**تانسۆشیلەر(25)**

سالّی (1944 یان 1946) خاتو تانسۆ لەشاری ئیستەمبوڵ لەدایکبووە، ساڵی (1967) خوێندنی لەزانکۆی بوغازجی تەواوکردووە، دواتر بۆ ماوەی دوو ساڵ لەزانکۆی (نێوهاشیر)ی ئەمەریکی بابەتی ئابوری خوێندووە، ساڵی (1971) بڕوانامەی دکتۆرای لەزانکۆی (بیلی) ئەمەریکی بەدەستهێناوە.

لەنێوان (1970-1979) وەك مامۆستا لەزانکۆی (بوغازجی) وانەی وتووەتەوە، لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەم بووە بە ئەندام لەپارتی (ڕێگای ڕاست) لەسەر داوای سلیمان دیمیرێل.

ساڵی (1991) بەئەندام پەرلەمان هەڵبژێردراوە لەسەر شاری ئیستەمبوڵ، پاشان وەك وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئابوری لەحکومەتەکەی سلیمان دیمیرێل کاریکردووە، ساڵی (1993) بووە بەسەرۆکی پارتی ڕێگای راست و سەرۆکی حکومەتی تورکیا.

**مسعود یەلماز(26)**

لەدایکبووی ساڵی (1947)ە، دەرچووی کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی (ئەنکەرە)یە ساڵی (1971) ماستەری لەزانکۆی (کۆڵۆنیا)ی ئەڵمانی وەرگرتووە، دواتر لەبواری پیشەسازی و دامەزراوەکانی دەوڵەت کاریکردووە، ساڵی (1983) لەدامەزراندنی پارتی نیشتمانی دایك بەشداریکردووە، بەئەندام پەرلەمان هەڵبژێردراوە لەسەر ناوچەی (رایز)، بووە بەوەزیری کاروباری دەرەوە لەحکومەتی تورکیا، لەنێوان ساڵانی (1987-1990) و لەنێوان (1991-1996) بەسەرۆك وەزیران دانراوە، سەرکردایەتی باڵی لیبراڵی کردووە لەناو پارتی نیشتمانی دایك.

**ئەڵپ ئەرسەلان تورکیش(27)**

لەدایکبووی دورگەی (قوبرس)ە لەساڵی (1917)، ناوە راستیەکەی خۆی (حوسین فەیزولا)یە، ناوی خۆی گۆڕی بۆ (ئەڵپ ئەرسەلان تورکیش) کەناوی یەك لەسوڵتانەکانی عوسمانی بوو، خوێندنی سەرەتایی لەقوبرس تەواوکردووە، لەتەمەنی (16) ساڵیدا لەگەڵ خێزانەکەی قوبرسیان بەجێهێشتووەو لەشاری ئیستەمبۆل نیشتەجێبوون، لەساڵی (1939) دەچێتە ریزی سوپای تورکیا، لەکاتی جەنگی نێوان ئەڵمانیاو تورکیا، زیندانیدەکرێت، بەهۆی لایەنگری بۆ ئەڵمانیا.

ساڵی (1948) رەوانەی ئەمریکا دەکرێت بۆ خوێندنی سەربازی، لەوێ کۆلێژی ئەرکان دەخوێنێت، بۆ زیاتر شارەزایی سەربازی رەوانەی ئەڵمانیا دەکرێت.

بیروباوەڕی سیاسی، توندڕەو و نەتەوەپەرست بووە، کاتێ ئەندامی لیژنەی یەکێتی نیشتمانی دەبێت (دوای کودەتا سەربازییەکەی ساڵی 1960) لەگەڵ ئەفسەرە پلە نزمەکانی ناو سوپا، دژایەتی خۆیان بۆ چاکسازی دیموکراسی رادەگەیەنن، جەخت لەسەر لایەنی نەتەوەپەرستی و هزری تۆرانیزم دەکەنەوە، هەوڵدەدەن کودەتایەك ئەنجامبدەن بەسەر رژێمەکەی عەدنان مەندریس، هەر بەهۆی ئەو هەڵوێستانەی لەگەڵ سێ ئەفسەری دیکە لە لیژنەی یەکێتی نیشتمانی دەردەکرێن و بۆ وڵاتی هێندستان دوور دەخرێنەوە.

ساڵی (1963) دەگەڕێتەوە تورکیاو دەست بەکاری سیاسی دەکات، بەشداریدەکات لە هەوڵێکی کودەتایی دژ بەحکومەتەکەی عیسمەت ئینۆنۆ.

لەنێوان ساڵانی (1969-1980) دەبێتە ئەندام پەرلەمانی تورکیا، لەنێوان ساڵانی (1974-1977) دەبێتە جێگری سەرۆك وەزیران.

ساڵی (1980) دوای کودەتا سەربازییەکەی تورکیا، زیندانیدەکرێت و لەژیانی سیاسی دووردەخرێتەوە، ساڵی (1987) دووبارە دەگەڕێتەوە ناو کاری سیاسی، لەساڵی (1997) کۆچی دوایی دەکات.

**مستەفا سوبحی(28)**

لەدایکبووی ساڵی (1883)ی ناوچەی (گرایسوم)ی سەر دەریای ڕەشە، خوێندنی لەقوتابخانەکانی ئەو شارە تەواوکردووە، دەرچووی کۆلێژی مافە لەئیستەمبوڵ، ماوەیەك لەشاری پاریس کاریکردووە، پاشان ساڵی (1910) گەڕاوەتەوە، ئیستەمبۆل بۆ وانەوتنەوە لەبواری یاساو کۆمەڵایەتی و ئابوری.

ساڵی (1914) لەلایەن ڕژێمی عوسمانیەوە دووردەخرێتەوە، دواتر بەدیل دەگیرێت لەروسیا و تاساڵی (1917) و لەزیندان دەبێت، دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری (1917) ئازاددەکرێت، لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری ئازەربایجان روو لەشاری باکۆ دەکات، کاتەکانی هەمووی بۆ کارو گەشەکردنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی تەرخاندەکات، لەتورکیا، ساڵی (1918) ڕۆژنامەی (دونیای نوێ) دەردەکات، ئەو ڕۆژنامەیە گوزارشت لەبیروبۆ چوونی سۆسیالیستە تورکەکان دەکات، بەشداریدەکات لەکۆبوونەوەکانی سۆسیالیستی نێو دەوڵەتی لەکانونی دووەمی (1918)، هەروەها کۆنگرەی یەکەمی حزبە کۆمۆنیستەکان لە ئازاری (1919)، ئەندامی کۆنگرەی گەلانی ڕۆژهەڵات دەبێت لەساڵی (1920).

دوای پێکهێنانی پارتی کۆمۆنیستی تورکیا، لەدەرەوەی وڵات، مستەفا سوبحی لەگەڵ (15)کەسی دیکە لەکادرانی سەرکردایەتیەکانی پارتەکەی بەرەو تورکیا دەگەڕێنەوە، لە نزیك شاری (ترابزون) لەسەردەریای ڕەش، لەلایەن هێزێکی نەناسراو هەموویان دەکوژرێن و تەرمەکانیان دەخرێتە ناو دەریای ڕەش.

دەربارەی ئەم رووداوە، دەستی تاوان بۆ ڕژێمی تورکیا درێژدەکرێت.

**محەمەد عەلی ئایبار(29)**

لەدایکبووی ساڵی (1910)یە، دەرچووی کۆلێژی مافە لەزانکۆی ئیستەمبوڵ لەساڵی (1939)، ناوبراو لەبنەماڵەیەکی هەبوو بووە، هاوڕێی نزیکی شاعیری بەناوبانگی تورك (نازم حیکمەت) بوو، ماوەیەك دەچێتە فەرەنسا بۆ خوێندن،

دەگەڕێتەوە ئیستەمبوڵ و دەبێتە مامۆستای یاسای نێو دەوڵەتی، لەساڵی (1942) رووی لەکاری سیاسی کردووە، بیروباوەڕی سۆسیالیستی کاری تێکردوە، ناوبراو لەو چەپە کەمانە بوو کە باوەڕیان بەسیاسەتی کرانەوە هەبووە.

بەهۆی بیروباوەڕەکەی لەساڵی (1946) لەسەر کارەکەی دوور دەخرێتەوەو لەساڵی (1947) بۆ ماوەی سێ ساڵ و نیو زیندانیدەکرێت، لەنێوان ساڵانی (1962-1969) دەبێتە سەرۆکی پارتی کاری تورکی، ساڵی (1965) بەئەندام پەرلەمانی تورکیا هەڵدەبژێردرێت، ساڵی (1969) لەپارتی کار دوور دەکەوێتەوە، ساڵی (1995) کۆچی دوایی دەکات.

**بەهیجەبوران(30)**

لە (1ی ئایاری 1910) لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لەشاری ئیستەمبوڵ تەواوکردووە، خوێندنی باڵای لەزانکۆی - مەشیگان -ی ئەمەریکا تەواوکردووە لەبواری کۆمەڵناسیدا.

دوای گەڕانەوەی بۆ تورکیا لەساڵی (1939) وەك مامۆستا دامـەزراوە لەکۆلێژی (زمان و مێژو و جوگرافیا) لەزانکۆی ئەنکەرە، دیارە لەو سەردەمە دەبوایە هەموو لایەك پابەندی ئایدیۆلۆژیای فەرمی کەمالیزمی بن لەزانکۆکانی تورکیا، بۆیە هەرزوو بەهیجە رووبـەڕووی ئەو بۆچوونە دوگمایە بۆتەوە، بەهیجە شانبەشان ئەرکی مامۆستایی، بایەخی بەلایەنی رۆشنبیری گشتی داوە، سەرەتای چالاکیەکانی لەم بوارەدا دەرکردنی گۆڤارێك بوو بەناوی (وڵاتمان و جیهان)، هەروەها گۆڤاری (هەنگاوەکان) لەسەرەتای ساڵی (1941)، بەڵام ئەم دوو گۆڤارە لەساڵی (1944) لەدەرچوونی قەدەغەکران، خۆشی بەهۆی نووسینی لەو گۆڤارانە، لەدەوامی زانکۆ دوورخرایەوە.

ساڵی (1946) بەهیجە ژیانی هاوسەرگیری پێکدێنێ، ساڵی (1950) لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە، کۆمەڵەی (خۆشەویستانی ئاشتی) دادەمەزرێنن،

بەهیجە ڕەخنەی توندی لەحکومەتەکەی عەندنان مەندریس گرتووە بە هۆی نادرنی هێزی سەربازی بۆ کۆریا، کاردانەوەی ڕژێم بەرامبەر ئەو هەڵویستە زیندانیکردنی بەهیجە بوو بۆ ماوەی (15) مانگ.

ساڵی (1953) جارێکی دیکە بەهیجە بۆ ماوەی یەك ساڵ زیندانیدەکرێت بەهۆی بڵاوکردنەوەی هزری مارکسی، (1963) دەبێتە ئەندامی پارتی کرێکارانی تورکیا، ئەو پارتە لەماوەیەکی کەمدا بووە بەهێزێکی سیاسی گرنگ و لەهەڵبژاردنی ساڵی (1963) ڕێژەی (3%) دەنگەکانی بەدەستهێناوە، بەهیجە لەیەکەم کۆنگرەی پارتەکەی بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت.

ململانێیەکی هزری توند لەنێوان بەهیجە و سکرتێری پارتەکە محەمەد عەلی ئایبار ڕوودەدات.

تا لەساڵی (1969) محەمەد عەلی ئایبار ناچاردەبێت لەو پارتە دوور بکەوێتەوە، لە کۆنگرەی چوارەمی پارتەکە ساڵی (1970) بەهیجە بەسکرتێری پارت هەڵدەبژێردرێت، هەر بەهۆی هەڵوێستی ئەم پارتە لەکێشەی کورد، ڕێگای کارکردنی ئاشکرای لێ قەدەغە دەکرێت و بەهیجە بۆ ماوەی (15) ساڵ زیندانیدەکرێت، بەڵام تەنها دوو ساڵ لەزیندان دەمێنێتەوە.

ساڵی (1975) دووبارە بەهیجە پارتی کار دادەمەزرێنێت و دەبێتەوە بەسکرتێری پارتەکە، بەڵام لەو هەڵوێستەی دەربارەی مافەکانی کورد پاشگەزدەبێتەوە، دوای کودەتاکەی ئەیلولی (1980)، ڕێگا لەپارتی کار دەگیرێت، بەهیجەو ژمارەیەك لەچەپەکان زیندانیدەکرێن و پاش ئازادبوونیان، ڕوو لەئەوروپا دەکەن، بەهیجە لەشاری بروکسل لە (10ی تشرینی یەکەمی 1987) کۆچی دوایی دەکات.

**شەفیق حوسنی دەمیر (31)**

د. شەفیق لەبنەماڵەی جولەکەکانی سلانیکە، لەدایکبووی ساڵی (1887)، خوێندنی پزیشکی لەشاری پاریس تەواوکردووە پێش جەنگی یەکەمی

جیهانی، لەو ماوەیەی کەلە ئەوروپا بووە، هزرو بیروباوەڕەکانی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی کاریگەری بەسەریەوە هەبووە، بە تایبەتی هزری بزووتنەوەی سپارتاکۆسی سۆسیالیستی ئەڵمانیا لەساڵی (1918).

ناوبراو ماوەیەك وەك پزیشك لەنەخۆشخانەی سەربازی سوپای فەرەنسا کاریکردووە، لەرۆژنامەکانی (ئایدنلك) و (کورتولوش)ی تورکی بابەتی بڵاوکردۆتەوە، دوای گەڕانەوەی بۆ تورکیا، لەساڵی (1946)، پارتی کرێکارو جوتیارانی تورکیای دامەزراندووە کەڕێگای فەرمی پێنەدراوە، بۆ کارکردن.

د.شەفیق، لەساڵانی (1925، 1926، 1952) زیندانیکراوە بۆ ماوەی جیاواز، لە نێوان ساڵانی (1929-1939) لەدەرەوەی تورکیا ژیاوە، بەشداری لەکۆنگرەی کۆمۆنیستی شەشەم و حەوتەم کردووە، ساڵی (1958) کۆچی دوایی کردووە.

**کەمال تورکلەر(32)**

لەدایکبووی ساڵی (1926) بەهۆی سەختی بارودۆخی ژیان، کەمال نەیتوانیوە خوێندنی لەکۆلێژی ماف لەشاری ئیستەمبوڵ تەواوبکات، چالاکیەکانی زیاتر لەبواری کاری سەندیکایی ئەنجامداوە تابەهاوکاری کرێکارانی دیکە توانیان لە ساڵی (1945) سەندیکای کرێکارانی کانەکان دامەزرێنن و کەمال ببێتە سەرۆکی ئەو سەندیکایە.

لەسەرەتای شەستەکان سەدەی رابردوو کەمال لەگەڵ کۆمەڵە چالاکوانێکی دیکەی ناو سەندیکای کرێکاران، لەیەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی (ئیش) جیادەبێتەوە بەهۆی ملکەچی ئەو سەندیکایانە بۆ دەسەڵات.

بۆیە لەمانگی کانونی دووەمی (1967) بڕیاری دامەزراندنی یەکێتی سەندیکای کرێکارانی چەپ (دیسك) دەدەن، کە پەیوەندی لەگەڵ پارتی کاری تورکیا هەبووە.

دواتر کەمال بەسەرۆکی ئەو یەکێتیە هەڵدەبژێردرێت، ناوبراو لەدامەزراندنی پارتی کاری تورکیاش بەشداریکردووە.

لەگەرمەی رووداوەکانی ساڵی (1980) لەنێوان چەپ و توندڕەوە شۆڤێنیەکانی تورك، کەمال تیرۆردەکرێت.

**نازم حیکمەت (33)**

ساڵی (1910) لەناوچەی سلانێك لەدایکبووە، لەبنەماڵەیەکی خاوەن سامان و دەسترۆیشتو بووە، باپیری والی ویلایەتی سوریا بووە لەسەردەمی عوسمانیەکان.

لەژیانی لاوێتی نازم چەند رووداوێك کاریگەری بەسەریەوە هەبوە، لەوانە داگیرکردنی ئیستەمبوڵ لەلایەن هێزی هاوپەیمانان لەساڵی (1919)، خەباتی خەڵکی تورکیا لەپێناو سەربەخۆیی لەنێوان ساڵانی (1919-1923)، هەروەها شۆڕشی ئۆکتۆبەری رووسی لەساڵی (1917).

نازم لەچەند قوتابخانەیەکی سەرەتایی و سەربازی لەشاری ئیستەمبوڵ خوێندنی تەواوکردووە، بەهۆی نەخۆشیەوە لەجێبەجێکردنی ئەرکی سەربازی دواکەوتووە.

هەر لەوماوەیەدا توانای وەك شاعێرێك دەرکەوتووە، لەماوەی جەنگی رزگاری نازم پەیوەندی بەلەشکری تورکیاوە کردووە، کە مستەفا کەمال سەرکردایەتیکردووە، وەك دەردەکەوێ مستەفا کەمال زۆر بایەخی بەنازم داوە، بۆیە هاوکاریکردووە بۆ ئەوەی بچێتە (یەکێتی سۆڤێت) بۆ خوێندن لەبواری ئابوری سیاسی، نازم تا ساڵی (1926) لەبواری رۆژنامەگەری و چاپخانەکان کاریکردووە، لەژێر ناوی (ئۆرخان سەلیم)ەوە نووسینەکانی بڵاوکردۆتەوە، ساڵی (1930) بەشداریدەکات لەدامەزراندنی رێکخراوێکی کۆمۆنیستی، هەربەهۆی نووسینەکانی لە (1932) دەستگیردەکرێت و ساڵی (1938) بۆ جاری دووەم زیندانیدەکرێت، بەهۆی بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی مارکسی لەناو سوپادا، رەوانەی دادگا دەکرێت و بۆماوەی (28) ساڵ بڕیاری زیندانی بۆ دەردەچێت،

ساڵی (1950) لەزیندان ئازاددەکرێت، روو لەیەکێتی سوڤیەت دەکات، ساڵی (1963) لەشاری وارشۆ (پایتەختی پۆڵەندا) کۆچی دوایی دەکات.

## غیون زیلیلی(34)

لەدایکبوو ساڵی (1946)ە، یەك لە سەرکردەکانی پارتی کاری جوتیاری شۆڕشگێڕی تورکیا بوو، لەساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو ئەندامی پارتی کار بووە لەژێر سەرکردایەتی (دوغو بیر ینتشیك)، لەئەنجومەنی ناوەندی بۆ ڕیکخستنی لاوان – ئەنجومەنی یانە هزرییەکانی تورکی، کاریکردوە.

ساڵی (1970) لەریزی پارتی کاری تورکی دەرکراوە، پەیوەندی بەدەستەیەك کردووە کەلە دەوری گۆڤاری پرولیتیر (د. یفرمچی ئایدین یك) کۆبوونەتەوە، لەحوزەیرانی (1971) زیندانیکراوە بۆ ماوەی سێ ساڵ بەتاوانی پەیوەندیکردن بەپارتێکی قەدەغەکراو، دوای یەك ساڵ بەهۆی لێبوردنی گشتی ئازاد کراوە.

## لەبیروباوەڕەکانی غەیوەن:

من لایەنگری ڕێبازی شۆڕشگێڕە پرۆلیتاریەکانم، مەترسی گەورەی سەرگەلانی جیهان لەلایەن، ئیمپریالیزمە سۆسیالیستەکانەوەیە، ئیمپریالستە سۆسیالیستەکان رکابەری لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمەریکی دەکەن لەتورکیا، حکومەتی بەرەی نیشتمانیش بەشداری لەو کارەدەکات.

لەم بوارەدا ئەرکی خەباتی جەماوەر، بریتی دەبێت لەبەهێزکردنی یەکێتیان و روونکردنەوەی مانای لاوان بۆ جەماوەری فراوان و بەرپاکردنی شۆڕش دژیان، پێویستە پەیوەندییەکان بەجەماوەرو ڕاکێشانی جوتیاران هەوڵی بۆ بدرێت، بەڵێنی چاکسازی کشتوکاڵیان پێبدرێت، خەباتیان دژی دەرەبەگایەتی رێکبخرێت، هەروەها یەکێتی لەنێوان کرێکارو جوتیاران بێتەدی.

**دەنیز گەزمیش(35)**

کوردێکی شۆڕشگێڕی چەپخوازی تورکیا بـوو، سەرکردەیەکی سوپای رزگاریخوازی گەلی تورکیا بوو: (تورکیا خەلك کورتولوس ئۆردسو)، ئەم ڕێکخراوە لەنێوان سالانی (1970-1971) دامەزراوە، بڕیاری خەباتی چەکداریان داوە دژی دەوڵەتی تورکیا.

ساڵی (1972) دەنیز دەستگیردەکرێت، بەتاوانی کوشتن لەلایەن دادگا لەتورکیا، بڕیاری لەسێدارەدانی لەسەر جێبەجێدەکرێت.

رێکخراوەکەش، دوای کوشتنی گەزمیش بەسەرچەندین ڕێکخراوو گروپی بچووك دابەشدەبێت.

**مەهری بیللی(36)**

لەدایکبووی ساڵی (1915)یـە، دەرچـووی کۆلێژی ئابورییە لەزانکۆی ئیستەمبوڵ، پاش وەرگرتنی بڕوانامەکەی، هەر لەهەمان کۆلێژ کاریکردووە.

یەك لەسەرکردەکانی پارتی کاری تورکیایە، پاشان لەسالانی شەستەکانی سەدەی رابـردوو لەو پارتە جیادەبێتەوە، ساڵی (1954) بۆ ماوەی حەوت ساڵ زیندانیدەکرێت، پاشان بیللی لەرۆژنامەی (یۆن) بیروباوەڕەکانی خۆی بڵاوکردۆتەوە، کەگۆڕانێکی گەورەی بەسەردا هاتبوو، ناوبراو لەنووسینەکانی بانگەشەی بۆ شۆڕشی دیموکراسی نیشتمانی دەکرد.

ئەو جەختی لەسەر تێکۆشان و رۆڵی توێژی خوێندکاران و لاوان دەکردەوە، بیللی بووە بەباوکی رۆحی بۆ رێکخراوی (دیف – گەنج) – DEV- GENG- کەلە خەباتیدا پشتی بەخوێندکارو لاوان بەستبوو.

بەڵام رێکخراوەکە لەنێوان (1969–1970) بەرەو رووی پچڕپچڕی هات، دوای کودەتاکەی ئازاری (1971)، بیللی تورکیای بەجێهێشت بەرەو هەندەران، ساڵی (1975) بیللی دەبێتە ئەمینداری پارتی کرێکاران.

**ئیبراهیم کایباك کابا(37)**

کوردێکی عەلەوییە، بیروباوەڕی چەپی شۆڕشگێڕبوو، لەساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم، ڕێکخراوی (دەڤ-سۆل)ی پێگەیاند، ئیبراهیم سەرکردەی سوپای رزگاریخوازی کرێکارو جوتیارانی (تورکیا ئیشجی کۆیلو گورتولوس ئۆردسو) بوو.

پاش ئەو سوپایە، پارتی کۆمۆنیستی مارکسی - لینینی تورکیای دامەزراند، هەرچەندە ئیبراهیم لەمانگی کانونی دووەمی (1973) کوژرا، لەرووبەرووبوونەوەیەك لەگەڵ هێزەکانی دەسەڵات، بەڵام ڕێکخراوەکەی بەردەوامبوو، رۆڵێکی سەرەکی لەئەنجامدانی ئەو کردەوە شۆڕشگێڕی و توندوتیژیانەدا دەبینی، کەلەپێش کودەتا سەربازییەکەی ئەیلولی (1980) روویانداوە، ئەو دیاردەو رووداوانەی وڵاتی تورکیای دووچاری مەرگەسات کردبوو.

هەرچەندە هەڵمەتی رژێمی تورکیا پاش کودەتاکە، ئەو ڕێکخراوەی لاوازکردبوو، بەڵام پاشماوەکانی لەناوچە شاخاوییەکانی کوردستان هەر مابوو.

**ماهیر چایان(38)**

لەساڵانی (1960-1970) سەرکردەیەکی ناوداری شۆڕشگێڕی چەپی تورکیا بووە، چایان بە رەگەز کورد بوو، سەرکردایەتی پارت و بەرەی رزگاری میللی تورکی (تورکیا خەلق کولتورو یارتیسی ڤە جەبەهسی) -THKP-C- کردووە.

ئەو ڕێکخراوە لە (دەڤ - گەنج)ەوە دروستبووە، چایان هاوکاری (دەنیز گەزمیش) سەرکردەی ناوداری چەپی شۆڕشگێڕی تورکیا کردووە، پاش ئەوەی چایان رێئاسانی دەکات بۆ رفاندنی باڵیۆزی ئیسرائیل لەشاری ئەنکەرەو لەئەنجامی پێکدادانێك لەگەڵ هێزی ئاسایشی تورکیا لە (30ی ئازاری 1972)، ماهیر چایان دەکوژێت، لەگوندی قولرەوە، هەندێ سەرچاوە ساڵی کوشتنەکەی بۆ ساڵی (1970) دەگەڕێنێتەوە.

چایان، کەسێکی داخراو بووە بەسەر خۆیدا، گیانی کەسایەتیەکی ئەفسانەیی دروستکردبوو لەناو رەوتە چەپە شۆڕشگێڕەکانی تورکیا بەتایبەتی لەناو توێژی خوێندکار و لاوان، ئەوانەی هەڵگری بیروباوەڕی ماوی و جیڤارەییان هەڵگرتبوو.

**عوسمان بولوك باش(39)**

لەدایکبووی ساڵی (1913)ە، دەرچووی بەشی بیرکارییە لەزانکۆی نانسی (فەرەنسا) ساڵی (1937)، ماوەیەك وەك مامۆستا کاریکردووە، پەیوەندی بەکاری سیاسییەوە لەساڵی (1946)وە دەستپێکردووە لەناو پارتی دیموکرات ئەرکی پێدراوە.

ساڵی (1947) لەپارتی دیموکرات وازدەهێنی و لەگەڵ هاورێکەی (فەوزی چاقمان) ساڵی (1948) پارتی نەتەوەییان دامەزراندووە، ساڵی (1950) بووە بەئەندام پەرلەمان لەسەر لیستی پارتەکەی، ساڵی (1954) بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پارتەکەی دەرچوو، عوسمان لەساڵی (1958) پارتی نەتەوەیی کۆماری دامەزراند، دواتر ناوی ئەو پارتە بوو بەپارتی کشتیارانی نەتەوەیی کۆماری.

